حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی جوگرافیا

# ڕۆڵی گەشتوگوزار لە پەرەپێدانی دێهاتەکانی قەزای شارباژێڕدا

## (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای گەشتوگوزار)

نامەیەکە خوێندکار

**غریب علی سلیم**

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی جوگرافیا/ مرۆییدا

بەسەرپەرشتی

پ.د. شیروان عمر ڕەشید          د. سروە جلال حمە

2721کوردی          2022زاینی

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

نامەی خوێندکار (**غريب على سليم**) بە ناونیشانی (**ڕۆڵی گەشتوگوزار لە پەرەپێدانی دێهاتەکانی قەزای شارباژێردا**) بە سەرپەرشتی ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی جوگرافیا/ مرۆییدا، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: د. شیروان عمر ڕەشید

پلەی زانستی : پرۆفیسۆر

ڕێکەوت26/ 9 / 2022

واژۆ:

سەرپەرشتیار: د. سروە جلا حمە

پلەی زانستی: مامۆستا

ڕێکەوت:26/ 9 / 2022

بەپێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: د. سۆران حمە امین احمد

سەرۆکی بەشی: جوگرافیا

پلەی زانستی : پرۆفیسۆر

ڕێکەوت26/ 9 / 2022

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ ئەم نامەیەی خوێندکار (**غريب على سليم**) بە ناونیشانی (**ڕۆڵی گەشتوگوزار لە پەرەپێدانی دیهاتەکانی قەزای شارباژێڕدا**) خوێندنەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک تەواوی لایەنەکانی تری نامەکە کردووە، بڕیارماندا بە پلەی (        ) بڕوانامەی ماستەر لە زانستی جوگرافیا پێبدرێت.

واژۆ:
ناو: د. عطا محمد علاء الدين
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
یاریدەدەر
سەرۆکی لیژنە:
ڕێکەوت: 11/12/ 2022

واژۆ:
ناو: د. پشتیوان شفيق احمد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری
ئەندام:
ڕێکەوت:30/ 11 / 2022

واژۆ:
ناو: د. بحرى سالم فتاح الصفار
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام:
ڕێکەوت30/ 11 / 2022

واژۆ:
ناو: د. شیروان عمر ڕەشید
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
ئەندام:
ڕێکەوت30/ 11 / 2022

واژۆ:
ناو: د. سروه جلال حمه
پلەی زانستی: مامۆستا
ئەندام:
ڕێکەوت30/ 11 / 2022

لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی – پەسەند کرا

واژۆ:
ناو: پ. د. ابتسام اسماعیل‌قادر
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
ڕێکەوت: ٩/ ١٢/ 2022

# پێشکەش بە

- ❖ دڵسۆزترین و میهرەبانترین مرۆڤ دایک و باوکی خۆشەویستم.
- ❖ هاوژینی هاودەمی ژیانم مامۆستا هدیە.
- ❖ سۆمای چاوەکانم ژولیا و ئایلا خان.
- ❖ خوشک و برا ئازیزەکانم.

# سوپاس و پێزانین


- سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە کە توانا ئارامی پێبەخشیم بۆ تەواو کردنی ئەم توێژینەوەیە.
- سوپاس و ڕێزو وەفاداریم بۆ هەریەک لە مامۆستایانی بەڕێز (پ.د. شیروان عمر ڕەشید) و (د. سروە جلال حمە)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەیان گرتە ئەستۆ، بەوپەڕی توانایانەوە بە سەرنج تێبینییەکانیان توێژینەوەکەیان دەوڵەمەند کرد.
- ڕێزو وەفاداریم بۆ بەڕێز (پ. د. سۆران حمە ئەمین) سەرۆک بەشی جوگرافیا، کە لە ماوەی دوو ساڵی خوێندنی ماستەردا لەگەڵمان ماندوو بووە.
- ڕێزو خۆشەویستم بۆ بەڕێزان (پ.د. جەزا تۆفیق تالیب، پ.ی.د. بەیان علی، پ.ی.د. عەتا علادین) هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لە کۆرسی خوێندنی ماستەر هاوکارمان بوون لە بەشی جوگرافیا.
- سوپاسی سەرجەم لێپرسراو کارمەندی فەرمانگە و بەڕێوبەرایەتیەکانی سنوری قەزای شارباژێڕ دەکەم، کە هاوکار یارمەتیدەرم بوون لە پێدانی داتا و زانیاری پەیوەست بە توێژینەوەکەم.
- زۆر سوپاسی (م. محمد وەتمان محمد) دەکەم، کە هاوکاریکردوم لە دروستکردنی نەخشەکانی توێژینەوەکەم.

# پوختە

گەشتوگوزاری یەکێکە لەو کەرتە پێشەنگانەی بەشدارە لە پەرەپێدانی گوندەکان، بە ئامانجی بەشداریکردن لە زیادبوونی داهات و ڕەخساندنی هەلی کاری نوێ بۆ دانیشتوانی گوندنشینان، هەروەها کەمکردنەوەی دیاردەی کۆچکردن لە دێهاتەکانەوە بۆ سەنتەری شارەکان، سەرەڕای ئەمەش دامەزراندنی بازاڕی نوێ بۆ بەرهەمە کشتوکاڵیەکان و پەرەپێدانیان دەهێنێتە ئاراوە.

بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی گوندەکانی قەزای شارباژێر، دەتوانێت ببنە بنەماییەکی گرنگی گەشتیاری لە ناوچەکانی دەوروبەری خۆییەوە، لەبەرئەوە پەرەپێدانی گەشتوگوزار دەتوانێت ببێتە فاکتەرێکی ئابوری و کۆمەلایەتی و خزمەتگوزاری و فەرهەنگی لەم قەزاکەدا، ئامانجی ئەم تویژینەوەیە دەرخستنی ڕۆڵی گەشتوگوزارە لەپەرەپێدانی دێهاتەکانی قەزای شارباژێردا، بەشێوەیەک کە دەگونجێت لەگەڵ توانستە جوگرافیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا. هەروەها خستنەڕووی ئەو گیروگرفتانەیە کە ڕووبەڕوی کەرتی گەشتوگوزار و گوندەکان دەبنەوە. بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە میتۆدەکانی ئوسولی و شیکاری بەکارهاتووە لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەنجامی داتا و زانیاری (150) فۆرمی ڕاپرسی کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕو لە2022/5/6 بۆ 2022/7/17 ، پاشان شیکردنەوەی زانیارییەکان بە شێوەی خشتە و نەخشە و وێنە.

ئامانجی توێژینەوەکە شیکردنەوە گیروگرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی  دێهاتەکان و چۆنییەتی پەرەپێدانیان و ئاوەدانکردنەوە و بوژانەوەی سەرخان و ژێرخانی ئابوری و ڕۆڵی گەشتوگوزار لە پەرەپێدانی  دێهاتەکان. توێژینەوەکە گەیشتووە بە کۆمەڵێک دەرئەنجام، چەندین کێشەی سروشتی و مرۆیی ڕووبەڕوی نشینگە دێهاتیەکان بۆتەوە لە ناوچەکە، کە کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی دێهاتەکان دەبێت لە ئێستا و داهاتوودا. هەروەها گوندنشینان بە مەبەستی پەرەپێدانی گەشتوگوزار، ئاماژەیان بە کۆمەڵێک گیروگرفت کردووە بە ڕێژەی جیاواز، بە شێوەیەک خراپی ڕێگاوبان زیاترە لە (26%) هاوکاری نەکردنی حکومەت بە ڕێژەی (21.2%) کەمی خزمەتگوزاری گەشتیاری ڕێژەی (18.7%)ی گرتووە، کەمی نەبوونی چێشتخانە و شوێنی مانەوە بە ڕێژەی (17.1%)، پاشماوەی سەربازی (7.1%)، لایەنی سیاسی و ئەمنی و سەربازی بووە، بە ڕێژەی (5.1%)، کەمترین کێشە کە ئاماژەی بۆ کراوە بەپێی فۆرمی ڕاپرسیەکە ڕێگە نەدانی خاوەن زەوییەکان بە ڕێژەی (4.8%).

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ لایەنی تیۆری، باسی یەکەم ڕوونکردنەوەی ئەو چەمک زاراوانەیە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ناونیشانی توێژینەوەکە هەیە، باسی دووەم تیشک خراوەتە سەر ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە. بەشی دووەم دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان  و قەبارەی نشینگە دێهاتیەکانی قەزای شارباژێر و پێکهاتەیان، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە

گەشتوگوزارەوە هەیە. بەشی سێیەم توێژینەوەکە بە پەرەپێدانی دێهات و گەشتوگوزار لەناوچەی لێکۆڵینەوە و چۆنییەتی پەرەپێدانی.

سەبارەت بە دەستی کار لە کەرتی گەشتیاری ناوچەی لێکۆڵینەوە بە هەموو خزمەتگوزارییە جیاوازە گەشتیارییەکانییەوە توانیویەتی هەلی کار بۆ (4781) کەس برەخسێنێت، ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی دەریخستووە بە ڕێژەی لە (33.2%) دانیشتوانی گوندەکانی سوودمەند بوون لە کەرتی گەشتیاری ناوچەکە، لە کۆتاییدا چەندین پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی گوندەکان و پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری لە قەزاکەدا خراوەتە ڕوو، کە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی کەرتی گەشتیاری و پەرەپێدان و پێشکەوتنی گوندەکان لە قەزاکەدا.

## پێڕستی ناوەڕۆک


| ناوەڕۆک | لاپەڕە |
|---|---|
| ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | i |
| ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ | ii |
| پێشکەش | iii |
| سوپاس و پێزانین | iv |
| پوختە بە زمانی کوردی | vi-v |
| پێڕستی ناوەڕۆک | viii-vii |
| پێڕستی خشتەکان | ix-viii |
| پێڕستی شێوەکان | x |
| پێڕستی نەخشەکان | ix-x |
| پێڕستی وێنەکان | xii-xi |
| پێڕستی پاشکۆکان | xii |
| پێشەکی | 5-1 |
| **بەشی یەکەم : چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوەکە** | 34-6 |
| باسی یەکەم : چەمک و زاراوەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەکە | 19-6 |
| باسی دووەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە | 34-20 |
| یەکەم: تایبەتمەندی جوگرافی (شوێن و سنور) | 23-20 |
| دووەم: یەکەی کارگێڕی و رووبەر | 26-24 |
| سێیەم: ڕەهەندی مێژووی | 27-26 |
| چوارەم: تایبەتمەندی دیمۆگرافی | 34-27 |
| **بەشی دووەم : دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان و قەبارەی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای شارباژێڕ و پێکهاتەیان** | 88-35 |
| باسی یەکەم: دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان | 45-35 |
| یەکەم : دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان | 45-35 |
| دووەم : دابەشبوونی چڕی دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ | 52-46 |
| سێیەم: دابەشبوونی ژمارەیی نشینگە دێهاتیەکانی قەزای شارباژێڕ | 56-52 |
| باسی دووەم: ڕیزبەندی قەبارەی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای شارباژێڕ و شێوازی دابەشبوونیان | 75-57 |
| یەکەم : تێکرای قەبارەی گوندەکان | 61-57 |
| دووەم: دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکان بەپێی دەستەی قەبارەیان | 72-62 |
| سێیەم: شێوازی دابەشبوونی دانیشتوانی نشینگە دێهاتیەکان | 75-73 |
| باسی سێیەم: پێکهاتەی دانیشتوان | 80-76 |
| یەکەم : پێکهاتەی جۆری (ڕەگەزی) | 80-76 |
| دووەم:پێکهای تەمەن | 83-80 |
| سێیەم: پێکهاتەی ئابوری | 86-84 |
| چوارەم: پێکهاتەی خوێندەواری (فێرکاری) | 88-86 |
| **بەشی سێیەم : پەرەپێدانی دێهات و گەشتوگوزار لەناوچەی لێکۆڵینەوە و چۆنییەتی پەرەپێدانی** | 162-89 |
| باسی یەکەم: توانستەکانی پەرەپێدانی دێهاتی گەشتوگوزاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە | 109-89 |

| | |
|---|---|
| یەکەم: توانستە سروشتیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری دێهاتی | 102-89 |
| دووەم: توانستە مرۆییەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری دێهاتی | 109-102 |
| باسی دووەم: گیروگرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی دێهات و گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە | 150-110 |
| یەکەم: گیروگرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی دێهات | 134-110 |
| دووەم: گیروگرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە دێهاتەکاندا | 137-134 |
| باسی سێیەم: پەرەپێدانی دێهاتەکان لە ڕێگەی گەشتوگوزارەوە | 162-138 |
| دەرئەنجام | 164-163 |
| ڕاسپاردە | 166-165 |
| لیستی سەرچاوەکان | 181-167 |
| پاشکۆکان | 189-181 |
| پوختە بە زمانی عرەبی | v |
| پوختە بە زمانی ئینگلیزی | vi |


## پێڕستی خشتەکان


| ژمارە | ناونیشانی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | درێژی سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی یەکە کارگێڕییەکانی دەوروبەری لە ساڵی (2019)دا | 22 |
| 2 | رووبەری یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا (کم2) | 25 |
| 3 | ژمارە و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ و پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا | 28 |
| 4 | ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی(1957-2019)دا | 31 |
| 5 | ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنشینانی قەزای شارباژێڕ و پاریزگای سلێمانی لە (1957-2019)دا | 32 |
| 6 | ڕێژەی گەشەی گوندنشینانی یەکە کارگێڕییەکان قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا | 34 |
| 7 | ژمارە و ڕێژەی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی(1957-2019)دا | 36 |
| 8 | ڕێژەی ژینگەیی گەشەی دانیشتوان قەزای شارباژێڕ لە (1957-2019)دا | 37 |
| 9 | ڕێژەی ژینگەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا | 41 |
| 10 | چڕی گشتی دانیشتوان لە قەزای شارباژێڕ و پاریزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا | 47 |
| 11 | ڕێژەی گۆڕانی چڕی دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ و پارێزگای سلێمانی لە ماوەی ساڵانی(1957-2019) دا | 47 |
| 12 | چڕی گشتی دانیشتوان لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا بەکەس کم2 | 48 |
| 13 | ڕێژەی گۆڕانی چڕی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (2019-1957) | 49 |
| 14 | ژمارەی گوندەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی(1957-2019) دا | 53 |

| | | |
|---|---|---|
| 15 | تێکڕای قەبارەی گوندەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی(1957-2019) دا | 57 |
| 16 | ڕێژەی گۆڕانی تێکڕای قەبارەی گوند لەقەزای شارباژێڕ و یەکە کارگێڕییەکان لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا | 58 |
| 17 | دابەشبوونی قەبارەی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا | 63 |
| 18 | ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوند و گوندنشینانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا بەپێی دەستەی قەبارەیان | 65 |
| 19 | دابەشبوونی قەبارە و ڕێژەی نشینگە گوندییەکان بەپێی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019) | 68-67 |
| 20 | ژمارەی دانیشتوان و نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ بەپێی یەکە کارگێڕییەکان و هاوکۆلکەی پەرتبوون لە ساڵی 2019 | 74 |
| 21 | ڕێژەی جۆری (نێر) لە قەزای شارباژێڕ و پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1977-2019) | 78 |
| 22 | ژمارە و ڕێژەی پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان لە قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2019) | 82 |
| 23 | ڕێژەی دابەشبوونی دانیشتوان بەسەر چالاکی ئابوری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی (2015)دا | 85 |
| 24 | ئاستی خوێندەواریی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی 2021-2022 | 87 |
| 25 | ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەنێوان ساڵانی (2008-2021) | 94 |
| 26 | پێوەری ئاماژەی گەرما و شێ بۆ ئارامی و حەوانەوەی مرۆڤ | 96 |
| 27 | ئەنجامی پێوەری ئاماژەی حەوانەوەی مرۆڤ بەپێی هاوکێشەی ثوم لەناوچەی لێکۆڵینەوە | 97 |
| 28 | ژمارە و ڕێژەی قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەیی  نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی ساڵی (2012-2022) دا | 111 |
| 29 | ژمارەی بنکە و کارمەندی تەندروستیەکان نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2012-2022) دا | 115 |
| 30 | ژمارەو ڕێژەی سەرچاوە ئاوی نشینگە گوندییەکان بەپێی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2022) | 117 |
| 31 | تایبەتمەندی ڕێگاکانی گواستنەوە لە گوندەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2022) | 121 |
| 32 | ڕێژەی بێکاری دێهاتەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی 2022 | 124 |
| 33 | کێشە و گرفتە ژینگەییەکانی نشینگە دێهاتیەکانی قەزای شارباژێڕ | 127 |
| 34 | بڕی بارانی مانگانە و ساڵانە و تێکڕای بڕی بارانی باریو لە ماوەی نێوان ساڵانی (2008-2021) | 129 |
| 35 | بڕینەوەی دارستان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ماوەی ساڵانی (2019-2021) دا | 132 |
| 36 | ئاگرکەوتنەوە لەنێو پاوان و دارستانی سروشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی (2019-2020) | 133 |
| 37 | گیروگرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە گوندەکانی قەزای شارباژێڕ | 134 |
| 38 | ژمارە و ڕێژەی دانیشتوانی گوندی واژە لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا | 143 |
| 39 | ژمارەی دەستی کار لە خزمەتگوزاری گەشتیاری کونەماسی لە ساڵی 2022 | 157 |
| 40 | ژمارەو ڕێژەی دەستی کار بە گوێرەی جۆری ڕێستۆرانت و چێشتخانە و خواردنگەی خێرا لە ناوچەی سیتەک لە ساڵی (2022) | 159 |
| 41 | ژمارەی دەستی کار لە مارکێت و فرۆشگا و سێکتەرە گەشتیارییەکانی ناوچەی سیتەک لە ساڵی (2022) | 159 |
| 42 | دەستی کار لە ڤێلا و باخ کە خانوی تیایە یان تیای نییە لە ناوچەی سیتەک لە ساڵی (2022) | 160 |

## پێڕستی شێوەکان


| لاپەڕە | ناوی شێوەکان | ژمارە |
|---|---|---|
| 30 | ڕێژەی گەشەی ساڵانەی قەزای شارباژێڕ و پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا | 1 |
| 33 | ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنشینانی قەزای شارباژێڕ و پاریزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (2019-1957)دا | 2 |
| 34 | ڕێژەی گەشەی گوندنشینانی یەکە کارگێڕییەکان قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا | 3 |
| 37 | ڕێژەی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا | 4 |
| 39 | ڕێژەی گەشەی ژینگەیی دانیشتوان قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا | 5 |
| 48 | چڕی گشتی دانیشتوان لە قەزای شارباژێڕ و پاریزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا | 6 |
| 50 | چڕی گشتی دانیشتوان لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا، بەکەس/کم2 | 7 |
| 79 | ڕێژەی جۆری (نێر) لە قەزای شارباژێڕ و پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (2019-1977)دا | 8 |
| 86 | ڕێژەی دابەشبوونی دانیشتوان بەسەر چالاکی ئابوری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی 2015 | 9 |
| 88 | ئاستی خوێندەواریی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی 2022-2021 | 10 |
| 125 | ڕێژەی بێکاری دێهاتەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2022) دا | 11 |
| 130 | کێشە و گرفتە ژینگەییەکانی نشینگە دێهاتیەکانی قەزای شارباژێڕ | 12 |
| 137 | گیروگرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە گوندەکانی قەزای شارباژێڕ | 13 |
| 157 | ژمارە و ڕێژەی دەستی کار لەخزمەتگوزاری گەشتیاری لە گوندی کونەماسی لە ساڵی(2022) | 14 |
| 160 | ژمارەو ڕێژەی دەستی کار لە مارکێت و فرۆشگا و سێکتەرەکانی تر لە ناوچەی سیتەک لە ساڵی(2022) | 15 |


## پێڕستی نەخشەکان


| لاپەڕە | ناوی نەخشەکان | ژمارە |
|---|---|---|
| 21 | شوێنی جوگرافی قەزای شارباژێڕ بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی (2019)دا | 1 |
| 23 | شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی (2019)دا | 2 |
| 44 | دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (1957)دا | 3 |
| 44 | دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (1977)دا | 4 |
| 45 | دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (1987)دا | 5 |
| 45 | دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2002)دا | 6 |
| 45 | دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2019)دا | 7 |
| 51 | چڕی گشتی دانیشتوان لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی(1957)دا بەکەس/کم2 | 8 |
| 51 | چڕی گشتی دانیشتوان لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی(1977)دا بەکەس/کم2 | 9 |
| 51 | چڕی گشتی دانیشتوان لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی(1987)دا بەکەس/کم2 | 10 |
| 51 | چڕی گشتی دانیشتوان لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی(2002)دا بەکەس/کم2 | 11 |
| 52 | چڕی گشتی دانیشتوان لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی(2019)دا بەکەس/کم2 | 12 |
| 56 | ژمارەی نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2019)دا | 13 |
| 61 | تێکڕای قەبارەی گوند لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی(1957) | 14 |

| | | |
|---|---|---|
| 15 | تێکڕای قەبارەی گوند لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی(1977) | 61 |
| 16 | تێکڕای قەبارەی گوند لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی(2002) | 61 |
| 17 | تێکڕای قەبارەی گوند لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی(2019) | 61 |
| 18 | دابەشبوونی نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ بەپێی قەبارەی دانیشتوانیان لەسەر ئاستی قەزا و یەکە کارگێڕییەکانی لە ساڵی (1957) | 71 |
| 19 | دابەشبوونی نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ بەپێی قەبارەی دانیشتوانیان لەسەر ئاستی قەزا و یەکە کارگێڕییەکانی لە ساڵی (1977) | 71 |
| 20 | دابەشبوونی نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ بەپێی قەبارەی دانیشتوانیان لەسەر ئاستی قەزا و یەکە کارگێڕییەکانی لە ساڵی (2002) | 72 |
| 21 | دابەشبوونی نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ بەپێی قەبارەی دانیشتوانیان لەسەر ئاستی قەزا و یەکە کارگێڕییەکانی لە ساڵی (2019) | 72 |
| 22 | دابەشبوونی نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ بەپێی دەستەی قەبارەیان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی لە ساڵی (2019) | 72 |
| 23 | بەرزونزمی ناوچەی لێکۆڵینەوە | 91 |
| 24 | ژمارەی قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2022) | 113 |
| 25 | ژمارەی بنکە و کارمەندی تەندروستیەکان نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2022) | 116 |
| 26 | سەرچاوەی ئاوی نشینگە گوندییەکان قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2022) | 118 |
| 27 | ڕێگای سەرەکی و لاوەکی خۆڵ و چەوریژی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی (2022) | 122 |
| 28 | گوندی واژە بەپێی گوندەکانی دەوروبەری | 142 |
| 29 | گوندی بارێی بچووک بەپێی گوندەکانی دەوروبەری | 148 |
| 30 | گوندی کونەماسی بەپێی گوندەکانی دەوروبەری | 154 |
| 31 | ناوچەی سیتەک بەپێی گوندەکانی دەوروبەری | 161 |


## پێڕستی وێنەکان


| ژمارە | ناوی وێنەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | چەمی سنکێ لە ناوچەی لێکۆڵینەوە | 98 |
| 2 | چەمی تازەدێ | 99 |
| 3 | چەمی قەڵاچوالان | 99 |
| 4 | دارستانی سروشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە | 101 |
| 5 | دارستانی سروشتی کەنار چەم لە ناوچەی لێکۆڵینەوە | 101 |
| 6 | ئاشی ئاوی گۆرانگە | 103 |
| 7 | مەزاری پیری شەوکێل | 104 |
| 8 | مەزار خەرگەڕەش | 104 |
| 9 | ڕوانگەی مەلا نەبی | 105 |
| 10 | قورئان دەست نوسەکەی مەلا موسا شادەبەدین | 106 |
| 11 | ڤیستیڤاڵی ڕۆژی بێورێ | 109 |
| 12 | دیمەنی پاشماوەی گەشتیاران لە ناوچەی لێکۆڵینەوە | 126 |
| 13 | دیمەنی دیاردەی مین و تەقەمەنی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە | 128 |
| 14 | دیمەنی وشکبوونی چەمی سنکێ و تازەدێ | 130 |

| | | |
|---|---|---|
| 15 | دیمەنی بڕینی دارستانی سروشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە | 132 |
| 16 | دیمەنی سوتانی دارستانی سروشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە | 133 |
| 17 | بۆردومانی گوندی کونەماسی | 135 |
| 18 | سەیرانگای کوالاپارک لە گوندی واژە | 139 |
| 19 | چەمی واژە- سنکێ | 140 |
| 20 | گوندی واژە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە | 141 |
| 21 | سەیرانگای بارێی بچووک | 149 |
| 22 | دیمەنی بارینی بەفر لەشاخی سورکێو | 152 |
| 23 | رووەکی کەنار چەم و رووبارەکان لە گوندی کونەماسی | 153 |
| 24 | سەیرانگای گوندی کونەماسی | 157 |


## پێڕستی پاشکۆکان


| ژمارە | ناوی پاشکۆکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | فۆڕمی ڕاپرسی | 182-181 |
| 2 | گۆڤاری پەرلەمان، ژمارە(2)، تشرینی یەکەم/1992، بڕیاری ژمارە(18) لە (1992/9/22) | 183 |
| 3 | نوسراوی ژمارە (5546) لە بەرواری (29 / 12 / 2004)ی پارێزگای سلێمانی سەبارەت بە پێکهێنانی (3) ناحیەی نوێ (سیتەک، زەلان، گاپیلۆن) لە سنوری قەزای شارباژێڕدا. | 184 |
| 4 | نوسراوی ژمارە (12181) لە (24 / 11 / 2008) ناحیەی ماوەت بکرێت بە قەزا لە سنوری پارێزگای سلێمانی | 185 |
| 5 | نوسراوی ژمارە (3108) لە (2 / 5 / 2007) ناحیەی سرۆچک لە قەزای شارباژێڕ دابڕێت بە هەموو گوندەکانییەوە بلکێنرێت بە قەزای سیدسادقەوە | 186 |
| 6 | نوسراوی ژمارە (2088) لە (26 / 5 / 1999) پارێزگای سلێمانی سەبارەت بە جیاکردنەوەی (16) کەرت بریتییە لە (17) گوند لە ناحیەی سرۆچک سەر بە قەزای شارباژێڕ و لکاندنی بە ناحیەی ناڵپارێزی سەر بە قەزای پێنجوێن | 187 |
| 7 | ژمارەی دانیشتوانی پێکهاتەی ژینگەیی لەسەر ئاستی قەزاو یەکە کارگێڕییەکان لە ماوەی 2019-1957 | 189-188 |

# پێشەکی

## پێشەکی

پەرەپێدانی دێهاتەکان یەکێکە لەو پرسە پێشەنگانەی کە وڵاتان بە گرنگ دەزانن، بۆ دەستەبەرکردنی پەرەپێدانیان، چونکە کەرتی دێهاتی لە زۆرێک وڵاتانی جیهان بەردی بناغەی ئاسایشی خۆراکە بۆ دانیشتوانەکەی، نەک تەنیا لەبەرئەوەی (سەبەتەی خۆراکە) بەڵکو بەهۆی زیادبوونی پەیوەندی نێوان کەرتی دێهاتی و شارنشینی، لەگەڵ پەرەسەندنی پێشکەوتنی هۆیەکانی گواستنەوە و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، پێداویستیەکانی ژیانی دانیشتوان جیاوازە. کرداری پەرەپێدانی دێهاتیەکان هەرێمی کوردستان بە گشتی و قەزاکە بە تایبەتی لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییە دیمۆگرافی و کارگێڕی و رامیارییانە بەخۆیانەوە بینیوە، رووبەڕوی کۆمەڵێک ئاستەنگ بوونەتەوە. لە دیارترینیان کۆچکردن لە دێهاتەکانەوە بۆ شار، کەمی ئاستی داهات و خراپی ژێرخانی ئابوری و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، خراپی باری ئابوری دێهاتەکان و هاوکاری نەکردنیان لەلایەن حکومەت و دابەزینی نرخی بەربوومی کشتوکاڵی ناوخۆ و فرۆشتنی بەشێک لە زەوی و زارەکانیان و کردنیان بە باخ و ڤیلا...هتد، ئەمەش وایکرد بەشێکی زۆر گوندنشینان روو لە ناوەندی شارەکان بکەن بە مەبەستی بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی ژیانیان. ئەمە جگە لە گۆڕینی زۆرێک لە تایبەتمەندی گوندەکان بۆ شارەکان، وەک کۆمەڵایەتی و ئابوری و رۆشنبیری و کەلتوری ئەوانی تر. ئەمەش وایکرد بە دوای چارەسەرێکدا بگەڕێن بۆ کێشەکانی پەرەپێدان لە دێهاتەکان و کەمکردنەوەی ئەم ئاستەنگانە، لە هەمان کاتدا تایبەتمەندی و بەردەوامی ناوچە گوندنشینەکان بپارێزین. لێرەوە گەشتوگوزار وەک چالاکیەکی ئابوری بەهێز دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ بگێڕێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە گرفتانە و کەمکردنەوەی بۆشایی نێوان ئاستی ژیانی دێهات و شارەکان و هەمەجۆرکردنی ئابوری فراوانبوونی ناوچە گوندنشینەکان و بەردەوامی بوونی دانیشتوان ببێتە بنەمایەک بۆ بەدەستهێنانی پەرەپێدانی بەردەوامی دێهاتەکان.

ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی چەندین گوندی گەشتوگوزاری سەرنجڕاکێشە، کە خاوەن توانستی گەورە و هەمەجۆری سروشتی و مرۆیین، شان بەشانی ناوچەکانی تر دەتوانرێت بکرێنە ناوچەییەکی گەشتوگوزاری نموونەیی، بەڵام تاوەکو ئێستا نەتوانراوە ببێتە فاکتەرێکی بەهێز لە کەمکردنەوە دیاردەی کۆچکردن لە لادێوە بۆ شارەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی ژیانی تاکەکان و رەخساندنی هەلی کار، کەمکردنەوەی کێشەکانی هەژاری و بێکاری دانیشتوان، ساغکردنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی و چارەسەرکردنی کێشەکانی ژێرخانی ئابوری دێهاتەکان.

**ئامانجی توێژینەوە**

1. رۆڵی گەشتوگوزار لە پەرەپێدانی دێهاتەکاندا، بە شێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ توانستە جوگرافیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

2. شیکردنەوەی گیروگرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی دێهاتەکان و چۆنییەتی پەرەپێدانیان و ئاوەدانکردنەوە و بوژانەوەی سەرخان و ژێرخانی ئابوری، بە تایبەتی گوندەکانی کە خاوەنی چەندین بنەمای گەشتیارین.

**کێشەی توێژینەوە**

لێرەدا دەتوانین کێشەی توێژینەوەکە کورت بکەینەوە لەم خاڵانەدا:

1. ئایا جیاوازی بەدی دەکرێت لە تێکرا و ڕیزبەندی قەبارە و شێوازەکانی دابەشبوونی نشینگە دێهاتیەکان؟
2. گەشتوگوزار تاوەکو چەند ڕۆڵی لە پەرەپێدانی دێهاتەکانی قەزای شارباژێڕ و چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا هەیە؟
3. بنەما خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە چەند لە ئاستی ڕاکێشان و پڕکردنەوەی پێداویستەکانی گەشتیاراندان؟

**گریمانەی توێژینەوە**

1. بەهۆی جیاوازی و گۆڕانکاری لە دابەشبوون و قەبارەی گوندەکان نەتوانراوە خزمەتگوزارییە جۆربەجۆرەکان پێشکەش بە دانیشتوانی گوندەکان بکرێت و ڕێگر بێت لە کۆچی گوندنیشیان.
2. ئەگەر پەرەپێدان لە توانستە جوگرافیەکانی گەشتوگوزار لە قەزاکەدا بە گشتی و گوندەکان بە تایبەتی بکرێت بۆ جۆرە جیاوازەکانی گەشتوگوزار، دەکرێت ببێتە هۆکارێک بۆ ئاوەدانکردنەوە و بوژانەوەی ڕاکێشانی خزمەتگوزاری ژێرخانی ئابوری و ڕەخساندی هەلی کار.
3. گرنگی دان بە کەرتی گەشتوگوزار و گەشەکردنی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان دەبێتە فاکتەری زۆربوونی داواکاری گەشتیاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

**میتۆدی توێژینەوە**

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە پشتمان بە چەند میتۆدێک بەستووە، میتۆدی وەسفی بۆ ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە، میتۆدی ئوسولی بۆ دەرخستنی ڕۆڵی گەشتوگوزار لەسەر پەرەپێدانی دێهاتەکان، هەروەها تایبەتمەندییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، میتۆدی شیکاری و تاقیکاری بەکارهاتووە بە چەند هەنگاو قۆناغ بەمشێوەیە:

1. کۆکردنەوەی داتا و زانیاری تایبەت بە بابەتەکە لە ڕێگەی پشت بەست بە کتێب و سەرچاوە فەرمیەکان، ئامارو داتاکانی فەرمانگەی حکومیەکان، سەردانی ڕاستەوخۆی توێژەر بۆ دێهاتەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە مەبەستی گیروگرفتەکانیدێهاتەکان و چۆنییەتی پەرەپێدانیان.
2. بەکارهێنانی پێوەر و هاوکێشە و ڕێگای ئاماری شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان. هەروەها بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان (GIS) بۆ دەرخستنی شێوازی دابەشبوونی گوندەکان.

3.نیشاندانی داتا و زانیاری و ئامارەکان لەسەر کۆمەڵێ خشتە و نەخشە و شێوە و وێنە، بە مەبەستی شیکاری و بەراوردکاری و دەرخستنی لایەنە جیاوازەکانی توێژینەوەکە. دواتر خستنەڕووی دەرئەنجام پێشنیارەکان.

**گرنگی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە خۆی لە دەرخستنی گرنگی ڕۆڵی گەشتوگوزار دەبینێت، کە تیشک دەخاتە سەر لایەنێکی پڕ بایەخی جوگرافیا ئەویش کرداری پەرەپێدانی دێهاتەکانە، هەروەها ئەو کێشانە تاوتوێ دەکات کە ڕێگرە لەبەردەم پەرەپێدانی دێهات و گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، سەرباری ئەمەش ئاستی خزمەتگوزاری لە نشینگە دێهاتیەکان دەخاتەڕوو، چونکە پەرەپێدانی گەشتوگوزار ڕۆڵی سەرەکی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ژێرخانی ئابوری دێهاتەکان دەبنێت.

**گرفتەکانی بەردەم توێژینەوە**

گرنگترین ئەو گیروگرفت ئاستەنگانەی لە ماوەی نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا هاتۆتە ڕێگەمان کەمی و کەموکورتی داتاکان، گرفتی پچڕ پچڕی دەوامی دامودەزگاکانی پارێزگای سلێمانی یەکێکی دیکە بووە لە گرفتە سەرەکیەکان، بەهۆی پێنەدانی موچە بە فەرمانبەران، ئەمەش گرفتی بۆ توێژینەوەکە دروستکردووە، چونکە لە کاتی سەردانکردنی فەرمانگەکانی حکومەت ماوەی چەند ڕۆژ و هەفتەیەک لە چاوەڕوانیدا بوین بۆ ئەوەی فەرمانگەی پەیوەندیدار دەوام بکات و داتا و زانیاری لێوەربگرین.

**چوارچێوەی کاتی و شوێنی توێژینەوە**

سەبارەت بە ماوەی توێژینەوەکە بە پشت بەستن بە داتا و زانیارییەکان و پێویستی توێژینەوەکە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019) وەرگرتووە، چونکە گرنگە لە قەزای شارباژێڕ بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی ڕوویداوە لەو ماوەیەدا، کە دۆخی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەی گۆڕیوە، لەوانە گۆڕانکاریی کارگێڕی کە ئەم قەزایە بەخۆوەی بینیوە، سەرباری بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری...هیتر کاریگەرییان بۆ سەر بارودۆخی دانیشتوانی قەزاکە روون دەکەینەوە. لەگەڵ دیاریکردنی ساڵی (2022) وەک دوا ساڵ بۆ کێشە و گرفتەکان وەرگیراوە، چونکە بەردەوام ژمارەی گەشتیاران لە زیادبووندایە ئەمەش وادەکات پێویستی بە خزمەتگوزاری زیاتر بێت، بۆیە پێویستی بە تازەترین داتا هەیە. سەبارەت بە شوێنی توێژینەوەکە لەبەشی یەکەم خراوەتەڕوو، بەپشت بەستن بە هەریەک لە یەکە کارگێڕییەکانی سەنتەری قەزا و ناحیەکانی (سیتەک، گاپیلۆن، سیوەیل، زەلان)، دەتوانێت خزمەت و پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکات.

**توێژینەوەکانی پێشووتر**

لێرەدا وەکو لایەنێکی مێژووی و زانستی و ئەخلاقی ئاماژە بە چەند توێژینەوەیەک جۆراوجۆر دەکەین لەم باسەدا.

**یەکەم: توێژینەوە کوردییەکان**

1. توێژینەوەکەی سروە جلال حمە بە ناونیشانی: شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای شارباژێڕ(2009,1957)[1]، توێژەر ڕۆشنای دەخاتە سەر بابەتی دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان و شێوازی دابەشبوونیان، لە هەماکاتدا ناوبراو ڕۆڵی فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکان روون دەکاتەوە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان. توێژەر گەیشتووە بەو ئەنجامەی قەزاکە لە رووی دیمۆگرافی و رووبەرەوە کەمیکردووە، بەهۆی گۆڕانکاری کارگێڕی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەکە.
2. توێژینەوەکەی ئەحمەد محەمەد صالح بەناونیشانی: شیکردنەوەی جوگرافیی دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکان لە قەزای شارباژێڕ[2]، توێژەر هەوڵی داوە تەرزەکانی دابەشبوونی نشینگە و تێکڕای قەبارەی نشینگە دێهاتیەکانی قەزای شارباژێڕ باس بکات، بە جۆرێک روونی کردۆتەوە کە فاکتەرە کاریگەرەکانی دابەشبوونی نشینگە دێهاتیەکان بە گشتی و فاکتەری بەرزو نزمی بە تایبەتی کاریگەری لەسەر ژمارە و قەبارە و چڕی دانیشتوانی گوندەکان هەیە، توێژەر گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە رەوشی دابەشبوونی جوگرافی نشینگە دیهاتیەکانی قەزای شارباژێڕ ئاسایی و دڵخۆشکەر نییە، چونکە دەرئەنجامی سیاسەتی راگوستن و وێرانکردنی گوندەکان بووە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە.

**دووەم: توێژینەوە عەرەبیەکان**

1. توێژینەوەکەی جەزا توفیق طالب بەناونیشانی: التنمية الريفية و السياحية في اقليم كوردستان العراق[3]، توێژەر هەوڵی داوە ڕۆشنانی بخاتە سەر گرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی دێهات، بە تایبەتی ئاڕاستەی گەشە و دابەشبوونی قەبارەی دانیشتوانی گوندەکان. هەروەها ناوبراو هەردوو توانستەکانی پەرەپێدانی گوندەکان و گەشتوگوزار خستۆتەڕوو، توێژەر گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێک کە بەهێزترینیان ئەوەیە جوڵەی گەشتیاری پەیوەستە بە سەقامگیری سیاسی و ئەمنی، بەردەستە بوونی ئامرازەکانی گواستنەوە و ڕۆلی میدیای گەشتیاری.
2. توێژینەوەکەی میساء داود اسبر بە ناونیشانی: تفعيل دور السياحة في التنمية الريفية(مع دراسة حالة في المنطقة الساحلية السورية[4])، لەم توێژینەوەیە توێژەر باسی لە ڕۆڵی کاریگەری گەشتوگوزاری لادێیی کردووە لە رووی زیاد بوونی ئاستی داهاتی تاکەکان و پەرەپێدانی چالاکی ئابوری گوندەکان و کەمکردنەوەی دیاردەی کۆچکردن لە لادێکانەوە بۆ شارەکان، هاوکات لەگەڵ ئەمانەشدا ژێرخانی ئابوری کاریگەری گەورە دەخاتە سەر تەواوی لایەنەکانی تری گوندەکان، ئەم کاریگەریش لە چەندین پەیوەندی جیاوازدا ڕەنگ دەداتەوە.

---

[1] سروە جلال حمە، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای شارباژێڕ (1957-2009)دا، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، 2012.

[2] ئەحمەد محەمەد صالح ، شیکردنەوەی جوگرافیی دابەشبوونی نیشینگە دێهاتییەکان لە قەزای شارباژێڕ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2008.

[3] جزا توفيق طالب، التنمية الريفية و السياحية في اقليم كوردستان العراق، الطبعة الاولى، سليمانية، 2005.

[4] ميساء داود اسبر، تفعيل دور السياحة في التنمية الريفية(مع دراسة حالة في المنطقة الساحلية السورية)، أطروحة دكتوراه، جامعة تشرين، كلية الاقتصاد، 2014.

**پلانی توێژینەوە**

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە بەمشێوەیە پلانی توێژینەوەکەمان بەمشێوەیە:

بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە، لە دوو باسی سەرەکی پێکهاتووە: باسی یەکەم چەمک و زاراوەکانی تایبەت بە ناونیشانی توێژینەوەکەیە، باسی دووەم ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی شوێنی جوگرافی و تایبەتمەندی دیمۆگرافی.

بەشی دووەم ئەم بەشە تایبەتکراوە بۆ دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان و قەبارەی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای شارباژێڕ و پێکهاتەیان، لە سێ باس پێکهاتووە: باسی یەکەم بۆ دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان تەرخانکراوە لە ڕووی دابەشبوونی ژینگەیی و چڕی و ژمارەیی دانیشتوان، باسی دووەم: پێکهاتووە لە ڕیزبەندی  قەبارەی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای شارباژێڕ و شێوازی دابەشبوونیان، باسی سێیەم: پێکهاتەی دانیشتوان و دەرخستنی ڕوڵ و کاریگەی پێکهاتەی دانیشتوان بە سەر گەشتوگوزارەوە. ئەوەی تایبەتە بەشی سێیەم گیروگرفتەکانیپەرەپێدانی دێهات و گەشتوگوزار لەناوچەی لێکۆڵینەوە و چۆنییەتی پەرەپێدانیان، کە بۆ سێ باس دابەشبووە، باسی یەکەم گیروگرفتەکانی بەردەم  پەرەپێدانی دێهات و گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، باسی دووەم توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری دێهاتەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە. باسی سێیەم پەرەپێدانی دێهاتەکان لە ڕێگەی گەشتوگوزارەوە.

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوەکە

**باسی یەکەم: (چەمک و زاراوەکان تایبەت بە لێکۆڵینەوەکە)**

**باسی دووەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە**

**یەکەم : تایبەتمەندی جوگرافی (شوێن و سنور)**

**دووەم: رووبەر و یەکەی کارگێڕی**

**سێیەم: ڕەهەندی مێژووی**

**چوارەم: تایبەتمەندی دیمۆگرافی**

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوە

لەم باسەدا هەوڵدەدەین زاراوە سەرەکییەکانی چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوەکە لەسەر پەرەپێدان و پەرەپێدانی دێهات و گەشتوگوزاری دێهات بخەینەڕوو، بەمشێوەی خوارەوە باسیان دەکەین:

**باسی یەکەم: چەمک و زاراوەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە**

**یەکەم : چەمک و پێناسەی پەرەپێدان** Development

سەبارەت بە پێناسەی پەرەپێدان چەندین مانای جیاوازی هەیە، چونکە گشتگیری لە ماناکەی بۆتە مایەی جیاوازی لە بیروبۆچوون و هەمەجۆری لە پێناسەکردنی، لەبواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و تەندروستی، بۆیە توێژەرانی بواری پلاندانان پێیانوایە پەرەپێدان جەخت لەسەر باشکردنی بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری دەکاتەوە، لە ڕوانگەی باشکردنی ژیان و گوزەرانی مرۆڤ، هەندێکی تر پێیانوایە بریتییە لە پرۆسەی گەشەکردن (Process of Growth)، بەشێکیتریان وا پێناسەی دەکەن بریتییە لەوەی دەوڵەت هەڵدەستێت بە بەرزکردنەوە ئاستی پەرەپێدان ئابوری[1] .

لە فەرهەنگی جوگرافیادا (المثلوثي واخرون) بەمشێوەیە پێناسەی دەکات: پەرەپێدان گۆڕانکاری و بەرەو پێشچوون ڕیشییە لە پێکهاتە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان کە لە گەشەی ئابوریدا بەرجەستە دەبێت.[2] لە کاتێکدا کامەران تاهیر وا پێناسەی دەکات (پەرەپێدان مانای گەشەکردن و پێشکەوتنە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕێبازی زانستی لە بەرهەمهێنان و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی دێنە بەردەم ژێرخانی ئابوری و کۆمەڵایەتی، بە مەبەستی پێشکەوتنی کۆمەڵگا، یان ڕێکخستن و بەهێزکردنی ئەو بنەمایانەی لە بواری بەرهەمهێناندا بەشدارن[3].

بە بڕوای (آزاد النقشبندي)، پەرەپێدان بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان بێت بە مانای گۆڕان دێت، بریتییە لە کردارێکی پلان بۆ داڕێژراو بە ئامانجی بە دەستهێنانی گۆڕانکاری پلان بۆ داڕێژراوە، بۆیە لە بنەڕەتدا بە گۆڕان و گەشەی خوازراو دادەنرێت، یان پەرەپێدان بەشێوەیەکی ڕێژەیی کاتێکی زۆرو ماوەیەکی درێژی گرتنەبەری ڕێگا و شێوازی پێویستە بە گوێرەی ئەو بنەما و دەرامەتانەی لەبەر دەستدایە، هەروەها ئامانجی سەرەکی پەرەپێدان دابینکردنی پێداویستی و ئارەزوەکانی مرۆڤە[4].

---

[1] سیروان محمد مهدی، شیکردنەوەی شوێنیی نیشینگەی دێهاتییەکانی قەزای ڕانیە و ڕەهەندەکانی پەرەپێدانیان، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی ڕاپەڕین، 2017، ل137.

[2] الهادی المثلوثي واخرون، قاموس الجغرافيا، الدار العربية للعلوم، بيروت، 2004، ص90.

[3] کامەران تاهیر سعید، بنەما سروشتیەکانی پەرەپێدانی چالاکی کشتوکاڵی لە قەزای ڕانیە، گۆڤاری زانکۆ کۆیە، چاپخانەی شەهاب، ژمارە 25، کانونی یەکەم، هەولێر، 2012، ل13.

[4] آزاد محمد امين النقشبندي، السياحة واثرها علي صيانه البيئة الطبيعية، مجلة البيئة التنمية، شرم الشيخ، 2004، ص80.-82

پشت بەست بەو پێناسە و بۆچوونە جیاوازانەی خرانەڕوو لەسەر پەرەپێدان دەتوانرێت چەند ئامانجێک بخەینەڕوو:

1. پرۆسەیەکی ئاڕاستەکراو پلان بۆ داڕێژراوە بۆ گۆڕینی بارودۆخی تاک و کۆمەڵگا بەرەو باشتر.
2. باشکردنی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگایە لە رووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە فەراهەمکردنی داواکارییەکانیان و بەرزبوونەوەی داهاتیان.
3. هەوڵدەدا بۆ بەگەڕخستنی ئەو توانا مرۆیی و مادی و دەرامەتانەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە.

دەتوانین بڵێن: پەرەپێدان بریتییە لە پرۆسەیەکی پلان بۆ داڕێژراو بە مەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانکاریی ئەرێنی لە دەرامەتە سروشتی و مرۆییەکان لە هەموو بوارەکانی، ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و خزمەتگوزاری لە ماوەیەکی دیاریکراودا، بە ئامانجی دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوان و باشتربوونی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا و دابینکردنی زۆرترین هەلی کارکردن بۆ گەشەی ئابوری کۆمەڵگا.

**دووەم: پەرەپێدانی دێهاتی** Rural Development

لە کۆتایی چلەکانی سەدەی ڕابردوو چەمکی پەرەپێدانی دێهات دەرکەوت، ئەمەش لە دوای ئەوەی لە مانگی ئابی ساڵی (1948) لە گۆنگرەی (کامبریدج) لە بەریتانیا بەسترا بۆ بەدواداچوونی و پێداویستیەکانی پەرەپێدان لە ژێر داگیرکارییەکانی بەریتانیا ئەو کاتە پێناسەیەکیان بۆ کۆمەڵگا خۆجێ دانا کە بە یەکەم پێناسەی زانستی دادەنرێت بۆ پەرەپێدانی دێهاتی، لەم گۆنگرەیەدا بەمشێوەیە پێناسەی پەرەپێدانی دێهاتیان کرد (پەرەپێدانی دێهات جوڵەیەکە مەبەست لێ چاکردنی بارودۆخی گوزەرانی تاکەکەنی کۆمەڵگا خۆجێیەکانە، لەسەر بنچینەی بەشداری پێکردنی ئەو کۆمەڵگایە و لەسەر بنەمای دەست پێشخەری تاکەکانی کۆمەڵگایە بۆ پەرەپێدان، بەڵام ئەگەر هاتوو خۆیان دەست پێشخەرییان نەکرد بۆ بەشداریکردن ئەوە دەبێت پەنا ببرێتە بەر ڕێگا چارەی ڕێکوپێکی زانستی بۆ ئەوەی ئەو هەستەیان تیادا دروست بکرێت تا وەڵامدانەوەیەکی کاروچالاکیان بۆ ئەو کردارە هەبێت).[1]

ڕێکخراوی (فاو) بەمشێوەیە پێناسەی پەرەپێدانی دێهاتی کردووە: بریتییە لە پەرەپێدانی بوارەکانی ئابوری و پەروەردە و تەندروستی و دامەزراوەی گوندنشینان، یان ئامانجی پێشخستنی مرۆڤی گوندنشینە بۆ ئاستێک و زیادکردنی بەرهەمهێنان لە رووی بڕو جۆر و دەستەبەرکردنی خواستەکانی پەرەپێدانی نەتەوەیی کە خۆی پەرەپێدان یەکێکە لە کۆڵەکەکان[2]. بەڵام دکتۆر خەلیل اسماعیل دەڵێت پەرەپێدانی دێهات کۆمەڵێک کرداری پلان بۆ داڕێژراوە بە ئامانجی ڕوودانی گۆڕانکاریی ئابوری و

---

[1] الامم المتحده، للجنة الاقتصادي والاجتماعية لغربي اسيا(الاسكو) التنمية الريفية، في منطقة العربية، القاهرة، 2007، ص2.

[2] عبدالامير عباس الحيالي و سارة عبدالله حسون، التخطيط الاقليمي و التنمية الريفية في ريف قضاء خانقين المفتاح التنمية الريفية، مجلة ديالي، العدد67، 2015، ص317.

کۆمەڵایەتی لە کەرتی لادێ دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شارستانییەتی[1].بەڵام لەم پێناسەیەدا پەرەپێدانی دیهات ئاماژە بە ڕێبازێکی تایبەت دەکات کە بەرفراوانترو تایبەتی ترە لە پەرەپێدانی کشتوکاڵی*، چونکە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێ بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی وڵاتانی پێ باشتر بکرێت، ئەم جۆرە پەرەپێدان بەرفراوانترو گشتگیرترە لە پەرەپێدانی کشتوکاڵی لەبەرئەوەی پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەشێکە لەم جۆرە پەرەپێدانە، هەروەها تایبەت ترە لە پەرەپێدانی کشتوکاڵی چونکە زیاتر جەخت دەکاتەوە لەسەر هەژاری و نایەکسانی، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین پەرەپێدانی دێهات ڕێبازێکی تایبەتە بە گەشەپێدانی باری ئابوری بە گشتی، بەڵام پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەشێکە لە پرۆسەی پەرەپێدانی دیهات[2].

هەندێکی تر پێیان وایە پەرەپێدانی دێهاتی ئاماژەیە بەوەی کە ڕێگایەکە کۆمەڵێک چالاکی لەخۆ دەگرێت بە ئامانجی دۆزینەوەی هەلی کار و باشکردنی گوزەرانی گوندنشینان، بۆ نموونە (Todaro) وای ناساندووە پەرەپێدانی دێهاتی تەنیا بریتی نییە لەپەرەپێدانی کشوکاڵی، بەڵکو پێویستە واسەیر بکرێت توخمێکی سەرەکی و بنچینەیی پەرەپێدانی دێهاتییە، کە گۆڕانکارییە لە پێکهاتەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەزگا و پەیوەندی و پرۆسە کۆمەڵایەتیەکان لە ناوچە گوندەکاندا، جگە لەمە گرنگی دەدات بە باشترکردنی فێرکردن و تەندروستی و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون کەمکردنەوەی جیاوازییەکان لە نێوان شار و دێهاتدا[3].

لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوەی بۆ ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، چەمکی پەرەپێدانی گشتگیر دەرکەوت بە مەبەستی گرنگیدان بەسەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵگا، لەسەر بنەمای باشکردنی باروگوزەرانی دانیشتوان بوونیات بنرێت، نەک لەپێناو دیاریکردنی تێکڕای گەشەی ئابوری کۆمەڵگا بەشێوەی ڕاستەوخۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگای دەکرد، ئەمەش وایکرد سەرکەوتوو نەبێت لە ئامانجەکانیدا ئەمەش پاڵنەر بوو بۆ ئەوەی چەمکی پەرەپێدانی تەواوکاری بێتە ئاراوە[4].

---

[1] خليل اسماعيل محمد، السكان والمسالة السكانية في كردستان العراق، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، 2012، ص96.

* **پەرەپێدانی کشتوکاڵی** : بریتیە لە بەکارهێنانی نموونەیی زەوی لەگەڵ دەستکەوتنی زۆرترین سود بەکەمترین تێچوون لەماوەیەکی کورتدا بە دەستهێنانی زۆرترین بڕی بەرهەم لە ڕێگای چاندنی بەروبومی لەگەڵ بارودۆخی ئاووهەوا پێکهاتەی زەویدا بەرەچاوکردنی کۆمەلایەتی و ئارەزووی بەکاربەر لەدابینکردنی بازاڕ بۆ ساکردنەوەی بەرووبومە کشتوکاڵیەکان (بەربوومی ڕووەکی و ئاژەڵی). بڕوانە : حسين عبدالحميد احمد رشوان، التنمية اجتماعية- ثقافيا-اقتصاديا- سيايا- اداريا- بشريا، مؤسسة شباب الجامعة، الاسكندرية، 2009، ص129.

[2] بشار عادل کریم، شیکردنەوەی شوێنی نیشینگە دێهاتیەکانی قەزای کەلارو ڕەهەندەکانی پەرەپێدانیان، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، 2013، ل116-117.

[3] عبدالامير عباس الحيالي و سارة عبدالله حسون،التخطيط الاقليمي و التنمية الريفية في ريف قضاء خانقين المفتاح التنمية الريفية، المصدر السابق ص318.

[4] عبدالباقي محمد، مساهمة الجباية البيئة في تحقيق التنمية المستدامة(دراسة حالة الجزائر)، رسالة ماجستير، كلية العلوم الاقتصادية، جامعة الجزائر، 2010، ص28.

پێناسەی پەرەپێدانی دێهاتی تەواو: جۆرێکە لەو پەرەپێدانەی کە مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی دێهات دەکات و لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر پێداویستی دانیشتوان کە زۆرینەیان هەژارن وەکو ئەو پرۆژانەی لە ناوچە گوندنشینەکان جێبەجێ دەکرێت بە مەبەستی روودانی گۆڕانکاریی لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری، کە پلانرێژی بۆ پەرەپێدانی دێهاتی دەکرێت لە ڕێگەی شێوازەکانی پلاندانانەوە، کە پلانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی زەوی و دەرامەتە سروشتیەکان، ئەمەش بە ئامانجی پەرەپێدانی دێهاتی تەواوکارییە[1]. یان بریتییە لە کۆمەڵێک بەرنامە بە ئامانجی بوژانەوەی کەرتی لادێنشینی لە هەموو بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و بیناکاری و شارستانی، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و باشترکردنی، بە جۆرێک ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی داهاتی جوتیاران و گوندنشینان و باشکردنی ئاستی گوزەرانیان و دابینکردنی هۆو پێناوی خۆشگوزەرانی[2].

دەتوانین بڵێین پەرەپێدانی دێهاتی کردارێکی پلان بۆ دارێژراوە بە ئامانجی روودانی گۆڕانکارییە لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی لە کەرتی دێهاتدا بە مەبەستی بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی گوندنشینەکان.

دوای ئەمەش چەمکی پەرەپێدانی بەردەوام هاتە نێو بواری توێژینەوەکانی تایبەت بە پەرەپێدانەوە، لە کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ژینگە و پەرەپێدان لە ساڵی (1987) بەمشێوەیە پێناسەی پەرەپێدانی بەردەوام کردووە بریتییە لە دابینکردنی داواکارییەکانی نەوەی ئێستا و بەبێ زیان گەیاندن بە داواکارییەکانی نەوەی داهاتوو، لەو توانست دەرامەتانەی کە لە بەردەستدان[3]. لە پێناسەیەکی تردا (ف.دوجلاس موسشیت) دەڵێت پەرەپێدانی بەردەوام گوزارشت لە پرۆسەی پەرەپێدان و نوێبوونەوەی دەکات، بە ئامانجی گۆڕانکاریی و پەرەپێدانی ئەو بارودۆخەی هەیە لە گشت بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵی کە بۆ دۆخێکی باشتر، لەگەڵ پێویست بوون لەبەرچاوگرتنی پاراستنی ژینگە لە پیسبوون تاوەکو ئەو پەرەسەندنە سوودی بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو هەبێت[4].

---

[1] سیروان محمد مهدی، شیکردنەوەی شوێنیی نیشینگەی دێهاتییەکانی قەزای ڕانیە و ڕەهەندەکانی پەرەپێدانیان، سەرچاوەی پێشوو، لا140-141.

[2] فهد وهاب الیاسري، التنمیة الریفیة وتأثیراها علي الاستطان الریفي في ناحیة العباسیة، مجلة الاداب الکوفة، جامعة الکوفة، السنتة الاول، العدد2، 2008، ص95.

[3] محمد دلف احمد الدلیمي، فواز احمد الموسي، جغرافیة التنمیة مفاهیم – نظریات- وتطبیق، مطبعة دار الفرقان للغات، سوریا، الطبعة الثانیة، 2009، ص27.

[4] ف. دوجلاس موسشیت، ترجمه بهاء شامین، مباداء التنمیة المستدامة، حقوق التبع والاقتیباس والترجمة والنشر محفوظة الدار الدولیة لا ستثمارات الثقافیة، مصر، 2000، ص8.

بەڵام (Barbier) بڕوای وایە کە پەرەپێدانی بەردەوام چالاکییە ئابورییەکان دەگرێتەوە بەشێوەیەک کە ببێتە مایەی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و پارێزگاریکردن لە دەرامەتە سروشتیەکان بە جۆرێک کەمترین زەرەرو زیان بە ژینگە بگەیەنێت[1].

لێرەدا دەتوانین بڵێین: پەرەپێدانی بەردەوام بریتییە لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی زانستیانەی دەرامەتە وسروشتی و مرۆییەکان، بەشێوەیەک گرنگی بدات بە دابینکردنی پێداویستیەکانی نەوەی ئێستا و پشتگوێ نەخستنی نەوەی داهاتوو لە داواکاری و پێداویستیەکانیان.

**سێیەم: دێهات** : Rural

دێهات بە هەموو ئەو کۆمەڵە خانوانە دەوترێت کە لە دەرەوەی سنوری شارەوانی و یەکە کارگێڕییەکاندان[2]. کە دابەشبوونی جوگرافییان پانتاییەکی گرنگ لە جوگرافیای نیشتەجێبوونی دێهات دەگرێتەوە، ئەمەش بۆ خستنەڕووی شێوازەکانی دابەشبوونە لەلایەک، هۆکارەکانی دابەشبوونیان لەلایەکیترەوە.

لە ڕوانگەی پێوەری دیمۆگرافییەوە دێهاتەکان هەمیشە ناسراون بەوەی کە ژمارەیەکی کەم دانیشتوانی تێدا کۆدەبێتەوە، هاوکات جیاوازن لە دانیشتوانی شارەکان[3]. یان کۆمەڵگا دێهاتی شێوازێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆی هەیە، بەو مانایەی دانیشتوانی دێهاتەکان کەمن و زۆربەی کات هەمان ئەو رووخسارانەن کە رووبەڕوو بوونەوە و پێکدادان دروست دەبێت لە نێوانیاندا، بەمەش تەوای خێزانەکانی ناوی لە کەلتورێکی هاوبەشدا بەهرەمەندن[4].

یان لە ناساندنێکی مۆرفۆلۆجیدا مەبەست نشینگەی دێهاتەکان بەکارهینانی زەوییە بۆ مەبەستی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری، بەکارهێنانەکانی یەکەی نیشتەجێبوونی بە جۆرێکە کە ژمارەی یەکە نیشتەجێبووەکان یەکسانە بە ژمارەی خێزانەکان[5].

کەواتە دێهات: بریتییە لە بچووکترین کۆمەڵگای ئاوەدانی لە رووی رووبەر و ژمارەی دانیشتوانەوە، کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەسەر زەوی دابەشبوون و ژمارەیان لە ژمارەی شارەکان کەمترە.

---

[1] بەهرە رضا عثمان، جیاوازی شوێنی پەرەپێدانی کشتوکاڵی لە پارێزگای هەولێر (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای پەرەپێدان)، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، 2013، ل16.

[2] ئامانج فواد أحمد، شێوازەکانی دابەشبوونی شوێنی نیشنگە دێهاتییەکانی قەزای کفری، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، 2018، ل151.

[3] صلاح حميد الجنابي، الجغرافي الحضر، اسس وتطبيقات، مديرية دار الكتب والنشر، جامعة الموصل، 1987، ص13.

[4] محمد مهدی کریم، دابەشبوونی شوێنی نیشنگە مرۆییەکانی ئیدارەی گەرمیان، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، 2016، ل15.

[5] عادل عبدالله خطاب، جغرافية المدن، طبع الاول، مطابع التعليم العالي، مطبعة جامعة بغداد، 1990، ص10.

**چوارەم : پەرەپێدانی گوند** : Village Development

بە هەمان شێوەی چەمکی پەرەپێدانی دێهات چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ پەرەپێدانی گوند کراوە، لە سەرەتای سەرهەڵدانی زیاتر گرنگی دەدا بە پەرەپێدانی ئابوری لە ناویشیاندا پەرەپێدانی کشتوکاڵی، هۆکاری ئەمەش زیاتر لەوە سەرچاوەی گرتووە کە دانیشتوانی گوندەکان چالاکی ئابورییان زیاتر پێکهاتووە لە کشتوکاڵکردن، بەڵام دواتر ئەم بیرۆکەیە گۆڕانی بەسەر داهات بەوەی گرنگی دان تەنها بەلایەنی ئابوری ناتوانێت ببێتە بنەمایەک بۆ بوژانەوەی بەرەو پێشبردنی ژیانی گوندەکان، ئەمەش وایکرد چەندین ناساندن بۆ ئەم چەمکە بکرێت، بە جۆرێک پێناسەی بۆ کرا کە، پەرەپێدانی گوند بەرنامەی نەخشە بۆ داڕێژراوە بە مەبەستی دەرخستن و ئامادەکردنی توانا مرۆیی و سروشتیەکانی ناوچەیەک، دواتر دانانی پلانێکی گونجاو و تۆکمەیە، هەروەها جێ بەجێکردنی ئەم پلانە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئاوەدانکاری و شارستانی تاکەکانی کۆمەڵگایە لەگەڵ دابینکردنی پێداویستیەکان بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی.

یان پەرەپێدانی گوند ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک رووداني گۆڕانکاری ڕیشەیی و گشتگیر لە تەواوی بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ژینگەیی، ئەم گۆڕانکارییانە لەلایەن گوندنشینان و بە هاوکاری دەزگاکانی میری ئەنجام دەدرێ، بۆ ئەوەی بە هاوکاری هەردوولا کۆمەڵگا بگەینە پلەی تەواوکاری لەهەموو بوارەکان[1].

کەواتە دەکرێ بوترێت پەرەپێدانی گوند: بریتییە لە کۆمەڵێک بەرنامە، بە ئامانجی بوژانەوەی گوندەکان لە سەرجەم بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و شارستانی و ئاوەدانکاری، باشترکردنی بەرهەم کە ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەرانی گوندنشینان و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆیان.

**پێنجەم: گەشتوگوزار** : Tourism

گەشتوگوزار لە دوای شۆڕشی پیشەشازی بە گشتی و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بە تایبەتی بووە بە دیاردەیەکی سەردەم، بۆیە هەوڵی زۆر دراوە بۆ ناساندن و پێناسەکردنی، کە پتر لە پێناسەیەک هەڵدەگرێت و هەریەکەیان لەوانیتر جیاوازە ئەویش بە حوکمی ئەوەی چالاکیەکە دەچێتە چوارچێوەی کۆمەڵە زانستێکەوە[2].

سەبارەت بە چەمکی گەشتوگوزار لە فەرهەنگی ئوکسفۆڕدا وشەی (Tour) بە بنەڕەتی زاراوەی (Tourism) دادەنرێت، بە مانای (گەشتێکە لە شوێنی نیشتەجێبوونەوە دەست پێ دەکات هەر لەوێش

[1] پشتوان شەفیق أحمد، هێمن حسێن إسماعیل، شاسوار محمد محمود، گۆڕانی دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر کرداری پەرەپێدانی گوندەکان لە قەزای ڕانیە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە10، 2017، ل282.

[2] شیروان عمر ڕەشید، بنەماکانی جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، تێزی دکتورا(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، ل7.

کۆتایی دێت، لە گەشتەکەدا سەردانی کۆمەڵێک جێگا دەکرێت، یان ژمارەیەک سەردانە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە ڕێک دەخرێت بۆ چەند شوێنێک)[1].

یەکەمین پێناسە بۆ گەشتوگوزار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1905) لەلایەن جویر فرۆیلەر( Guier Freuler) ئەڵمانی کرا، دەڵێت گەشتوگوزار ( دیاردەیەکە لە دیاردەکانی سەردەم، پێویستیەکی زۆرە بۆ پشوودان و گۆڕینی هەواو هەستکردن بە جوانی سروشت و گەشەکردنی ئەم هەستە هەستکردنە بە خۆشی و چێژ وەرگرتن بە مانەوە لەو ناوچانەی کە خاوەن سروشتێکی تایبەت بۆ حەوانەوە، هەروەها گەشتوگوزار بۆ گەشەکردنی پەیوەندییەکانە لە نێوان کۆمەڵگا جیاوازەکاندا)[2].

نەقشبەندی دەڵێت، گەشتوگوزار (کۆمەڵێک دیاردە و چالاکی مرۆییە، لە ئەنجامی کاتی گواستنەوەی ئەو کەسانە دروست دەبێت، کە سەردانی ناوچەیەک یان دەرەوەی ناوچەی نیشتەجێبوونی خۆیان دەکەن بۆ چەند مەبەستێک، پەیوەندی نییە بە لایەنی داراییەوە)[3].

لە پێناسەیەکی ترد (حسین علی) دەڵێت: گەشتوگوزار چالاکیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتیە، بریتییە لە گواستنەوەی تاکەکان لە شوێنی مانەوەیان بۆ شوێنێکیتر، ماوەکەی کەمتر نەبێت (24) کاتژمێرو زیاتر نەبێت لە ساڵێک، بە مەبەستی کات بەسەربردن نەوەک کارکردن، لە پێناو چێژ وەرگرتن لە کەشێکی ئارام و تەندروست کە لە کاتی پشوودا بەسەری دەبات[4].

لە ڕوانگەی جوگرافیەوە یەکێکە لەو چالاکیانەی کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات ئەویش بە وەبەرهێنانی بنەما سروشتی و مرۆییەکان لە رووبەرێکی جوگرافی دیارکراودا، بە ئامانج بەسەربردنی کاتەکانی بەتاڵی لەلایەک، گەشەپێدانی چالاکی ئابوری کە پشتگیری داهاتی نەتەوەیی بکات لەلایەکیترەوە[5].

لە فەرهەنگی جوگرافیادا بەم جۆرە پێناسە کراوە: گەشتوگوزار چالاکییەکە لە کاتەکانی پشوودا ئەنجام دەدرێت، بە شێوەیەکی گشتی لە مانەوەی تاکێک بۆ شەوێک یاخود زیاتر دوور لە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەی پێکهێناوە، ئەوەش لە پشوودان و دەرون ئارامگرتن جیای دەکاتەوە[6].

بە بۆچوونی ئێمەش گەشتوگوزار: بریتییە لە کۆمەڵێک دیاردە و چالاکی مرۆیی لە ئەنجامی گواستنەوەی تاکەکان بۆ دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان، بە مەرجێک ماوەی مانەوەی لە

---

[1] The oxford Dictionary of current English, oxford university press, Amen House, London, 1984, p 915.

[2] شیروان عمر ڕەشید، بنەماکانی جوگرافی سروشتی و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لەپارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر(بڵاوکراوە)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی 2007، ل16-17.

[3] آزاد محمد ئەمین نەقشبەندی، المقومات الجغرافية الطبعية لنشؤ تطور والسياحة في المنطق الجبلة من العراق، في كتاب( مقدمة في الجغرافية السياحة مع دراسة تطبيقية عن القطر العراقي)، مطبعة جامعة بغداد، 1980، ص79.

[4] حسين على أحمد و مجيد على حمزة، واقع الخدمات السياحية في البصرة والسبيل الكفية لا عادة تألها، مجلة دراسات البصرة، السنة الثالثة، العدد6، 2008، ص109.

[5] سناء صالع مهدي الاحمر، جغرافية السياحية الترويحية في الدولة الامارات العربية المتحدة، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، 2013، ص201.

[6] Q John small & Mighall with ErickL A modern Dictionary of Geography Third Edition UK, 1995, p 246.

(24) کاتژمێر کەمترو لە ساڵێک زیاتر نەبێت، بە سوود وەرگرتن لە بنەما سروشتی و مرۆییە گەشتوگوزارییەکان لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو، بە ئامانجی سوود وەرگرتن لە کاتەکانی بەتاڵی و پیادەکردنی چالاکییە خۆشگوزەرانییە گەشتوگوزارییەکان، لە ئەنجامدا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی گەشتیار.

**شەشەم: پەرەپێدانی گەشتوگوزار:** Tourism Development

بابەتی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بابەتێکی هاوچەرخە، چونکە بەشداری لە زیادبوونی داهاتی ڕاستەقینەی تاک دەکات، بۆیە یەکێکە لە هەرە سەرچاوە سەرەکیەکانی داهاتی نەتەوەیی، هەروەها پەرەپێدانێکی شارستانی گشتگیرە کە هەموو توخمە سروشتی و مرۆیی و مادییەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری تێدایە. لەبەرئەوە پەرەپێدانی گەشتوگوزار ئامرازێکە بۆ پەرەپێدانی ئابوری.[1]

چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار لەلایەن توێژەران و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان کراوە، چونکە چەندین فۆڕم و ئامانجی جیاوازی هەیە لە هەرێمک بۆ هەرێمکی تر جیاوازە.

پەرەپێدانی گەشتوگوزار بریتییە لە کۆمەڵێک کرداری پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاری و کارئاسانی دامەزراوەکان لە کەرتی گەشتوگوزار بە مەبەستی دابینکردنی سەرجەم داواکارییەکانی گەشتیاران[2]. یان بریتییە لە تێرکردنی جەستە و دەرونی گەشتیاران لە سەرجەم پێداویستی و ئارەزووەکانیان، لە ناوچە گەشتوگوزارییەکان شوێنی مانەوەیان، فراوانکردنی هەلی زیاتر بەکارهێنانی کارئاسانی و دامەزراوە گەشتوگوزارییەکان[3].

بەڵام (ئازاد نەقشبەندی) پێیوایە کە پەرەپێدانی گەشتوگوزار: ئەو گۆڕانکارییە ڕێکخراوەییە کە رووداوەکانی گرنگە و پاراستنی ژینگە و ئەو سەرچاوە سروشتیانەیە کە پەرەپێدانی گەشتوگوزار پێکدەهێنن، جا لەبەرئەوە ئەو پەرەپێدانە لە رووی گەشتوگوزارییەوە داواکراوە[4].

پەرەپێدانی گەشتوگوزار دابینکردنی ئاسانکاری و خزمەتگوزارییەکانە بۆ تێرکرنی پێداویستی و ئارەزووی گەشتیاران کە هەندێک کاریگەری گەشتیاری لەخۆدەگرێت، وەک دروستکردنی کاری نوێ

---

[1] بحري سالم فتاح الصفار، التباين المكاني للمكانات التنمية السياحية وواقعها في محافظة اربيل(دراسة في الجغرافية السياحية)، أطروحة دكتوراة، (غير منشورة)، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، 2019، ص20.

[2] ڕێباز لوقمان مستەفا، توانستە جوگرافییەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای پێنجوێن بە بەکارهێنانی (GIS)، لێکۆڵینەوەیەک لەجوگرافیای گەشتوگوزار، نامەی ماستەر، (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، 2016، ل11.

[3] صباح سعيد حسين، التنمية السياحية في المنطقة الجبلية بإقليم كردستان العراق، رسالة ماجستير، (غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة المنصورة- ميصر، 2014، ص196.

[4] آزاد محمد امين النقشبندي، التنمية السياحية واثرها على صيانة البيئة والطبيعية، المؤتمر الثالث لادارة البيئية، الاتجاهات الحديثة، في الادارة المخلفات الملوثة، شرم الشيخ، جمهورية مصر العربية، 23-25 نوفمبر، 2004، ص82.

و داهاتی نویٚ و هەموو شێوازەکانی شوێنی خستنەڕوو و داواکاری گەشتوگوزارە.[1]یان پەرەپێدانی گەشتوگوزار بریتییە لە وەبەرهێنانی دەرامەتە سروشتی و مرۆییەکان لە ناو هەرێمێکدا بۆ ئەوەی پەرە بە گەشتوگوزار بدرێت و لە ڕێگەی زیادکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکانی ئەو هەرێمە و دامەزراندن و پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری دەبێتە هۆی گەشەسەندی ئابوری ئەو ناوچەیە[2].

**حەوتەم: گەشتوگوزاری لادێیی** Rural tourism

چەمکی گەشتوگوزاری لادێیی تاڕادەیەک تازە، بەڵام بەکارهێنانی ناوچە لادێیەکان بۆ گەشتوگوزار بە هیچ شێوەیە نوێی نییە، چونکە زۆرێک لە توێژینەوەکان بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەیان بەم جۆرە گەشتوگوزارە داوە لە ئەوروپا لە ساڵی (1540)دا، بۆئەوەی بتوانن ناوچە لادێنشینەکان ئامادە بکە بۆ وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆر گەشتیار، بەڵام لەو کاتەدا تەنها تایبەت بوو بە نوخبە کۆمەڵایەتی و چین دەوڵەمەندەکان و خێزانە باوەکان[3].

لە ساڵی (1994) (Bernard Lane) باوەڕی وایە، زۆر زەحمەتە بتوانین پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ چەمکی گەشتوگوزاری لادێیی بکەین، چونکە هیچ سەرچاوە و داتایەکی ڕێک وپێک نییە لەسەر گەشتوگوزاری لادێیی، لەبەرئەوەی ڕێکخراوی گەشتوگوزاری نیودەڵەتی (WTO) و ڕێکخراوی هاوکاری و پەرەپێدانی ئابوری (OECD) هیچ ڕێ و شوێنی گونجاویان نییە بۆ ئەو کارە، ئەوە بوو (Sillignakis) پێشنیازی کرد کە (گەشتوگوزاری لادێیی) وەک چەمکێک شێوازێک بێت لە شێوازەکانی گەشتوگوزار کە دەکەوێتە ناوچە لادێیەکان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر دێژبوونەوەی شێوازە جیاوازەکانی ژینگەیی لادێیی و ئابوری و مێژووی شوێنەکە دەبێت.

بەڵام بیدفورد (1996) ئاماژەی بەوەکرد کە پێویستە چەمکی گەشتوگوزاری لادێیی دەبێ مێژووی زیندوی ناوچەکە بگرێتەوە، وەکو کەلتور و دابوونەریتی مێژووی ناوچە لادێیەکان یان دابوونەریتی ناوخۆی و خێزانی کە بەهای تایبەت خۆی هەیە بۆ دابوونەریتی ناوخۆی و بنەماڵەکان.

ڕێکخراوی فیدراسیۆنی ئەوروپی بۆ گەشتوگوزاری لادێیی و کشتوکاڵی، لە ساڵی (2003) لە شاری (Euro Cites) لە ئیسپانیا، یەکەمین کۆنگرەی گەشتوگوزاری لادێیی بەڕێوەچوو، تیایدا پێناسەی (گەشتوگوزاری لادێیی) کردووە دەڵێت: ئەو گەشتەیە کە لە ناوەندی لادێیدا روو دەدات[4].

---

[1] عمر حسن حسين الرواندزي وآخرو، التحليل المكاني لاختيار المواقع للتنمية السياحية في الاقليم الجبلي بمحافظة اربيل، مجلة الأكاديمية جامعة نوروز، 2107، ص279.

[2] حسين چفات هدهود السماوي، التنمية السياحية في محافظة المثنى (دراسة في جغرافية السياحة)، رسالة ماجستير، (غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة القادسية، 2012، ص46.

[3] ميساء داود اسبر، تفعيل دور السياحة في التنمية الريفية (مع دراسة حالة في المنطقة الساحلية السورية)، أطروحة دكتوراه، جامعة تشرين، كلية الاقتصاد، 2014، ص20.

[4] جلال بدرخضرة أو مصطفي يوسف كافي، أ. هنادي محمد مخلوف، السياحة الريفية، الطبعة الاول، بيانات النشر، ألفا للوثائق، 2017، ص29.

لەکاتێکدا (جیهان حسن سید) لە ساڵی (2004) پێناسەی گەشتوگوزاری لادێیی کردووە دەڵێت گەشتوگوزاری لادێیی کۆمەڵێک چالاکی گەشتیارییە کە لە ناوچە لادێییەکان روو دەدات، کە ناوچەکە خۆی سەرنجی گەشتیاران ڕادەکێشێ بەهۆی دیمەنە سروشتیەکانی ناوچەکە[1].

زانا (Aurel Petru) لە ساڵی(2010) ئاماژەی بەوە کرد گەشتوگوزاری لادێیی کۆمەڵێک چالاکی خزمەتگوزاری لەخۆ دەگرێت لەلایەن جوتیار و دانیشتوانی ناوچە لادێیەکان پێشکەش دەکرێت بۆ ئەوەی دانیشتوانەکەی زۆرترین هەلی کاریان دەست بکەوێت، بۆیە ئەگەر بێتوو تێبینی بکەی گەشتوگوزار لادێیی  هیچ پەیوەندی نییە بە جۆرێک لە گەشتوگوزار بەڵکو پەیوەندی بەگەشتیارەوە کە لە ڕۆژانی پشوودا خەڵکی شارەکە سەردانی لادێکان دەکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵکی لادێیدا بژین[2].

هەروەها (موسي سهام) پێناسەی کردووە بەوەی کۆمەڵێک داواکاری خزمەتگوزاری خۆشگوزارانییە، کە لەلایەن جوتیارە و خەڵکی گوندەوە بەڕێوە دەبرێت، بە هاوکاری و بەشداری بەرپرسانی پسپۆڕو لایەنە پەیوەندی دارەکان هەوڵ دەدەن بۆ دانانی پلانێکی ئامانجدار بە مەبەستی پاراستی ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی و شارستانی بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، بەپشت بەستن بە بەکارهێنانی زەوی و سروشت و دەرامەتی ناوچە لادێیەکان، بە ئامانجی ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ناوچە لادێیەکان بۆ ئەوەی فێری شێوازی دابوونەریتی گوندەکان ببن، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ زیادبوونی کاری کشتوکاڵی و باشترکردنی ژیانی لادێی و خێزانەکان[3].

هەروەها پێناسەی گەشتوگوزاری لادێیی لە ڕوانگەی وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر جیاوازە بۆ نموونە ئەم پێنج وڵاتە بەمشێوەیە پێناسەیان کردووە[4]:

- لە وڵاتی فلەندا چەمکی گەشتوگوزاری لادێیی بەستراوەتەوە بە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لە ژینگەیی لادێیدا، لەوانە دابینکردنی ژووری نوستن و حەوانەوە، خواردنی دابوونەریتی کۆمەڵایەتی، گواستنەوە....
- لە هەنگاریا ئەم چەمکە بەکاردەهێنرێت، بۆ ئەو چالاکی خزمەتگوزارییانەی کە لەلایەن دانیشتوانی گوندەکانەوە پێشکەش دەکرێت بە شێوەیەکی ئاشکرا، وەکو دابینکردنی شوێنی نیستەجێبوونی گونجاو، بەشداریکردن لە ژیانی لادێیدا، بەشداریکردن لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی ژیانی لادێی لەوانە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.

---

[1] جيهان حسن سيد و ياسمين عصام، ، ركائز تفعيل السياحة الريفية المستدامة بالريف المصرى، المصدر السابق، ص78.

[2] Aural Petru Darău, Maior Corneli, Mihai Larian Brad , Eugeniu Aram, the concept of rural tourism and agritourism, “Vasile Goldiş” Western University of Arad, 2010, p 01.

[3] موسي سهام، السياحة الريفية ودورها في التنمية الاقتصادية، فرنسا نموذجا، مجلة جامعة تشرين للبحوث والدراسات العلمية _سلسلة الآداب والعلوم الإنسانية المجلد ص258-259.

[4] Aurel Petru Darlu & others , THE CONCEPT OF RURAL TOURISM AND AGRITOURISM, “Vasile Goldiş” Western University of Arad , May 2010 Vol.5 Iss.1 pp.39-42.

- له سلۆڤاكيا گرنگترين شێوازی گەشتوگوزاری لادێیی گەشتوگوزاری كشتوكاڵییە، كە گەشتياران دەتوانن لەگەڵ جوتيار يان خێزانی گوندەكان بژين يان سەردانی سروشت و ناوچەكانی دەوروبەری گوند بكەن.
- له هۆڵندا گرنگترين ئامرازەكانی گەشتوگوزاری لادێیی كەمپينی كێڵگەییە، كە زۆرينەی ئەو خزمەتگوزاريانەی پێشكەش دەكرێن بەستراوەتەوە بە ئەسپ سواری و پاسكيل سواری..
- له نەمسا گەشتوگوزاری لادێیی مانای مانەوەیە له ناوچە لادێیە تايبەتەكان، لەگەل خواردن و خواردنەوەی نەريتی دروستكراوی بەرهەمی ناوخۆی.

بۆیە دەتوانين بڵێين گەشتوگوزاری لادێیی: ئەو چالاكییە گەشتيارييە كە لە ژينگەيەكی لادێيدا پيادە دەكرێت، لەلايەن دانيشتوانی لادێنشينەكانەوە خزمەتگوزارییە گەشتياريەكانی بۆ دابينكراوە، لەوانە دابينكردنی ژوری نوستن و حەوانەوە و خواردنی دابوونەريتی كۆمەڵايەتی، بە مەبەستی ڕاكێشانی گەشتيار بۆ ناوچەكە، بۆ ئەنجامدانی چالاكییە جۆراوجۆرەكان.

**نۆيەم: پەرەپێدانی گەشتوگوزاری لادێیی: التنمية السياحة الريفية**

گەشتوگوزاری لادێیی بەپێی چۆنييەتی ئەنجامدانی چالاكيە گەشتوگوزارييەكان لە ناوچە لادێیەكاندا بەپێی سروشتی ئەو چالاكيانە دەكرێت بە چەند جۆرێكەوە:

1. **گەشتوگوزاری كشتوكاڵی: Agri- Tourism**

كشتوكاڵ بنەمايەكی سەرەكيە بۆ گەشتوگوزار، چونكە ژمارەی گەشتياران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زيادبووندايە وە زۆرێك لە گەشتياران حەز بەبينن و چێژ وەرگرتن ناوچە جياوازە كشتوكاڵییەكان دەكەن، جگە لەوەی ناوچە كشتوكاڵییەكان دەتوانن خواردن و خواردنەوەی گەشتيار دابين بكەن، لەگەڵ بوونی ئاژەڵ و باڵندەی كێوی و گۆشت و شيرەمەنی و سەزە ميوەو...هيتر[1].

له ساڵی (1972)دا بە يەكێك لە بەربڵاوترين شێوەكانی گەشتوگوزار ناسێنرا لەسەر ئاستی جيهان، بۆیە زاراوەی گەشتوزاری كشتوكاڵی زۆر ئاشنايە بە چەمكی گەشتوگوزاری لادێیی، سەرهەڵدانی ئەم جۆرە گەشتوگوزارە دەگەڕێتەوە بۆ دەيەكانی سەدەی ڕابردوو. بيرۆكەی ئەم جۆرە گەشتوگوزارە لە وڵاتە پيشەسازییە پێشكەتووەكاندا دەركەوت كاتێك كێڵگە بچووكەكان كەوتنە بەردەم چەندين بەربەرەكانی دەوڵەتانی گەورە بەهۆی زيادبوونی كێبڕكێ وڵاتانی جيهانی و كردنەوەی بازاڕەكانی ئەو وڵاتانە زۆر زياديكرد، ئەمەش بووە هۆی بەرهەمهێنانی بەرهەمە كشتوكاڵيە زۆر چرەكان كە تەنيا تايبەت بوو بە كێڵگە كشتوكاڵییە گەورەكان، بەڵام لەكاتێكدا خاوەن

[1] جلال بدر خضرة، الساحة الزراعية ودورها في تنمية اقتصاد سيل الغاب، مجلة جامعة تشرين للبحوث والدراسات العلمية _ سلسلة الآداب والعلوم الإنسانية المجلد36، العدد1، 2014، ص77.

کێڵگە بچووکەکان لە بەردەم چەندین بەربەرەکانی گەورەدا بوون ئەمەش وایکرد بە دوای کاریتردا بگەڕێن، جێگرەوەیەک بۆ داهاتیان زیاد بکەن، لە کاتی پاراستنی کاری کشتوکاڵی[1].

سەبارەت بە چەمکی گەشتوگوزاری کشتوکاڵی لە ساڵی (1991) بە هەماهەنگی نێوان یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی سروشت، ڕێکخراوی جیهانی بۆ پاراستنی سروشت و یەکێتی پارکە نیشتیمانییە سروشتیەکانی ئەوروپا سەری هەڵدا. بەپێی پێناسەی کۆمەڵەی ڕاوێژی گەشتوگوزاری کشتوکاڵی لە کویبک: گەشتیاری کشتوکاڵی چالاکیەکی گەشتیاری تەواوی کشتوکاڵیە. پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان گەشتیارو بەرهەمهێنەری کشتوکاڵیدا ڕوو دەدات، ئەمەش ڕێگە بە گەشتیار دەدات کە کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکان بدۆزنەوە، کە لەلایەن جوتیارانەوە زانیاری کشتوکاڵیان بۆ ڕوون دەکرێتەوە[2].

گەشتوگوزاری کشتوکاڵی پێناسە دەکرێت بە چالاکییەکی کێڵگەیی یان پرۆژە کشتوکاڵی کە لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگاوە ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی ڕابواردن و پەروەردەکردن و سەیرکردن و چێژ وەرگرتن لە چالاکی گوندەکان، لەوانە کشتوکاڵ، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، چالاکیە مێژووی و کەلتورییەکانی تر یان بۆ مانەوە لە ناوچە لادێیی[3].

2. **گەشتوگوزاری کۆمەڵگا**: Community Based Tourism

ئەم جۆرە گەشتوگوزارە تەواوکەری گەشتوگوزاری کشتوکاڵیە، چونکە چوونە ناو ژیانی خێزانەکانی لادێ و شێوازی ژیانی لادێ و کەلتوری ناوخۆی دەگرێتەوە[4]. یان گەشتوگوزارێکی ناوخۆییە کە لەلایەن کۆمەڵگاوە بەڕێوە دەبرێت لە بەرامبەردا سوود و قازانجەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگا، چونکە پرۆژەکان لەلایەن کۆمەڵگاوە بەڕێوە دەبرێت، ئەمەش وادەکات وەڵامی پێداویستیەکانی ناوخۆ بداتەوە[5].

3. **گەشتوگوزاری سروشتی**: Nature Tourism

پێناسەی ئەم جۆرە لە گەشتوگوزار جیاوازە لە جۆرەکانی تری گەشتوگوزار، چونکە هەندێکیان بە گەشتوگوزاری جێگرەوە ناوی دەبەن بەشێکی تریان بەگەشتوگوزاری سەرکێشی و بەشێکی

---

[1] جلال بدر خضرة ، السياحة الريفية عمل اضافي مساعد في الزراعة، مقال منشور في الموقع الالكتروني لجريدة الوحدة السورية بتاريخ، 2009/5/11، wehda.alwehda.gov.sy/_archive.asp?FileName.

[2] أبوبكر بوسالم و عادل لعجالي، صناعة السياحة الريفية في المغرب، تجربة رائدة ودروس مستفادة، مجلة نور للدراسات الاقتصادية، العدد2، 2016، ص4.

[3] زينب صادق مصطفى، السياحة الزراعية ومتطلبات وجودها في العراق، مجلة الإدارة والاقتصاد، السنة الحادية و الاربعون العدد مئة وخمسة عشر، 2019، ص322.

[4] دريدي منيرة و حروش سلمى، أهمية ترقية السياحة الريفية في تحقيق التنمية الريفية في الجزائر، مجلة أبحاث ودراسات التنمية، العدد السادس، 2017، ص85.

[5] لنذير قوادرية، السياحة الريفية بمنطقة المعاضيد: مقومات مكملة لقلعة بني حماد، مجلة الحكمة للدراسات التاريخية، المصدر السابق، ص264.

تریان بە گەشتوگوزاری ژینگەی ناوی دەبەن، یان بە جۆرێک لە گەشتوگوزاری هەمەجۆر پێناسەی دەکەن، ئامانج لێی ڕێکخستنی چالاکیە گەشتیارییەکانە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ سروشتدا هەیە، وەکو رووەکی سروستی و جۆرەکانی، یان بۆ مەبەستی چارەسەرکردن[1].

یان جۆرێکە لە گەشتوگوزار کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەسەردانیکردنی ناوچە سروشتیەکان دەبەستێت و کاریگەری لەسەر سەرچاوە سروشتیەکان دەبێت، وەکو رووەک و ئاژەڵی سروشتی. هەروەها کاریگەری هەیە لەسەر پاراستنی ژینگەی ناوچەکە بەشێوەیەکی زۆر[2].

یان گەشتکردنە بۆ ناوچە ئارامەکان بە مەبەستی شارەزابوون و چێژ وەرگرتن لە دیمەنە سروشتیەکان و ناساندنی هەر دەرامەتێکی سروشتی لە ناوچەکەدا هەیە[3].

4. **گەشتوگوزاری ژینگەی** : ECOTOURISM

لە سەرەتای هەشتاکانەوە زاراوەی گەشتوگواری ژینگەیی سەری هەڵدا، زاراوەییەکی تاڕادەیەک نوێیە کە گوزارشت لە جۆرێکی نوێ چالاکی گەشتیاری ژینگەیی دەکات کە لەلایەن مرۆڤەکانەوە پیادە دەکرێت، ئەمەش بۆ پاراستنی دەرامەتە سروشتی و مرۆییەکانی ئەو ژینگەیی تێیدا دەژی[4].

لە ساڵی (1983) هیکتۆر سیبالۆس لاسکوراین کە ئەندازێکی مەکسیکی بوو، بۆ یەکەمجار زاراوەی گەشتوگوزاری ژینگەیی پێناسەکرد، وتی گەشتیاری ژینگەی هەڵبژاردنێکی زانستییە بۆ چێژ وەرگرتن لە دیمەنە سروشتیەکان و فێربوونی شێوازی ژیانی رووەکی سروشتی و دۆزینەوەی جۆری دابوونەریتە کۆمەڵگا ناوخۆیەکان[5].

لەلایەن بانکی نێو دەوڵەتی بۆ ژینگە و گەشتوگوزار: پێناسەکراوە بەوەی گەشتێکە بۆ ناوچە سروشتیەکان، کە نابێتە هۆی پیسبوون تێکچوونی هاوسەنگی ژینگە، کاریگەری پیسبوونی لەسەرە بۆ ئەوەی چێژ لە بینینی رووەک و ئاژەڵی کێوی وەربگرن لە ئێستا و داهاتوودا[6].

گەشتوگوزاری ژینگەیی بریتییە لەو جۆرە نوێیەی گەشتوگوزار، کە زیاتر پشت دەبەستێت بەو چالاکیانەی لە ژینگەی سروشتیدا ئەنجام دەدرێت، وەکو چارەسەری سروشتی و وەرزشیەکان و

---

[1] صلاح زين الدين، التنمية السياحية المستدامة فى مصر،(دراسة لفرص وتحديات)، كلية الحقوق - جامعة طنطا، 2016، ص9.

[2] جلال بدرخضرة أو مصطفي يوسف كافي، السياحة الريفية، المصدر السابق، ص47.

[3] حمزه عبدالحليم درادكه و حمزه عبدالرزاق العلوانى و مروان محمد أبورحمه و مصطفي يوسف كافي، السياحة البيئية، الطبعة الاول، 2014، ص49.

[4] جميل السعدي، السياحة والبيئة في الوطن العربية، الطبع الأول، النشر أحمد بەهکو، 2021، ص12.

[5] صباح بلقيدوم و حياة مامن، السياحة البيئية..حلقة وصل بين الاستثمار السياحي والمجال البيئي لتحقيق التنمية المستدامة - نماذج عالمية وعربية متميزة من عالم السياحة البيئية، مجلة الدراسات المالية والمحاسبية والإدارية، العدد التاسع، 2018،ص728.

[6] مها سعد شريف، الابعاد المكانية لتنمية السياحة البيئية في محافظة المثني، رسالة الماجستير، (غير منشور)، جامحة المثني، كلية التربية العلوم الانسانية، 2021، ص13.

گەڕان لەناو ئاو هەڵگەڕان بە قەد شاخ. بۆیە ئەم جۆرە گەشتوگوزار بە گەشتوگوزارێکی خاوێن و دۆستی ژینگە دادەنرێت تا ئەو کاتە نەبێتە هۆی زیان گەیاند بە ژینگە[1].

ئەم جۆرە لە گەشتوگوزار بەپێی چۆنییەتی ئەنجامدانی چالاکییە گەشتوگوزارییەکان لە ناوچە سروشتیەکان دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە کە پەیوەستن بە گەشتوگوزاری ژینگەیی.

1. گەشتوگوزاری سەرکێشی (مغامرات): جۆرێکە لە گەشتوگوزاری ژینگەیی ئەویش خلیسکانە لەسەر بەفرو یان هەڵگەڕانە بەشاخی بەردەڵان و بەفراوی و سواربوونی تەلەفرێک لەلایەن گەشتیار ئەنجام دەدرێت بەهۆی بوونی ئارەزووی بۆ ئەنجامدانی هەندێک چالاکی گەشتوگوزاری جیاواز لە جۆرەکانی تری گەشتوگوزار کە ئەمەش لە ئەنجامی ئارەزووی سەرکێشی گەشتیار سەرهەڵدەدات و حەز بە چێژوەرگرتنی تایبەت دەکات لە ناوچە شاخاوییەکان[2]. یان کۆمەڵێک چالاکی گەشتوگوزاری ترسناک و سەرنجڕاکێش لە ژینگە جیاوازەکاندا ئەنجام دەدرێت[3].
2. گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری: (Cultural Tourism) چالاکیەکە گەشتیار دەتوانێت لەڕێگەیەوە ژیانی گەلانی تر ئەزمون بکات و لە دابونەریتیان تێبگات و دەستنیشانی ژینگەی فیزیکی و شوێنەوارە مێژووی و کەلتورییەکان و شوێنەوارە کۆنەکان بکات[4]. وەک سەردانکردنی جێگا مێژوویی و پاشماوە دێرینەکان و ئامادەبوون لە کەرنەڤاڵ و ئاهەنگە ڕۆشنبیرییەکان و بەئاگابوون لە ژیانی خەڵک لە وڵاتانی ترداو لەژینگەیەکی نوێ و زانینی دابوونەریت و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و شارەستانی و ڕۆشنبیری لە ڕابردوو ئێستادا، بەراوردکردنیان لەگەڵ شێواز و لایەنی ژیانی و کۆمەڵایەتی گەشتیار[5].

---

[1] شکور سلام سلیم، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ چالاکی گەشتوگوزاری و دەرهاویشتە ژینگەیەکانی لە قەزای دوکان، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، 2021، ل20.

[2] ئەژین ئەنوەر یوسف، توانستە سروشتیەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچە شاخاوییەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین دا(لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای گەشتوگوزار)، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین، 2017، ل36-37.

[3] أسامة رجب عبدالمعبود سعودي، دور سیاحة المغامرات کنمط سیاحي جدید فی تنمیة الجذب السیاحی لجمهوریة مصر العربیة، المجلة العلمیة لعلوم وفنون الریاضة، مجلدة 25، العددة25، ص8.

[4] Huda Adil Al-Obaidi, Osamah AbdulMunem Al-Tameemi, Built Heritage Attractions in Cultural Tourism: the case of Al-Mustansiriya Madrassa, Baghdad, Al-Nahrain Journal for Engineering Sciences, 22(1) 2019, p37

[5] شیروان عمر ڕەشید، بنەماکانی جوگرافی سروشتی و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، سەرچاوی پێشوو، ل47.

## باسی دووەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە

### یەکەم: **تایبەتمەندی جوگرافی (شوێن و سنور )**

شوێنی جوگرافی هەر شار و ناوچە و هەرێم دەوڵەتێک بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە لە ئەنجامدا کاردەکاتە سەر تەواوی ڕەگەزە سروشتی و مرۆیی و ئابورییەکانی ناوچەکە، شوێنی جوگرافی هەر ناوچەیەک بایەخی گەشتیاری ئەو ناوچەیە دیاریدەکات، نزیکی ئەو ناوچەیە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی، یان لە ناوچەی داواکاری گەشتیاری دەبێتە فاکتەری ڕاکێشانی گەشتوگوزار یان بەپێچەوانەوە شوێنی پەراوێزخراو لە بایەخی گەشتیاری ئەو ناوچەیە کەم دەکاتەوە[1].

شوێنی فەلەکی، بە تایبەتی هەڵکەوتن بەپێی بازنەکانی پانی، وەک تایبەتمەندییەتی ڕەگەزەکانی ئاوهەوا و جۆری رووەکی سروشتی و ئاژەڵی کێوی و جۆری خاکەکەی لەلایەک چالاکیە ئابوری و کۆمەڵایەتی و چۆنییەتی دابەشبوونی دانیشتوان لەلایەکیترەوە، بە هۆکارێکی کاریگەر لە دیاریکردنی ڕواڵەتە سروشتی و مرۆییەکان دادەنرێت، کە لەو ناوچەیەدا هەیە، دواجار دەتوانین ئەو ناوچە گەشتوگوزارییانە دەستنیشان بکەین، کە توانای ڕاکێشانی گەشتیاری هەیە، لەگەڵ ئەو ناوچانەی دەبنە شوێنی داواکاری لەسەر گەشتوگوزار، لەگەڵ دەستنیشانکردنی کاتی گونجاو بۆ چالاکیە گەشتوگوزارییەکان و جۆرو شێوازەکانی گواستنەوە، هەریەکە بەپێی ئارەزوو مەبەستی گەشتیاران[2].

قەزای شارباژێر یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانی، دەکەوێتە بەشی باکوری خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی کە درێژی سنورەکەی لەگەڵ پارێزگای سنەی سەر بە وڵاتی ئێران دەگاتە (36)کم بەمەش ڕێژەی لە (16.1%) کۆی گشتی سنوری هاوبەشی عێراق و ئێران پێکهێناوە کە (55)کم[3]. نەخشەی (1).

---


[1] شیروان عمر رشید، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئاماژەکانی جوڵەی گەشتیاری و گیروگرفتەکانی لە پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی(2013-2019)، گۆڤاری کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی، ژمارە10، تشرینی یەکەم2021، ل155.

[2] شیروان عمر ڕەشید، بنەماکانی جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل37-38.

[3] ئەحمەد محەمەد صالح، شیکردنەوەی جوگرافیی دابەشبوونی نیشینگە دێهاتییەکان لە قەزای شارباژێر، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2008، ل17.

نەخشەی (1)

شوێنی جوگرافی قەزای شارباژێڕ بە گوێرەی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی 2019




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی ArcGIS Arc Map V10.8 پشت بەست بە: وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلوجیای زانیاری، بەشی GIS، نەخشەی کارگێڕی پارێزگای سلێمانی،2019.

لە بەشی باکور لەگەڵ قەزای ماوەت کە درێژی سنوری لەگەڵ ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە نزیکەی (70)کم، خشتەی (1)، لە بەشی باکوری خۆرئاوا قەزای دوکان بەدرێژای (11)کم، لە بەشی خۆرئاوا و باشوری خۆرئاوا قەزای ناوەندی سلێمانی بە درێژی (45)کم، لە باشور قەزای سەیدسادقە درێژی سنوری نێوانیان نزیکەی (26)کم، لە خۆرهەڵاتەوە قەزای پێنجوێن کە سنوری نێوانیان دەگاتە (33)کم، بەمەش سەرجەمی درێژی سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە نزیکەی (221)کم.

خشتەی (1)

درێژی سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی یەکە کارگێڕییەکانی دەوروبەری لە ساڵی (2019)دا

| سنور | درێژی بە کم | ڕێژەی % |
|---|---|---|
| قەزای شارباژێڕ- سنە (وڵاتی ئێران) | 36 | 16.1 |
| قەزای شارباژێڕ- قەزای ماوەت | 70 | 31.25 |
| قەزای شارباژێڕ- قەزای دوکان | 11 | 5.25 |
| قەزای شارباژێڕ- قەزای ناوەندی سلێمانی | 45 | 20.2 |
| قەزای شارباژێڕ- قەزای سەیدسادق | 26 | 12.5 |
| قەزای شارباژێڕ- پێنجوێن | 33 | 14.7 |
| کۆی گشتی | 221 | 100 |


سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، بەشیGIS، درێژی سنوری قەزای شارباژێڕ، لە ساڵی (2019)دا.

شوێنی ئەسترۆنۆمی قەزای شارباژێڕ دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (-30, ˚35، ˚36)ی باکور و هەردوو هێڵی درێژی (=26,-49, ˚45 و=07 , -13, ˚45 ) خۆرهەڵات، نەخشەی (2). شوێنی جوگرافی قەزاکە بایەخێکی تایبەتی بە ناوچەکە بەخشیوە بەوەی هاوسنورە لەگەڵ وڵاتی ئێران و پێنج قەزای پارێزگای سلێمانی، ئەمەش پێگەییەکی ئابوری و بازرگانی گرنگی هەیە، لەبەرئەوەی چەندین ڕێگای گرنگی پیادا تێپەڕ دەبێت و هاسنورە لەگەڵ وڵاتی ئێران، ئەمەش بایەخێکی زۆری دەبێت لە رووی بازرگانییەوە دەبێتە دەروازەیەک بۆ ئاڵوگۆڕکردنی کەلوپەل و شمەک لە نێوان عێراق و ئێران کە سێ کاروانی بازرگانی لە کۆنەوە بە شارباژێڕدا تێپەڕ دەبێت لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا[1]. لەلایەکیترەوە دەتوانێت زۆرترین ژمارەی گەشتیاران بۆ خۆی ڕابکێشت لەسەر ئاستی دەرەوەی هەرێم و بەتایبەت پارێزگای سلێمانی، چونکە نزیکترین مەڵبەندی گەشتوگوزارییە لەشاری سلێمانی، بەهۆی تونێلی ئەزمەڕ لە نێوان شاری سلێمانی و ناحیەی سیتەک سەر بە قەزای شارباژێڕ گەشتنی گەشتیارانی بیانی و وڵاتانی تری دراوسێی هەرێمی کوردستان و عێراقی ئاسانترکردووە.

[1] ئەحمەد محەمەد صالح، شیکردنەوەی جوگرافیی دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکان لە قەزای شارباژێڕ، سەرچاوەی پێشوو، ل18.

نەخشەی (2)

شوێنی ئەسترۆنۆمی و کارگێڕی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی (2019)دا




سەرچاوە: کاری توێژەر  بە بەکارهێنانی ArcGIS Arc Map V10.8 پشت بەست بە: وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلوجیای زانیاری، بەشی GIS، نەخشەی کارگێڕی قەزای شارباژێڕ ،2019.

**دووەم: یەکەی کارگێڕی و رووبەر**

لەگەڵ دروست بوونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، شارباژێڕیش بە هەمان شێوەی شوێنەکانی تری کوردستان لەلایەن خەڵک و حکومەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانەوە دەستکرا بە ئاوەدانکردنەوەی، لە سەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی قۆناغەکان چەند گۆڕانکارییەکی کارگێڕییان لە قەزای شارباژێڕ ئەنجامداوە[1]. دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) و پێکهێنانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کورستان، ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان (پەرلەمان) بەپێی بڕیاری ژمارە (18) لە (22/ 9/ 1992) ڕێگەیدا بە حکومەتی هەرێم هەموو ئەو قەزا و ناحیە و یەکە کارگێڕییانەی بە مەبەستی سیاسی هەڵوەشێنراونەتەوە سەرلەنوێ پێکبهێنرێنەوە[2]. ئەوە بوو لە ساڵی (1992) قەزای شارباژێڕ لە سەنتەری قەزا (چوارتا) و ماوەت، سرۆچک (بەرزنجە)، سیوەیل (باسنێ) پێکهێنرایەوە، هانی خەڵکەکەی درا گوندەکان ئاوەدان بکەنەوە، لە ساڵی (2005)دا، بەپێی بڕیاری حکومەتی هەرێم لەسەر پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگای سلیمانی بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی کارگێڕی لە سنوری قەزاکەدا (3) گوند کرانە ناحیە بە ناوی (سیتەک، زەلان، گاپیلۆن)[3].

لە ساڵی (2019)دا لە رووی کارگێڕییەوە لە سەنتەری قەزا (چوارتا) و چوار ناحیە (سیوەیل، گاپیلۆن، سیتەک، زەلان)، و (219) گوند پێکهاتووە، رووبەرەکەی دەگاتە (1211)کم2، واتە نزیکەی لە (9%) کۆی رووبەری پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە، نەخشەی (2).

سەبارەت بە رووبەری ناوچەی لیکۆڵینەوە گەر بێتوو بەراوردێک بکەین لە نێوان قەزای شارباژێڕ و پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا چەند گۆڕانکارییەکی بەسەرداهاتووە، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەوە بووە قەزاکە لە رووی کارگێڕییەوە بەخۆوەی بینیوە، خشتەی (2).

---

[1] جەمال مەلا سەعید، پیاداچوونەوە بە هەڵە ئیدارییەکان لە شارباژێڕدا، گۆڤاری شارباژێر، ژمارە (17)، (2021)، ل5.
[2] گۆڤاری پەرلەمان، ژمارە(2)، تشرینی یەکەم/1992، بڕیاری ژمارە(18) لە (1992/9/22)، پاشکۆی(1).
[3] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، نوسراوی ژمارە (5546) لە (2004/12/29) پێشنیاز بۆ پێکهێنانی (3) ناحیە لەسنوری قەزای شارباژێڕدا، پاشکۆی (2).

خشتەی (2)

ڕووبەری یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا /کم2

| ساڵ | 1957 | | 1977 | | 1987 | | 2002 | | 2019 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکە کارگێڕییەکان | ڕووبەر | % | ڕووبەر | % | ڕووبەر | % | ڕووبەر | % | ڕووبەر | % |
| سەنتەری قەزا (چوارتا) | 703 | 31.8 | 631 | 29.4 | 631 | 29.4 | 631 | 19.5 | 165 | 13.6 |
| ناحیەی ماوەت* | 559 | 25.3 | 558 | 26 | 558 | 26 | 559 | 26.1 | بووە بە قەزا | |
| ناحیەی سرۆچک (بەرزنجە) ** | 469 | 21.2 | 541 | 24.2 | 541 | 24.2 | 469 | 22 | خراوەتە سەر قەزای سەیدسادق | |
| ناحیەی سیوەیل (باسنێ) | 479 | 21.7 | 413 | 19.3 | 413 | 19.3 | 479 | 22.4 | 351.1 | 29 |
| ناحیەی سیتەک | - | - | - | - | - | - | - | - | 272.8 | 22.5 |
| ناحیەی زەلان | - | - | - | - | - | - | - | - | 237 | 19.6 |
| ناحیەی گاپیلۆن | - | - | - | - | | - | - | - | 185 | 15.3 |
| کۆی گشتی قەزا | 2210 | 100 | 2143 | 100 | 2143 | 100 | 2138 | 100 | 1211 | 100 |
| ڕووبەری پارێزگا | 12229 | 18.1 | 16442 | 13 | 20156 | 10.6 | 11498 | 18.6 | 14049 | 8.6 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە :

1. وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، المجموعة الإحصائية السنوية لعام(1961)، مطبعة الزهراء، بغداد، جدول58، ص41.
2. وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، دائرة النشر والعلاقات العامة، المجموعة الإحصائية السنوية(1982)، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، بغداد، ص34.
3. وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة السنوية لعام (1976)، مطبعة الجهاز المركزي لاحصاء بغداد، (1977)، ص35.
4. مديرية الأحصاء السليمانية ، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية والارتكازية لأقليم كوردستان العراق لسنة 2002، بدون رقم الصفحات ،مطبوعة بالكومبيوتر(غيرمنشورة).
5. جەزا تۆفیق تالیب و بەیان علی حسین، پارێزگای سلێمانی، گۆڤاری ساڵنامەی سلێمانی، 2003، ژمارە4، سلێمانی، ، ل314.
6. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ئاماری دیمۆگرافی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکان، 2019.
7. بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕووبەری یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای سلێمانی، بەشیGIS، 2019، داتای (بڵاونەکراوە).

* حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، نوسراوی ژمارە(12181) لە بەرواری( 24/ 11/ 2008)، ناحیەی ماوەت کراوە بەقەزا لەسنوری پارێزگای سلێمانی، پاشکۆی (4).

** حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، فەرمانی کارگێڕی: ژمارە(3108) بەرواری 2007/5/2، دابرانی ناحیەی سرۆچک بە هەموو گوندەکانییەوە لە قەزای شارباژێڕ و لکاندنی بە قەزای سەیدسادق، پاشکۆی (5).

بەپێی زانیارییەکانی ناو خشتەی (2) بۆمان دەردەکەوێت:

1. لە ساڵی (1957)دا قەزای شارباژێڕ ڕووبەرێکی فراوانی هەبووە نزیکەی (2210)کم2، کە ڕێژەی زیاتر (18%) کۆی ڕووبەری پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە، هەر لەو ساڵەدا قەزای شارباژێڕ پلەی چوارەمی لە ڕیزبەندی قەزاکانی تری پارێزگای سلێمانی وەرگرتووە.
2. لە ساڵی (1977-1987)دا ڕووبەری قەزاکە کەمیکردووە بۆ (2173)کم2، کە ڕێژەی زیاتر(13%) کۆی ڕووبەری پارێزگای سلێمانی پێکهیناوە، ئەمەش بەهۆی بارودۆخی سیاسی نائاسایی بووە بە تایبەتی لە ساڵی (1987).

3. لە ساڵی (2002)دا لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە کارگێڕییانەی کە بەسەر قەزاکانی پارێزگای سلێمانی داهاتووە رووبەری قەزاکە بووە بە (2138)کم2، کە نزیکە (19%) کۆی رووبەری پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە.
4. لە ساڵی (2019)دا رووبەری قەزاکە کەمیکردووە بۆ نزیکەی (1211)کم2، ڕێژەی (9%) کۆی رووبەری پارێزگاکە پێکهێناوە، بە شێوەیەکی بەرچاو رووبەری قەزاکە کەمیکردووە، ئەمەش بەهۆی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان، رووبەری پاریزگای سلێمانی کەمیکردووە بۆ نزیکەی (14049)کم2، بەهۆی روودانی گۆڕانکاریی کارگێڕی و بەشێک لە قەزا و ناوچەکانی سلێمانی خراونەتە سەر ئیدارەی گەرمیان و رووبەری پارێزگا بچووکتربۆتەوە و ڕێژەی شارباژێڕیش زیادبوونی کەمە، ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر بچوکبونەوە ڕووبەری قەزاکە، دواتر ئەمەش کاریگەری کردۆتەسەر دامەزراندنی پرۆژەی گەشتیاری لە ناوچەکە.

کەواتە بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (2) بۆمان دەردەکەوێت لە ساڵی (2019)دا، لە رووی رووبەرەوە ناحیەی سیوەیل زۆرترین رووبەری قەزاکەی پێکهیناوە، کە دەگاتە نزیکەی (351)کم2، ناحیەی سیتەک بە پلەی دووەم هاتووە رووبەری (272)کم2، کە وەکو ناوچەکی گەشتوگوزاری ناسێنراوە دەکرێت سوودی لێوەبگیرێت بۆ دامەزراندنی پرۆژەی گەشتیاری لەناوچەکەدا. هەریەک لە ناحیەکانی زەلان و گاپیلۆن و سەنتەری قەزا لە پلەکانی کۆتاییدان بە رووبەری (237)کم2 و (185)کم2 و (165)کم2 یەک بە دوایەکدا. هەروەها دەکرێت سوودی لەم رووبەرە لێوەربگیرێت بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا بوونی هێزی کاری پێویست بۆ ناوچە و خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان.

**سێیەم: رەهەندی مێژوویی:**

لێکۆڵینەوە مێژووییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی زۆربەی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤی کۆنن، کە بە کاری کشتوکاڵکردن و ئاژەڵداری خەریکبوون[1]. لەم ڕوانگەیەوە (ناوچەی شارباژێڕ) چەندین پاشماوەی مێژووی شوێنەواری کۆن لەخۆدەگرێت سەلماندویانە کە مرۆڤ لەم ناوچەیەدا ژیاوە، لە سەرەتادا سەرقاڵی گەڕان و جێگۆڕکێ بوون بە دوای خۆراک و حەوانەوەدا گەڕاون، لە کاتی پێویستدا پەنایان بردۆتە بەر ئەشکەوت و پەنەگەکان، دوای ناچاربوون ئەشکەوتەکان جێبهێڵن و بەرەو ئەوە بچن گوند دروست بکەن لە قوڕ و بەرد بەشێوازی سادە و ساکار[2].

---

[1] خليل إسماعيل محمد، دهوك – نينوي (دراسات في الخصائص الديمغرافية للسكان)، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، 2005، ص31.

[2] طه باقر، مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة، القسم الاول، تأريخ العراق القديم، شركة التجارة والطباعة المحدودة، بغداد، 1955، الطبعة الثانية، ص10.

سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە هۆکاری سیاسی و خراپی ڕێگاوبانی پێویست نەتوانراوە بە شێوەی پێویست رووپێو بکرێت، لەبەرئەوە تەنها ئەو شوێنانە پشکنینان بۆکراوە کە لەسەر ڕێگای سەرەکی بوون، لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر شوێنەواری مێژووی لە ناوچەکەدا بوونی هەیە، بەڵام شارەزایانی مێژووی نەیاتوانیوە لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەم بارەیەوە ئەنجام بدەن، بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستیە لە ساڵی (2009) شوێنەوارێک لە سیتەک دۆزراوەتەوە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوری کۆن، لە گوندی واژەی شارباژێڕ شوێنەوار خواوەندی (میترا)، کە ئەمەش ئاینێکی ئاری کۆنە لە زەدەشت کۆن ترە پاشماوەی ئاینی یەزیدییەکانە لە کوردستاندا[1].

قەزای شارباژێڕ خاوەنی چەند ڕەهەندێکی شوێنەواری و مێژوو دێرینە، کە ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە ڕاکێشانی گەشتیاران، بۆ نموونە ئەشکەوتی چوارتاق دەکەوێتە باکوری چوارتا و ئەشکەوتی (تەنیشت ماڵان) دەکەوێتە ناحیەی گاپیلۆن و شوێنەواری (باسکی بێرێ) و چەندین شوێنەواری تر لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بوونی هەیە، ئەگەر زیاتر گرنگی بەو لایەنە بدرێت وەک بنەماییەکی گرنگی گەشتوگوزاری سوودی لێوەربگیرێت، ئەوا بێگومان ژمارەی گەشتیاران و سەردانیکەران بۆ شوێنانە چەند بەرامبەر زیاد دەکات. هەروەها لە کۆنەوە ناوچەکە فەرهەنگی ڕۆشنبیرو ئاینی جیاواز بووە، وەک ئاینی ئیسلام و مەسیحی و جولەکە و زەردەشتی، ئەم جۆراوجۆریەتیی ئاینییەش وایکردووە کە چەندین مەزارگا و شوێنی پیرۆزی ئاینی لەناوچەکە بوونی هەبێت، لەوانە مەرقەدی شێخ موحسین گاپیلۆنی لەناو سەنتەری ناحیەی گاپیلۆن و مەزاری پیری شەوکێل لە ناحیەی سیتەک، هەریەک لەمانە بوونەتە بنەمایەکی گرنگ بۆ خستنەڕووی گەشتیاری لەناوچەکەدا.

**چوارەم: تایبەتمەندی دیمۆگرافی:**

گەشەی دانیشتوان بە یەکێک لەو دیاردە دیمۆگرافیانە دادەنرێت کە لە لێکۆڵینەوەی جوگرافیای مرۆییدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە گەشەی دانیشتوان بەوە جیادەکرێتەوە کە لە گۆڕاندایە بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە زۆربوونی گشتی، ئەویش لەئەنجامی دوو جولەی بەردەوامی دانیشتوان دەبێت، یەکەمیان جوڵەی سروشتی، کە لە جیاوازی نێوان (لەدایکبوون و مردن) دروست دەبێت، دووەمیان جوڵەی شوێنجێ دانیشتوانە، (کۆچ) بە هەردوو جۆرەکەیەوە (ناوخۆی و دەرەکی)، دواتر یەک لەمانە کاردەکەنە سەر گەشەی دانیشتوان.[2] ڕێژەی گەشەی دانیشتوان بە دوو ڕێگە ئەژمار دەکرێت، یەکەمیان هەژمارکردنی جیاوازی ژمارەی دانیشتوان لە نێوان دوو سەرژمێریدا،

---

[1] سروە جلال حمە، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای شارباژێڕدا، لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2012)دا، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی،2012 ل16 .

[2] حمادى عباس حمادى الشبري، تغيرات السكانية في محافظة القادسية (1970-1997)، دراسة في جغرافية السكان، أطروحة دكتوراة، (غير منشورة)، كلية التربية ابن الرشد، جامعة بغداد، 2005، ص100.

دووەمیان خەملاندن و هەژمارکردنی ڕێژەی گۆڕان لە تۆمارەکانی لە دایکبوون و مردن و کۆچ. لە هەرێمی کوردستان لە (ناوچەی شارباژێڕ)، پشت بەڕێگەی یەکەم دەبەسترێت بۆ زانینی بڕی ئەو گۆڕانەی کە بەسەر ژمارەی دانیشتوانی ناوچەیەکی دیاریکراودا دێت، هەروەها گۆڕانکاریی کارگێڕیش ڕۆڵی لەم ڕووەوە هەیە، دانیشتوان بە گشتی لە کاتە نائاساییەکاندا ژمارەیان کەم دەکات، بەڵام لە کاتە ئاساییەکاندا بە بەردەوامی ژمارەیان لە زیادبووندایە، بەڵام زیادبوونی ئەم ڕێژەیە لە ژێر کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئاینی و سیاسیەکان لەناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێت.

1. **گەشەی دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ:**

لەپێناو دەرخستنی ڕۆڵ و کاریگەری دانیشتوان بەسەر گەشتوگوزارەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، بە پێویستی دەزانین باسی هەریەک لە ژمارە و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بکەین، بۆ ئەم مەبەستە سوودمان لە ئامارەکانی دانیشتوان وەرگرتووە لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا. خشتەی (3) و شێوەی (1).

خشتەی (3)

ژمارە و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی* دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ و پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی(1957-2019)دا

| ساڵ | ژ/ دانیشتوان قەزای شارباژێڕ | ژ/ دانیشتوان پارێزگای سلێمانی | ڕێژەی قەزا لە کۆیی پارێزگا | ماوەی ساڵەکان | ڕێژەی گەشەی ساڵانەی قەزا | ڕێژەی گەشەی ساڵانەی پارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1957 | 42333 | 304895 | 13.9 | 1977-1957 | 1.3 | 4.1 |
| 1977 | 55342 | 690557 | 8 | 1987-1977 | 13.6- | 3.2 |
| 1978 | 12856 | 951732 | 1.3 | 2002-1987 | 8.3 | 1.8 |
| 2002 | 42888 | 1249824 | 3.4 | 2019-2002 | 3.4- | 2.8 |
| 2019 | 23548 | 1981055 | 1.2 | 2019-1957 | 1- | 3 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1. وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل1957، لوائي السليمانيةو كركوك، مطبعة العاني،ص2.
2. پێشڕەو سەمەد تۆفیق، شیکردنەوەی شوێنی دانیشتوانی شاری ڕانییە، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، 2009، ل15.
3. مديرية الاحصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية والارتكارية لإقليم كوردستان العراق لسنة 2002، المصدرالسابق، (بدون رقم الصحفات).
4. الجهاز المركزي للإحصاء ، نتائج التعداد العام للسكان سنة 1977، المصدر السابق، ص4.
5. مديرية الاحصاء السليمانية، خلاصة النتائج الإحصائية عن عدد السكان و الأسر حسب المنطقة و الوحدات الإدارية في الإقليم، سنة 2002، ص7-6.
6. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ئاماری دیمۆگرافی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل14.

* ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان دەرهێنراوە بە بەکارهێنانی هاوکێشەیە:

r = ڕێژەی گەشەی ساڵانە

T = ژمارە ساڵانی نێوان دوو سەرژمێری

P1 = ژمارەی دانیشتوان لە دواین سەرژمێری

PO = ژمارەی دانیشتوان لەسەر ژمێری یەکەم

$$\mathbf{R} = \left(\sqrt[\mathbf{T}]{\frac{\mathbf{P1}}{\mathbf{P0}}} - \mathbf{1}\right) \times \mathbf{100}$$

سەرچاوە : طه حمادي الحديثي، جغرافية السكان، دار الكتاب والنشر والتوزيع، مطبعة جامعة الموصل، 2000، التبعة الاول، ص291.

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (3) بۆمان دەردەکەوێت :

1. لەسەرژمێری ساڵی (1957)دا ژمارەی دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ (42333) کەس بووە، نزیکەی (14%) کۆی دانیشتوانی پارێزگا پێکهێناوە، بە هەمان شێوە لەسەرژمێری ساڵی (1977)دا ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە زیادیکردووە بۆ (55342) کەس و ڕێژەی لە (8%) کۆی دانیشتوانی پارێزگا پێکهێناوە، واتە لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-1977)دا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی قەزاکە (1.3%) و لە پارێزگا (4.1%).
2. بەڵام لەسەرژمێری ساڵی (1987)دا بەشێوەیەکی بەرچاو ژمارەی دانیشتوان کەمیکردووە بۆ (12856) کەس و ڕێژەی لە (1.3%) کۆی دانیشتوانی پارێزگا پێکهێناوە، ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان دەگەڕێتەوە کە خۆی لە کۆچ پێکردن و چۆڵکردنی گوندەکان و ئەو ڕەوشە نالەبارەی بەسەر شارباژێڕدا سەپێندرا[1]. بەڵام لە ماوەی ساڵانی (1977-1987)دا، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی قەزاکە کەمیکردووە بۆ (-13.6%)، لەسەر ئاستی پارێزگا کەمیکردووە بۆ (3.2%)، هۆکاری ئەم کەمبوونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی قەزاکە لە رووی کارگێڕییەوە هەڵەشێنرایەوە[2].
3. کەچی لە ساڵی (2002)دا ڕەوشەکە پێچەوانەبۆوە بە تایبەت دوای راپەڕینی (1991) سەرلەنوێ گوند و شار و شارۆچکەکان ئاوەدانکرانەوە بەشێکی بەرچاو لە دانیشتوانەکەی گەڕانەوە سەر زێدی باب وباپیرانی خۆیان، بە هاتەنە سەر کایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی تر ژمارەی دانیشتوانی قەزای زیادیکردووە بۆ (42888) کەس بە (3.4%) کۆی دانیشتوانی پارێزگا پێکهێناوە، لە ماوەی ساڵانی (1987-2002)دا، کە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی قەزا لە (8.3%)، لەسەر ئاستی پارێزگاش ڕێژەکە کەمیکردووە بۆ (1.8%).
4. لە ساڵی (2019)دا ژمارەی دانیشتوان کەمیکردووە بۆ (23548) کەس و زیاترە لە (1%) کۆی دانیشتوانی پارێزگا پێکهێناوە، هۆکاری کەمبوونەوەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی یەکەمیان دابڕانی هەردوو ناحیەی سرۆچک خراوەتە سەر قەزای سەیدسادق و ناحیەی ماوەت کرا بە قەزایەکی سەربەخۆ لە پارێزگای سلێمانی[3]، دووەمیان لە ئەنجامی خراپی باری ئابوری گوندەکان و دابەزینی نرخی بەربومی کشتوکاڵی ناوخۆ و فرۆشتنی بەشێک لە زەوی و زارەکانیان و کردنیان بە باخ و ڤیلا...هتد، وایکرد بەشێکی زۆر گوندنشینان روو لە ناوەندی شارەکان بکەن بە مەبەستی بەرزبوونەوەی ئاستی ئابوری بژێوی ژیانیان. ڕێژەی گەشەی ساڵانە لە ماوەی ساڵانی (2002-

---

[1] ئەحمەد محمد ساڵح، گەشەندنی دیمۆگرافی دێهاتەکانی شارباژێڕ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستیراتیژی ژمارە (3) سلێمانی 2008، ل69.


[2] خەلیل ئیسماعیل محمد، نەخشەی ئیداری کوردستان عێراق، دوراییە نەتەوەیەکەی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە30، 2000، لا40-39.

[3] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، فەرمانی کارگێڕی: ژمارە(3108) بەرواری 2007/5/2، دابرانی ناحیەی سرۆچک بە هەموو گوندەکانییەوە لە قەزای سارباژێڕ و لکاندنی بە قەزای سەیدصادق، پاشکۆی (5).

2019)دا لە (-3.4%) گەشەی ساڵانەی قەزاکە بووە، (2.8%) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی پارێزگا بووە.بەمشێوەیە کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا، واتە بۆ ماوەی (62) ساڵ نزیکە (19) هەزار کەس کەمیکردووە، ڕێژەی گەشەی ساڵانە لە ماوەی نێوان (1957-2019)دا، لە (-1%) بۆ قەزا کەمیکردووە لە (3%) پارێزگا زیادیکردووە.

شێوەی (1)

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی قەزای شارباژێڕ و پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (3)

سەبارەت بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان جیاواز بووە، خشتەی (4). بەرزترین ڕێژەی سەنتەری قەزا (1.7%) بووە لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-1977)دا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەسەنتەری قەزاکەدا خزمەتگوزاری (تەندروستی و فێرکاری و ئاو و کارەبا...هتد) باشترە بە بەراورد بە یەکەکانی تر، بەڵام ناحیەی ماوەت و سرۆچک یەک بە دوای یەکدا ڕێژەی گەشەی ساڵانەیان (1.1%، 1.5%) بووە، ناحیەی سیوەیل ڕێژەی گەشەی (0.8%) بووە، بەپێچەوانەوە لە ماوەی نێوان ساڵانی (1977-1987)دا، ڕێژەی گەشەی ساڵانە لە سەنتەری قەزا کەمیکردووە بۆ (-3.8%)، لە ناحیەی سرۆچک کەمیکردووە بۆ (-16%)، ئەمەش بۆ ڕۆڵ و کاریگەری سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەندی عێراق دەربارەی ناوچەکە، بەتایبەت پرۆسەی ڕاگواستنی دانیشتوان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان[1]. بەڵام لە ماوەی نێوان ساڵانی (1987-2002)دا سەنتەری قەزا ڕێژەی گەشەی (1.7%) بووە، بەڵام ناحیەی سرۆچک بەرزترین ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی (14.2%) بووە، هۆکاری ئەم بەرزبوونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ :

1. ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی ڕامیاری ناوچەکە و باشتربوونی باری ئابوری دانیشتوان.
2. باشتربوونی خزمەتگوزاری و زیادبوونی هەلی کار، ڕۆڵی هەبووە لە ڕاکێشانی گوندنشینانی نزیک بە ناحیەکە.

[1] جاسم محەمەد محەمەد علی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا، چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، 2008، ل30.

خشتەی (4)

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی(1957-2019)دا

| یەکە کارگێڕییەکان | 1977-1957 | 1987-1977 | 2002-1987 | 2019-2002 |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا (چوارتا) | 1.7 | 3.8- | 1.7 | 1.9- |
| ناحیەی ماوەت* | 1.5 | ڕاگواستراون | - | - |
| ناحیەی سرۆچک (بەرزنجە)** | 1.1 | 16- | 14.2 | - |
| ناحیەی سیوەیل (باسنێ) | 0.8 | ڕاگواستراون | - | 5.7- |
| ناحیەی سیتەک*** | - | - | - | - |
| ناحیەی زەلان*** | - | - | - | - |
| ناحیەی گاپیلۆن*** | - | - | - | - |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: پاشکۆ (7) ڕێژەکان دەرهێنراون

* لە (2008/11/24) ناحیەی ماوەت کراوە بە قەزا.

** وەزارتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، بەپێی فەرمانی کارگێڕی ژمارە (3108) لە بەرواری (2007/5/2) ناحیەی سرۆچک لە قەزای شارباژێڕ داببڕێت بەهەموو گوندەکانییەوە بلکێندرێت بە قەزای سەیدسادقەوە.

*** لە بەرواری (2004/12/29) ناحیەی سیتەک و زەلان و گاپیلۆن وەکو یەکەیەکی نوێ کرانەوە.

هەروەها لە ماوەی ساڵانی (2002-2019)دا ڕێژەی گەشەی ساڵانە لە سەنتەری قەزا کەمیکردووە بۆ نزیکەی (-2%)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان بەسەر قەزاکەدا هاتووە، بەجۆرێک لە (2004/12/29) هەریەک لە گوندەکانی (سیتەک و زەلان و گاپیلۆن) کرانە ناحیە، کەپێشتر ئەو سێ گوندە سەر بە سەنتەری قەزا بوون، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی سەنتەری قەزا. بە هەمان شێوە ڕێژەی گەشە لە ناحیەی سیوەیل کەمیکردووە بۆ (-5.7%)، ئەمەش دابڕانی (4) گوند لە ناحیەکە و لکانی بە قەزا ماوەتەوە، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا.

### 2. **گەشەی دانیشتوانی دێهاتەکانی قەزای شارباژێڕ:**

لێکۆڵینەوەکانی دانیشتوان لە لێکۆڵینەوەی جوگرافیای مرۆییدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، جا ئەو دانیشتوانە گوندنشین بن یان شارنشین، چونکە مرۆڤ ئامانجە تیایدا، و شارەکانیش بە بچووک و گەورەیانەوە بەشێکن لە داهێنانەکانی مرۆڤ، کە گوندەکانیش بناغەی ئەو شارانەن و گۆڕانکاریی و پێشکەوتنێک لە هەموو ڕوویەکەوە دەرئەنجامی ڕەنگدانەوە و لێهاتووی تواناکانی مرۆڤن لە بواری سوود وەرگرتن لە ڕەگەزە سروشتیەکانی ئەو ژینگەی تیایدا دەژین، لە وڵاتانی پێشکەوتوودا توانراوە گوندەکان بکرێنە کۆمەڵگای شارستانی[1]. بەهۆی فەراهەمبوونی ژیانێکی شارستانیانە لە نێوان شارو گوندا پێکەوە، کە ئەم دیاردەیە بەیەکگەشتنی گوند و شار یان بە گوندی شارستانی ناودەبرێت[2].

---

[1] محمد عبدالله عمر اللهوني، التحليل الجغرافي الإستطان الريفي في إقليم كردستان العراق دراسة تطبيقية لمحافظة اربيل، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، 2005، ص33.

[2] صبري فارس الهيتي و خليل إسماعيل محمد، جغرافية الاستيطان الريفي، متبعة التعليم العالي، الموصل، ص51.

سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی گوندنشینان لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا، گۆڕانی زۆری بەسەر داهاتووە، خشتەی (5) و شێوەی (2). بە جۆرێک لە ماوەی ساڵانی (1957-1977)دا بەرزترین ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندەکانی قەزاکە (1.3%) بووە، بەڵام لە ماوەی ساڵانی (1977-1987)دا هەردوو ڕێژەی گەشەی قەزا و پاریزگاش کەمیکردووە لە (-15.5%) بۆ قەزا و لە (-2.9%) بۆ پارێزگا، هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ڕژێمی پێشوی عێراق دەستیکرد بە رووخاندن و خاپورکردنی گوندەکانی قەزاکە و دانیشتوانەکەشی ڕاگواست و لە کۆمەڵگا زۆرە ملێکان و سەنتەری شارەکان نیشتەجێکردن. سەرباری ئەمەش نادروستی ئەنجامە گشتیەکانی سەرژمێری ساڵی (1987) وەکو دەزانرێت ئەم سەرژمێرییە لە بارودۆخێکی سیاسی نالەباردا ئەنجامدراوە، بەشێوەیەک وێنەیەکی ڕاست ناخاتەڕوو لە گەشە و دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و ناچەی لێکۆڵینەوە بە تایبەتی[1]. لەهەمانکاتدا لەسەر ئاستی پارێزگاش گرنگترین هۆکار وایکردووە دانیشتوانی گوندەکان گەشەی ئاسایی نەکەن، هۆکارەکە ڕاگواستن بووە لەلایەن حکومەتی پێشوی عێراقەوە، ژمارەیەک دانیشتوان لەناوچوون، بە تایبەت دانیشتوانی کارکەری کشتوکاڵی لە رووداوە سەربازییەکانی ناوچەکە، بە تایبەت پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران[2].

خشتەی (5)

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنشینانی قەزای شارباژێڕ و پاریزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی(1957-2019)دا

| ساڵ | 1957-1977 | 1977-1987 | 1987-2002 | 2002-2019 |
|---|---|---|---|---|
| | گوندنشین% | گوندنشین% | گوندنشین% | گوندنشین% |
| قەزای شارباژێڕ | 1.3 | 15.5- | 9.8 | 5- |
| پارێزگای سلێمانی | 2.7 | 2.9- | 0.8- | 1.3 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە سەرچاوەکانی : پاشکۆی (7)

سەبارەت بە ماوەی نێوان ساڵانی (1987-2002) گەشەی ساڵانەی ناوچەکە زیادیکردووە بۆ (9.8%)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باشتربوونی بارودۆخی ڕامیاری ناوچەکە، دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) خەڵکەکە روویان لە گوندەکان کردووە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر زیادبوونی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ناوچەی لێکۆڵینەوە. لەهەمان ساڵدا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی پارێزگا کەمیکردووە بۆ (-0.8%)، ئەمەش بەهۆی گۆڕانکاریی کارگێڕییەوە کە خۆی لە دابڕانی قەزاکانی کەلارو چەمچەماڵ لە پارێزگای سلێمانی دەبنێتەوە، هەروەها کەمبوونەوەی ژمارەی گوندەکانیش بەهۆی کۆچی دانیشتوانەوە بۆ سەنتەری شارەکان. بەپێچەوانەوە لە ماوەی ساڵانی (2002-2019)

---

[1] خلیل ئسماعیل محمد، سەرژمێری دانیشتوان لە عێراق، گۆڤاری سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی، ژمارە(4)، ساڵی چوارەم، سلێمانی، 1996، ل52.


[2] جاسم محەمەد محەمەد علی، رۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل107.

ڕێژەی گەشەی ساڵانە قەزا کەمیکردووە بەڕێژەی (-5%)، بەڵام ڕێژەی گەشەی ساڵانەی پارێزگا زیادیکردووە بۆ (1.3%)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک:

1. لە دوای ساڵی (2003) بەهۆی پرۆسەی ئازادی عێراق و کرانەوەی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بە ڕووی یەکتردا وایکرد خەڵکێکی زۆری قەزاکە خەریکی کاری بازرگانی بن لەشاری سلێمانی بەهۆی نزیکی لێوەی.[1]
2. بەشێکی زۆری دانیشتوانی گوندنشین بە تایبەتی گەنجان کە هێزی کارن وەکو (کارمەندی سڤیلی)و هێزی سەربازی لە دامودەزگاکانی حکومەت دامەزراون، ئەمە هۆکارێک بوو کە گوندنشینان لە سەنتەری شارەکاندا نیشتەجێبوون.
3. هۆکارە سروشتییەکان وەکو وشکە ساڵی و دابەزینی نرخی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان وایکرد گوندنشینان ناچاربن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان بە دوای هەلی کاردا بگەڕێن.
4. گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا.

شێوەی (2)

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنشینانی قەزای شارباژێڕ و پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (5)

سەبارەت بە ڕێژەی گەشەی ساڵانە گوندنشینان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان جیاواز بووە، خشتەی (6) و شێوەی (3). بە جۆرێک لە ماوەی ساڵانی (1957-1977) سەنتەری قەزا بەرزترین ڕێژەی گەشەی ساڵانەی تۆمارکردووە کە (1.8%) بووە، نزمترینیان ناحیەی سیوەیل بووە لە هەمان ماوەدا بە ڕێژەی (0.8%)، لەبەرئەوەی گوندەکانی سەنتەری قەزا ژمارەی دانیشتوانیان زۆرتر بووە بەپێچەوانەی ناحیەی سیوەیل، هەروەها هەردوو ناحیەی ماوەت و سرۆچک یەک بە دوای یەکدا ڕێژەی گەشەی ساڵانەیان (1.3%) بووە لەهەمان ماوەدا، بەڵام لە ماوەی ساڵانی (1977-1987) سەنتەری قەزا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی کەمیکردووە بۆ (-3.9%) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو

[1] بیان علی حسین، سكان مدینة السلیمانیة، دراسة جغرافیة، رسالة ماجستیر (غیر منشورة)، كلیة الاداب، جامعة بغداد، 2001، ص79.

کاولکاریانەی بەسەر گوندەکاندا هاتووە. بەپێچەوانەوە لە ماوەی ساڵانی (1987-2002) ڕێژەی گەشە لە سەنتەری قەزا زیادیکردووە بۆ (1.4%)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەڕانەوەی گوندنشینانی خەڵکی قەزاکە بۆ زێدی باوو باپیری خۆیان و دوای ڕاگوێزانیان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان و کۆچکردنیان بۆ شاری سلێمانی دەروبەری، بەڵام لە ماوەی ساڵانی (2002-2019) سەنتەری قەزا و ناحیەی سیوەیل یەک بە دوای یەکدا ڕێژەی گەشەیان کەمیکردووە بۆ (-6.3%) و (-6%) لەو ماوەیەدا، بەهۆی گۆڕانکاریی کارگێڕی و هۆکاری ئابوری و جیاوازی خزمەتگوزاری.

خشتەی(6)

ڕێژەی گەشەی گوندنشینانی یەکە کارگێڕییەکان قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا


| یەکە کارگێڕییەکان | 1957-1977 | 1977-1987 | 1987-2002 | 2002-2019 |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا (چوارتا) | 1.8 | 3.9- | 1.4 | 6.3- |
| ناحیەی ماوەت | 1.3 | ڕاگواستراون | - | - |
| ناحیەی سرۆچک (بەرزنجە) | 1.3 | ڕاگواستراون | - | - |
| ناحیەی سیوەیل (باسنێ) | 0.8 | ڕاگواستراون | - | 6- |
| ناحیەی سیتەک | - | - | - | - |
| ناحیەی زەلان | - | - | - | - |
| ناحیەی گاپیلۆن | - | - | - | - |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە پاشکۆی (6)

لە کۆتاییدا بەپێی خشتەی (6،5) بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕێژە و گەشەی ساڵانەی گوندنشین لە گۆڕان دابووە، ئەم گۆڕانە دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسی و ڕامیاری لەلایەک و لەلایەکیترەوە نادروستی وردی ئەنجامی سەرژمێرییەکان و گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان. ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر ڕەهەندە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان بەجێهێشتووە.

شێوەی (3)

ڕێژەی گەشەی گوندنشینانی یەکە کارگێڕییەکان قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (6)

# بەشی دووەم

## دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان و قەبارەی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای شاربـاژێڕ و پێکهاتەیان

### باسی یەکەم: دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان

یەکەم: دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان

دووەم: دابەشبوونی چڕی دانیشتوانی قەزای شاربـاژێڕ

سێیەم: دابەشبوونی ژمارەیی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای شاربـاژێڕ

### باسی دووەم: ڕیزبەندی قەبارەی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای شاربـاژێڕ و شێوازی دابەشبوونیان

یەکەم: تێکڕای قەبارەی گوندەکان

دووەم: دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکان بە پێی دەستەی قەبارەیان

سێیەم: شێوازی دابەشبوونی دانیشتوانی نشینگە دێهاتیەکان

### باسی سێیەم: پێکهاتەی دانیشتوان

یەکەم: پێکهاتەی جۆری (ڕەگەزی)

دووەم: پێکهاتەی تەمەن

سێیەم: پێکهاتەی ئابوری

چوارەم: پێکهاتەی خوێندەواری (فێرکاری)

**بەشی دووەم: دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان و قەبارەی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای شارباژێڕ و پێکهاتەیان**

**باسی یەکەم: دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان:**

**یەکەم: دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان:**

پشت بەست بە وەزارەتی پلاندانانی عێراقی شار بریتییە لە کۆبوونەوەی چڕی دانیشتوانە نشینگەکان بە کار و چالاکی ئابوری جۆراوجۆری ناکشتوکاڵی خەریکن و لە رووی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵەیەکی ناچوونییەکن، لەپاڵ ئەم پێناسانەدا سیفەتی یاسای کارگێڕی پێ دەدرێت. لە عێراق پێوەری کارگێڕی یەکێکە لەو پێوەرانە بۆ جیاکردنەوەی شار لە گوند و پێناسەکردنی بەکاردەهێنرێت لەم ڕوانگەیەوە ئاماژە بەوە کراوە هەر ئاواییەک ئەنجومەنی شارەوانی تێدابێت بەشار دادەنرێت ئەمەش یەکەی ناحیە و لەو گەورەتریش دەگرێتەوە[1]. بەپێی یاسای شارەوانی عێراقی ژمارە (165) ساڵی (1964) هەر ناوچەیەکی دانیشتوان شارەوانی هەبێت بە شار دادەنرێت، دەرەوەی سنوری شارەوانی بە گوند دادەنرێت. لە عێراق و هەرێمی کوردستان زیاتر پشت بە پێوەری ئیداری دەبەسترێت، لەسەر ئەم بنەمایە بەپێی ئەم پێوەرە شار بریتییە لە هەموو بەشە کارگێڕییانەی وەک پارێزگا و قەزا و ناحیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ژمارەی دانیشتوان و جۆری چالاکی کۆمەڵایەتی دانیشتوان و جۆری ژیان و شێوازی خانوبەرەو سروشتی خزمەتگوزاری و کلتوری و تەندروستی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی[2]. بە گوێرەی ئەم پێوەرە بێت هەموو مەڵبەندەکانی (ناحیە و قەزا و پارێزگا) بە شار دادەنرێن و لەوانەش بترازێت بە گوند ئەژماردەکرێن، بێگوێدانە قەبارەی نشینگەکان و چالاکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و چڕی دانیشتوان[3].

پشت بەست بە پێوەری کارگێڕی کە لە هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنرێت، بۆ جیاکردنەوەیان لێکۆڵینەوە لەم دابەشبوونە دەکەین لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا، بە ئامانجی دەرخستنی هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ڕێژەی (شارنشین و گوندنشین)ی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا هاتووە.

**أ: دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا**

دابەشبوونی ژینگەی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی ئامار و سەرژمێرییەکان لە ماوەی نێوان ساڵانی(1957-2019)دا، ڕێژەی (گوندنشین) زیاتر بووە لە (شارنشین) لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان بە گشتی، هەروەها دابەشبوونی ڕێژەیی لە نێوان گوندنشین و شارنشین جیاواز بووە، خشتەی (7) و شێوەی (4).

---

[1] هیوا صادق سەلیم، جوگرافیای دانیشتوانی قەزای کۆیە 1957-2002، بغداد، 2006، لا 54-55.

[2] عبداللە غفور، ئەتنۆدیمۆگرافیای کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2006، لا 76-77.

[3] جزا تۆفیق تالیب، گرنگی جیۆپۆلەتیکی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، (1957-1987)، گۆڤاری مەدەنیەت، ژمارە (4)، ساڵی یەکەم، سلێمانی،1999، ل32.

**یەکەم: دانیشتوانی شارنشین :**

شارنشینی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی (2019)دا ڕێژەی لە (33%) کۆی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە، خشتەی (7)، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی لێکۆڵینەوەکە، بە جۆرێک لە ساڵی (1957)دا ڕێژەی (10.2%) کۆی دانیشتوانی پێکهێناوە، جیاوازی نێوان ئەم دوو ڕێژەیە لە(22.8%)، ئەم ڕێژەیەش بەپێی ساڵەکان گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە، بەشێوەیەک لە ساڵی (1977)دا ڕێژەکە زیادیکردووە بۆ (10.8%) واتە لە ماوەی ساڵانی (1957-1977)دا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شارنشین لە (1.6%) زیادیکردووە، هۆکاری ئەم زیادبوونە دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی کۆچکردن لە گوندەکان بۆ شارەکان لە ئەنجامی خراپی ڕەوشی ڕامیاری کەمی بایەخپێدانی دەسەڵاتی ناوەندی بە باری ئابوری و کۆمەڵایەتی گوندنشینان، لەهەمانکاتدا زۆری دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان لە شارەکان کاریگەرییان لەسەر جوڵەی شوێنجێی دانیشتوان لە گوندەوە بۆ شارەکان هەبووە، واتە لەم ماوەیەدا دیاردەی کۆچکردن لە گوند بۆ شار مۆرکی ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی وەرگرتووە.

خشتەی (7)

ژمارە و ڕێژەی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای شارباژێر لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا

| ساڵ | ژ/ شارنشین | شارنشین % | ژ/گوندنشین | گوندنشین% |
|---|---|---|---|---|
| 1957 | 4310 | 10.2 | 38023 | 89.8 |
| 1977 | 5970 | 10.8 | 49372 | 89.2 |
| 1987 | 3360 | 28.5 | 9196 | 71.5 |
| 2002 | 5526 | 12.9 | 37362 | 87.1 |
| 2019 | 7770 | 33 | 15778 | 67 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە پاشکۆی (7)

لە ساڵی (1987)دا بە هەمان شێوەی ساڵی (1977) ژمارەی شارنشینی بەڕێژەیەکی بەرچاوی زیادیکردووە بە ڕێژەی (28.5%) کۆی دانیشتوانی قەزاکە بووە، هۆکاری ئەم زیادبوونە ناسروشتیە دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی عێراق و ئیران لەلایەک و شەڕی حکومەتی ئەوکاتەی عێراق و پێشمەرگە لە لایەکیترەوە، ئەمەش وایکرد ژمارەی گوندنیشینان لە (49) هەزارەوە بۆ نزیکەی (9) هەزار کەس دابەزێت، بۆیە ڕێژەی شارنشینی بەرزبۆتەوە، لەکاتێکدا ڕێژەی ژینگەیی گەشەی دانیشتوانی شارنشین لە ماوەی ساڵانی (1977-1987) بەڕێژەی لە (-4.7%) کەمیکردووە. هۆکاری ئەم کەمبوونەوەیە بۆ ئەو گۆڕانکارییە نائاسایەی لە ڕێژەی شارنشینی قەزای شارباژێر روویداوە لەو ماوەیەدا، دەرئەنجامی ڕاگواستنی گوندنشینەکانی قەزاکە و کۆکردنەوە و نیشتەجێکردنیان لە مەڵبەندە شارستانییەکان کۆمەڵگە زۆرەملێکانی نیشتەجێبووندا[1]. بەڵام لە ساڵی (2002)دا، ڕێژەی شارنشینی

[1] جاسم محمد محمد عەلی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لەدابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل63.

لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کەمیکردووە بۆ (12.9%)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) و گەڕانەوەی بەرچاوی خەڵکە کۆچپێکراوەکان بۆ سەر زێدی خۆیان، بۆیە لە ماوەی ساڵانی (2002-1987) ڕێژەی گەشەی ژینگەیی ساڵانەی شارنشین زیادیکردووە بۆ (2.8%)، خشتەی (8)، ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بووە[1]:

1. هەردوو ناحیەی سیوەیل و ماوەت کە پێشتر دانیشتوانەکەی ڕاگوێزابوون لە دوای ڕاپەڕینی (1991)، کە ئەمەش بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان بووە، هەموو ئەو یەکە کارگێڕییانەی لە سەردەمی ڕژێمی بەعس هەڵوەشێنرابوونەوە، سەرلەنوێ بوونیات نرانەوە.
2. ژمارەیەکی زۆر لە گوندنشینانی قەزاکە کۆچیان کرد بۆ ناوەندەکانی شار، ئەمەش لە ئەنجامی بارودۆخی ڕامیاری ناوچەکە و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و کەمی خزمەتگوزاری لە گوندەکاندا و لەچاو شارەکان.

خشتەی (8)


ڕێژەی ژینگەیی گەشەی دانیشتوان قەزای شارباژێڕ لە (2019-1957)دا

| ساڵ | شارنشین % | گوندنشین % |
|---|---|---|
| 1977-1957 | 1.6 | 1.3 |
| 1987-1977 | 4.7- | 15.5- |
| 2002-1987 | 2.8 | 9.8 |
| 2019-2002 | 2 | 4.9- |
| 2019-1957 | 1 | 1.4- |

سەرچاوە: کاری توێژەر ئامادەکراوە پشت بەست بە پاشکۆی (7)

شێوەی (4)

ڕێژەی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (2019-1957)دا




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (7)

[1] سروە جلال حمە، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لەقەزای شارباژێردا (2009-1957)دا، سەرچاوەی پێشوو، ل35.

له ساڵی (2019)دا ڕێژەی شارنشین زیادیکرد بۆ له (33%) کۆی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە، لەبەرامبەردا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی کەمیکردووە بۆ (2%) واتە لەماوی ساڵانی (2002-2019)دا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ :

1. ڕەخساندنی هەلی کارکردن پاڵنەرێک بووە بۆ کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی گوندنشین بۆ سەنتەری شارەکانی قەزاکە.
2. له ساڵی (2007) ناحیەی سرۆچک خرایە سەر قەزای سەیدسادق.
3. ناحیەی ماوەت له ساڵی (2008) وەکو قەزایەکی نوێ دەرکەوت له قەزای شارباژێڕ جیابۆوە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شارنشین له ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەدا (1957-2019)دا، بە ڕێژەی له (1%) بووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی پێشوو کە ئاماژەمان پێکرد.

**دووەم: دانیشتوان گوندنشین:**

وەکو له خشتەی (7) ئاماژەمان بۆ کردووە، ڕێژەی گوندنشینی له قەزای شارباژێڕ له ساڵی (2019)دا، ڕێژەی له (67%) کۆی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە، ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ کرداری ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی گوند له ناوچەکە، لەبەرامبەردا ڕێژەکە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی بەخۆوە بینیوە له ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)، بە جۆرێک له ساڵی (1957) و (1977) نزیکەی له (90%) کۆی دانیشتوان قەزاکەی پێکهێناوە، بەرزی ڕێژەی گوندنشین لەو ماوەیەدا ئەوە دەردەخات ناوچەی لێکۆڵینەوە فاکتەرە سروشتیەکان لەبارن بۆ ئاوەدانی نیشتەجێبوون، بە تایبەت بوونی خاکی بەپیت بۆ بەروبوومی کشتوکاڵی و لەوەڕگە، کە پیشەی سەرەکی دانیشتوانی گوندەکان کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە[1]. لەگەڵ ئەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە ناوچە شاخاوییەکان کە ئاستەنگ و ناڕەحەتی بۆ هاتوچۆ دروستکردوە، بەڵام دانیشتوانی ناوچەکە سوودیان له بوونی دۆڵ و بانەکان وەرگرتووە کە له نێوان زنجیرە شاخەکاندا هەیە بەشێکی زۆری دانیشتوان بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، جگە لەوەی سەرچاوەیەک ئاوی زۆر له ناوچەکەدا هەیە پشتی دەبەسترێت بۆ کشتوکاڵکردن، وێڕای نەبوونی دیاردەی کۆچ له گوندەوە بۆ شار[2].

بەڵام له ساڵی (1987)دا، گۆڕانکاریی دیارو بەرچاو بەسەر ڕێژەی گوندنشینی قەزای شارباژێڕدا هاتووە، ڕێژەکە کەمیکردووە بۆ (71.5%) کۆی دانیشتوانی قەزاکە، پاشان ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی گوندنشین له ماوەی ساڵانی (1977-1987)دا، کەمیکردووە بۆ (-15.5%)، هۆکاری ئەم کەمبوونەوەیە

---

[1] جاسم محمد عەلی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لەدابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل61.


[2] سروە جلال حمە، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لەقەزای شارباژێڕدا (1957-2009)دا، سەرچاوەی پێشوو، ل36.

دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوشی سیاسی و سەربازی ناوچەکە، چونکە گوندەکانی ناحیەکانی (ماوەت، سرۆچک، سیوەیل) بە تەواوی وێرانکران و خەڵکەکەی ڕاگوێزران[1].

لە دوای راپەڕینی ساڵی (1991) وێنەکە گۆڕا و هاوکێشەکە پێچەوانەبۆوە، بەهۆی سەپاندنی ئابلۆقە ئابوری بەسەر عێراقدا لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەڵەتییەوە کە بە بڕیاری (661) ناسراوە[2]، وایکرد کە ژمارەیەکی زۆر دانیشتوان بگەڕێتەوە بۆ گوندەکان بۆ کشتوکاڵی و ئاژەڵداری، بۆیە لە ساڵی (2002)دا ڕیژەی گوندنشین لە (87.1%) کۆی دانیشتوانی قەزاکە بووە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (1987-2002) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی لە (9.8%) بووە، شێوەی (5)، ئەمەش بەهۆی گەڕانەوەی خەڵکە کۆچپێکراوەکان بۆ سەر زەوی و زاری خۆیان، بەمەش گوندەکانی قەزای شارباژێڕ لە (92%) ئاوەدانکرانەوە[3].

شێوەی (5)

ڕێژەی گەشەی ژینگەیی دانیشتوان قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (8)

بەڵام جارێکیتر لە ساڵی (2019)دا، ڕێژەی گوندنشین لە قەزاکە کەمیکرد لە (67%) کۆی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە، لە ماوەی ساڵانی (2002-2019)دا، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنشین نزیکەی (-4.9%) بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ :

1. کۆچکردنی بەردەوامی دانیشتوان گوندەکان بۆ شاری سلێمانی، بەهۆی نزیکی لە شاری سلێمانی و زۆربوونی باخ و ڤێلا و پرۆژەی گەشتیار وایکردووە دانیشتوانی گوندنشینان زەوییەکانیان بفرۆشن و ڕوو لە شار بکەن، واتە فراوانبوونی شارەکانە لەسەر حسابی گوندنشینان.

---

[1] وزارة التخطيط. الجهاز المركزي الاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة 1987، ص40-41.

[2] جوان سعيد حسين، اثر قرار (النفط مقابل الغذاء) في انتاج المحاصل الديمية (حنطة، شعير، حمص، عدس) في محافظ اربيل للمدة (1986-2002) دراسة التحليل مقارنة، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة صلاح الدين، اربيل، 2004، ص30.

[3] مديرية إحصاء محافظة السليمانية، المؤشرات السكانية والبني الخدمية والاتكازية اقليم كردستان العراق لسنة 2002، بدون الرقم الصحفات.

2. ئاسانی هاتوچۆ لەنێوان شاری سلێمانی و ناوچەکانی قەزاکە.
3. لە ساڵی (2005)دا دەرکەوتنی لە ناحیەکانی (سیتەک، زەلان، گاپیلۆن)، کە پێشتر باسمانکرد.
4. دامەزراندنی بەشێکی زۆر گوندنشینان لە دامودەزگاکانی حکومەت بە فەرمانبەر لەسەرجەم بوارەکاندا.
5. بوونی دیاردەی وشکە ساڵی کە ناو بەناو روو دەدات بۆتە هۆی کەمبوونەوەی بڕی بەرهەمی کشتوکاڵی و لەوەڕگا. هەروەها نزمبوونەوەی نرخی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، ئەمەش بەهۆی وەرنەگرتنی بەرهەمی گوندنشینان لەلایەن حکومەتەوە.
6. ڕەخساندنی هەلی کار لە سەنتەری شارەکان دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی (2003)دا وای لە گوندنشینان کرد روو لە شارەکان بکەن نیشتەجێ بن تیادا.

بەڵام لە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەدا (1957-2019)دا، ڕێژەی دانیشتوانی گوندنشین کەمیکردووە بە ڕێژەی لە (-1.4%)، ئەمەش بەهۆی ڕوودانی گۆڕانکاری کارگێڕی و نەبوونی پلانی زانستی بۆ ئاوەدانکردنەوە و بوژانەوەی دێهاتەکان، ببێتە هۆکارێکی پاڵنەر بۆ گەڕانەوە دانیشتوان بۆ زێدی خۆیان.

2. **دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان:**

دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان قەزای شارباژێڕ تەنها لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی جیاواز نەبووە، بەڵکو لەنێو یەکە کارگێڕییەکانیش جیاوازی گەورە بەرچاو دەکەوێت، بە جۆرێک لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا، گۆڕان بەسەر ڕێژەی شارنشین و گوندنشینی هەریەکە لەم یەکە کارگێڕییانەدا هاتووە، خشتەی (9) و نەخشەکانی (3، 4، 5،6، 7)، بەمشێوەی خوارەوە باسیان دەکەین:

**یەکەم : دانیشتوانی شارنشین**

1. **سەنتەری قەزا (چوارتا)**: لە رووی شارنشینییەوە سەنتەری قەزا لە ساڵی (2019)دا، لە (63%) کۆی دانیشتوانی لەخۆگرتووە، ئەمەش بەرزترین ڕێژەی شارنشینی دادەنرێت بە بەراورد بە ناحیەکانی تری قەزاکە، لەبەرئەوەی لە ئێستادا (چوارتا) سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی تیادا دامەزراوە، وەکو (پەروەردەیی، تەندروستی، ڕێگاوبان، ئاووکارەبا..هتد)، نیشتەجێبوونی فەرمانبەران لە خانوی حکومیدا، بەڵام ڕێژەی شارنشینی لە ساڵانی (1957-1977) یەک بە دوای یەک لە (13.6%،13.2%) کۆی دانیشتوانی سەنتەری قەزا پێکهێناوە، لە ساڵی (1987)دا ڕێژەی شارنشین (14.1%) بووە، لە ساڵی (2002)دا ڕێژەکە زیادیکردووە بۆ (17.3%) کۆی دانیشتوانی پێکهێناوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆچکردنی گوندنشینان بۆ سەنتەری شارەکان بەهۆی نەبوونی هەلی کارکردن لە گوندەکاندا و بوونی خزمەتگوزارییەکان لە سەنتەری قەزادا، ئەمەش وایکردووە دانیشتوانی ناحیەکانی دەوروبەری کۆچ بۆ سەنتەری قەزا بکەن.

2. **ناحیەی ماوەت**: لە ساڵی (1957)دا، ڕێژەی شارنشینی (8%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەی پێکهیناوە، بەڵام لە ساڵی (1977)دا، ڕێژەکە زیادیکردووە بۆ (12.1%) کۆی دانیشتوان، واتە شارنشینی بە ئاراستەی زیادبوون هەنگاوی ناوە، لە ساڵی (1987)دا وەکو یەکەیەکی کارگێڕی ناوی نەهاتووە، چونکە ڕاگوستنی ناوچە سنورییەکان دەستی پێکرد وەک لەپێشتر ئاماژەمان پێدا. هەروەها لە ساڵی (2002)دا، ڕێژەی شارنشین زیادیکردووە لە (16%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەی پێکهیناوە، بە بەرزترین ڕێژەی شارنشینی دادەنرێت لە ناحیەکە بەهۆی سەرلەنوێ بوونیاد نانەوەی ناحیەکە لە دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی (1992)دا[1]، کۆچکردنی دانیشتوانی گوندەکان بۆ ناحیەکە بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابورییان.

خشتەی (9)

ڕێژەی ژینگەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا

| یەکە کارگێڕییەکان | 1957 | | 1977 | | 1987 | | 2002 | | 2019 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | شارنشین % | گوندنشین % | شارنشین % | گوندنشین % | شارنشین % | گوندنشین % | شارنشین % | گوندنشین % | شارنشین % | گوندنشین % |
| سەنتەری قەزا (چوارتا) | 13.6 | 86.4 | 13.2 | 86.8 | 14.1 | 85.9 | 17.3 | 82.7 | 63 | 37 |
| ناحیەی ماوەت | 8 | 92 | 12.1 | 87.9 | 0 | 0 | 16 | 84 | کراوە بە قەزا | |
| ناحیەی سرۆچک (بەرزنجە) | 15.9 | 84.1 | 12.3 | 87.7 | 100 | 0 | 8.5 | 91.5 | خراوەتە سەر قەزای سەیدسادق | |
| ناحیەی سیوەیل (باسنێ) | 3 | 97 | 3.7 | 96.3 | 0 | 0 | 2.3 | 97.7 | 6.6 | 93.4 |
| ناحیەی سیتەک | - | - | - | - | - | - | - | - | 13.7 | 86.3 |
| ناحیەی زەڵان | - | - | - | - | - | - | - | - | 9.5 | 90.5 |
| ناحیەی گاپیلۆن | - | - | - | - | - | - | - | - | 12.7 | 87.3 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە پاشکۆی (7)

3. **ناحیەی سرۆچک (بەرزنجە)**: ڕێژەی شارنشینی لە ناحیەی سرۆچک لە ساڵی (2002)دا (8.5%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکە پێکهیناوە، ئەمەش نزمترین ڕێژەی شارنشین بووە لە ناحیەکەدا، بەڵام لە ساڵی (1957)دا لە (15.9%) بووە، بە جۆرێک لە ساڵی (1977)دا ڕیژەکە کەمیکردووە بۆ (12.3%)، لە ساڵی (1987)دا ڕێژەی شارنشینی لە (100%) بووە، ئەمەش بەهۆی ڕووداوە ڕامیارییەکانی وەکو ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکان و کۆکردنەوەی دانیشتوان لە کۆمەڵگا زۆرە ملێکاندا، سەرباری جیاوازی خزمەتگوزارییەکانی نێوان سەنتەری شار و گوندەکان.

4. **ناحیەی سیوەیل (باسنێ)**: لە ساڵی (2019)دا ڕێژەی شارنشینی لە (6.6%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەی بووە، ئەمەش بە بەرزترین ڕێژە دادەنرێت لە ناحیەکەدا، لە ساڵی (1957) و(1977)دا یەک بە دوای

[1] بڕوانە پاشکۆی (4)

یەک ڕێژەکە لە نێوان (3.7% و3%) بووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی پێکهاتەی بەرزونزمی ناوچەکە هۆکاری یارمەتیدەر نەبووە لە دروست بوونی شاری گەورە، لە ساڵی (1987)دا ڕێژەکە (سفر) بووە، بەهۆی ڕاگواستنی ناوچە سنورییەکانی ناحیەی سیوەیل. بەڵام لە ساڵی (2002)دا ڕێژەکە کەمیکردووە بۆ (2.3%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەی پێکهێناوە، بە کەمترین ڕێژەی شارنشینی دادەنرێت لە ناحیەکەدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەکەوێتە ناوچەی شارباژێڕی سەختەوە دووری لە ناوەندەکانی خزمەتگوزاری و ڕێگا سەرەکیەکان ...هتد.

5. **ناحیەی (سیتەک، زەلان، گاپیلۆن)**: ڕێژەی شارنشینی لە ساڵی (2019)دا هەریەک لە یەکە کارگێڕییەکانی (سیتەک، زەلان، گاپیلۆن)دا، یەک بە دوای یەک لەنێوان(13.7%، 9.5%، 12.7%) بووە، نزمی ئەم ڕێژەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەم یەکە کارگێڕییانە لە سەرەتادا گوند بوون دواتر بەپێی بڕیاری حکومەتی هەرێم بوونە بە ناحیە، کە ماوەی چەند ساڵێکە دامەزراون و خزمەتگوزارییە حکومی و کارگێڕییەکانی بە شێوەیەکی پێویست تیادا دانەمەزراوە. بەڵام دوای تەواو بوونی پردی تونێل ئەزمەڕ لە ناحیەی سیتەک ژمارەیەک ڕێستۆرانت و بەنزینخانە و کافتریا و مارکێت و دوکان و خزمەتگوزاری جۆراوجۆر هەیە، بۆتە هۆی ڕووتێکردنی دانیشتوانی شاری سلێمانی و ناوچە جیاوازەکان بۆ ئەو شوینانە، ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی دەگێڕێت لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاردا.

**دووەم: دانیشتوانی گوندنشین:**

1. **سەنتەری قەزا** (**چوارتا**): ڕێژەی گوندنشین لە ساڵی (1957)دا لە (86.4%) بووە، بە هەمان شێوە لەساڵانی (1977-1987) یەک بە دوای یەک (86.8%،85.9%) کۆی دانیشتوانی سەنتەری قەزای پێکهێناوە. بە جۆرێک لە ساڵی (2002)دا ڕێژەکە دابەزیوە بۆ (82.7%)، ئەمەش بەهۆی کەمی هەلی کارکردن و کۆچکردنی گوندنشینان بۆ سەنتەری قەزا، بەڵام لە ساڵی (2019)دا ڕێژەکە کەمبوونەوەی بەخۆوە بینیوە بۆ (37%)، هۆکاری ئەم کەمبوونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ[1]:

1. کۆچکردنی گوندنشینان بۆ سەنتەری شارەکان و بوونی هەلی کارکردن و کەمی دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان لە گوندەکاندا.
2. گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان و دامەزراندنی (ناحیەی سیتەک) لە بەرواری (2004/12/29)دا کە (27) گوند لەسەر سەنتەری قەزا لابران و ناحیەکە دامەزرا*.
3. دابەزینی نرخی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان لە ئەنجامی هاتنە ناوەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی لە وڵاتانی دراوسێ بە نرخێکی هەرزانتر بە بەراورد لەگەڵ بەربوومی ناوخۆدا.

---

[1] سروە جلال حمە، گۆڕانکاریی دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی لەماوەی نێوان ساڵانی (1977-2012)دا، (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان)، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2019، ل114.

* بڕوانە پاشکۆی(2).

4. پرۆسەی دامەزراندن کە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی گوندەکانی سەنتەری قەزادا بوون بە فەرمانبەر و پۆلیس لە دامودەزگاکانی حکومەتدا.

2. **ناحیەی ماوەت**: ڕێژەی گوندنشینی لە ماوەی سالانی (1957-1977)دا یەک بە دوای یەک لە (87.9%، 92%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکە بووە، هۆکاری ئەم کەمبوونەوە گوندنشین دەگەڕێتەوە بۆ رووخاندنی گوندەکان و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان، لە کاتێکدا لە ساڵی (1987)دا ڕێژەکە (سفر) بووە، لەبەرئەوەی گوندەکانی ناحیەکە خاپورکران و خەڵکەکەی ڕاگوێزران. بەڵام لە ساڵی (2002)دا ڕێژەکە کەمیکردووە بۆ لە (84%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکە، بەڵام لە ئێستادا بووە بە قەزایەکی سەربەخۆ.

3. **ناحیەی سرۆچک** (**بەرزنجە**): ڕێژەی گوندنشینی لە ماوەی نێوان سالانی (1957-1977)دا یەک بە دوای یەک ڕێژەی (84.1% و 87.7%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکە بووە، هۆکاری ئەم کەمبوونەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ساڵی (1987)دا ڕێژەی گوندنشینی (سفرە)، بەهۆی شەڕو پێکدادانی نێوان عێراق و ئێران لەلایەک، لەلایەکیترەوە لە ساڵی (1999) گۆڕانکاریی کارگێڕی تیادا کراوە (16) کەرت کە (27) گوند بووە خراونەتە سەر ناحیەی ناڵپارێز[1]. لە ساڵی (2002)دا ڕێژەی گوندنشین زیادیکردووە بۆ (91.5%)، هۆکاری ئەمەش بەهۆی ئەوەی خەڵکەکە رووبانکردەوە گوند و ناوچەکانی خۆیان ئاوەدانکردەوە و خەڵکە کۆچپێکراوەکان گەڕانەوە سەر زەوی و زاری خۆیان. بەڵام لە ئێستادا بەشێک نییە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکە.

4. **ناحیەی سیوەیل** (**باسنێ**): ڕێژەی گوندنشینی لە ساڵی (1957)دا لە (97%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەی پێکهێناوە، بەڵام لە ساڵی (1977)دا ڕێژەکە کەمیکردووە بۆ (96.3%)، بە جۆرێک لە ساڵی (1987)دا ڕێژەکە (سفر) بووە، ئەمەش بەهۆی وێرانبوونی گوندەکان و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بووە. بەڵام لە ساڵی (2002)دا ڕێژەکە زیادیکردووە بۆ (97.7%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەی پێکهێناوە، لە ساڵی (2019)دا ڕێژەکە کەمبوونەوەی بەخۆوە بینوە بۆ (93.4%)، هۆکاری ئەم کەمبوونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکاریی کارگێڕی و دابڕانی (4) گوند لەناحیەکە و لکاندنی بە ناحیەی ماوەت لە ساڵی (2005)دا[2].

5. **ناحیەی** (**سیتەک، زەلان، گاپیلۆن**): لە ساڵی (2019)دا ڕێژەی گوندنشینی لە ناحیەکانی (سیتەک، زەلان، گاپیلۆن) یەک بە دوای یەک (86%، 90.5%، 87.3%) کۆی دانیشتوانی ئەو یەکە کارگێڕییانەیان پێکهێناوە، لەبەرئەوەی تازە دامەزراون و لە بنەڕەتدا دانیشتوانی ئەم ناحیانە سەرجەمیان گوندنشین بوون و لە دوای دامەزراندن و کردنیان بە ناحیە ژمارەی شارنشین بەرزبۆتەوە بەتایبەت سەنتەری

---

[1] وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، نوسراوی ژمارە (2088) لە (1999/5/26)ی تایبەت بەجیاکردنەوەی (16) کەرت لە کەرتەکانی ناحیەی سرۆچک و لکاندنی بە ناحیەی ناڵپارێز لەسنوری قەزای پێنجوێن، پاشکۆی(5)


[2] پاشکۆی (2).

ناحیەکان کە کەمتر دیاردەی شارنشینی پێوە دیارە بە بەراورد لەگەڵ ناحیەکانی تردا جگە لە ناحیەی سیتەک بە حکومی شوێن و نزیکی لە شاری سلێمانی بۆتە جێگەی ڕاکیشانی گەشیاران و خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێن دابەشبوونی ژینگەیی لەسەر ئاستی قەزا و یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەی دانیشتوانی گوندنشین زیاترە لە دوو هێندەی ژمارەی دانیشتوانی شارنشین، خشتەی (9،8)، بەمەش ناوچەکە دەبێتە ناوچەیەک بۆ هاتنی گەشتیاران، چونکە ژمارەی دانیشتوانی شارنشینی کەمە و ناوچەیەکی گرنگی گەشتوگوزارییە، زۆربەی گوندەکانی بوونەتە مەڵبەندی ڕاکێشانی گەشتیاران، بۆیە پەرەپێدانی گوندەکانی ناوچەکە دەکرێت بکرێنە ناوچەیەکی خستنەڕووی گەشتوگوزاری، کە لەبەشی سێیەمدا باسی دەکەین.


نەخشەی (3)

دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی(1957)دا




نەخشەی (4)


دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (1977)دا




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (9)


نەخشەی (5)

**دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (1987)دا**




نەخشەی (6)


**دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2002)دا**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (9)

نەخشەی (7)

**دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2019)دا**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (9)

**دووەم : دابەشبوونی چڕی دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ:**

چڕی دانیشتوان مانای کۆی ژمارەی دانیشتوانە لەیەکەیەکی رووبەردا، بۆ هەر کیلۆمەترێک چوارگۆشە یان هەریەکەیەکی تری پێوانەیی رووبەری، بە مانایەکی تر تێکڕای ژمارەی دانیشتوانە کە لە ناوچەیەکدا دەژین لەیەکەیەکی رووبەردا. واتە باس لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و زەوی یان پەیوەندی نێوان دانیشتوان و دەرامەتە ئابورییەکان دەکات[1]. توێژەرانی بواری جوگرافیای دانیشتوان چەند جۆرێک چڕی بەکاردەهێنن گرنگترینیان ئەمانەن:

1. **چڕی گشتی:**

کۆی ژمارەی دانیشتوانە لەسەر ئەو رووبەرەی، کە لەسەری دەژین بەبێ گوێدانە توانای ئابوری و بەرهەمداری ئەو زەوییە کەواتە چڕی گشتی* بریتییە لە تێکڕای ژمارەی دانیشتوان بۆ هەر کیلۆمەترێک چوارگۆشە یان هەریەکەیەکی تری پێوانە، ئەمەش ئاسانترین جۆری پێوەرە لە توێژینەوەی دانیشتوان بەکاردەهێنرێت[2].

ئەم جۆرە چڕییە گوزارشت لە ڕادەی ئەو پاڵەپەستۆ ڕاستەقینەیە ناکات کە دانیشتوان لەسەر ئەو رووبەرە زەوییانە کە لەسەری دەژین و دروستی دەکەن، بۆیە ئەم پێوەرە وێنەیەکی دروستی ڕادەی گردبوونەوە و بڵاوبوونەوەی دانیشتوان لە ناوچەکەدا نیشان نادات، چونکە گرنگی بە رووبەر دەدات بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم رووبەرە زەوییانە بەکەڵکی نیشتەجێبوون و دێن یان نا[3]. لەسەر ئەم بنەما هەوڵدەدەین باسی چڕی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆینەوە بکەین :

**أ. چڕی گشتی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزا**

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (10)، چڕی گشتی دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ کەمترە لە پارێزگای سلێمانی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە رووبەر و ژمارەی دانیشتوانی کەمترە لە پارێزگای سلێمانی، بە جۆرێک لە ساڵی (1957)دا (19.2کەس/کم2) بووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (1977)دا زیادیکردووە بۆ نزیکەی (26کەس/کم2) بۆ قەزا، بەڵام لە پارێزگا لە ساڵی (1957)دا ڕێژەکە نزیکەی (25کەس/کم2) بووە، بە هەمان شێوە ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (1977)دا زیادیکردووە بۆ (42کەس/کم2)، واتە لە ماوەی ساڵانی (1957-1977)دا ڕێژەی گۆڕانی ساڵانەی چڕی دانیشتوانی لە

---

[1] عبدالفتاح امام حزين، جغرافية السكان (دراسة في الاسس والتطبيقات) مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، 2004، ص19.

* چڕی گشتی = کۆی ژمارەی دانیشتوان (کەس)/ کۆی رووبەرکم2. سەرچاوە: محمد رفعت المقداد، جغرافية السكان، منشورات جامعة دمشق، كلية الاداب العلوم الانسانية، جامعة دمشق، 2014، ص78.

[2] محمد رفحت المقداد، المصدر السابق، ص79.

[3] ساسان حیکمەت علی، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2008، ل79.

(34.3%) زیادیکردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ژمارەی دانیشتوانەکەی زیادیکردووە و رووبەرەکەی وەکو خۆی ماوەتەوە لەلایەک، لەلایەکیترەوە بۆ نەبوونی دیاردەی کۆچ دەگەڕێتەوە، لەهەمان ماوەدا ڕێژەی گۆڕانی سالانەی چڕی دانیشتوانی پارێزگا بە نزیکەی (25%) زیادیکردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری دوو هۆکاری سەرەکی، کە ئەویش بوونی سامانی ئاوی زۆر و دەشتی کشتوکاڵی بەپیتە. کەچی لە ساڵی (1987)دا چڕی گشتی دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ کەمیکردووە بۆ (6کەس/کم2)، ڕێژەی گۆڕانی چڕی دانیشتوانی قەزاکە لە ماوەی سالانی (1977-1987)دا کەمیکردووە بۆ (-3.3%)، هۆکاری ئەمەش بۆ چۆڵکردن و ڕاگواستنی گوندەکان دەگەڕێتەوە. لەکاتێکدا چڕی دانیشتوانی پارێزگای زیادیکردووە بۆ (60.4کەس/کم2)، ڕێژەی گۆڕانی سالانەی چڕی دانیشتوانی پارێزگا بە نزیکەی (44%) زیادیکردووە، ئەمەش لە ئەنجامی ڕاگواستن لەناو سنوری یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگاکەدا روویداوە.

خشتەی (10)

چڕی گشتی دانیشتوان لە قەزای شارباژێڕ و پاریزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان سالانی (1957-2019)دا

| ساڵ | قەزای شارباژێڕ کەس/ کم2 | پارێزگای سلێمانی کەس/ کم2 |
|---|---|---|
| 1957 | 19.2 | 24.9 |
| 1977 | 25.8 | 42 |
| 1987 | 6 | 60.4 |
| 2002 | 20.1 | 105.9 |
| 2019 | 19.5 | 141 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە سەرچاوەکانی خشتەی (9،8)

بەڵام لە ساڵی (2002)دا چڕی گشتی دانیشتوانی قەزاکە زیادیکردووە بۆ (20.1کەس/کم2)، ڕێژەی گۆڕانی چڕی دانیشتوانی قەزاکە لە ماوەی سالانی (1987-2002)دا بە ڕێژەی لە (70%) زیادیکردووە، ئەمەش بۆ ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی رامیاری و باشبوونی ئابوری دانیشتوان بە تایبەت دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) دەگەڕێتەوە، بە هەمان شێوە چڕی دانیشتوانی پارێزگاش زیادیکردووە بۆ (105.9کەس/کم2)، ڕێژەی گۆڕانی چڕی دانیشتوانی پارێزگا بە ڕێژەی (75.3%) زیادیکردووە، خشتەی (11)، ئەمەش پەیوەست بووە بە جێگیربوونی بارودۆخی سیاسی، کە کاریگەری لەسەر زیادبوونی گەشەی دانیشتوان هەبووە.

خشتەی (11)

ڕێژەی گۆڕانی چڕی دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ و پاریزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان سالانی (1957-2019)دا


| ساڵ | قەزای شارباژێڕ | پارێزگای سلێمانی |
|---|---|---|
| 1977-1957 | 34.3 | 40.71 |
| 1987-1977 | 3.3- | 43.8 |
| 2002-1987 | 70 | 75.3 |
| 2019-2002 | 3- | 33.1 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (10) ڕێژەکان دەرهێنراون.

جاریکیتر لە ساڵی (2019)دا چڕی گشتی دانیشتوانی قەزاکە کەمیکردووە بۆ (19.5کەس/کم2)، ڕێژەی گۆڕانی چڕی دانیشتوانی قەزاکە لە ماوەی ساڵانی (2002-2019)دا کەمیکردووە بۆ (-3%)، شێوەی (6)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بچووکبوونەوەی رووبەری قەزاکە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانەوە، بە بڕی (1000)کم2، چونکە ناحیەی ماوەت بۆتە قەزایەکی سەربەخۆ لابراوە لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە، ناحیەی سرۆچک خراوەتە سەر قەزای سەیدسادق لەلایەک، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لەلایەکیترەوە. بەڵام چڕی دانیشتوانی پارێزگا زیادیکردووە بۆ (141کەس/کم2)، ڕێژەی گۆڕانی چڕی دانیشتوانی بە ڕێژەی (33.1%)، ئەمەش کەمترین ڕێژەی گۆڕانی چڕییە، کە قەزای شارباژێڕ و پارێزگای سلێمانی بەخۆیانەوە بینیوە لە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەکەدا.

شێوەی (6)

چڕی گشتی دانیشتوان لە قەزای شارباژێڕ و پاریزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (10)

**ب. چڕی گشتی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان (ناحیە)**

چڕی گشتی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان بەدرێژایی ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوە جیاوازە لە ناحیەک بۆ ناحیەیەکیتر، خشتەی (12) و نەخشەکانی (8،9،10،11،12)دا دەردەکەوێت.

خشتەی (12)

چڕی گشتی دانیشتوان لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا /کەس/کم2

| یەکە کارگێڕییەکان | 1957 | 1977 | 1987 | 2002 | 2019 |
|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا (چوارتا) | 15.9 | 24.9 | 17 | 21.7 | 60.2 |
| ناحیەی ماوەت | 20.2 | 29.8 | - | 28.2 | - |
| ناحیەی سرۆچک (بەرزنجە) | 20.4 | 22.1 | 4 | 12 | - |
| ناحیەی سیوەیل (باسنێ) | 19.4 | 26.5 | - | 16.3 | 8.2 |
| ناحیەی سیتەک | - | - | - | - | 16.6 |
| ناحیەی زەلان | - | - | - | - | 8 |
| ناحیەی گاپیلۆن | - | - | - | - | 23.2 |
| کۆی رووبەری قەزا | 19.2 | 25.8 | 6 | 20.1 | 19.5 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە سەرچاوەکانی خشتەی (2)، پاشکۆی (7)

به جۆرێک بەرزترین چڕی لە ناحیەکانی ماوەت و سرۆچک بووە، لە ساڵی (1957)دا هەریەکەیان زیاتر (20کەس/کم2) بووە، ڕێژەی گۆڕانی چڕی دانیشوان بۆ هەریەکەیان یەک بە دوای یەک (47.5%، 8.3%) بووە، لە ماوەی ساڵانی (1957-1977)دا، نزمترینیان لە سەنتەری قەزا بووە لەهەمان ساڵدا کە نزیکەی لە (16کەس/کم2) بووە، بەڵام لەهەمان ماوەدا ڕێژەی گۆڕانی چڕی دانیشوانی سەنتەری قەزا (56.6%) بووە، لە ساڵی (1977)دا ناحیەکانی ماوەت پلەی یەکەمی وەرگرتووە کە نزیکەی (30کەس/کم2) بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی رووبەر و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و بەپیتی زەوییەکانی بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ و بوونی دەرامەتی ئاوی. سەبارەت بەنزمترین چڕی لە ساڵی (1977)دا لە ناحیەی سرۆچک بووە کە زیاتر (22کەس/کم2) بووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی زۆربەی دانیشتوانەکەی گوندنشین بوون پیشەیان کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بووە، کە ئەم پیشەیەش وادەخوازێت ژمارەیەکی کەمی دانیشتوان لە رووبەرێکی فراوانی زەوی دا نیشتەجێ ببن، کەچی لە کاتێکدا ڕێژەی گۆڕانی چڕی دانیشوانی ناحیەکە لە ماوەی ساڵانی (1977-1987)دا، بەڕێژەی (-81.9% ) بووە، خشتەی (13).

خشتەی (13)

ڕێژەی گۆڕانی چڕی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا

| یەکە کارگێڕییەکان | 1977-1957 | 1987-1977 | 2002-1987 | 2019-2002 |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا (چوارتا) | 56.6 | 31.7- | 27.6 | 177.4 |
| ناحیەی ماوەت | 47.5 | - | - | - |
| ناحیەی سرۆچک (بەرزنجە) | 8.3 | 81.9- | 200 | - |
| ناحیەی سیوەیل (باسنێ) | 36.6 | - | - | 49.7- |
| ناحیەی سیتەک | - | - | - | - |
| ناحیەی زەلان | - | - | - | - |
| ناحیەی گاپیلۆن | - | - | - | - |
| قەزا | 34.3 | 76.7- | 235 | 2.9- |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (12) ڕێژەکان دەرهێنراون.


بەڵام لە ساڵی (1987)دا بەرزترین چڕی لە سەنتەری قەزا بووە بە ڕێژەی (17کەس/کم2)بووە، ڕێژەی گۆڕانی چڕی دانیشوانی ناحیەکە لە ماوەی ساڵانی (1987-2002)دا، بەڕێژەی (27.6%) بووە، نزمترینیان لە ناحیەی سرۆچک بووە بە ڕێژەی (4کەس/کم2) بووە، لە کاتێکدا ڕێژەی گۆڕانی چڕی دانیشوانی ناحیەکە بەڕێژەی (200%) بووە، چونکە لە ساڵی (1988)دا ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانە گوندنشینەکانی ڕاگواستران و لە کۆمەڵگا زۆرەملێکاندا نیشتەجێبوون، کەچی لە ساڵی (2002)دا بەرزترین چڕی لە ناحیەی ماوەت بووە کە زیاتر (28کەس/کم2) بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گەڕانەوەی بەشێکی زۆر گوندنشینان بۆسەر زێدی خۆیان، نزمترین

چڕی لە ناحیەی سرۆچک بووە بە ڕیژەی (12کەس/کم2)، ئەمەش بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان و بچووکبوونەوەی ڕووبەرەکەی.

بەڵام لە ساڵی (2019)دا سەنتەری قەزا بەرزترین چڕی تۆمارکردووە کە زیاتر (60کەس/کم2) بووە، شێوەی (7)، ڕێژەی گۆڕانی چڕی دانیشوانی سەنتەری قەزا (177.4%) بووە، بە جۆرێک بەرزترین چڕی دادەنرێت لە تەواوی ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی سەنتەری قەزاکەیە، بە بەراورد بە ناحیەکانی تر خزمەتگوزارییە فێرکاری و تەندروستی و خۆشگوزەرانی و ژێرخانی ئابوری فەراهەمترە، لەلایەک کۆچکردنی دانیشتوانی ناحیەکانیتری قەزاکە و دەوروبەری بۆ سەنتەری قەزای شارباژێڕ، لە کاتێکدا نزمترین چڕی لە ناحیەکانی سیوەیل و زەلان بووە بە ڕێژەی (8و8.2کەس/کم2) بۆ هەریەکەیان، ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ ئەوەی ناحیەی باسنێ ناوچەیەکی شاخاوییە و پێکهاتەی بەرزونزمی سەر ڕووی زەوی ناوچەکە یارمەتیدەر نییە بۆ کۆبوونەوەی ژمارەی زۆری دانیشتوان، سەبارەت بە ناحیەی زەلان یەکەیەکی تازەپێکهێنراوە و ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری ناحیەکە لە ساڵی ئاماژەپێدراودا (192) کەس بووە.

شێوەی (7)

چڕی گشتی دانیشتوان لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا، /کەس/کم2





سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (12)

لێرەوە دەتوانین بڵێن زۆربوونی ژمارە و چڕی دانیشتوان پەیوەندی بە ڕەگەزە سروشتیەکانەوە هەیە، چونکە ئەو ناحیانەی کەوتوونەتە ناوچە شاخاوییەوە، وەک ناحیەکانی باسنێ و زەلان کەمترین ژمارەو چڕی دانیشتوانیان تێدا کۆبۆتەوە، بەپێچەوانەی ئەو ناحیانەی دەکەونە دەشتەکانەوە. هەروەها نزیکی لە شاری سلێمانی لە پاڵ باشبوونی ڕێگاکانی هاتوچۆ، جگە لەمەش قەزای شارباژێڕ ناوچەیەکی گەشتوگوزارییە، بۆیە زۆری ژمارەی دانیشتوان و چڕییان لە ڕووی گەشتوگوزارەوە بەهۆکارێکی ئەرێنی باش دادەنرێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی زۆربوونی داواکاری گەشتوگوزار لەلایەکیترەوە کاریگەری ئەرێی و ڕاستەوخۆی لەسەر دابینکردنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی ناوچەکە هەیە، ئەمەش یەکێکە لە پێداویستیەکانی چالاکی گەشتوگوزاری.


نەخشەی (8)

**چڕی گشتی دانیشتوان لەیەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (1957)دا/کەس/کم2**




نەخشەی (9)


**چڕی گشتی دانیشتوان لەیەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (1977)دا/کەس/کم2**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (12)


نەخشەی (10)

**چڕی گشتی دانیشتوان لەیەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (1987)دا /کەس/کم2**




نەخشەی (11)


**چڕی گشتی دانیشتوان لەیەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2002)دا /کەس/کم2**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (12)

نەخشەی (12)

**چڕی گشتی دانیشتوان لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2019)دا /کەس/ کم2**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (12)

## سێیەم: دابەشبوونی ژمارەیی نشینگە دێهاتیەکانی قەزای شارباژێڕ

ئەم دابەشبوونەش گرنگی خۆی بۆ هەڵبژاردنی چەند گوندێک بە مەبەستی پەرەپێدان و دامەزراندنی چەند پڕۆژەیەک بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە گوندەکانی دەوروبەری[1]. گوندەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی ساڵانی (1957-2019)دا گۆڕانی گەورەو شوێنی و کاتی بەسەر

[1] سماح ابراهيم شمخي الاسدي، تحليل جغرافي للمستقرات الريفية في ناحية المدحتية في محافظة بابل، رساله ماجستير(غير منشورة)، كلية التربية صفي الدين الحلي، جامعة بابل، 2009، ل140.

ژمارەو قەبارەیاندا هاتووە، ئەمەش لەژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکارییە رامیاری و کارگێڕی و دیمۆگرافیانەی کە ناوچەکە بەخۆوەی بینیوە:

**أ. دابەشبوونی ژمارەیی گوندەکان لەسەر ئاستی قەزا**

ژمارەی گوندەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (1957)دا (260) گوند بووە، لە ساڵی (1977)دا زیادیکردووە بۆ (294) گوند، هۆکاری زۆربوونی ژمارەی گوندەکان لە ساڵی (1977)دا سەربار ی لە باری بارودۆخی ژینگەی و سروشتی ناوچەکە بۆ جێگیری بارودۆخی رامیاری و دیمۆگرافی ناوچەکە دەگەڕێتەوە. بە هەمان شێوە لە ساڵی (2002)دا ژمارەی گوندەکان زیادیکردووە بۆ (303) گوند، خشتەی (14)، لەبەرئەوەی لە دوای ڕاپەڕینەوە ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی هەرێم بە گشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەت ژمارەیەکی زۆر لە گوندنشینان روویان لە گوندەکانی خۆیان کردەوە، هەروەها بەهۆی ئابلۆقە ئابورییەی خراییە سەر عێراق کۆچی پێچەوانە واتە کۆچ لە شارەوە بۆ لادێکانکان دەستی پێکرد، چونکە لەو کاتەدا شارەکان هەلی کاری کەمیان تێدا بوو، بۆیە گوندەکان بوونە ناوچەی راکێشانی دانیشتوان[1].

خشتەی (14)

ژمارەی گوندەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا

| یەکە کارگێڕییەکان | 1957 ژ.گوند | 1977 ژ.گوند | 2002 ژ.گوند | 2019 ژ.گوند |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا (چوارتا) | 81 | 85 | 107 | 23 |
| ناحیەی ماوەت | 57 | 78 | 89 | - |
| ناحیەی سرۆچک (بەرزنجە) | 57 | 61 | 33 | - |
| ناحیەی باسنێ (سیوەیل) | 65 | 70 | 74 | 30 |
| ناحیەی سیتەک | - | - | - | 33 |
| ناحیەی زەڵان | - | - | - | 33 |
| ناحیەی گاپیلۆن | - | - | - | 20 |
| کۆی گشتی | 260 | 294 | 303 | 139 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە سەرچاوەکانی پاشکۆی (7)

بەڵام لە ساڵی (2019)دا کەمیکرد بۆ (139) گوند، ئەمە لەلایەک بەهۆی گۆڕانکاریی کارگێڕی بوونی ناحیەی ماوەت بە قەزا و دابڕانی ناحیەی سرۆچک و لکاندنی بە قەزای سەیدسادقەوە بەسەرجەم گوندەکانییەوە و کردنەوەی ناحیەکانی سیتەک و زەلان و گاپیلۆن بووە، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی فاکتەرە سروشتیەکانەوە وەکو کەمی باران و وشکە ساڵی ئەمە کاریگەری هەبووە لەسەر چالاکی

---

[1] بشار عادل کریم، شیکردنەوەی شوێنی نیشینگە دێهاتیەکانی قەزای کەلارو ڕەهەندەکانی پەرەپێدانیان، سەچاوەی پێشوو، ل31.

*لەساڵی (1987)دا ناوچەکە چۆلکرا، واتە کۆچی زۆرەملێ بەهۆی شەڕی نێوان عێراق و ئێران ڕوویداوە، لەبەرئەوە ژمارەی گوندەکان لەو ساڵەدا بەردەست نەبووە.

کشتوکاڵی دابەزینی ئاستی بەرهەم لە گوندەکان، سەرەڕای ئەمە پاڵپشتی نەکردنی گوندنشینان لەلایەن حکومەتەوە بەتایبەت لە رووی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان وەکو(قوتابخانە، تەندروستی، ڕێگاوبان، پڕۆژەی ئاوی) وای لە گوندنشینان کرد کۆچ بۆ شارەکان بکەن، ئەمەش هۆکاری چۆڵ بوونی ژمارەیەکی زۆری گوندەکان.

**ب. دابەشبوونی ژمارەیی گوندەکان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان (ناحیە)**

وەکو لە خشتەی (14) ئاماژەمان بۆ کردووە، ژمارەی گوندەکان جیاوازە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەپێی یەکە کارگێڕییەکانیش جیاوازە، بە ئاڕاستەی کەمبوون هەنگاوی ناوە، وەک لە نەخشەی (13) دەردەکەوێت، بەمشێوەیەی خوارەوە:

1. **سەنتەری قەزا (چوارتا)**: ژمارەی گوندەکانی ئەم ناحیە لە ساڵی (1957)دا (81) گوند بووە، لە ساڵی (1977)دا بووە بە (85) گوند، لە ساڵی (2002)دا زیادیکردووە بۆ (107) گوند، لە ساڵی (2019)دا ژمارەی گوندەکانی کەمیکردووە بۆ (23) گوند، ئەمەش بەهۆی گۆڕانکاریی کارگێڕی و کە هەندێک لەگوندەکانی سەنتەری قەزا بوونەتە یەکە کارگێڕی نوێ لەوانە (سیتەک، زەلان، گاپیلۆن) ئەمە لەلایەک، لەلایەکیترەوە بەشێک لەگوندەکانی ئەم ناحیەیە خراونەتە سەر یەکە کارگێڕییە نوێیەکان.
2. **ناحیەی ماوەت**: ژمارەی گوندەکانی ناحیەی ماوەت لە ساڵی (1957)دا (57) گوند بووە، لە ساڵی (1977)دا زیادیکردووە بۆ (78) گوند، بە هەمان شێوە لە ساڵی (2002)دا ژمارەی گوندەکانی زیادیکردووە بۆ (89) گوند، ئەمەش بەهۆی جیاوازی خزمەتگوزاری و هەلی کار لە نێوان گوندەکان و شارەکان گرنگی پێدانییان لەلایەن حکومەتەوە. لە ئێستادا بووە بە قەزایەکی سەربەخۆ.
3. **ناحیەی سرۆچک (بەرزنجە)**: ژمارەی گوندەکانی ناحیەکە لە ساڵی (1957)دا (57) گوند بووە، لە ساڵی (1977)دا بووە بە (61) گوند، زۆرترین گۆڕانکاریی لە گوندەکانی ناحیەکە لە ساڵی (2002)دا کەمیکردووە بۆ (33) گوند، چونکە (16) کەرت کە بریتی بوو لە (17) گوند لە ناحیەی سرۆچک جیاکراوەتەوە خراوەتە سەر ناحیەی ناڵپارێزی سەر بە قەزای پێنجوێن[1]. لە ئێستادا بەهۆی گۆڕانکاریی کارگێڕییەوە خراوەتە سەر قەزای سەیدسادق بەهەموو گوندەکانییەوە[2].
4. **ناحیەی سیوەیل (باسنێ)**: گوندەکانی ناحیەی سیوەیل لە ساڵی (1957)دا (65) گوند بووە، بەڵام لە ساڵی (1977)دا ژمارەی گوندەکان زیادیکردووە بۆ (70) گوند، بە هەمان شێوە لە ساڵی (2002)دا ژمارەی گوندەکان زیادیکردووە بۆ (74) گوند، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ناحیەکە ناوچەیەکی بازرگانی سەر سنوری هەبووە، ئەمەش کاریگەری بەسەر زۆری دانیشتوانی هەبووە بۆ بژێوی ژیان. بەڵام لە ساڵی (2019)دا ژمارەی گوندەکانی بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمیکردووە بۆ (30) گوند، هۆکارەکەی

[1] پاشکۆی (5)
[2] پاسکۆی (4)

دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی نەدانی حکومەت بە خزمەتگوزاری گوندەکان و دانیشتوانەکەی ناچار بوون کۆچ بکەن بۆ شار، لەلایەکیترەوە نەمانی بازرگانی سەر سنورەکان، کە بژێوی ژیان لە (60%) دانیشتوانی ناوچەکە بووە[1].


5. **ناحیەی (سیتەک و زەلان و گاپیلۆن):** ئەم ناحییانە لە هەموو ناحیەکانیتر تازەترن، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە بەرواری (29 / 12 / 2004) بڕیاری کارگێڕییان بۆ دەرچووە بوون بە ناحیە لە سەنتەری قەزا جیابوونەتەوە، لە رووی کارگێڕییەوە ژمارەی گوندەکانی ئەم یەکە کارگێڕییانە (73) گوند بووە[2]، بەڵام لە ساڵی (2019)دا ژمارەی گوندەکانی هەریەک لەو ناحیانە یەک بە دوای یەک (33، 33، 20) گوند بوون.

لە پوختەی ئەم بەشەدا دەتوانین بڵێن ژمارەی گوندەکان و دانیشتوانی گوندنشینی قەزاکە بە درێژایی ماوەی لێکۆڵینەوە بەرەو کەمبوونەوە هەنگاوی ناوە، بەهۆی فاکتەرە سیاسی و ئابوری و کارگێڕییەوە. هەروەها نەبوونی پلان لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئاوەدانکردنەوە پەرەپێدانی گوندەکان، لە ڕێگەی ڕاکێشانی پڕۆژەی گەشوگوزاری کە دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی داهات و دابینکردنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی گوندەکان، کەمبوونەوەی دیاردەی کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ شار و هەندێکجار کۆچیش پێچەوانە دەبێت، بوژانەوە و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی و بەرهەمە دەستیەکانی لادێیەکان و فرۆشتن و ساغبوونەوەی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان.

[1] شۆرش مستەفا، سیوەیلی شارباژێڕ بەرەو چۆڵ بون دەچێت!، گۆڤاری شارباژێڕ، ژمارە15، 2020، ل35.
[2] پاشکۆی(2).

نەخشەی (13)

ژمارەی نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2019)دا




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری شارباژێڕ، ناوی گوندەکان، 2022.
2. بەکارهێنانی بەرنامەی ArcGIS Arc Map V10.8.

**باسی دووەم: ڕیزبەندی قەبارەی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای شارباژێڕ و شێوازی دابەشبوونیان**

**یەکەم : تێکرای قەبارەی گوندەکان***

یەکێکە لەو پێوەرە باوانەی کە لە ڕێگەیەوە تێکرای قەبارەی گوندەکانی هەریەکەیەکی کارگێری دەزانرێت، چونکە تێکراکان بە گوێرەی جیاوازییە سروشتی و مرۆییەکان دەگۆڕێن، بەڵام ئەو ناوچانەی کە خاکی کشتوکاڵی بەرفراوان و بەپیتیان هەیە، دانیشتوانی زیاتر بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن و چری و قەبارەی گوندەکانی زیاتر و گەورەتر دەبێت[1].

سەبارەت بە تێکرای قەبارەی گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەردەوام لە گۆڕاندا بووە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانە دیمۆگرافی و رامیاری و کارگێڕییانەی بەسەر قەزاکەدا هاتووە، بەمشێوەیە دەخەینەڕوو:

**أ. تێکرای قەبارەی گوند لەسەر ئاستی قەزا**

لە ساڵی (1957)دا تێکرای قەبارەی گوندەکانی قەزاکە (146.2کەس/گوند) بووە، بەڵام لە ساڵی (1977) زیادیکردووە بۆ (167.9کەس/گوند)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ژمارەی گوندەکان لە (260) گوندەوە بۆ (294) گوند، واتە لە ماوەی (1957-1977)دا قەبارەی گوندەکان ڕێژەی گۆڕانی تێکرای قەبارەی گوند نزیکەی (14.8کەس/گوند) زیادیکردووە. خشتەی (15).

خشتەی (15)

تێکرای قەبارەی گوندەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا

| یەکە کارگێڕییەکان | 1957 | 1977 | 2002 | 2019 |
|---|---|---|---|---|
| | تێکرای قەبارەی گوند/کەس | تێکرای قەبارەی گوند/کەس | تێکرای قەبارەی گوند/ کەس | تێکرای قەبارەی گوند/کەس |
| سەنتەری قەزا (چوارتا) | 119.2 | 160.8 | 105.8 | 162 |
| ناحیەی ماوەت | 197.9 | 187.9 | 149 | بووە بە قەزا |
| ناحیەی سرۆچک(بەرزنجە) | 141.8 | 172.4 | 156.3 | لکێنراوە بە قەزای سەیدسادقەوە |
| ناحیەی سیوەیل (باسنێ) | 138.4 | 150.4 | 102.9 | 88.8 |
| ناحیەی سیتەک | - | - | - | 118.4 |
| ناحیەی زەڵان | - | - | - | 51.9 |
| ناحیەی گاپیلۆن | - | - | - | 188.1 |
| قەزا | 146.2 | 167.9 | 123.3 | 113.5 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە پاشکۆی (7) و خشتەی (13)

* تێکرای قەبارەی گوند = ژمارەی دانیشتوانی گوندنشین ÷ ژمارەی گوندەکان، سەرچاوە: خليل إسماعيل محمد، انماط الاستيطان الريفي في العراق، المصدر السابق، ص58.

[1] بشار عادل کریم، شیکردنەوەی شوێنی نیشینگە دێهاتیەکانی قەزای کەلارو ڕەهەندەکانی پەرەپێدانیان، سەرچاوەی پێشوو، ل41.

له ساڵی (2002)دا له ئەنجامی ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی ڕامیاری و کارگێڕی و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گەڕانەوەی گوندنشینان ژمارەی گوندەکان زیادیکرد بۆ (303) گوند، بەڵام تێکڕای قەبارەی گوند کەمیکردووە بۆ (123.3کەس/گوند) و ڕێژەی گۆڕانی تێکڕای قەبارەی گوند بە ڕێژەی (-26.6کەس/گوند) کەمیکردووە لە ماوەی نێوان ساڵانی (1977-2002)دا، چونکە ژمارەی گوندەکانی زیاتر بووە، بەڵام ژمارەی دانیشتوان کەمبۆتەوە، کە بەشێکی زۆریان لە شار و شارۆچکەکاندا ماونەتەوە. لە ساڵی (2019)دا لە ئەنجامی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان و کۆچکردنی بەشێکی زۆری گوندنشینان بۆ شارەکان ژمارەی گوندەکان کەمیکردووە بۆ (139) گوند و تێکڕای قەبارەی گوند کەمیکردووە بۆ (113.5کەس/گوند) و ڕێژەی گۆڕانی تێکڕای قەبارەی گوند بە ڕێژەی (-7.9) کەمیکردووە لە ماوەی نێوان ساڵانی (2022-2019)دا، ئەمەش بەهۆی جیاوازی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان و دامەزراندنی گوندنشینان بە فەرمانبەر و هێزی سەربازی بە موچەیەک کە زیاترە لەو داهاتەی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری دەستیان دەکەوێت. واتە لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا تێکڕای گۆڕانی ساڵانە بە ڕێژەی (-22.4کەس/گوند)بووە، خشتەی (16).

خشتەی(16)

ڕێژەی گۆڕانی تێکڕای قەبارەی گوند * لەقەزای شارباژێڕ و یەکە کارگێڕییەکان لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا

| یەکە کارگێڕییەکان | 1977-1957 | 2002-1977 | 2019-2002 | 2019-1957 |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا (چوارتا) | 34.9 | 34.2- | 53.1 | 35.9 |
| ناحیەی ماوەت | 5- | 20.7- | - | - |
| ناحیەی سرۆچک (بەرزنجە) | 21.6 | 9.3- | - | - |
| ناحیەی سیوەیل (باسنێ) | 8.7 | 31.6- | 13.7- | 35.8- |
| ناحیەی سیتەک | - | - | - | - |
| ناحیەی زەلان | - | - | - | - |
| ناحیەی گاپیلۆن | - | - | - | - |
| قەزا | 14.8 | 26.6- | 7.9- | 22.4- |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (15) و یاسای ڕێژەی گۆڕان ڕێژەکان دەرهێنراون.

$$[r = \left(\frac{P2-P1}{p1}\right) \times 100]$$

* R = ڕێژەی گۆڕان.
P2= ژمارەی دانیشتوان لە دوا سەرژمێریدا.
P1= ژمارەی دانیشتوان لەیەکەم سەرژمێریدا (دواتر ئەنجامەکەی دابەشی سەرژمێرییەی یەکەم کراوە).
سەرچاوە: حسين علوى ناصر الزيادي، التوزيع السكان و تغيره في المملكة العربية السعودية المدة (1993-2004)، (دراسة في جغرافية السكان باستخدام نظام المعلومات الجغرافية)، مجلة ذيقار، كلية الاداب، جامعة ذيقار، العدد1، 2010، ص117.

### ب. تێکڕای قەبارەی گوند لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان (ناحیە)

تێکڕای قەبارەی گوند لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە، لە ماوەی نێوان ساڵانی لێکۆڵینەوەدا چەندین گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، نەخشەی (14، 15، 16، 17).

1. **سەنتەری قەزا(چوارتا)**: لە ساڵی (1957)دا تێکڕای قەبارەی گوندی زیاتر (119کەس/گوند) بووە، بەڵام لە ساڵی (1977)دا تێکڕای قەبارەی گوند زیادیکردووە بۆ نزیکەی (161کەس/گوند)، واتە لە ماوەی ساڵانی (1957-1977)دا ڕێژەی تێکڕای گۆڕانی قەبارەی گوند بە ڕێژەی (34.9کەس/گوند) زیادیکردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە زیادبوونی گوندنشین و لەباری بارودۆخی سروشتی ناوچەکە، لە ساڵی (2002)دا تێکڕای قەبارەی گوند کەمیکردووە بۆ نزیکەی (106کەس/گوند) بووە ڕێژەی تێکڕای گۆڕانی قەبارەی گوند لە ماوەی ساڵانی (1977-2002)دا بە ڕێژەی لە (-34.2کەس/گوند) کەمیکردووە، لە ساڵی (2019)دا تێکڕای قەبارەی گوند (162کەس/گوند) بووە و ڕێژەی تیکڕای گۆڕانی قەبارەی لە ماوەی ساڵانی (2002-2019)دا بەڕێژەی لە (51.1کەس/گوند) زیادیکردووە، ئەمەش بەرزترین تێکڕایە بە بەراورد بە ناحیەکانی تر بەهۆی کەمی قەبارەی گوندەکان و زۆری دانیشتوانیانەوە لەلایەک، لەلایەکیترەوە بۆ نزیکیان لەسەنتەری قەزا و هەڵکەوتەی جوگرافی هەندێکیان لەسەر ڕێگا سەرەکیەکان دەگەڕێتەوە. بەڵام لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا ڕێژەی تێکڕای گۆڕانی قەبارەی گوند بە ڕێژەی لە (35.9کەس/گوند) زیادیکردووە.
2. **ناحیەی ماوەت**: لە ساڵی (1957)دا ئەم ناحیە تێکڕای قەبارەی گوندەکانی نزیکەی (198کەس/گوند) بووە، لە ساڵی (1977) تێکڕای قەبارەی گوندەکانی کەمیکردووە بۆ نزیکەی (188کەس/گوند)، چونکە ئەم تێکڕایە لە ماوەی ساڵانی (1957-1977)دا ڕێژەی تێکڕای گۆڕانی قەبارەی بەڕێژەی (-5کەس/گوند) کەمیکردووە و ژمارەی گوندەکانی زیادیکردووە، لە ساڵی (2002)دا بەهۆی ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی ناوچەکە و سەپاندنی ئابلۆقەی ئابوری بەسەر عێراقدا ژمارەیەکی زۆر لەگوندنشینان گەڕانەوە زێدی خۆیان بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، بەمەش تێکڕای قەبارەی گوندەکانی بۆ (149کەس/گوند) و ڕێژەی تێکڕای گۆڕانی قەبارەی گوند لە ماوەی ساڵانی (1977-2002)دا بەڕێژەی (-20.7کەس/گوند) زیادیکردووە، ئەمەش بەهۆی چۆڵکردنی زۆربەی دانیشتوانی گوندەکان ئەم ناحیە لە ساڵی (1988)دا.
3. **ناحیەی سرۆچک (بەرزنجە)**: ئەم ناحیە لە ساڵی (1957)دا تێکڕای قەبارەی گوندی نزیکەی (142کەس/گوند) بووە، لە ساڵی (1977)دا تێکڕای قەبارەی گوند زیاتر لە (172کەس/گوند) و ڕیژەی تێکڕای گۆڕانی قەبارەی گوند لە ماوەی ساڵانی (1957-1977)دا بەڕێژەی لە (21.6کەس/گوند) زیادیکردووە، ئەمەش بۆ زیادبوونی ژمارەی گوندەکانی دەگەڕێتەوە، بەڵام لە ساڵی (2002)دا تێکڕای قەبارەی گوند کەمیکردووە بۆ (156کەس/گوند) و ڕێژەی تێکڕای گۆڕانی قەبارەی گوند لە ماوی ساڵانی (1977-2002)دا بە ڕێژەی (9.3کەس/گوند) کەمیکردووە، ئەمەش بەپلەی یەکەم بۆ کەمی

خزمەتگوزاری و وشکە ساڵی و کەمبارنی و گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان دەگەڕێتەوە، کە خۆی لە دابڕانی (27) گوند لە ناحیەکە و لکاندنی بە ناحیەی ناڵپارێزی سەر بە قەزای پێنجوێن دەبنێتەوە.

4. **ناحیەی سیوەیل** (**باسنێ**): تێکڕای قەبارەی گوندەکانی ئەم ناحیە لە ساڵی (1957)دا زیاتر لە (138کەس/گوند) بووە، بەڵام لە ساڵی (1977) تێکڕای قەبارەی گوندەکانی زیادیکردووە بۆ زیاتر (150کەس/گوند)، واتە لە ماوەی ساڵانی (1957-1977)دا تێکڕای گۆڕانی قەبارەی گوند بە ڕێژەی (8.7کەس/گوند) زیادیکردووە، ئەمەش بۆ زیادبوونی ژمارەی گوندەکانی ناحیەکە و بوونی بازرگانی سەر سنور دەگەڕێتەوە، لە ساڵی (2002)دا تێکڕای قەبارەی گوند کەمیکردووە بۆ نزیکەی (103کەس/گوند) و ڕێژەی تێکڕای گۆڕانی قەبارەی گوند لە ماوەی ساڵانی (1977-2002)دا بە ڕێژەی (-31.6کەس/گوند) کەمیکردووە، ئەمەش بەهۆی سەختی ژینگەی سروشتی ناحیەکە و پێکهاتەی بەرزونزمی بە بەراورد بە کۆی قەزاکە، چونکە پەیوەندی پێچەوانە هەیە لە نێوان قەبارەی گوند و بەرزونزمی زۆردا، چونکە ئەو دەشتانەی دەکەونە ناوچەی نیمچەشاخاوییەوە زەوییە کشتوکاڵی و کێڵگەکانیان پچڕ پچڕ دەبێت و سەرئەنجام گوندی قەبارە بچووکی تیادا هەڵدەکەوێت[1]، هەروەها کەمی خزمەتگوزاری و دووری گوندەکان لە ڕێگا سەرەکییەکانەوە کاریگەری هەبووە.

لە ساڵی (2019)دا لەئەنجامی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان و دابڕانی (4) گوند لە ناحیەکە و لکاندنی بە ناحیەی ماوەت، تێکڕای قەبارەی گوند بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمیکردووە بۆ نزیکەی (89کەس/گوند)، ڕێژەی تێکڕای گۆڕانی قەبارەی گوندیش جارێکیتر کەمیکردووە بە ڕێژەی (-13.7 کەس/گوند) لە ماوەی ساڵانی (2002-2019)دا، ئەمەش بەپلەی یەکەم بۆ گرنگی نەدانی بە گوندنشینان و کۆچکردنیان بەرەو سەنتەری شارەکان دەگەڕێتەوە. بەمشێوەیە لە ماوەی ساڵانی (1957-2019)دا تێکڕای گۆڕانی ساڵانەی گوند بە ڕێژەی (-35.8کەس/گوند) کەمیکردووە.


5. **ناحیەکانی** (**سیتەک و زەلان و گاپیلۆن**): ئەم ناحییانە لە دوای ساڵی (2004) وە بڕیاری کارگێڕییان بۆ دەرچووە وەکو ناحیەیەکی نوێ دەرکەوتن، بە جۆرێک تێکڕای قەبارەی بۆ هەریەکەییان یەک بە دوای یەک (118.4، 51.9، 188.1کەس/گوند) بووە لە ساڵی (2019)دا.

---

[1] خلیل إسماعیل محمد و أیوب إسماعیل محمد، التحلیل الجغرافي لتوزیع المستوطنات الریفیة في ناحیە قوشتبة، گۆڤاری زانکۆ، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، ژمارە28، 2006، ل43.


نەخشەی (14)

**تێکڕای قەبارەی گوند لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی(1957)**




نەخشەی (15)


**تێکڕای قەبارەی گوند لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی(1977)**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (14)


نەخشەی (16)

**تێکڕای قەبارەی گوند لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی(2002)**




نەخشەی (17)

**تێکڕای قەبارەی گوند لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی(2019)**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (14)

**دووەم: دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکان بەپێی دەستەی قەبارەیان:**

مەبەست لەم جۆرە دابەشبوونە بریتییە لە ڕیزبەندی نشینگە گوندییەکان بەپێی دەستەی قەبارەیان، ئەم جۆرە دابەشکردنە گوند پشت بە ژمارەی دانیشتوان ئەبەستێ، واتە دابەشکردنی ژمارەی دانیشتوانی نیشنگە دێهاتیەکانە بەسەر چەند گروپێک بەبێ ڕەچاوکردنی رووبەرەکانیان، زۆربەی جار ئەم جۆرە دابەشبوونە وائەکات گوندێک بکرێتە سەنتەری کارگێڕی ناحیەیەک و بایەخی زیاتری پێبدرێت لە رووی خزمەتگوزاری و ئاوەدانییەوە، ئەمەش وادەکات سەنگ و بەهای پێگەی دێهاتەکانی دیاری بکات، چونکە تاوەکو گوندەکان قەبارەیان گەورەتربێت وەزیفەی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرن[1].

نشینگەی دێهاتیەکان ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانە دیمۆگرافی و کارگێڕی و ڕامیارییانە کە بەخۆوەی بینیوە، گۆڕانکاریی بەرچاو بەسەر قەبارەی گوندەکانی ناوچەکەدا هاتووە، بەتێڕوانین لەسەرژمێری و ئامارەکانی گوندەکان لە ماوەی نێوان سالآنی (1957-2019)دا، ئەو ڕاستیەمان بۆ ئەسەلمێنێ کە گوندەکانی قەزای شارباژێڕ لە رووی پلەی قەبارەییەوە گۆڕانکاریی بەرچاو بەسەر قەبارەیدا هاتووە، بە جۆرێک لە ساڵی (1957)دا لە (260) گوندەوە کەمیکردووە بۆ (139) گوند لە ساڵی (2019)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان کە بەسەر قەزاکەدا هاتووە، کە دواجار ئەم گۆڕانەش کاریگەری بەسەر ژمارە و قەبارەی ئەم نشینگانەدا بەجێهێشتوە، بەڵام لە ساڵی (1977)دا ژمارەی گوندەکان زیادیکردووە، بە جۆرێک (260) گوندەوە بووە بە (294) گوند، لە ساڵی (2002)دا ژمارەی گوندەکان زیادیکردووە بۆ (303) گوند، ئەمەش لە ئەنجامی ئاسایی بوونەوەی ڕەوشی سیاسی و سەربازی ناوچەکەیە و گەڕانەوەی بەشێکی زۆری گوندنشینان بۆ زێدی خۆیان. بەڵام لە ساڵی (2019)دا ژمارەی نشینگەکان کەمیکردووە بۆ (139) گوند، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ روودانی گۆڕانکاریی کارگێڕی لەلایەک، لەلایەکیترەوە لە ئەنجامی خراپی باری ئابوری گوندەکان و دابەزینی نرخی بەربومی کشتوکاڵی ناوخۆ و فرۆشتنی بەشێک لە زەوی و زارەکانیان و کردنیان بە باخ و ڤیلا...هتد، وایکرد بەشێکی زۆر گوندنشینان روو لە ناوەندی شارەکان بکەن بە مەبەستی بەرزبوونەوەی ئاستی ئابوری بژێوی ژیانیان. لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دابەشبوونی نشینگە گوندییەکان بۆ چەند دەستەیەک گرنگی خۆی دەبێت لە چۆنییەتی کاریگەری لەسەر کرداری پەرەپێدان، جیاوازییەکی گەورەی کاتی و شوێنی لەنێو قەبارەی نشینگە دێهاتیەکان بەرچاو دەکەوێت*. خشتەی (17).

---

[1] ڕۆستەم سەلام عزیز، دابەشبوونی جوگرافی نیشینگە گوندییەکان لە قەزای کۆیە و کاریگەریان لەسەر کرداری پەرەپێدان، نامەی ماستەر(بڵاوکراوە)، 2006، ل44.

* لێرەدا توێژەر بەپێی سروشتی دابەشبوونی گوندنشینانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پشتی بەمجۆرە دابەشبوونە بەستووە، چونکە، تاوەکو ئێستا لەلایەن توێژەرانەوە پێوەرێکی دیاریکراو بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشان نەکراوە.

### أ.دابەشبوونی نشینگە دێهاتیەکان بەپێی دەستەی قەبارەیان لەسەر ئاستی قەزا

**دەستەی یەکەم** : **کەمتر لە** 100 **کەس** : لە ڕووی قەبارە و ڕێژەی نشینگە گوندییەکانی نێو ئەم دەستەیە لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا کەمیکردووە، بەجۆرێک لە ساڵی (1957)دا ژمارەیان (130) گوند بووە لە کۆی (260) گوند، ڕێژەی لە (50%) نشینگە گوندییەکانی قەزاکەی پێکهێناوە و دانیشتوانیان (6500) کەس بووە، زیاتر لە (17%) کۆی دانیشتوانی لەخۆگرتووە، بەڵام لە ساڵی (1977)دا ژمارەکە زیادیکردووە بۆ (142) گوند و زیاتر لە (48%) کۆی نشینگە گوندییەکان پێکهێناوە و دانیشتوانەکەیان (6969) کەس بووە، زیاتر (14%) کۆی دانیشتوان بووە، واتە لە ماوەی ساڵانی (1957-1977) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی هەریەک لە گوندەکانی نێو ئەم دەستەیە و دانیشتوانیان (0.4%) بووە، بەڵام لە ساڵی (2002)دا هەریەکە لە قەبارە و ڕێژەی نشینگە گوندییەکان و دانیشتوانی نێو ئەم دەستەیە زیادیکردووە، کە (184) گوند بووە، نزیکەی لە (61%) کۆی نشینگە پێکهێناوە و دانیشتوانی (7628) کەس بووە، زیاتر لە (20%) دانیشتوانی پێکهێناوە، لەماوی ساڵانی (1977-2002)دا ڕێژەی گەشەی گوند (1%) و دانیشتوان (0.4%) بووە، ئەمەش لە ئەنجامی ئاسایی بوونەوەی ڕەوشی سیاسی و سەربازی ناوچەکەیە. لەدوای ڕاپەرینی (1991) ژمارەیەکی زۆر دانیشتوان گەڕانەوە سەر گوندەکانی زێدی خۆیان و رووبەر و دەشتی بچووک و پەرتەوازە و توانای لەخۆگرتنی ژمارەی زۆری دانیشتوانی نییە.

خشتەی(17)

دابەشبوونی قەبارەی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا

| دەستەی قەبارە | 1957 | | | | 1977 | | | | 2002 | | | | 2019 | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ/ گوند | ڕێژە % | ژ/ دانیشتوان | ڕێژە % | ژ/ گوند | ڕێژە % | ژ/دانیشتوان | ڕێژە % | ژ/ گوند | ڕێژە % | ژ/دانیشتوان | ڕێژە % | ژ/ گوند | ڕێژە % | ژ/دانیشتوان | ڕێژە % |
| **کەمتر لە**100**کەس** | 130 | 50 | 6500 | 17.1 | 142 | 48.3 | 6969 | 14.1 | 184 | 60.7 | 7628 | 20.4 | 110 | 79.1 | 6008 | 38.1 |
| 200-100 | 65 | 25 | 9517 | 25 | 75 | 25.5 | 10613 | 21.5 | 69 | 22.8 | 10138 | 27.2 | 13 | 9.4 | 2728 | 18 |
| 500-201 | 56 | 21.5 | 16326 | 43 | 61 | 20.7 | 19650 | 39.8 | 38 | 12.5 | 11849 | 31.7 | 13 | 9.4 | 3857 | 24.4 |
| 1000-501 | 9 | 3.5 | 5680 | 14.9 | 13 | 4.4 | 8892 | 18 | 12 | 4 | 7747 | 20.7 | 2 | 1.4 | 2082 | 13.2 |
| 1001**کەس زیاتر** | - | - | - | - | 3 | 1.1 | 3248 | 6.6 | - | - | - | - | 1 | 1 | 1103 | 6.3 |
| **کۆی گشتی** | 260 | 100 | 38023 | 100 | 294 | 100 | 49372 | 100 | 303 | 100 | 37362 | 100 | 139 | 100 | 15778 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستە بە :

1. عبدالله غەفور، گوندەکانی کوردستان (گوندەکانی باشوری کوردستان لەسەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا (1957)، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،2005، لا 163-172.
2. وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، هيئة التعداد العام والدراسات السكانية،تعداد عام (1977)، نتائج ترقيم المباني وحصر السكان لسنة 1977، المصدرالسابق، ص359-467.
3. مديرية احصاء السليمانية،خلاصة النتائج الاحصائية جدول باطار القرى والمقاطعات لسنة 2002 ,قضاء شهربازار، المصدر السابق، ص 96-117.
4. وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئاماری گوندەکانی قەزا و ناحیەکانی پارێزگای سلێمانی، زانیاری گوندەکانی قەزای شارباژێڕ بەپێی خزمەتگوزاری لە ساڵی 2018-2019، زانیاری بڵاونەکراوە.

❖ تەنها ئەو گوندانەی کە ئاوەدانن ئەژمارکراون.

لە ساڵی (2019)دا جارێکیتر قەبارەی نشینگە گوندییەکان و ڕێژەی دانیشتوانی نێو ئەم دەستەیە کەمیکردووە، کە (110) گوند بووە و زیاتر (79%) کۆی نشینگە گوندییەکانی پێکهێناوە، ژمارەی دانیشتوانی (6008) کەس بووە، زیاتر (38%) دانیشتوانی بووە، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوند و دانیشتوانی نێو ئەم دەستەیە کەمیکردووە بۆ (-3%، -1.4%) ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە کارگێڕییەوە بووە بەسەر ئەم قەزایەدا هات، بەم جۆرە لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا، هەریەک لە قەبارە و ڕێژەی گوند و دانیشتوانی نشینگە گوندییەکان نێو ئەم دەستەیە کەمیکردووە.

**دەستەی دووەم** 100-200 **کەس**: نشینگە گوندییەکانی نێو ئەم دەستەیە لە ساڵی (1957)دا ژمارەیان (65) گوند بووە، ڕێژەی لە (25%) کۆی نشینگەی پێکهێناوە و دانیشتوانی (9517) کەس بووە، ڕێژەی لە (25%) کۆی دانیشتوانی لەخۆگرتووە، بەڵام لە ساڵی (1977)دا قەبارە و ڕێژەی نشینگە و دانیشتوانی نێو ئەم دەستەیە زیادیکردووە، بۆ (75) گوند و نزیکەی (26%) کۆی نشینگەی پێکهێناوە، دانیشتوانەکە ژمارەیان (10613) کەس بووە و نزیکەی (22%) کۆی دانیشتوانی لەخۆگرتووە، لە ماوەی ساڵانی (1957-1977)دا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوند و دانیشتوانیان (0.7%، 0.6%) بووە، بەڵام لە ساڵی (2002)دا قەبارە و ڕێژەی نشینگە گوندییەکانی نێو ئەم دەستەیە کەمیکردووە بۆ (69) گوند و نزیکەی (23%) کۆی نشینگەی پێکهێناوە و ژمارەی دانیشتوانی (10138) کەس بووە، زیاتر (27%) کۆی دانیشتوانی لەخۆگرتووە، لە ماوەی ساڵانی (1977-2002)دا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوند و دانیشتوانی نێو ئەم دەستەیە کەمیکردووە بۆ (-0.3%، -0.2%)، خشتەی(18). بە جۆرێک لە ساڵی(2019)دا گۆڕانکاریی بەرچاو بەسەر قەبارە و ڕێژەی نشینگە گوندییەکان و دانیشتواندا داهاتووە و کەمیکردووە بۆ (13) گوند و زیاتر لە (9%) کۆی نشینگەی پێکهێناوە و دانشتوانیان (2728) کەس بووە، ڕێژەی لە (18%) دانیشتوانی لەخۆگرتووە، لە ماوەی ساڵانی (2002-2019) ڕێژەی گەشەی گوند و دانیشتوانیان (-9%، -7%) بووە، ئەمەش بەهۆی گۆڕانکاریی کارگێڕی و کۆچکردنی گوندەکان بەرەو شارەکان. بەم جۆرە لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا، هەریەکە لە قەبارە و ڕێژەی گوند و دانیشتوان نێو ئەم دەستەیە کەمیکردووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ڕێژەی نشینگە و دانیشتوان لە دەستەی قەبارە بچووک، لەبەرئەوەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان زیاتر لەو گوندانەدا کۆبۆتەوە کە ژمارەو قەبارەیان زۆرە، چونکە دانیشتوانی ئەم نشینگانە بەرەو ئەو گوندانە کۆچیان کردووە.

**دەستەی سێیەم** 201-500 **کەس**: ئەو نشینگە گوندییانەی کەوتوونەتە نێو ئەم دەستەیە لە ساڵی (1957)دا ژمارەیان (56) گوند و زیاتر لە (22%) کۆی نشینگەی پێکهێناوە و دانیشتوانی (16326) کەس بووە، ڕێژەی لە (43%) دانیشتوانی لەخۆگرتووە، لە ساڵی(1977)دا ژمارەیان (61) گوند و نزیکەی لە (21%) کۆی نشینگەی پێکهێناوە و دانشتوانیان (19650) کەس بووە، نزیکەی (40%) دانیشتوانی لەخۆگرتووە و لە ماوەی ساڵانی (1957-1977)دا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی هەریەک لە گوند (0.4%) و دانیشتوانی

(0.9%) بووە، بەپێچەوانەوە لە ساڵی (2002)دا قەبارە و ڕێژەی نشینگە کەمیکرد بۆ (38) گوند و نزیکەی لە (13%) کۆی نشینگەی پێکهێناوە، کە دانیشتوانی (11849) کەس بووە، زیاتر (31%) دانیشتوانی لەخۆگرتووە، لە ماوەی ساڵانی (1977-2002)دا ڕێژەی گەشە گوند (-1.8%) و دانیشتوانی (-2%) کەمیکردووە، ئەمەش بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابوری و کەمبوونەوەی ژمارەی گوندەکانی نێو ئەم دەستەیە و کۆچکردنی گوندنشینان بۆ سەنتەری شارەکان، لە ساڵی (2019)دا جارێکیتر ژمارە و ڕێژەی هەریەک لە نشینگە گوندییەکان و دانیشتوان کەمیانکرد بۆ (13) گوند و زیاتر لە (9%) کۆی نشینگەی پێکهێناوە و دانیشتوانیان (3857) کەس بووە و زیاتر (24%) دانیشتوانی لەخۆگرتووە، لە ماوەی ساڵانی (2002-2019)دا ڕێژەی گەشەی گوندەکان و دانیشتوانیان بۆ هەریەکەیان نزیکەی (-6%) بووە، ئەمەش بەهۆی گۆڕانکاریی کارگێڕی و کەمبوونەوەی قەبارەی گوندنشینانی نێو ئەم دەستەیە بووە.

خشتەی(18)

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوند و گوندنشینانی قەزای شارباژێڕ بەپێی دەستەی قەبارەیان لەماوەی نێوان ساڵانی(1957-2019)دا

| دەستەی قەبارە | 1977-1957 | | 2002-1977 | | 2019-2002 | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | گوند | دانیشتوان | گوند | دانیشتوان | گوند | دانیشتوان |
| کەمتر لە100کەس | 0.4 | 0.4 | 1 | 0.4 | 3- | 1.4- |
| 100-200کەس | 0.7 | 0.6 | 0.3- | 0.2- | 9- | 7- |
| 201-500کەس | 0.4 | 0.9 | 1.8- | 2- | 6- | 6.4- |
| 501-1000کەس | 1.9 | 2.3 | 0.3- | 0.5- | 10- | 7.4- |
| لە1001کەس زیاتر | - | - | - | - | - | - |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (17) و ڕێژەکان بەپێی یاسای گەشەی ساڵانە دەرهێنراون.

**دەستەی چوارەم** 501-1000**کەس**: لە تەواوی ماوەی لێکۆڵینەوە نشینگە گوندییەکانی کەوتوونەتە نێو ئەم دەستەیە ژمارە و ڕێژەیەکی کەم لە گوند و دانیشتوانی قەزاکەیان پێکهێناوە، بە جۆرێک لە ساڵی (1957)دا ژمارەیان (9) گوند و نزیکەی (4%) کۆی نشینگەی پێکهێناوە و دانشتوانی (5680) کەس بووە، نزیکەی (15%) کۆی دانیشتوانی پێکهێناوە، لەلایەکیترەوە لە ساڵی (1977)دا ئەم ڕێژەیە زیادیکردووە بۆ (13) گوند و زیاتر (4%) کۆی نشینگەی پێکهێناوە و دانیشتوانیان (8892) کەس بووە، ڕێژەی (18%) دانیشتوانی لەخۆگرتووە، ڕێژەی گەشەی ساڵانە لە ماوەی ساڵانی (1957-1977)دا یەک بە دوای یەکدا گوند و دانیشتوانیان (1.9%و2.3%) بووە، بەڵام لە ساڵی (2002)دا (12) گوند و ڕێژەی (4%) کۆی نشینگە بووە، ژمارەی دانیشتوان (7747) کەسەو نزیکەی (21%) دانیشتوانی پێکهێناوە و لە ماوەی ساڵانی (1977-2002) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوند و دانیشتوانی کەمیکردووە بۆ (-0.3% و-0.5%)، ئەمەش بەهۆی ڕاگواستنی نشینگە گوندییەکانی ئەم دەستەیە بووە، لە ساڵی (2019)دا گوندەکانی نێو ئەم دەستەیە کەمیکردووە بۆ (2) گوند و زیاتر لە (1%) کۆی نشینگەی پێکهێناوە و دانیشتوانی (2082) کەس بووە، زیاتر لە (13%) دانیشتوانی لەخۆگرتووە، لە ماوەی ساڵانی (2002-

2019)دا هەریەک لە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوند و دانیشتوانیان (-10%، 7.4%) بووە، ئەمەش بەهۆی کۆچکردنی دانیشتوانی گوندنشین بەرەو سەنتەری شارەکان بووە.

**دەستەی پێنجەم 1001 کەس زیاتر**: ئەو نشینگە گوندییانەی کەوتوونەتە ناو ئەم دەستەیە بە بەراورد بە ئەوانیتر کەم ناوازەن، واتە بە قەبارە و ڕێژەش کەمن، بەڵام لە ساڵی (1977)دا کە (3) گوند و زیاتر لە (1%) کۆی نشینگەی پێکهێناوە و دانیشتوانی (3248) کەس بووە، نزیکەی (7%) دانیشتوان پێکهیناوە، چونکە لە سنوری هەموو ناحیەکانی قەزای شارباژێڕدا دەرنەکەوتووە لە سنوری ناحیەکانی (ماوەت، سرۆچک، سیوەیل) دەرکەوتوون ئەویش بە تەنها لە ساڵی (1977)دا، هۆکاری کەمی قەبارەی گوندەکان لەو جۆرە دەستەیە تاڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ئەو گۆڕانە ڕامیاری و سەربازییانەی کە لە ناوچەکەدا ڕوویداوە، بەڵام لە ساڵی (2019)دا تەنها (1) گوند و ڕێژەی (1%) کۆی نشینگە و دانیشتوان (1103) کەس بووە، زیاتر (6%) کۆی دانیشتوانی پێکهێناوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕوودانی گۆڕانکارییە کارگێڕییە لە قەزاکەدا ڕوویداوە.

**ب. دابەشبوونی نشینگە دێهاتیەکان بەپێی دەستەی قەبارەیان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان (ناحیە)**

دابەشبوونی نشینگە گوندییەکان بەپێی ڕیزبەندی قەبارەیان جیاوازە لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان، خشتەی (19) و نەخشەکانی (18، 19، 20، 21، 22).

**دەستەی یەکەم (100 کەس کەمتر)**:

1. ئەو نشینگانەی کەوتوونەتە ناو ئەم دەستەیە لە ساڵی (1957)دا لە رووی قەبارەی گوند و دانیشتوانەوە زۆرترینیان دەکەونە سەنتەری قەزا، واتە بە پلەی یەکەم دێت، کە (47) گوند و ڕێژەی لە (58%) کۆی نشینگەکانی ناحیەکە و نزیکەی لە (28%) کۆی گوندنشینی ناوەند بوون، کەمترینی ئەم دەستەیە کەوتۆتە ناحیەی (ماوەت)، کە (21) گوند و نزیکەی (39%) کۆی نشینگەکانی ناحیەکەیان پێکهێناوە و دانشتوانیان (1152) کەس بووە، زیاتر لە (10%) دانیشتوانی ئەم یەکەیەی لەخۆگرتووە.
2. لە ساڵی (1977) سەنتەری قەزا هەر لەپلەی یەکەم بووە لە رووی لەخۆگرتنی ئەم دەستەیە بە جۆرێک، کە (39) گوند و نزیکەی لە (46%) نشینگەکان و زیاتر (17%) کۆی دانیشتوانی پێکهێناوە، کەمترینیان کەوتۆتە ناحیە (سرۆچک) کە (28) گوند و نزیکەی (46%) کۆی نشینگەی پێکهێناوە و دانیشتوانیان (1398) کەس بووە و زیاتر لە (13%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەی لەخۆگرتووە.
3. گوندەکانی ئەم دەستەیە لە ساڵی (2002)دا زۆرترینیان کەوتوونەتە سەنتەری قەزا کە (64) گوند و نزیکەی (60%) کۆی نشینگەی ناحیەکەی لەخۆگرتووە و ژمارەی دانشتوانیان (2585) کەس بووە، نزیکەی (23%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەی پێکهیناوە، کەمترینیان کەوتوونەتە ناحیەی (سرۆچک) کە (15) نشینگە و نزیکەی لە (46%) کۆی نشینگەی پێکهێناوە و دانیشتوانیان (668) کەس بووە نزیکەی (13%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەی لەخۆگرتووە.

4. له ساڵی (2019)دا نشینگەکانی ئەم دەستەیە زۆرترینیان کەوتوونەتە ناحیەی زەڵان کە (30) گوند و ڕێژەی (91%) کۆی نشینگەی ناحیەکەیە و نزیکەی (73%) دانیشتوانی ناحیەکەی پێکهێناوە، کەمترینیان دەکەوێتە سەنتەری قەزا کە (17) نشینگە و نزیکەی لە (74%) کۆی نشینگەی پێکهێناوە و دانشتوانیان (1275) کەس بووە و زیاتر (34%) کۆی دانیشتوانی لەخۆگرتووە. بەڵام ڕێژەی گوند و دانیشتوانی ناو ئەم دەستەیە لە ناحیەی (سیوەیل، سیتەک، گاپیلۆن) کە هەریەکەیان یەک بە دوای یەک (93.4%) و (69.7%) و (60%) بووە.

خشتەی (19)

دابەشبوونی قەبارە و ڕێژەی نشینگە گوندییەکان بەپێی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)

| 2019 | | | | 2002 | | | | 1977 | | | | 1957 | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژە% | ژ/ دانیشتوان | ڕێژە% | ژ/ گوند | ڕێژە% | ژ/ دانیشتوان | ڕێژە% | ژ/ گوند | ڕێژە% | ژ/ دانیشتوان | ڕێژە% | ژ/ گوند | ڕێژە% | ژ/ دانیشتوان | ڕێژە% | ژ/ گوند | **یەکە کارگێڕییەکان** |
| | | | | | | | | | | | | | | | | **سەنتەری قەزا** |
| 34.2 | 1275 | 73.9 | 17 | 22.8 | 2585 | 59.8 | 64 | 17.1 | 2339 | 45.9 | 39 | 27.7 | 2674 | 58 | 47 | کەمترلە100 |
| - | - | - | - | 37.9 | 4286 | 27.1 | 29 | 28.7 | 3926 | 30.5 | 26 | 31.4 | 3036 | 24.7 | 20 | 200-100 |
| 41.2 | 1537 | 21.7 | 5 | 34.8 | 3945 | 12.1 | 13 | 36.3 | 4964 | 20.1 | 17 | 40.9 | 3950 | 17.3 | 14 | 500-201 |
| 24.6 | 916 | 4.4 | 1 | 4.5 | 504 | 1 | 1 | 17.9 | 2439 | 3.5 | 3 | - | - | - | - | 1000-501 |
| - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | 1001کەس زیاتر |
| 100 | 3728 | 100 | 23 | 100 | 11320 | 100 | 107 | 100 | 13668 | 100 | 85 | 100 | 9660 | 100 | 81 | **کۆی سەنتەری قەزا** |
| | | | | | | | | | | | | | | | | **ناحیەی ماوەت** |
| - | - | - | - | 19.7 | 2615 | 64 | 57 | 11.5 | 1690 | 48.7 | 38 | 10.2 | 1152 | 35.8 | 21 | کەمترلە100 |
| - | - | - | - | 16.4 | 2175 | 16.9 | 15 | 18.4 | 2669 | 23.1 | 18 | 16 | 1805 | 22.8 | 13 | 200-100 |
| - | - | - | - | 17.2 | 2287 | 9 | 8 | 38.5 | 5643 | 20.5 | 16 | 47.6 | 5372 | 31.7 | 18 | 500-201 |
| - | - | - | - | 46.7 | 6185 | 10.1 | 9 | 16.8 | 2464 | 5.1 | 4 | 26.2 | 2956 | 8.8 | 5 | 1000-501 |
| - | - | - | - | - | - | - | - | 14.8 | 2191 | 2.6 | 2 | - | - | - | - | 1001کەس زیاتر |
| _ | _ | _ | _ | 100 | 13262 | 100 | 89 | 100 | 14657 | 100 | 78 | 100 | 11285 | 100 | 57 | **کۆی ناحیە** |
| | | | | | | | | | | | | | | | | **ناحیەی سرۆچک** |
| - | - | - | - | 12.9 | 668 | 45.5 | 15 | 13.3 | 1398 | 45.9 | 28 | 17.4 | 1403 | 50.9 | 29 | کەمترلە 100 |
| - | - | - | - | 23.1 | 1189 | 24.2 | 8 | 20.5 | 2155 | 24.6 | 15 | 31.4 | 2539 | 31.6 | 18 | 200-100 |
| - | - | - | - | 54.2 | 2795 | 27.3 | 9 | 42.3 | 4450 | 24.6 | 15 | 23.8 | 1927 | 12.3 | 7 | 500-201 |
| - | - | - | - | 9.8 | 507 | 3 | 1 | 13.9 | 1458 | 3.3 | 2 | 27.4 | 2211 | 5.2 | 3 | 1000-501 |
| - | - | - | - | - | - | - | - | 10 | 1057 | 1.6 | 1 | - | - | - | - | 1001کەس زیاتر |
| - | - | - | - | 100 | 5159 | 100 | 33 | 100 | 10518 | 100 | 61 | 100 | 8080 | 100 | 57 | **کۆی ناحیە** |
| | | | | | | | | | | | | | | | | **ناحیەی سیوەیل** |
| 65 | 1728 | 93.4 | 28 | 23.1 | 1760 | 64.9 | 48 | 14.7 | 1542 | 52.9 | 37 | 14.1 | 1271 | 51 | 33 | کەمتر 100 |
| 13.5 | 364 | 3.3 | 1 | 32.7 | 2488 | 23 | 17 | 17.7 | 1863 | 18.6 | 16 | 23.7 | 2137 | 21.5 | 14 | 200-100 |
| 21.5 | 573 | 3.3 | 1 | 37 | 2822 | 10.8 | 8 | 43.6 | 4593 | 22.8 | 13 | 56.5 | 5077 | 26.2 | 17 | 500-201 |
| - | - | - | - | 7.2 | 551 | 1.3 | 1 | 24 | 2531 | 5.7 | 4 | 5.7 | 513 | 1.3 | 1 | 1000-501 |
| - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | 1001کەس زیاتر |
| 100 | 2665 | 100 | 30 | 100 | 7621 | 100 | 74 | 100 | 10529 | 100 | 70 | 100 | 8998 | 100 | 65 | **کۆی ناحیە** |
| | | | | | | | | | | | | | | | | **ناحیەی سیتەک** |

| | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمترلە 100 | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | 23 | 69.7 | 1016 | 26 |
| 200-100 | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | 5 | 15.2 | 1223 | 31.3 |
| 500-201 | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | 4 | 12.1 | 567 | 14.5 |
| 1000-501 | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| 1001کەس زیاتر | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | 1 | 3 | 1103 | 28.2 |
| **کۆی ناحیە** | _ | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | 33 | 100 | 3909 | 100 |
| **ناحیەی زەلان** | | | | | | | | | | | | | | | | |
| کەمتر 100 | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | 30 | 91 | 1246 | 72.7 |
| 200-100 | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | 3 | 9 | 469 | 27.3 |
| 500-201 | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| 1000-501 | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| 1001کەس زیاتر | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| **کۆی ناحیە** | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | 33 | 100 | 1715 | 100 |
| **ناحیەی گاپیلۆن** | | | | | | | | | | | | | | | | |
| کەمتر 100 | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | 12 | 60 | 743 | 19.8 |
| 200-100 | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | 4 | 20 | 672 | 17.7 |
| 500-201 | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | 3 | 15 | 1180 | 31.4 |
| 1000-501 | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | 1 | 5 | 1166 | 31.1 |
| 1001کەس زیاتر | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| **کۆی ناحیە** | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | 20 | 100 | 3761 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستە بە سەرچاوەکانی خشتەی (17)

**دەستەی دووەم** 100-200 **کەس**:

1. ئەو نشینگە گوندییانەی کەوتوونەتە ناو ئەم دەستەیە لە ساڵی (1957)دا زۆرترینیان دەکەوێتە سەنتەری قەزا (چوارتا)، بە جۆرێک (20) گوند و نزیکەی لە (25%) نشینگەی ناوەند و دانیشتوانی (3036) کەسە و زیاتر (31%) دانیشتوانی ناوەندی لەخۆگرتووە، کەمترینیان دەکەوێتە ناحیەی ماوەت کە (13) گوند و نزیکەی لە (23%) کۆی نشینگەکان و دانیشتوانی (1805) کەسە و ڕێژەی لە (16%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەی پێکهێناوە.
2. سەنتەری قەزا (چوارتا) لە ساڵی (1977)دا قەبارەی گوند و دانیشتوان زیادیکردووە بۆ (26) گوند و زیاتر (31%) کۆی نشینگە و نزیکەی (29%) دانیشتوانی سەنتەری قەزای پێکهێناوە، کەمترینیان دەکەوێتە ناحیەی سرۆچک کە (15) گوند و نزیکەی (25%) نشینگەی ناحیەکە و دانیشتوانیان (2155) کەسە و زیاتر (20%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەی لەخۆگرتووە.
3. لە ساڵی (2002)دا سەنتەری قەزا (29) گوند و زیاتر لە (27%) کۆی نشنیگەکان و نزیکەی (38%) دانیشتوانی لەخۆگرتووە، کەمترین نشینگەکانی ناو ئەم دەستەیە کەوتوونەتە ناحیەی (سرۆچک) کە (8) گوند و زیاتر (24%) کۆی نشینگەی ناحیەکە و دانیشتوانیان (1189) کەس بووە و زیاتر (23) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەی لەخۆگرتووە.
4. لە ساڵی (2019) زۆرترین نشینگە گوندییەکانی ئەم دەستەیە دەکەونە ناحیەی سیتەک کە (5) گوند و ڕێژەی لە (15%) کۆی نشینگەکانی ناحیەکە و زیاتر (31%) دانیشتوانی ناحیەکەی پێکهێناوە،

کەمترینیان کەوتوونەتە ناحیەی سیوەیل کە (1) گوند و زیاتر (3%) کۆی نشینگەی ناحیەکە و دانیشتوانیان (364) کەس بووە و نزیکەی (14%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەی پێکهێناوە. هەروەها ڕێژەی نشینگە و دانیشتوانی ناحیەکانی (زەلان، گاپیلۆن) یەک بە دوای یەک ریژەی (9%) و (20%) کۆی نشینگە و دانیشتوانیان (469) و (672) کەس بووە و ڕێژەی (27.3%) و (17.7%) کۆی دانیشتوانیان پێکهێناوە، هۆکاری ئەم کەمبوونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە کارگێڕییەی کە لەقەزاکەدا ڕوویداوە و زیادبوونی ژمارەی نشینگە و دانیشتوانیان لە دەستەی قەبارە بچووک. بەڵام سەنتەری قەزا ئەم دەستەیەی لەخۆنەگرتووە.

**دەستەی سێیەم 201-500 کەس**

1. لە ساڵی (1957)دا ئەو نشینگە گوندییانەی کەوتوونەتە ناو ئەم دەستەیەوە زۆرترینیان دەکەونە ناحیەی ماوەت کە (18) گوند و نزیکەی (32%) کۆی نشینگە و نزیکەی لە (48%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەی پێکهێناوە، کەمترینیان دەکەوێتە ناحیەی سرۆچک کە (7) گوند و زیاتر لە (12%) کۆی نشینگەکان و دانیشتوانیان (1927) کەس بووە و نزیکەی لە (24%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەی لەخۆگرتووە.
2. لە ساڵی (1977)دا سەنتەری قەزا لە پلەی یەکەمدا بووە، کە (17)گوند و زیاتر (20%) کۆی نشینگە و دانیشتوانی (4964) کەسە و زیاتر (36%) کۆی دانیشتوانی پێکهێناوە، کەمترینیان کەوتوونەتە ناحیەی سیوەیل کە (13) گوند و نزیکەی (23%) کۆی نشینگە و دانشتوانیان (4593) کەسە و نزیکەی (44%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکە بووە.
3. سەنتەری قەزا لە ساڵی (2002)دا زۆرترینی ئەم دەستەیە بووە، کە (13) نشینگە و زیاتر (12%) نشینگە و نزیکەی (35%) دانیشتوانی ناوەند لەخۆگرتووە، کەمترینیان کەوتوونەتە ناحیەکانی ماوەت و سیوەیل هەریەکەیان (8) گوند و ڕێژەی (9%) و (10.8%) کۆی نشینگەکانی ناحیەکە و ڕێژەی دانیشتوان (17.2%) و (37%) کۆی دانیشتوانی ئەم یەکەیان لەخۆگرتووە.
4. لە ساڵی (2019)دا کەمترین نشینگەکانی ناو ئەم دەستەیە کەوتوونەتە ناحیەی سیوەیل کە (1) گوند و زیاتر (3%) نشینگەی ناحیەکە و دانیشتوانی (573) کەس بووە و نزیکەی (22%) دانیشتوانی ناحیەکەی پێکهێناوە، زۆرترینیان کەوتوونەتە سەنتەری قەزا کە (5) گوند و نزیکەی (22%) کۆی نشینگەی ناوەند بووە و زیاتر (41%) کۆی دانیشتوانی ئەم ناوەندی لەخۆگرتووە. بەڵام هەریەک لە ناحیەکانی سیتەک وگاپیلۆن یەک بە دوای یەکدا ڕێژەی (12.1%) و (15%) کۆی نشینگەکانی ناحیەکەیان پێکهێناوە و ژمارەی دانیشتوانیان (567) و (1180) کەسە و ڕێژەی (14.5%) و (31.4%) دانیشتوانی ناحیەکەیان لەخۆگرتووە. سەبارەت بە ناحیەی زەلان ئەم دەستەیەی لەخۆنەگرتووە.

**دەستەی چوارەم 501-1000 کەس**

1. ئەو نشینگە گوندییانەی کەوتوونەتە نێو ئەم دەستەیە لە ساڵی (1957)دا زۆرترینیان لە ناحیەی ماوەت بووە، کە (5) گوند و نزیکەی لە (9%) کۆی نشینگە و زیاتر (26%) دانیشتوانی ناحیەکەی پێکهێناوە، کەمترینیان دەکەوێتە ناحیەی سیوەیل کە (1) گوند و زیاتر (1%) کۆی نشینگەکان و دانیشتوانیان (513) کەس بووە و نزیکەی (6%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەی لەخۆگرتووە.
2. لە ساڵی (1977)دا ناحیەی ماوەت و سیوەیل پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، کە هەریەکەیان (4) گوند و یەک بە دوای یەکدا ڕێژەی (5.1%) و (5.7%) کۆی نشینگەکانی ناحیەکە و ڕێژەی (16.8%) و (24%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەیان لەخۆگرتووە، کەمترینیان کەوتوونەتە ناحیەی سرۆچک کە (2) گوند و زیاتر (3%) کۆی نشینگەی ناحیەکە و دانشتوانی (1458) کەسە و نزیکەی (14%) کۆی دانیشتوانی پێکهێناوە.
3. زۆرترین نشینگەکانی ناو ئەم دەستە لە ساڵی (2002)دا دەکەوێتە ناحیەی ماوەت کە (9) گوند و زیاتر (10%) کۆی نشینگەکانی ناحیەکە و نزیکەی لە (47%) دانیشتوانی لەخۆگرتووە، کەمترنیان کەوتوونەتە سەنتەری قەزا و ناحیەکانی سرۆچک و سیوەیل کە (1) گوند و ڕێژەی (1%) و (3%) کۆی نشینگەکانی ناحیەکەیان پێکهێناوە و دانیشتوانەکەیان (504) و(507) و(551) کەس بووە و هەریەکەیان ڕێژەی (4.5%) و(9.8%) و (7.2%) کۆی دانیشتوانیان لەخۆگرتووە.
4. لە ساڵی (2019)دا هەریەک لە سەنتەری قەزا و ناحیەی گاپیلۆن نشینگەکانی ئەم دەستەیان پێکهیناوە هەریەکەیان (1) گوند و ڕێژەی (4.4%) و (5%) کۆی نشینگەکانی ناحیەکە و دانشتوانەکەیان (916) و (1166) کەس بووە و ڕێژەی (24.6%) و (31.1%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەیان لەخۆگرتووە. بەڵام ناحیەکانی سیوەیل و سیتەک و زەلان هیچ نشینگەیان لەخۆنەگرتووە.

**دەستەی پێنجەم 1001 کەس زیاتر**


1. ئەو نشینگانەی کەوتوونەتە ناو ئەم دەستەیە تەنها لە ساڵی (1977)دا ناحیەی ماوەت کە (2) گوند و نزیکەی (3%) کۆی نشینگە و نزیکەی (15%) کۆی دانیشتوانی پێکهیناوە، کەمترینی دەکەوێتە ناحیەی سرۆچک (1) گوند و نزیکەی (2%) کۆی نشینگە و دانشتوانی (1057) کەسە و ڕێژەی (10%) دانشتوانی ناحیەکەی لەخۆگرتووە. بەڵام هەریەک لە سەنتەری قەزا و ناحیەی سیوەیل ئەم دەستەیان لەخۆنەگرتووە.
2. لە ساڵی (2019)دا نشینگەکانی ئەم دەستەیە دەکەونە ناحیەی سیتەک کە (1) گوند و زیاتر (12%) کۆی نشینگەی ناحیەکە و دانیشتوانی (1103) کەسە و زیاتر لە (23%) دانیشتوانی ناحیەکەی لەخۆگرتووە. بەڵام ناحیەکانی تری ناوچەی لێکۆڵینەوە، هیچ نشینگەیەکیان لەخۆنەگرتووە سەبارەت بەم دەستەیە، هۆکاری کەمبوونی نشینگە گوندییەکان لەم دەستەیەدا دەگەڕیتەوە بۆ سروشتی

ناوچەی شاخاوی و  دیاردەی کۆچ و جیابوونەوەی گوندەکان بۆ چەند گوندێک بۆ نموونە گوندێک بووە بە دوو گوند یان زیاتر.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەکرێت بڵێن نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا گۆڕانکاریی بەسەر دەستەی قەبارەیاندا هاتووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکاریی ڕامیاری و دیمۆگرافی و کارگێڕی لە ناوچەکە. هەروەها سروشتی تۆبۆگرافیای ناچەکە کاریگەری لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی ترو لە شوێنکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاواز بووە، بە شێوەیەک تاوەکو بەرەو بەشەکانی ناوەڕاست و باشور و باکوری خۆرئاوای قەزاکە بڕۆین دەستەی قەبارە مامناوەند و گەورەکان زیاتر بەرچاو دەکەون، ئەمەش بەهۆی بوونی دەرامەتی ئاوی وایکردووە گەورە بێت، لەلایەکیترەوە فاکتەری ڕامیاری بەرپرسیارەکە گوندەکانی ناوچەی شاخاوی (قەزای شارباژێڕ) لە حەفتاکان و هەشتاکاندا ڕاگوێزراون، ئەمەش وایکردووە گوندەکانی بەشی باشوری ناوچەی لێکۆڵینەوە بەرەو دەستەی قەبارە گەورە بڕۆن، کەچی بەشەکانی باکورو باشوری قەزاکە دەستەی قەبارە بچووکیان لەخۆگرتووە، ئەمەش بەهۆی سروشتی تۆبۆگرافیای ناوچەکە بەکارهێنانی ئاسان نییە. هەروەها قەبارەی نشینگە گوندییەکان کەمیکردووە لە (260) گوندەوە بووە بە (139) گوندی ئاوەدان، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە کارگێڕییانەوە بووە کە بەسەر قەزاکەدا هاتووە.


نەخشەی(18)

**دابەشبوونی نشینگە گوندییەکان قەزای شارباژێڕ بەپێی قەبارەی دانیشتوانیان لەسەر ئاستی قەزا و یەکە کارگێڕییەکانی لە ساڵی (1957)دا**




نەخشەی (19)


**دابەشبوونی نشینگە گوندییەکان قەزای شارباژێڕ بەپێی قەبارەی دانیشتوانیان لەسەر ئاستی قەزا و یەکە کارگێڕییەکانی لە ساڵی (1977)دا**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (19)


نەخشەی(20)

**دابەشبوونی نشینگە گوندییەکان قەزای شارباژێر بەپێی قەبارەی دانیشتوانیان**
**لەسەر ئاستی قەزا و یەکە کارگێڕییەکانی لە ساڵی (2002)دا**




نەخشەی (21)


**دابەشبوونی نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێر بەپێی قەبارەی دانیشتوانیان**
**لەسەر ئاستی قەزا و یەکە کارگێڕییەکانی لە ساڵی (2019)دا**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (19)

نەخشەی (22)

**دابەشبوونی نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێر بەپێی دەستەی قەبارەیان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی لە ساڵی (2019)دا**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی (19)

**سێیەم: شێوازی دابەشبوونی دانیشتوانی نشینگە دێهاتیەکان:**

بەر لەوەی باس لە شێوازەکانی دابەشبوون بکەین، پێویستە لێرەدا ئاماژە بە چەمکی (شێواز، تەرز، النمط*، Pattern) بکەین کە زۆرجار لە لێکۆڵینەوە زانستیەکاندا بەکاردەهێنریت، بۆ گوزارشتکردن لەسەر شێوازی دابەشبوون، لای جوگرافی ناسەکان بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی شێوە و تەرزی نشینگەی دێهاتەکان پشت بە یەکێک لەم ڕێگایانە ئەبەستن، کە بەهۆی دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی سەر رووی زەوی پێ ڕێک ئەخرێت[1].

1. سەرنج و تێبینکردنی ڕاستەوخۆی توێژەر لە ڕێگەی سەردانی مەیدانی بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە.
2. شیکردنەوە یاخود بەکارهێنانی ڕێگای ئامارییەکان، کە بە دەرکردنی ئامانجەکان دەکرێت ئەو شێوازە دەستنیشان بکرێت کە دانیشتوانەکەی لەسەر دابەشبووە، واتە شیکردنەوەی ئامارەکانی پەیوەست بە ناوچەی لێکۆڵینەوەی[2].
3. بەکارهێنانی نەخشەکانی دابەشبوونی دانیشتوان.

ئێستا پێوەری (ئاماری و بیرکاری)یش خراوەتەڕوو بۆ خزمەتی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە، تا یارمەتیمان بدات لە دۆزینەوەی تەرزی دابەشبوونی گوندەکان کە گرنگترینیان ئەو پێوەرە ئامارییە کە بە پێوەری (هاوکۆلکەی پەرتبوون- معامل التشتت) ناودەبرێت*، پێی دەوترێت (یاسای دیمانجۆن) کە بەهۆیەوە دەتوانرێت شێوە و تەرزی دابەشبوونی جوگرافی نشینگەی دیهاتیەکان بدۆزرێتەوە[3].

---

* (شێواز-تەرز- النمط- pattern): زاراوەیەکە لە چەمکی و زانستی جوگرافییەدا، بەکاردەهێنرێ بۆ دەرخستنی شێوەی دابەشبوون و بڵاوبونەوەی توخمە جوگرافییەکان لەسەر ڕوی زەوی و شێوازی لێکۆڵینەوە و دەرخستنی قەبارەی و شێوەو دابەشبوونی نشینگەکان بەپێ شوێنی جوگرافیان، یان ئەو سیستەمەیە کە توخمێک لە چۆنیەتی و دابەشبوون و بڵاوبونەوەیدا ئەیگرێتەبەر لەسەر رووی زەوی، هەرێم و ناوچە و کەرت و پشتێنەکاندا. سەرچاوە:

أ_ مازن عبدالرحمان الهيتي، جغرافية الريف، الطبعة الاول، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان، 2013، ص 131_138.

ب_ إسرا جمال كاظم العبيدي، الاستثمار الامكانيات الجغرافية للتنمية الريفية في القضاء الخضر، أطروحة دكتوراة (غير منشورة)، جامعة المثني، كلية التربية للعلوم الانيسانية، قسم الجغرافية، 2018، ص157.

[1] بۆ زانیاری زیاتر : أ- جمال عبد منديل عيدان، الاســـتيطان الريفي في قضـــاء بعقوبة، دراســـة في جغرافية الريف، رســـالة ماجستير، كلية التربية للعلوم الإنسانية، جامعة ديالى، 2012، ص70.

ب - سماح ابراهيم شمخي الاسدي، تحليل جغرافي للمستقرات الريفية في ناحية المدحتية في محافظة بابل، المصدر السابق ص118.

[2] محمد عبدالله عمر، التحليل الجغرافي الأستيطان الريفي في إقليم كردستان العراق، المصدر السابق، ص40.

* هاوکۆلکەی پەرتبوون: بریتیە لە ڕێژەی نێوان دانیشتوانی گوندنشین لە یەکەیەکی کارگێری بۆ کۆی ژمارەی دانیشتوانی هەمان یەکە و لێکدانی بە ژمارەی نیشینگە دێهاتیەکانی سەر بەو یەکە کارگێرییە. بۆزانیاری زیاتر: چنار محمود إبراهيم، دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای پشدەرو ڕەهەندەکانی پەرەپێدان (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دێ نشینی)، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین، 2021، ل59.

[3] محمد عەبدوڵڵاو عمر لهۆنی، دابەشبوونی جوگرافیایی دانیشتوان و نشیگە لادێییەکانی پارێزگای هەولێر، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە2، ساڵی پانزەهەم، ئابی 2007، ل33.

دوای جێبەجێکردنی یاسای و سەردانی ڕاستەوخۆی توێژەر بۆ ناوچەکە، کە سەردانی زۆربەی بەشەکانی ناوچەکەی کردووە، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەی دانیشتوانەکەی، دەردەکەوێت نشینگەکان قەبارەی جیاواز بەسەر بەشەکانی قەزاکەدا شێوازی کۆبۆوە و بڵاوبوونەوەیان وەرگرتووە، زاڵبوونی ئەم دوو شێوازە بە هەڕەمەکی نەبووە، بەڵکو هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان ڕۆڵی دیارییان هەبووە لە پێدانی ئەم شێوازە، لەوانە تۆبۆگرافیای ناوچەکە و سیستەمی باران بارین، کە ڕۆڵی هەبووە لە شێوازی کشتوکاڵ و کۆبوونەوەی دانیشتوان لە دەوری سەرچاوە ئاوییەکان، هۆکارە مرۆییەکانیش ڕۆڵیان هەبووە لەسەر ئەم شێوازی دابەشبوونە وەکو هۆکاری ڕامیاری و خزمەتگوزاری. بۆیە لێرەدا پشت بەست بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەرتبوون، بە مەبەستی شێوازەکانی دابەشبوونی نشینگەکان. خشتەی (20) .

خشتەی (20)

ژمارەی دانیشتوان و نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ بەپێی یەکە کارگێڕییەکان و هاوکۆلکەی پەرتبوون لەساڵی (2019)دا

| یەکە کارگێڕییەکان | ژ/دانیشتوان/ کەس | ژ/ دانیشتوانی گوندنشین/ کەس | ژ/ نیشنگە گوندییەکان | هاوکۆلکەی پەرتبوون |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | 9935 | 3728 | 23 | 8.6 |
| ناحییەی سیوەیل | 2883 | 2665 | 30 | 27.7 |
| ناحییەی سیتەک | 4522 | 3909 | 33 | 28.5 |
| ناحییەی زەلان | 1907 | 1715 | 33 | 30 |
| ناحییەی گاپیلۆن | 4301 | 3761 | 20 | 17.5 |
| کۆی قەزا | 23548 | 15778 | 139 | 93.1 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پست بەست بە پاشکۆی (7)

1. **شێوازی دابەشبوونی کۆبووەوە**[*]:

ئەم شێوازە بە کۆنترین شێوازی دابەشبوونی دێهات دادەنرێت، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی سێیەم. هۆکاری سەرەکی دابەشبوونەکە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان، وەکو بەکارهینانی زەوی کشتوکاڵی و دەرامەتی ئاوی و هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی[1]. نموونەی ئەم شێوازە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لە سەنتەری قەزا و ناحیەکانی (سیوەیل، سیتەک، گاپیلۆن) بەدی دەکرێت، بە شێوەیەک نشینگەکان بە کۆمەڵەی ڕێک یان ناڕێکن، بەڵام دراوسێی یەکتر و نزیکن لە یەکتر لە ناوچەکەدا کۆبوونەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو نشینگانەی

---

[*] شێوازی کۆبووەوە ( النمط المتجمع) : ئەم شێوازە پێوەرەکەی کەمتر لە (30)یە، دووەم شێوازی بڵاوبۆوە ( النمط المنتشر)، پێوەرەکەی لە نێوان (30-100) دایە، شێوازی پەرشوبڵاو (100) زیاترە. سەرچاوە : هێرۆ عمر سالح، شیکردنەوەی جوگرافی دابەشبوونی نیشینگە دێهاتییەکانی لە قەزای هەڵەبجەی شەهید، سەرچاوەی پێشوو، ل105.

[1] خلیل إسماعیل محمد و ئەیوب خلیل إسماعیل، جوگرافیای دێ نشینی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2002، ل62.

دەکەونە ئەو یەکانەوە بە زۆری ژمارەی دانیشتوان و کەمی رووبەر دەناسرێت[1]، بەمەش چڕی دانیشتوان لەم یەکانەدا بە بەراورد بەیەکەکانی تری قەزاکە بە دەردەکەویت، دەرکەوتنی ئەم شێوازە دەگەڕیتەوە بۆ فاکتەرە سروشتیەکان کە خۆی لە سروشتی تۆبۆگرافیای ناوچەکە دەبنێتەوە. هەروەها دەوڵەمەندی ناوچەکە بە دەرامەتی ئاوی و رووبەری زەوی شیاو بۆ کشتوکاڵکردن کە پشت بە باران و ئاوی ژێر زەوی دەبەستێت بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری قەزاکە، هەموو ئەمانە رۆڵی گرنگیان لە کۆبوونەوەی دانیشتوان و لێکنزیکبوونی نشینگەکان هەیە. بەپێی بەهای هاوکۆلکەی پەرتبوون بۆ هەرچوار ناحیەی ناوبراو یەک بە دوای یەک (8.6، 27.7، 28.5، 17.5) بووە.

2. **شێوازی دابەشبوونی بڵاوەوبوو**:

لەم شێوازەدا نشینگەی دێهاتەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و ناسیستەمی بڵاوبوونەتەوە لەسەر رووبەرێکی بەرفراوانی زەوی، هەروەها ئەم شێوازەی گوند زیاتر لە دەوری لق و رووبارەکاندا دەبینرێت و نشینگەکانی ئەم شێوازە بە بەرفراوانی رووبەر و کەمی نشینگە دەناسرێن، بۆیە چڕی دانیشتوان لە تەواوی ناوچەکانی تر کەمترە، نموونەی ئەم شێوازە دابەشبوون لە ناوچەکەدا دەرکەوتووە ئەویش لە ناحیەی (زەلان)، بە جۆرێک بەهای هاوکۆلکەی پەرتبوون لە ناحیەکە (30)، ئەم بەهایەش ئاماژەیەکی دیارە بۆ شێوازی بڵاوبوو ئەم یەکەیە، ئەمەش پەیوەندی بە سروشتی تۆبۆگرافیای ناوچەکەوەیە و ئەو شوینانەی لێژییان زۆرە زەوی تەختی کەمە و دیاریکراوە، ئەمەش بۆتە هۆی لێکدابڕانی زەوییە کشتوکاڵیەکان، دواجار بۆتە هۆی وەرگرتنی ئەم شێوازە. هەروەها بوونی سەرچاوەی ئاوی هۆکارێکی تری گردبوونەوەی دانیشتوانە، بۆیە زۆربەی گوندەکان لەو شوێنانەدا کۆبوونەتەوە کە دەرامەتی ئاوی تیدایە بۆ ئەنجامدانی چالاکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین دابەشبوونی قەبارەی نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019) بەرزبوونەوە نزمبوونەوەی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان جیاواز بووە، ئەو جیاوازیەش کاریگەری بەرچاوی بۆ سەر ڕێژەی هەریەک لە رووبەر و دانیشتوان بەجێهێشتوە. هەروەها لە رووی شێوازی دابەشبوونی نشینگەکان (تەرزی کۆبۆوە) پێکهێناوە لەگەڵ بوونی شێوازی دیکە لەنێو قەزاکەدا، ئەم جیاوازیە لە دابەشبوونی نشینگەکان ئەنجامی کاریگەری فاکتەری سروشتی و مرۆیین.

[1] إبراهيم جاسم محمد حمد الفهداوي، ستراتيجيات التنمية الريفية في القضاء الحبانية، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة الانبار،2021، ص 114.

**باسی سێیەم: پێکهاتەی دانیشتوان:**

چەمکی پێکهاتەی دانیشتوان ئاماژە بە تایبەتمەندییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دیمۆگرافی دانیشتوان دەکات، کە دەتوانرێت پۆلێن بکرێن لە داتاکانی سەرژمێری و ئامارە گرنگەکان بەدەست بهێنرێت[1]، لەم ڕوانگەیەوە جوگرافیا شیکردنەوە بۆ پێکهاتەی دانیشتوان دەکات بۆ ئەوەی سروشتی جیاوازی و بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی نێوان پێکهاتەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە و کاریگەرییان لەسەر کرداری پەرەپێدانی لادێیی ئاشکرا بکات[2].

لەبەرئەوە بە یەکێک لە گرنگترین ئەو بنەمایانە دادەنرێت کە ناکرێت دەست بەرداری بین لە پێناو گەیشتن بە دانانی ڕێبازی سیاسەتی پەرەپێدان لەسەر بنەمای پلان دانانی ئێستا و داهاتوو بەو پێیەی کە گرنگیەکی زۆری هەیە لە توێژینەوە زانستییەکاندا، چونکە گۆڕانکاری لە پێکهاتەی دانیشتوان لە ماوەیەکی دیارکراودا دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و سەربازی دانیشتوان[3].

هەروەها دانیشتوان ڕۆڵێکی بەرچاو دەبنێت لە پرۆسەی گەشتیاری و خستنەڕوو و داواکاری گەشتوگوزاری، ڕۆڵی دانیشتوان لە گەشتوگوزاردا پەیوەستە بە سروشت و پێکهاتەی ئەو کەسانەی بەشداری دەکەن لەم چالاکییەدا[4]. هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە باس لە گرنگترین شێوازە سەرەکیەکانی پێکهاتەی دانیشتوان ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەین. بەمشێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم : پێکهاتەی جۆری (ڕەگەزی):**

مەبەست لەم پێکهاتەیە دابەشبوونی دانیشتوانە بەپێی ڕەگەزی (نێر و مێ)، کە بریتییە لەو پێکهاتەیە کە دوو ڕەگەز لەخۆدەگرێت، ئەم جۆرە بە گرنگترین ڕەگەزەکانی دانیشتوان دادەنرێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لێکۆڵینەوەکانی دانیشتوان دەریدەخەن کە پێویستە لە کاتی لێکۆڵینەوە هەر ناوچەیەک یان هەرێمێک ژمارەی نێر و مێ دەستنیشان بکرێت و ڕێژە و جیاوازی و ژمارەی نێوانیان بزانرێت، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر جۆری کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان و کۆی هێزی کارو ڕێژەی لەدایکبوون و مردن و هاوسەرگیری و کۆچکردن و دابەشبوونی پیشەیی هەبێت[5].

---

[1] أركان ناهي موسى المشعلاوي، تحليل الجغرافي الامكانات التنمية الريفية في القضاء الرميثة(دراسة في جغرافية التنمية باستخدام GIS)، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة ذي قار، 2016، 94.

[2] شهلاء أياد عبيد عفتان الدليمي، لمقومات التنمية الريفية في قضاء هيت، رسالة ماجستير، (غير منشورة)، كلية التربية للنبات، جامعة الأنبار، 2019، ص100.

[3] عبد العالي حبيب حسين الركابي، تحليل الجغرافي لخصائص التركيب السكاني في المدينة الشطرة، مجلة آلاداب ذي قار، العددة 5، المجلدة 2، 2012، ص 256.

[4] بحري سالم فتاح الصفار، التباين المكاني التنمية السياحية وواقعها في محافظة اربيل(دراسة في الجغرافية السياحية)، المصدر السابق ص95.

[5] حسين علوي الناصر الزيادي، تباين خصائص السكان المؤشرات التنموية في مملكة البحرين للمدة (1991-2001) وآفاقها المستقبلة، أطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة بغداد، 2008، ص121.

هەروەها پێکهاتەی جۆری بریتییە لە ژمارەی نێر بەرامبەرە هەر (100) مێیەک، لە رووی زانستیەوە دەرکەتووە کە ڕێژەی لەدایکبوونی نێر زیاترە لە ڕێژەی لە دایکبوونی مێ، بە جۆرێک لە زۆربەی کاتدا بۆ هەر (100) مێ بەرامبەر (105) نێرە، لە کاتێکدا لەوانەیە ئەو ڕێژەیە بەرامبەر بێتەوە بۆ (107) یاخود هەندێکجار دادەبەزێت بۆ (102)، کەواتە بەشێوەیەکی گشتی لە دەوروبەری هەر (105) نێر بۆ هەر (100) مێیەک دەسوڕێتەوە، ئەم ڕێژەی جۆرە دەگۆڕێت لە کۆمەڵگاکانی دانیشتواندا بەهۆی جیاوازی ڕێژەی لە دایکبوون و مردنی ڕەگەزی و کۆچ و جەنگەوە[1]. کەواتە پێکهاتەی جۆری دانیشتوان گرنگە، چونکە ئەم پێکهاتەیە کاریگەری لەسەر ژمارەی لە دایکبوون و مردن و هاوسەگیری و کۆچکردن هەیە[2].

سەبارەت بە پێکهاتەی جۆری لە قەزای شارباژێڕ جیاوازیەکی روون لە ڕێژەی جۆری ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێت، بە جۆرێک لە ماوەی نێوان ساڵانی (1977-2019)دا، گۆڕانکاریی بەرچاو بەسەر پێکهاتەی ڕەگەزی دا هاتووە، خشتەی (21) و شێوەی (8).

1. بەشێوەیەک لە ساڵی (1977)دا ڕێژەی جۆری نێرینە نزیکەی (129) بۆ هەر (100) مێیەک، ئەمەش بەرزترین ڕێژەی جۆرییە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بە درێژایی ئەو ماوەیە، ئەم ڕێژەیەش زۆر بەرزو نائاساییە، بەهۆی بارودۆخی نائارامی و ئاسایشی هەرێم بە گشتی و ناوچەی لیکۆڵینەوە بە تایبەتی، لەو ماوەیەدا بەشێکی زۆری دانیشتوانی فەرمانبەر بوون بە تایبەتی و فەرمانبەری ئاسایشی ناوخۆ بوون، هەروەها سوپای عێراق نیشتەجێبوون لەناوچەکەدا، بەهۆی ئەوەی ناوچەکە سنوری نێوان ئێران و عێراقە، لە کاتێکدا لەهەمان ماوەدا لە پارێزگای سلێمانی ڕێژەی جۆری (115) نێر بۆ هەر (100) مێ، بە هەمان شێوە لە پارێزگادا ڕێژەکە بەرزترین ڕێژە بووە بە درێژای ئەو ماوەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئارامی بارودۆخی سیاسی لەلایەک، لەلایەکیتریشەوە پەیوەندی بە سەرژمێری ساڵی (1977) هەیە، چونکە لەکاتی ئەنجامدانی ئەم سەرژمێرییەدا بەشێکی زۆری سوپا و ئەوانەی لە دامودەزگای ئاسایش و هێزە ئەمنییەکان کاریان کردووە هەموویان لە ڕەگەزی نێر و خەڵکی دەرەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بوون بە دانیشتوانی قەزاکە هەژمارکراون، سەرباری چاکبوونی ڕێژەی کەرتی خزمەتگوزاری تەندروستی لە دەرئەنجامی ئەوەشدا کاری کردۆتە سەر پێکهاتەی جۆری لە قەزاکەدا[3].

---

[1] حسون عبود دعبون الجبوري ، لتحليل المكاني لمؤشرات التنمية البشرية في محافظة القادسية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، جامعة الكوفة، 2014، ص53.

[2] محمد عيسى خضر الخاتوني، الاستيطان الريفي في القضاء تلعفر(دراسة في الجغرافية الريف)، أطروحة دكتوراه، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة تكريت، 2021، ص31.

[3] پشتيوان شفيق احمد، التحويل الديموغرافي و علاقتة بالتنمية الريفية في محافظ السليمانية(اقليم كوردستان العراق)، اطروحة دكتوراة(غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة الاسكندرية، 2015، ص103.

خشتەی (21)

ڕێژەی جۆر[*] لە قەزای شارباژێڕ و پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1977-2019)دا

| ساڵ | قەزا شارباژێڕ | پارێزگای سلێمانی |
|---|---|---|
| 1977 | 128.9 | 115 |
| 1987 | 106.2 | 103 |
| 2002 | 102.5 | 99.5 |
| 2019 | 98.6 | 96 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1. وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة1977 ، لمحافظة السليمانية، المصدر السابق، جدول22، ص335-336.
2. وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة1987 ، لمحافظة السليمانية، المصدر السابق، جدول22، ص81.
3. وزارة التخطيط، مديرية أحصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية الأرتكارية إقليم كردستان العراق لسنة2002 ، المصدرالسابق، (بدون رقم الصحفات).
4. بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی دیمۆگرافی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکان، پوختەی ئاماری دیمۆگرافی و ژمارەی دانیشتوانی (قەزای شارباژێڕ)بەپێی گروپی تەمەن و ڕەگەزو ژینگە، ساڵی(2019)، داتای بڵاونەکراوە، ل21.

2. هەروەها لە ساڵی (1987)دا ڕێژەی جۆری نێرینە کەمیکردووە بۆ (106.2) لەبەرامبەر هەر (100) مێ، لە هەمانکاتدا لە پارێزگاشدا کەمیکردووە بۆ (103) نێر بۆ هەر (100) مێ، هۆی دابەزینی پێکهاتەی جۆری نێرینە بەمشێوە زۆرە لە ماوەی ساڵانی (1977-1987)دا دەگەڕێتەوە بۆ نالەباری بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان بە گشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بە تایبەتی، ئەمە وێڕای وێرانکردنی بەشێکی زۆری گوندەکان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و شاڵاوەکانی ئەنفال و پەیوەندی کردنی بەشێکی زۆری گەنجان (ڕەگەزی نێر) بەڕیزەکانی هیزی پێشمەرگە و کۆچکردنی بەشێکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی بۆ وڵاتی ئێران ئەمە لەلایەک، لە لایەکیترەوە بەشێکی زۆر گەنجەکان لەلایەن کەسوکارییانەوە لەسەرژمێریدا تۆمارنەکراون لەترسی خزمەتی سەربازی، دواتر ئەم فاکتەرانە پێکەوە ئاوێتەبوون و کاردەکەنە سەر کەمبوونەوەی ڕێژەی پێکهاتەی جۆر لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە تایبەتی و لە پارێزگادا بە گشتی، بەو پێیەش قەزای شارباژێڕ هاوسنورە لەگەڵ ئێراندا.

3. بەڵام لە ساڵی (2002)دا جارێکیتر ڕێژەکە لەسەر ئاستی قەزا و پارێزگاش کەمیکرد، بە جۆرێک لە قەزای شارباژێڕ ژمارەی نێرینە نزیکەی (103) لەبەرامبەر هەر (100) مێ، لە پارێزگاشدا کەمیکرد بۆ نزیکەی (100) نێر بۆ هەر (100) مێ، هۆکاری ئەم دابەزینە لەم ماوەیەدا بۆ ئەو بارودۆخە نائاساییەی


[*] ڕێژەی جۆری (ڕەگەز) = کۆی ژمارەی نێر/ کۆی ژمارەی مێ × **100**

سەرچاوە: عطا حمەلاو حمە یوسف، پارێزگای هەڵەبجە لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان(1977-2009)، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، 2015، ل106.

بەسەر دانیشتوانی هەرێمی کوردستان هاتووە، لەوانەش پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانکردن دژی کورد، هەروەها ئەو گەمارۆ ئابوورییەی کە بەسەر هەرێمی کوردستان سەپێنرابوو، واتە ناوچەی لێکۆڵینەوە وەک بەشێک لەهەرێمی کوردستان، کە ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر کۆچکردنی گەنج لە ڕەگەزی نێر بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئێران، سەرەڕای بارودۆخی سیاسی ناوخۆی کوردستان و شەڕی ناوخۆ قەزای شارباژێڕ لە پریشکی ئەو شەڕە بێبەش نەبووە، بەڵکو بۆتە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی گەنج لە ڕەگەزی نێر، وێڕای کۆچکردنی ژمارەیەکی تر بۆ دەرەوەی وڵات لە پێناوی پاراستنی خۆیان و بەردەوام بوونیان لە ژیان[1].

شێوەی (8)

ڕێژەی جۆر لە قەزای شارباژێڕ و پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1977-2019)دا




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (20)

4. هەروەها لە ساڵی (2019)دا ڕێژەی جۆری جارێکیتر کەمیکرد بۆ نزیکەی (99) نێر بۆ هەر (100) مێ، لە پارێزگاشدا ڕێژەکە (96) بووە، هۆکاری ئەم دابەزینە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوودانی گۆڕانکاریی کارگێڕی و نالەباری بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات بەتایبەت ڕەگەزی نێرینە.

سەبارەت بە پێکهاتەی جۆری کاریگەری هەیە لەسەر داواکاری جۆری چالاکی و ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لەناوچەکەدا بوونیان هەیە، بەپێی زانیارییەکانی خشتەکە لە ساڵی (2019)دا ڕێژە و ژمارەی نێرینە کەمیکردووە بۆ (98.6%) بەرامبەر هەر (100) مێیەک، ئەمەش دەگەڕێتەوە بەرزبوونەوەی ڕێژەی مێ بەرامبەر بە نێر ڕاستە کاریگەری نەرینی هەیە بە تایبەتی لەسەر هەلی کاری کشتوکالی و لەوەڕاندن و...هتد، بەڵام ئەوەشمان بیر نەچێت کرانەوەی جیهانبینی و بەدەستهێنانی مافی زیاتری ئافرەتان و بەشداریکردنیان لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی (سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری)دا، بووە سەربەخۆی ئابوری و بەرزی داهات و ئازادی زیاتر و

[1] عذراء عبدلهادي زويد خلف روشيدي، المكانية الجغرافية المتاحة لتنمية السياحة في قضاء الحلة، رسالة ماجستير(غير منشورة)، جامعة الكوفة، كلية البنيات، 2019، لا 52-53.

بوون به خاوەن ئۆتۆمبیل...هتد. بەمانایەکی تر ئەو جیاوازیەی لە نێوان نێر و مێیە ساڵ لە دوای ساڵ لە کەمبوونەوەدایە، ئەمەش وایکردووە ژمارەیەکی باشی مێنە بەشداری لەچالاکیە گەشتوگوزاریەکاندا بکەن.

**دووەم: پێکهای تەمەن:**

پێکهاتەی تەمەن دابەشبوونی دانیشتوانە بەپێی گروپەکانی تەمەن، بە گرنگترین ئەو فاکتەرانە دادەنرێت کە ئاماژە بۆ بەرهەم هێنان و ڕادەی زیندویەتی ئەو کۆمەڵگایە دەکات، چونکە پەیوەستە بەو چالاکیە ئابورییانەی کە دانیشتوان ئەنجامی دەدەن و توانایان لەسەر جێبەجێکردنی ئەو خزمەتگوزاریانە هەیە[1]. هەروەها لەلایەنی دیمۆگرافیەوە گرنگی زۆری پێدەدرێت، چونکە هێزی بەرهەمهێن و بەکاربەری دانیشتوان لەناو هەر کۆمەڵگایەکدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری گروپە جیاوازەکانی تەمەنی دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگایەوە، لە کاتی پلاندانان بۆ دامەزراندنی دامو دەزگا خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان پشت دەبەستێت بە ئاماری تایبەت بە پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانەوە[2]. ئەم جۆرە لە پێکهاتەی دانیشتوان ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری فاکتەری لە (دایکبوون و مردن و کۆچکردن)، بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی کاریگەری هەیە لەسەر پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان[3].

هەروەها لە رووی گەشتوگوزارییەوە پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانی هەر ناوچەیەک جێگای گرنگی و بایەخ پێدانە، چونکە تەمەنی مرۆڤ جۆری گەشت دیاری دەکات، واتە مرۆڤ لەهەر دەستەیەکی تەمەندا جۆرە چالاکیەکی شیاو ئاڕاستەیەکی تایبەتی هەیە، بەپێی پێداویستیەکانی مرۆڤ و حەزو توانای جەستەی و دەرونییەکان و بەرپرسیشە لەو جێگایانەی بۆیان دەچن[4].

سەرچاوەی سەرەکی داتا و زانیاری دەربارەی پێکهاتەی تەمەن بریتییە لە پوختەی ئاماری دیمۆگرافی و ژمارەی دانیشتوانی (قەزای شارباژێڕ) بەپێی گروپی تەمەن و ڕەگەز و ژینگە لە ساڵی(2019)دا، کە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلیمانییەوە ئەنجامدراوە، بۆیە پشت بەست بەو ئامارە هەوڵدەدەین باسی پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بکەین.

---

[1] علی لفته سعيد الاسدي، تحليل جغرافي لأنماط الاستيطان الريفية في القضاء المناذرة، رسالة ماجستير(غير منشورة)، جامعة الكوفة، كلية الاداب، 2001، ص5.

[2] جنان مجيد محمود فرج الفهداوي، إمكانيات ومحددات التنمية الريفية في ناحية الحقلانية، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة الانبار،2013، ص75.

[3] قحطان عدنان مهلهل، التباين المكاني للتركيب العمري والنوعي لسكان محافظة بغداد لعامي (1977-2018)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية التربية للعلوم الانسانية، ابن رشد، 2021، ص49.

[4] سروه دةشتي وهاب، تحليل جغرافي للمواقع الترفيهية في مدينة اربيل، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، 2004، ص42.

1. **گروپی تەمەن بچووکەکان کەمتر** 15 **ساڵ**:

ئەم گروپە بناغەی بەشی خوارەوەی هەرەمی دانیشتوان لە هەر کۆمەڵگایەکدا پێکدەهێنێت، چونکە ژمارەی گروپەکانی تەمەن لەسەر ئەوە ڕادەوەستن کە بەبێ بەرهەم یاخود بەکارهێن دەناسرێن، واتە ئەندامانی ئەم گروپە ئیش ناکەن لە بواری چالاکی ئابورییدا، هەرچەندە هەندێکیان هەموو کارێک دەکەن، بەڵام بە ڕێژەیەکی سنوردار سەرباری ئەوەی کە هەستیارترین گروپە لە رووی کاریگەری بوون بە هەردوو فاکتەری لە دایکبوون و مردن، ڕێژەی ئەم گروپە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر جیاوازە، بەشێوەیەک لە وڵاتە پێشکەتووەکاندا کەمە بەهۆی کەمی ڕێژەی لە دایکبوون و سنوردارکردنی وەچەوەیە، بەڵام لە وڵاتە دواکەتووەکاندا زۆرە بەهۆی بەرزی تێکڕاکانی ڕێژەی لە دایکبوون و پەیڕەو نەکردنی سنوردارکردنی منداڵ خستنەوە[1].

بەشێوەیەکی گشتی ئەم گروپە بە تەنیا ناتوانن گەشت بکەن، بەڵام هەرچۆنێک بێت ڕێژەیەک پێکدەهێنن لە بەشداریکردنیان لە گەشتوگوزاردا، بەجۆریک ئەوانەی کە دەچنە ژێر چەمکی گەشتوگوزار لەم گروپەی تەمەندا، ئەوانەن کە تەمەنیان لە نێوان (7-14) ساڵیدایە[2]. ئەم گروپە زۆربەی کات لەلایەن قوتابخانە و کۆمپانیا گەشتوگوزارییەکان و سەندیکا و کۆمەڵە ڕێکخراوەکان چالاکی گەشتوگوزارییان بۆ ڕێکدەخرێت هەر لەبەرئەوە بە گروپی پێشەنگەکان ناسراون[3]. گرنگیان بۆ گەشتوگوزار لەوەدایە لەلایەن چینێکی خوێنەوار و تێگەشتوون و دەبنە بناغە بۆ چیینەکانی تر، دەتوانرێت پەروەردەییەکی گەشتوگوزاری بکرێن، لەسەر بنەمای زانستی بە مەبەستی ئاشناکردنی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و تێگەشتن و ڕۆشنبیری و تەنانەت پاراستنی ژینگە و لە ڕێگەی بە ئەنجام گەیاندنی چالاکییە گەشتوگوزارییەکانەوە[4].

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (22) بۆمان دەردەکەوێت، لە ساڵی (2019)دا ئەم گروپە لە ناوچەی لیکۆڵینەوەدا نزیکەی (33%) کۆی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە ئەم ڕیژەیەش هاوشێوەی ڕێژەی وڵاتە تازە پێگەشتووەکانە، بەرزی ئەم ڕێژەیە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ڕێژەی لە دایکبوون لە ناوچەی لیکۆڵینەوە، بەهۆی فاکتەری ئاینی و کۆمەلایەتی کە هانی زۆربوونی لە دایکبوون دەدات، ئەمە وێڕای باشتربوونی بارودۆخی ئابوری و تەندروستی. هەروەها هۆکاری دابەزینی دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگا و گۆڕانی بارودۆخی ئابوری و کەمبوونەوەی

---

[1] سروە جلال حمە، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ پێکهاتەی جۆر و تەمەنی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لەماوەی نێوان ساڵانی (1977-2012)دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) زانستە مرۆڤایەتییەکان ژمارە (59) کانونی دووەمی، 2019، ل 155.

[2] آمانج أحمد حمد علي ديوانه، المرتكزات الجغرافية للتخطيط السياحي بقضاء سوران، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية التربية جامعة موصل، 2008، ص60.

[3] شەماڵ علی مارف، بنەما جوگرافییەکانی پلاندانانی گەشتیاری لە قەزای هەڵەبجەی شەهید، نامەی ماستەر، (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، 2014، ل124.

[4] شیروان عمر ڕەشید، بنەما جوگرافیەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێماندا، سەرچاوەی پێشوو، ل169.

پێویستی بە دەستی کارکەر لە بواری کشتوکاڵی دا بەشداریکردنی ڕەگەزی مێ لە کەرتی حکومی دا، ئەمە وایکردووە دوور بکەونەوە لە وەچەخستنەوەی مناڵ بەهۆی نەبوونی کات و بۆ بەخێوکردنی مناڵ و پەیوەست بوون بەکارەوە، لە ئەنجامدا گروپەکانی تری تەمەن ڕێژەیان زیاد دەکات.

خشتەی (22)

ژمارە و ڕێژەی پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان لە قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2019)

| گروپەکانی تەمەن | نێر | مێ | کۆ | ڕێژەی گروپەکانی تەمەن |
|---|---|---|---|---|
| کەمتر15ساڵ | 3815 | 3868 | 7683 | 32.6 |
| 15-44 ساڵ | 5509 | 5587 | 11096 | 47.1 |
| 45-64 ساڵ | 1767 | 1792 | 3559 | 15.1 |
| 65 ساڵ زیاتر | 601 | 610 | 1211 | 5.2 |
| کۆی گشتی | 11692 | 11856 | 23548 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، پوختەی ئاماری دیمۆگرافی و ژمارەی دانیشتوانی (قەزای شارباژێڕ) بەپێی گروپی تەمەن و ڕەگەزو ژینگە، سەرچاوەی پێشوو، ساڵی(2019)دا، داتای بڵاونەکراوە، ل21.

2. **گروپی تەمەن مامناوەند** 15-64 **ساڵ:**

ئەم گروپە لە کۆمەڵگادا بە گروپێکی بەرهەم هێن دادەنریت، بە شێوەیەکی سەرەکی بەشدارە لە گەشەی دانیشتواندا، ئەمەش بایەخێکی گرنگ و تایبەتی هەیە لە رووی ئابوری و گەشتیارییەوە، چونکە بە گروپێکی بەرهەم هێنەر دادەنرێن و ئەرکی بەخێوکردنی** خۆی و هەردوو گروپەکەی تری تەمەنی دەکەوێتە ئەستۆ. لەلایەکیترەوە بەرزی ئەم گروپە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بنەمایەکی بەهێزە بۆ خستنەروو و پەرەپێدانی گەشتوگوزار، بەهۆی توانای بەرزیان لەسەر خستنەگەڕی دەستی کارکەرو وەبەرهێنانی توانستە گەشتوگوزارییەکان لە ناوچەکە[1].

* جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل140.

* مەبەست لە ڕێژەی بەخێوکردن(نسبة الاعالة) ئەو پەیوەندیە کە لە نیوان گروپە جیاوازەکانی تەمەن دروست دەبێت، ئەرکی بەخێوکردنی تەمەن بچوک و پیرەکان لە ئەستۆی تەمەن مامناوەندەکاندایە، لە ڕووی ئابورییەوە سودی لێوەردەگیرێت، ڕێژەی بەخێوکردن لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەیەوە دەردەهێنرێت.

*ڕێژەی بەخێوکردن= ژمارەی دانیشتوانی دەستەی تەمەن ( بچووکەکان و گەورەکان)÷ ژمارە دانیشتوانی دەستەی تەمەن مامناوەند ×100

هەرچەندە ڕیژەی بەخێوکردن بەرزبێت ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕێژەی لە دایکبون، وە بەپێچەوانەشەوە ڕاستە. هەروەها ڕێژەی بەخێوکردن لە وڵاتە پێشکەتووەکان (53.3%)یە، بەڵام لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکان ئەو ڕێژەیە دەگاتە (75.8%)، بەرزی ئەو ڕێژەیە لە ولاتە تازە گەشەکردووەکان و نزمی ئەو ڕێژەیە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ڕێژەی لەدایکبوون و سنوردارکردنی وەچە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان و بە پێچەوانەی ئەوە لە وڵاتە تازە گەشەکردوەکان.

سەرچاوە: شاسوار محمد محمود، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای دوکان، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ل102.

[1] علی شفيق حميد السامرائي، التنمية السياحية في قضاء تكريت والدور__ العراق باستخدام نظام المعلومات الجغرافية (دراسة في الجغرافيا الاقتصادية، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة الاسكندرية، 2021، ل54.

سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەوانەی تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (15-44) ساڵ زیاتر (47%) کۆی دانیشتوانی پێکهێناوە، هەر ئەمەش گرنگی پێدان بە پێکهاتەکانی تەمەنی دانیشتوان لە لێکۆڵینەوە گەشتوگوزارییەکان دەردەخات[1]. بە هەمان شێوە گروپی (45-65) ساڵی زیاتر (15%) بووە، واتە ئەم گروپە (15-65) ساڵ ڕێژەی (62.2%) کۆی دانیشتوان پێکهێناوە، ئەم ڕێژەیەش نزیکە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە کە چالاکیە گەشتوگوزارییەکان پیادە دەکەن، گرنگی ئەم دوو گروپە لەوەدایە کە بە بزوێنەری چالاکی گەشتوگوزاری دادەنرێن لە هەموو جیهاندا، چونکە[2].

1. بەرزی ئەم گروپەی تەمەن دەستی کارکەری زیاتر دەخاتەگەڕ و توانستە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکە وەبەردەهێنێت.
2. زۆرترین ژمارەی داواکاری گەشتیاری پێکدەهێنێت، بەسەرخۆی دارایی و بەرزی ئاستی داهات و بژێویان و بوونی کاتی بەتاڵی و ئارامی دەروونی ناسراون.

3.**گروپی تەمەن گەورەکان** (65 **ساڵ زیاتر**):

ئەم گروپە بە گروپی بە کارهێنەر دەناسرێن و هاوشێوەی تەمەن بچووکەکان ڕێژەیەکی زۆر لە ڕەگەزی مێینە و بێوەژنی تێدایە، بەهۆی درێژی تەمەنی مێینە بە بەراورد بە نێرینەکان، ئەم ڕێژەیەش دەگۆڕێت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر، بە جۆرێک لە ولاتە پێشکەتوەکاندا لە (11.9%) کۆی دانیشتوانی پێکهیناوە، بەڵام لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا لە (4.7%) کۆی دانیشتوانی پێکهیناوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ڕێژەی لە دایکبوون، جگە لە درێژی تەمەن لە وڵاتە پێشکەتووەکان، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و زانستی تەندروستی، بە پێچەوانەوە تاوەکو ئێستا تەمەن لە وڵاتە گەشەسەندووەکان تەمەن کورتە، بەهۆی بەرزی ڕێژەی مردن و نەبوونی چاودێری تەندروست[3].

هەرچی تایبەتە بە ناوچەی لیکۆڵینەوە کە ئەوانەی دەکەونە ناو ئەم گروپە زیاتر (5%) کۆی دانیشتوانی لەخۆگرتووە، هۆکاری بەرزبوونەوەی ئەم تەمەنە گیانی پێشوازی و مامەڵەکردنیان بەرزترە لە گروپەکانی تر بەهۆی شارەزای زیاترییان لە دابوونەریتی گەلان و بوونی زانیاری گشتی بە مەبەستی بەرچاو روونی گەشتیاران، جگە لەمەش خۆشیان بەشداری چالاکی گەشتوگوزاری دەکەن[4].

---

[1] هەڵبەست عبدالرحمن تۆفیق، توانستە جوگرافییەکانی گەشەپێدانی چالاکی گەشتوگوزار لە قەزای مێرگەسور، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلاحەدین_ هەولێر، 2012، ل72.

[2] محمد وتمان محمد، بنەما جوگرافیەکانی پلاندانانی گەشتیاری لە قەزای شارباژێر، سەرچاوەی پێشوو، ل74.

[3] حازم محمد خلف روضان الكربولي، توزيع وتركيب سكان مدينة القائم للمدة 1977-2007، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة الأنبار، 2009، ص112.

[4] هدى صباح نجم الدين، هەڵسەگاندنی بنەما جوگرافیەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری لە قەزای شەقڵاوە (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای گەشتوگوزار)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە) زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، 2012، ل 79.

**سێیەم: پێکهاتەی ئابوری:**

لێکۆڵینەوە جوگرافی و نا جوگرافییەکان ئاماژە بە پەیوەندی دوولایەنە دەکەن لە نێوان دانشتوان و پێکهاتەی ئابورییدا هەیە[1]، چونکە لەو ڕێگەیەوە دەکرێت سیماو خەسڵەتەکانی چالاکی ئابوری قەبارەی هێزی مرۆیی لەهەر کەرتێکدا دەستنیشان بکرێت، هەروەها بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری دەکات لە دانانی پلانی داهاتوودا بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا چ لە بواری پڕۆژەکانی ئابوری و خزمەتگوزاری گشتی[2].

هەروەها پێکهاتی ئابوری دانیشتوان کاریگەری روون ئاشکرای لەسەر داواکاری خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزارانییەکان هەیە، ئەویش لە ڕێگای خەرجکردنی داهات لەلایەن دانیشتوان و گەشتیاران بە مەبەستی گەیشتن بەو پەڕی خۆشگوزەرانی، بە تایبەتی لە کاتی پشووەکاندا لە پێناو چێژوەرگرتن حەوانەوە، هەروەها تاوەکو تاکەکان داهاتیان زیاتر بێت لە توانایاندایە زیاتر کاتە بەتاڵ و پشوەکانیان لە ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان بەسەربەرن، چ لە ناخۆی وڵات بێت یان گەشت بۆ دەرەوەی وڵات بکەن[3].

سەبارەت بە پێکهاتەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئاستی داهاتی تاکەکەس و بژێوی ژیان و بوونی کاتەکانی بەتاڵی (بێکاری) دەبێت[4]، ئەمەش بێگومان کاردانەوەی لەسەر خواست و داواکاری گەشتیاری جێدەهێڵێت، ناوچەی لێکۆڵینەوە وەکو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دابەشبوون بەسەر چەند پیشەی جۆراوجۆردا، خشتەی (23) و شێوەی (9).

1. **کەرتی کشتوکاڵ:**

مەبەست لە چالاکی کشتوکاڵی هەموو کردارانەی مرۆڤ دەگرێتەوە، کە ئەنجامی دەدات بە مەبەستی دەست بەسەراگرتنی خاک و بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری، لەبەرئەوەشە گرنگترین پێکهاتەی پلانی ئاوەدانکردنەوەی ئابوری و کۆمەڵایەتی گشتیە، چونکە چالاکییە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەکان لە خاکێکی دیارکراودا دەگرێتەوە، بە جۆرێک کەرتی کشتوکاڵی نزیکەی (63%) کۆی هێزی کارکەری ناوچەی لێکۆڵینەوەی پێکهێناوە، بەمەش بە پلەی یەکەم بەرزترین ڕێژەی دانیشتوان لە کەرتی کشتوکاڵ کاردەکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژمارەی

---

[1] حيدر حدين عبدالستار، تحليل الجغرافي لخصائص سكان الريف محافظات إقليم كردستان العراق، كلية الاداب، جامعة بغداد، Al-Adab Journal · December 2020، ص15.

[2] جەزا تۆفیق تالیب و سروە جلال حمە، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ پێکهاتەی ئابوری لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1977-2012)دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (6)، ساڵی 2019، ل47.

[3] گەشاو فاضل فاتح، دابەشبوونی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان لە شاری سلێمانی بە بەکارهێنانی (GIS)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، 2021، ل54-55 .

[4] ڕێباز لوقمان مستەفا، توانستە جوگرافییەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای پێنجوێن بە بەکارهێنانی GIS، سەرچاوەی پێشوو، ل 99.

دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە (67%)ی گوندنشینن، وەک لە پێشتر ئاماژەمان پێداوە، هەروەها ناوچەی لێکۆڵینەوە ناوچەیەکی کشتوکاڵییە و زۆربەی دانیشتوانەکەی خەریکی ئەنجامدانی کاری کشتوکاڵین، ئەم دۆخەش بە قازانجی کەرتی گەشتوگوزاری دەبیت، کە یارمەتی جوتیاران بدریت لە هەموو روویەکی چاکسازی کشتوکاڵیەوە، بۆ ئەوەی دەست مایە و قازانجیان زۆر بێت و ئاستی داهاتی تاکەکەس بەرزببێتەوە.

خشتەی (23)

ڕێژەی دابەشبوونی دانیشتوان بەسەر چالاکی ئابوری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی (2015)*دا

| چالاکی ئابوری | ڕێژەی دانیشتوان لە چالاکی ئابوری |
|---|---|
| چالاکی کشتوکاڵی | 62.69 |
| کەرتی خزمەتگوزاری | 32.09 |
| کەرتی تایبەت | 2.99 |
| کەرتەکانی تر | 2.23 |
| کۆ | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن (15) ساڵان و سەروتری پارێزگای سلێمانی بەپێی ڕەگەزو جۆری کارو قەزا، (2015)، داتای بڵاونەکراوە، خشتەی (27)، ل62.

2. **کەرتی خزمەتگوزاری:**

ئەوەی تایبەتە بە هێزی کار لە کەرتی خزمەتگوزاری دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پلەی دووەم دێت کە لە (32%) کۆی هێزی کاری ناوچەی لیکۆڵینەوەی پیکهێناوە، واتە فەرمانبەرن لە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش بەشتێکی ئاسایی دادەنرێت، چونکە ناوچەی لیکۆڵینەوە پیشەی کشتوکاڵی زاڵە بەسەرجەم کەرتەکانی تردا، کە فاکتەرێکی کاریگەر دادەنرێت بۆ کەمبوونی ڕێژەی کەرتی خزمەتگوزاری.

3. **کەرتی تایبەت و کەرتەکانی تر:**


مەبەست لەم کەرتە هەردوو جۆری (پیشەشازی و بازرگانی) دەگرێتەوە، لەبەرئەوە پێی دەوترێت تایبەت، چونکە زیاتر مولکی کەسێکن و پەیوەندی بە هیچ لایەن و دامودەزگایەکی دەوڵەتەوە نییە، ئەم کەرتە نزیکەی (3%) کۆی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە کەرتی پیشەشازییدا کاردەکەن، لە پلەی کۆتایی و پلەی سێیەم دێت، ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ زاڵبوونی کەرتی کشتوکاڵی و دواکەتووی گەشەنەکردنی جوڵەی پیشەسازی لە ناوچەکەدا. هەروەها ئەوەی دەمێنێتەوە زیاتر (2%) دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە کە لە کەرتەکانی تری چالاکی ئابوری کاردەکەن وەک (هونەری و وەستای و دوکانداری و کەرتی گەستوگوزاری و کرێکاری ....هیتر).

* لەبەرنەبونی داتا بۆیە ساڵی (2015)مان وەرگرتووە.

ئەوەی جێ باسە بۆ کەرتی گەشتوگوزاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە بواری کارکردن و پیشەی دانیشتوان لە کەرتەکانی ئابوریدا، ئەوەیە تا ژمارەیەکی زۆر لە کەرتی خزمەتگوزاریدا کاربکەن، چونکە زیاتر لە هەموو کەرتەکانی تر پەیوەستە بەکاتەوە، لەبەرئەوەی فەرمانبەران زیاتر لە کاتی پشوودا ئارەزووی چوونە گەشتکردن دەکەن، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەرانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕۆژانی پشوودا روو لە ناوچە گەشتوگوزارییەکان دەکەن، بە مەبەستی حەوانەوە و دەرکردنی هیلاکی پێنج ڕۆژی کارکردنیان لە ماوەی هەفتەیەکدا دووچاری بوون.

شێوەی (9)

ڕێژەی دابەشبوونی دانیشتوان بەسەر چالاکی ئابوری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی 2015




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (23)

**چوارەم: پێکهاتەی خوێندەواری (فێرکاری):**

پێکهاتەی خوێندەواری دابەشکردنی دانیشتوانە بەپێی ئاستی پەروەردەیی و نەخوێندەواری، کە دەتوانرێت سوودی زۆر لەم جۆرە پێکهاتەیەی دانیشتوان وەربگیرێت، بە مەبەستی ئاستی پێوانەکردنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دانیشتوان[1]، وێرای ئەمە پێکهاتەی ڕۆشنبیری کاریگەری زۆری لەسەر گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان هەیە، هەروەها پەیوەندی نێوانیان پەیوەندیەکی پێچەوانەیە، بە جۆریک تاوەکو ئاستی رۆشنبیری تاک و کۆمەڵگا بەرزبێت ڕێژەی منداڵبوون کەمدەبێتەوە، بەپێچەوانەشەوە نزمی ئاستی ڕۆشنبیری دەبێتە هۆی وەچە خستنەوەی زۆر، کە ئەمەش کار دەکاتە سەر گەشەی دانیشتوان[2].

بەڵام لە نێوان گەشتوگوزار و ڕێژەی خوێندەواری پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە، تاوەکو ئاستی خوێندەواری تاکەکان زیاتر بێت ئەوا کەرتی گەشتوگوزاری چالاکتر دەبێت، بە تایبەتی لە ناوچەکانی

[1] ابراهيم جاسم محمد حمد الفهداوي، استراتيجيات التنمية الريفية في قضاء الحبانية، رسالة ماجستير(غير منشورة)، جامعة الأنبار، كلية التربية للعلهم الإنسانية، 2021، ص85.

[2] جاكلين،ب، غارنية، الجغرافية السكان، ترجمة حسن الخياط و مكي محمد عزيز، مطبعة العاني، بغداد، 1974، ص158.

خستنەرووی گەشتوگوزاری کە بەشێوەی ئەرێنی کار لە چالاکی گەشتوگوزاری دەکات لە ڕێگای پێشوازیکردن لە هاتنی گەشتیاران، بەپێچەوانەوە هەر چەند ریژەی نەخوێندەواری تاکەکان زیاتر بێت، ئەوا بەشێوەیەکی نەرێنی کار لە پێشکەوتن و گەشەکردنی گەشتوگوزار و پێشوازی گەشتیاران دەکات[1].

هەروەها ئاستی خوێندەواری کاردەکاتە سەر چەندین هۆکاری تری وەک دابوونەریت و هەڵسوکەوت و شێوازی مامەڵەکردن و زمانی گفتوگۆکردن لەگەڵ گەشتیاران و جۆری پێشوازیکردن لێیان بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە لە بواری گەشتیاریدا کار دەکەن، جگە لەوەی کە زۆری ژمارەی خوێندەوار، خولییان بۆ گەشتکردن و ئاوێتە بوون بە توانستە گەشتوگوزارییەکان زیاترە جا چ ئەوانەی توانستی مێژووی، کلتوری، شارستانی، سروشتی بن کە هانی کەسانی هۆشیار دەدات بۆ ئەوەی گەشت بکەن و لەم دیاردانە بکۆڵنەوە، بەپێچەوانەوە کەسانی نەخوێندەوار زانیاریان کەمە لە چوارچیوەی ئەو ژینگەییە تێدا دەژین[2].

بەپێی زانیارییەکانی ناو خشتەی (24) و شێوەی (10)، ئاستی خوێندەواری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە زیاتر لە (74%) کۆی دانیشتوانی قەزاکە، ئەمەش زیاترە لە دوو ئەوەندەی ڕێژەی نەخوێندەواری.

1. ڕێژەی نەخوێندەواری نزیکەی (26%) کۆی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدێنێت، هەرچی ئەوانەی توانای نوسین و خوێنەوەیان هەیە دەگاتە (28%).
2. خاوەن بڕوانامەی بنەڕەتی زیاتر (38%) کۆی دانیشتوان و خاوەن بڕوانامەی ئامادەیی زیاتر (2%).
3. ئەوانەی خاوەن بڕوانامەی دبلۆمن ڕێژەی زیاترە (2%) و خاوەن بڕوانامەی زانکۆ سەروتر دەگاتە (3%) کۆی دانیشتوانی پێکهێناوە.

خشتەی (24)

ئاستی خوێندەواری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی 2021-2022

| ئاستی خوێندەواری | نەخوێندەوار (بێ بڕوانامە) | نوسین و خوێندنەوە | قۆناغی بنەڕەتی | ئامادەیی و دواناوەندی | دبلۆم | زانکۆ سەروتر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژە % | 25.84 | 28 | 38.46 | 2.4 | 2.3 | 3 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوبەریەتی پەروەردەی قەزای شارباژێڕ، هۆبەی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە.


---

[1] أمنة أبو حجر، الجغرافيا السياحية، دار أسامة اللطباعة والنشر واالتوزيع، الطبعة الاولى، عمان_الاردن، 2011، ص118.

[2] مثني طه الحوري و إسماعيل محمد على الدباغ، مباد‌ء السفر والسياحة، مؤسسة الوراق اللطباعة والنشر واالتوزيع، الطبعة الاولى، عمان_الاردن، 2001، ص135.

شێوەی (10)

ئاستی خوێندەواری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی 2021-2022




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (24)

لە کۆتاییدا ئەم ڕێژە بەرزەی خوێندەواری لە چەند ساڵی داهاتوودا ژمارە و ڕێژەیان بەرزتریش دەبێتەوە و ڕۆڵی پۆزەتیڤیش دەگێڕن لەلایەک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ گەشتیاران و خۆشیان دەبنە بەشێک لەسەر داواکاری گەشتیاری و بەشداریکردن لە چالاکییە گەشتوگوزاری و خۆشگوزەرانی و کۆمەڵایەتی هیتر...

# بەشی سێیەم

## پەرەپێدانی دێهات و گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە و چۆنییەتی پەرەپێدانیان

باسی یەکەم: توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری دێهاتەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە

یەکەم: توانستە سروشتیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری دێهاتی

دووەم: توانستە مرۆییەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری دێهاتی

باسی دووەم: گیروگرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی دێهات و گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

یەکەم: گیروگرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی دێهات

دووەم: گیروگرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە دێهاتەکاندا

باسی سێیەم: پەرەپێدانی دێهاتەکان لە ڕێگەی گەشتوگوزارەوە

**بەشی سێیەم: پەرەپێدانی دێهات و گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە و چۆنیەتی پەرەپێدانی**

**باسی یەکەم: توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری دێهاتەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە**

پەرەپێدانی چالاکی گەشتوگوزار هیچ لە پەرەپێدانی چالاکییە ئابورییەکانی تر کەمتر نییە، گرنگی گەشتوگوزاری دێهاتی لەوەدایە کە گونجاوترین ڕێگایە بۆ بەدیهێنانی پەرەپێدانی ڕاستەقینەی لە دێهاتدا، چونکە یەکێکە لە جۆرەکانی گەشتوگوزار بۆ ڕاکێشانی دانیشتوان و بەناوبانگ بوونی ناوچەکە و دابینکردنی هەلی کار بۆ دانیشتوان و باشتربوونی ئاستی گوزەرانی دانیشتوانی دێهاتەکان[1]. ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە ڕۆڵ و گرنگی توانستە جوگرافییەکانی ناوچەکە، ئەو توانستانە سروشتی بن یاخود مرۆیی، هەریەک لەو توانستانە بەپێی گرنگی خۆیان ڕۆڵیان لە پێشخستن و سەرهەڵدانی چالاکیە گەشتوگوزارییەکان هەیە، بەمشێوەیەی خوارەوە باسیان دەکەین.

**یەکەم: توانستە سروشتیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری دێهاتی:**

1. **پێکهاتەی بەرزونزمی**

قەزای شارباژێڕ وەک بەشێک لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لە رووی دابەشکردنی بەرزونزمیەوە کەوتۆتە ناوچەی شاخاوییەوە، سروشتی ناوچەی شاخاوی بریتییە لە زنجیرە چیای بەرزو درێژ و سەخت و لەگەڵ کەمی دەشتی فراوان، بەشێوەیەکی گشتی بەرزایی قەزاکە لە نێوان (1000-2500)م لە ئاستی رووی دەریاوە، نەخشەی (23). دەبینین بەرزترین بەرزاییەکانی سنوری قەزای شارباژێڕ دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵات و باشوری خۆرئاوای ناوچەی لێکۆڵینەوە، کە بەرزییان لە نێوان (2000-2500)م لە ئاستی رووی دەریاوە[2]، ئەم بەشە زیاتر دەکەوێتە سەنتەری قەزا و ناحیەی سیوەیل کە هاوسنورە لەگەڵ قەزای ماوەت و پێنجوێن، دەتوانین بڵێین کۆتایی بەرزایی زنجیرە چیاکانی سورکێو و ناڵەشکێن دەنوێنێت لە خۆرهەڵاتی ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەڵام تاوەکو بە ئاڕاستەی باشور و باشوری خۆرئاوای قەزاکە بڕۆین پلە بەپلە بەرزاییەکانی کەمتر دەبیتەوە، تێیدا ناوەڕاستی قەزاکە بەرزاییەکی ناوەندی هەیە لە نێوان باکوری خۆرهەڵات و باشوری خۆرئاوا، کە بەرزییان لە نێوان (1500-2000)م لە ئاستی رووی دەریاوە[3]، بەڵام بەشی باشوری هەرەنزمی قەزاکە دەکەوێتە باشوری خۆرئاوا کە بەرزییان کەمتر لە (1500)م دەبێت لە ئاستی رووی دەریاوە[4]. یەکێک لە بنەما گرنگەکانی

---

[1] پشتیوان شەفیق احمد، التحول الديموغرافي وعلاقته بالتنمية الريفية في محافظ السليمانية (إقليم كوردستان العراق )، المصدر السابق، ص155.

[2] مهربان نوشيروان فؤاد، محافظة السليمانية، (دراسة في الجغرافية الاقليمية)، أطروحة دكتوراة، (غير منشورة)، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية، 2014، ص26.

[3] سناء عبدالباقي بكر، مصادر الثروة الطبعية في حوض دوكان وسبل صيانتها، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين- اربيل، 2003، ص23.

[4] خەبات عبدالله، بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیایی عسکەری کوردستانی باشور، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕون، سلێمانی، 2005، ص144.

گەشتوگوزار بوونی ئەو دیمەنە سروشتیانەیە لە ئەنجامی جیاوازی بەرزنزمیەکانی رووی زەوییەوە دروست دەبن، ئەم دیمەنانە تێکەڵ بە دیمە سروشتیەکانی دیکەی وەک (چەم و رووبار، رووپۆشی رووەکی، کانیاوەکان، ئاژەڵە کێوییەکان) دەبن، دواجار هەموویان پێکەوە دەبنە جێگای سەرنجی مرۆڤ لە وەرز و کاتە جیاوازەکانی ساڵدا گەشتیاران لە ناوچە جیاجیاکانەوە بە مەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش و چێژ وەرگرتن لە جوانی سروشتەکەی رووی تێدەکەن. جیاوازی رووی زەوی و جیۆمۆرفۆلۆجی ناوچەی لیکۆڵینەوە وەک بەشێک لە ناوچە شاخاوییەکان بۆتە هۆی دەوڵەمەندی ئەم ناوچەیە بە دیمەنی سروشتی جۆراوجۆر، ئەمەش بە بنەمایەکی گرنگی ڕاکێشانی گەشتیاری دادەنرێت، کە بووەتە هۆکاری دروستبوونی دیمەنی سروشتی جوان وەک (زنجیر چیایی بەرز کە شوێن و دیمەنی جوانی دروستکردووە وەک چیای گمۆو سورکێو و کورە کاژە و سەرسیر)، دەکرێت گەشتوگوزار لە ناوچە شاخاویەکان پەرەی پێبدرێت، یەکەمیان لەڕێگای دابینکردنی ژێرخانی ئابورییەوە کە خۆی لە (ڕێگاوبان و ئاو و کارەبا) دەبنێتەوە، بێگومان ڕاکێشانی ڕێگاوبان بۆ ناوچە شاخاویەکان کار ئاسانی بۆ گوندنشینان دەکات بە ئاسانترین شێوە بچنە شارەکان بۆ ساغکردنەوەی بەربومەکانیان، دووەمیان دابینکردنی سەرخانی ئابوری کەخۆی لە (هۆتێل و ڕێستۆرانت و کافتریا و تەندروستی و قوتابخانە) دەبینێتەوە، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی پەرەپێدانی چالاکی گەشتوگوزاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ژینگەی گوندنشینانی ناوچەکە، زۆربەی دۆڵەکان چەندین دیاردەی جیۆمۆرفۆلۆجی و ئەشکەوت و دیمەنی سەرنجڕاکێش بەدی دەکرێت، وەک دۆڵی (مۆکەبە، زەلان، ئاشی بارام، دۆڵی جافایەتی)، کە هۆکاری گرنگی ڕاکێشانی گەشتیارانن لە ناوچەکە[1].

سەبارەت بە دەشتی فراوان دەشتی شارباژێڕە، بە فراوانترین دەشتی ناوچە پێچ ئاڵۆزەکان دادەنرێت، هەردوو رووباری سیوەیل و قەلاچوالان ئاودێری دەکات، سروشتی دەشتەکە یارمەتی نیشتەجێبوونی دانیشتوانی داوە بۆ دەرکەوتنی سەنتەرێکی گەورەی دانیشتوان ئەویش شاری چوارتایە، خەڵکی ناوچەکەش خەریکی ئەنجامدان و پەیڕەویکردنی کشتوکاڵی دێمیە[2]، ئەم دەشتە گرنگی تایبەتی بە قەزاکە بەخشیوە، سوودێکی زۆری بۆ گەشتوگوزار هەیە، چونکە رووی زەوییەکەی تەختە و بە باشترین ناوچە دادەنرێت بۆ ڕاکێشانی تۆڕەکانی هاتوچۆ بە کەمترین نرخ و تێچوون، بەپێچەوانەی ناوچە جوگرافییە سروشتیەکانی تر، لەلایەکیترەوە ناوچەکە دەوڵەمەندە بە گژوگیای جۆراو جۆرو دارستان بەشێکی زۆر سەرچاوە ئاوییەکانی دەتوانرێت لە رووی ئابوری و گەشتوگوزارییەوە سوودییان لێوەربگیرێت[3].

---


[1] پیمان مظفر صالح قادر، تأثير المناخ في راحة الأنسان للنشاط السياحي في قضاءي كلار و شارباژير (دراسة مقارنة في الجغرافية السياحية)، رسالة ماجستير(غير مشورة)، كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية، 2016، ص18.

[2] سروە جلال حمە، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای شارباژێڕدا (1957-2009)، سەرچاوەی پێشوو، ل144.

[3] سوران حمه امين، المناخ وإستهلاك الطاقة الكهربائية في محافظة السليمانية، أطروحة دكتوراة (غير منشورة)، كلية العلوم الأنسانية، جامعة السليمانية، 2011 ، ص13 .

نەخشەی (23)

بەرزونزمی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS ArcMap V.10.8) پشت بەست بە :

1. وێنەی دەستەی ڕوپێوی جیۆلۆجی ئەمریکی(DEM 15M) ، لەسایتی، (www.earthexplorer.usgs.gov).
2. هاشم حداد و سەردار محمد عبدالرحمان، نەخشەی بەرزونزمی رووی زەوی هەرێمی کوردستانی عێراق، کۆمپانیای تێنۆس، بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، 2009، بەپێوەری (1:800,000).

2. **ئاووهەوا**

ئاووهەوا بە یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی ڕاکێشانی گەشتیاری دادەنرێت، چونکە گەشتیار ئارەزووی ئەو شوێنانە دەکات کە ئاووهەواکەی گونجاوە بۆی بێزاری ناکات. لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت پێناسەی ئاووهەوای گەشتیاری بکەین بەم جۆرە (ئەو جۆرە ئاووهەوایەیە ڕەگەزە جۆربەجۆرەکانی هیچ ئەرک و ناڕەحەتی و دەرون تەنگیەک لای گەشتیار لە ماوەی گەشتە گەشتیارەییەکەیدا دروست ناکات، بەڵکو چالاکی جوڵەی پێدەبەخشێت بۆ پیادەکردنی چالاکیە گەشتوگوزارییە جۆراوجۆرەکان بەشیوەیەکی حەواوە لە ژینگەی سروشتیدا و هەست بە حەوانەوەی جەستە و دەرونی دەکات لە ماوەی پیادەکردنی گەشتەکەیدا)[1]. هەرچەندە ئاووهەوایەکی نموونەی بۆ جۆرە جیاوازەکانی چالاکی گەشتوگوزاری نییە، بەڵام دەکرێت ئاووهەوای گونجاو بۆ چالاکی گەشتوگوزاری بە شێوەیەکی گشتی بەم جۆرە دیاری بکەین (ئەو جۆرە ئاووهەوا مامناوەندەیە کە لە وەرزی یان کەشی گەشتیاریدا نە زۆر گەرم و نە زۆر ساردە ژمارەی ڕۆژە هەتاوەکانی زۆرن و هەوای پاکژ بێت و بای توند و بێزارکەریش هەڵنەکات)[2].

قەزای شارباژێڕیش خاوەنی ئاووهەوا تایبەت بەخۆیەتی، لەخوارەوە تایبەتمەندییەکانی ئاووهەوای قەزاکە و ڕادەی گونجاویان بۆ گەشتوگوزار دەخەینەڕوو:

أ. **تیشکی خۆر**

ماوەی کەوتنی تیشکی خۆر بە هۆکارێکی ئاڕاستەکردنی جوڵەی گەشتیاری دادەنرێت بە تایبەت لە ناوچە ساردەکان و ئەو ناوچانەی ماوەی کەوتنی تیشکی خۆری کەمە[3]، چونکە گەشتوگوزاری ناوچەکە لە شیوەی کراوەدایە، بۆیە تەنها ماوەی کەوتنی تیشکی خۆر درێژەی ڕۆژ گرنگ نییە، دەبێت هاوکات بیت لەگەڵ (پلەی گەرمی، خێرای با، شێ ڕێژەی)ی گونجاو بۆ ئەوەی ئارامیەکی ڕێژەی لە کەشێکی کراوەدا بۆ گەشتیار دەستەبەر بکات.

سەبارەت بە تیشکی خۆری ڕاستەقینە بە سەرنجدان خشتەی (25)، تێکڕای کاتژمێرەکانی کەوتنی تیشکی خۆر لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی ترو لە مانگێکەوە بۆ مانگێکی تر جیاوازە، بە جۆرێک تێکڕای کاتژمێرەکانی کەوتنی تیشکی خۆر لە وەرزی زستاندا دەگاتە (5) کاتژمێر، بەڵام بەهۆی نزمی پلەی گەرمی و کورتی ڕۆژ و زۆری ژمارەی ڕۆژەکانی بارانبارین و کەمی کاتی کەوتنی تیشکی خۆر سوودێکی لێ نابینرێت. لە وەرزی بەهاردا ژمارەی کاتژمێرەکانی کەوتنی تیشکی خۆر زیاد دەکات

[1] هاوسەر ابراهیم کاکە عبدالله و ئەوانیتر، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری لە قەزای کفری، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، 2019، ل434.

[2] خالد ولی علي، المقومات السياحية في منطقة (گەرميان) وآفاقها المستقبلية (دراسة في الجغرافية السياحية)، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية العلوم الانسانية والرياضة، جامعة گەرميان، 2014، ل53-54.

[3] ئامانج أحمد حمد ئەمين ديوانة و عمر حسن حسين الرواندزي، النمذجة الامكانية لإمكانات الطبيعية للتنمية السياحية في قضاء جومان، گۆڤاری تویژەر، 2019، ل278.

و دەگاتە زیاتر (7) کاتژمێر، ئەمەش کاتێکی باشە و دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ گەشتوگوزار چونکە هاوکاتە لەگەڵ گونجاوی ئاووهەواکەی و زۆری رووپۆشی رووەکی. بەڵام لە وەرزی هاویندا کاتژمێرەکانی خۆرکەوتن دەگەنە ئەو پەڕی بەرزی و دەگاتە زیاتر (11) کاتژمێر، ئەمەش گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ کاتی دەرچوون و گەڕانەوەی گەشتیاران و کاتێکی زیاتر بە گەشتیاران دەبەخشێت بۆ پیادەکردنی چالاکیە گەشتوگوزارییەکان. ئەوەی تایبەت بێت بە وەرزی پایز، ژمارەی کاتژمێرەکانی خۆرکەوتن تێیدا دەگاتە زیاتر (8) کاتژمێر، ئەمەش کاتێکی گونجاوە، دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت، چونکە هاوکاتە لەگەڵ دابەزینی پلەی گەرمی و گۆشەی کەوتنی تیشکی خۆر لە ناوچەکە. تێکڕای گشتی تیشکی خۆری ساڵانەش دەگاتە (8) کاتژمێر.

**ب. پلەی گەرمی**

پلەی گەرمی بە گرنگترین رەگەزی ئاووهەوای گەشتوگوزاری دادەنرێت، چونکە کاریگەری لەسەر مرۆڤ و چالاکییەکانی هەیە، ڕەگەزێکی ڕاکێشانی گەشتیاری پڕ بایەخە و جوڵێنەری گەشتیارانیشە لە چوارچێوەی گەشتوگوزارییدا[1]. باشترین پلەی گەرمی ئەو پلەییە کە نزیکە لە پلەی گەرمی ناوەوەی لەشی مرۆڤەوە، پلەی گەرمی (18°-25°)س بە پلەیەکی نموونەی بۆ حەوانەوەی مرۆڤ و چالاکیەکانی دادەنرێت[2].

سەبارەت بە پلەی گەرمی قەزاکە، وەک لە خشتەی (25) خراوەتەڕوو، پلەی گەرمی جیاوازە لە مانگێکەوە بۆ مانگێکیتر و لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکیتر، تێیدا نزمترین پلەی گەرمی دەکەوێتە وەرزی زستانەوە، بە جۆرێک تێکڕای پلەی گەرمی وەرزی زستان دەگاتە (7.3)س، زۆرجار دەبێتە هۆی دیاردەی بەفربارین، ئەمەش گرنگی خۆی هەیە بۆ سوود لێوەرگرتنی چالاکییە گەشتوگوزاریە زستانەکان، لە کاتێکدا بەرزترین پلەی گەرمی لە وەرزی هاویندا تۆماردەکرێت و دەگاتە (22.6)س، ئەوەی تایبەتە بەهەردوو وەرزی بەهارو پایز، بە دوو وەرزی ناوەندی دادەنرێن، تێکڕای پلەی گەرمی وەرزی بەهار دەگاتە (18.5)س، بەڵام تێکڕای پلەی گەرمی وەرزی پایز دەگاتە (22.36)س. هەروەها تێکڕای بەرزترین پلە لە مانگەکانی ساڵدا دەکەوێتە هەردوو مانگی تەموز و ئاب بە تێکڕای (30.7، 29.9)س، ئەمەش گونجاوترین پلەیە بۆ پیادەکردنی چالاکیە هاوینەیەکان لەو ناوچانەی بەرزییان لەسەروی (1500) مەترە، نزمترین پلەی گەرمیش دەکەوێتە مانگی کانونی دووەم بە تێکڕای (2.4)س، تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانەش بریتییە لە (16.3)س.

---

[1] شیروان عمر رەشید، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل70.

[2] هیمن صالح قادر، جغرافية السياحية في قضاء رواندز محافظ اربيل (إقليم كردستان العراق)، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة الأسكندرية، 2015، ص25.

خشتەی (25)

ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەنێوان ساڵانی (2008-2021)

| ڕەگەزەکان | زستان | | | تێکڕا زستان | بەهار | | | تێکڕا بەهار | هاوین | | | تێکڕا هاوین | پایز | | | تێکڕا پایز | تێکڕا ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ک1 | ک2 | شوبات | | ئازار | نیسان | مایس | | حوزەیران | تەموز | ئاب | | ئەیلول | ت1 | ت2 | | |
| تیشکی خۆر | 5:12 | 4:45 | 5:13 | 5 | 6:25 | 7:30 | 8:10 | 7:21 | 11:30 | 11:35 | 11 | 11:22 | 10:16 | 8 | 6:18 | 8:11 | 8 |
| بەرزترین پلەی گەرمی | 8.1 | 5.82 | 8.2 | 7.3 | 12.91 | 18.1 | 24.5 | 18.5 | 32.9 | 37.4 | 36.46 | 35.58 | 30.7 | 22.88 | 13.5 | 22.36 | 21 |
| نزمترین پلەی گەرمی | 2.06 | -0.97 | 0.99 | 0.69 | 4.7 | 10 | 13.3 | 9.3 | 20.6 | 24 | 23.48 | 22.6 | 20 | 13.1 | 6.4 | 13.16 | 11.5 |
| تێکڕای پلەی گەرمی | 5.08 | 2.4 | 4.6 | 4 | 8.8 | 14.05 | 18.9 | 13.9 | 26.8 | 30.7 | 30 | 29.1 | 25.4 | 18 | 10 | 17.8 | 16.3 |
| خێرای با م/چ | 1.6 | 1.8 | 2.1 | 1.8 | 2.9 | 2.4 | 1.9 | 2.3 | 2.4 | 2.2 | 2.1 | 2.2 | 2.2 | 1.9 | 1.6 | 1.9 | 2.1 |
| شێ ڕێژەی | 69.12 | 69.25 | 66.48 | 68.28 | 60.22 | 57.98 | 47.43 | 55.21 | 28.40 | 23.39 | 23.47 | 25.08 | 26.82 | 39.87 | 58.11 | 41.6 | 47.54 |
| باران بارین | 119.9 | 109.8 | 128.35 | 358.05 | 120.8 | 83.88 | 35.9 | 240.58 | 0.8 | 0 | 0 | 0.8 | 4.1 | 44.6 | 99.7 | 148.4 | 747.83 |
| بەهەڵمبوون | 32.7 | 30.4 | 42.5 | 105.6 | 94.6 | 98.4 | 151 | 344 | 262.7 | 322.4 | 287.6 | 872.7 | 195.1 | 121.6 | 52.7 | 369.4 | 1691.6 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، هۆبەی کەشناسی، 2008-2021، داتای بڵاونەکراوە.

**ج. با**

با بە ڕەگەزێکی گرنگی ئاووهەوای دادەنرێت کە کاریگەری لەسەر گەشتوگوزار هەیە، خێرای با ئەگەر لە (5) م/چ زیاتر نەبێت بە هۆکارێکی ڕاکێشانی گەشتیاری دادەنرێت، بەڵام ئەگەر گەیشتە (17م/چ) یان زیاتر ڕێگرە لەبەردەم پرۆسەی گەشتوگوزاردا[1]. سەبارەت بە خێرای با لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، زۆرترین خێرای با دەکەوێتە وەرزی بەهارەوە دەگاتە (2.3م/چ)، وەرزی زستانیش کەمترین خێرای بای تێدایە و دەگاتە (1.8م/چ)، بۆ هەردوو وەرزی (هاوین و پایز) دەگاتە (2.2، 1.9م/چ) دوابە دواییەک، خشتەی (25)، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی خێرایەکەی کەمە بەهیچ شێوەیەک نابێتە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی گەشتیاری و چالاکیە گەشتوگوزارییەکان، پەیوەندی نێوان با و حەوانەوە و تەندروستی مرۆڤ بەپێی خەسڵەت و خێرای با دەگۆڕێت، با لە پلەی گەرمی (33)س توانای ساردکردنەوەی لە دەست دەدات، لەبەرئەوەی پێستی مرۆڤ لەو کاتەدا گەرمای زیاتر وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر لەوە کەمتربوو خێرای با توانای ساردکرنەوەی دەبێت و کاریگەریەکەی زیاد دەکات لەگەڵ نزمبوونەوەی پلەی گەرمی و خێرای بادا[2].

**د. شێ ڕێژەیی**

شێ ڕێژەی بە ڕەگەزێکی ئاوهەوای دادەنرێت لە رووی گرنگی گەشتوگوزاریەوە، ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت لە ئارامی مرۆڤ و چالاکییەکانی، لە ڕێگەی دیارکردنی کارای گەرما، چونکە ناکرێت هەردوو ڕەگەزی شێ و گەرما لەیەک جیابکرێتەوە، لەبواری کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەسەر مروڤ، شێ ڕێژەی (40-60%) بەڕێژەیەکی زۆر گونجاو دادەنرێت بۆ لەشی مرۆڤ و کارایەکی پەسندە[3]، خشتەی (25)، لە مانگەکانی زستان بەرزترین شێ ڕێژەی تێیدا تۆمارکراوە و دەگاتە (68.28%)، لە کاتێکدا وەرزی هاوین کەمترین شێ ڕێژەی تێیدا تۆمارکراوە و دەگاتە (25.08%)، سەبارەت بە هەردوو وەرزی (بەهاروپایز) ڕێژەیەکی مامناوەندی هەیە، بە جۆرێک بۆ وەرزی بەهار دەگاتە (55.21%)، بەڵام بۆ وەرزی پایز دەگاتە (41.6%)، تێکڕای شێ ڕێژەی ساڵانەش دەگاتە (47.54%).

**ه. دابارین**

سەرجەم شێوەکانی داباری (بەفر، باران، تەرزە) سیمای سەرەکی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە، بەڵام بەفرباری ڕەگەزێکی گرنگی گەشتیارییە، چونکە هەندێک لە ئارەزووەکانی گەشتیار پەیوەستە بە

---

[1] هوشنك محمود اسود، إمكانات التنمية السياحية في المنطقة الجبلية لمحافظة أربيل (دراسة جغرافية)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة المنصورة، 2014، ص40.

[2] پيمان مظفر صالح قادر، تأثير المناخ في راحة الأنسان للنشاط السياحي في قضاءي كلار و شارباژير (دراسة مقارنة في الجغرافية السياحية)، المصدر السابق، ص91.

[3] خالد ولی علي، المقومات السياحية في منطقة (گەرميان) وآفاقها المستقبلية (دراسة في الجغرافية السياحية)، المصدر السابق، ل58.

بارینی بەفر، هەر بۆیە ئەو شوێنانەی بەفرییان بە ڕێژەیەکی گونجاو لێدەبارێت، دەبنە ناوچەیەک بۆ دروست بوونی بنکەی گەشتوگوزاری زستانەیی چ لە ڕێگای خلیسکان لەسەر بەفرو شەڕە تۆپەڵ و وێنەگرتن و بینینی دیمەنی جوانی بەفر. بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (25)، زۆرترین ڕێژەی بارانبارین دەکەوێتە وەرزی زستانەوە بڕەکەی دەگاتە (358.06)ملم، دوای ئەم وەرزەش وەرزی بەهار دێت و بڕەکەی دەگاتە (240.58)ملم، بۆ وەرزی پایزیش بڕەکەی دەگاتە (148.4)ملم، وەرزی هاوینی ناوچەکە بێبارانە، تێکڕای باران بارینی ساڵانەی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە (747.83)ملم، سەرەڕای ئەوەی کاتی بارانبارین دەبێتە هۆی وەستانی چالاکی گەشتوگوزاری، بەڵام دەرئەنجامی بارانبارین بایەخێکی گرنگی هەیە لە زیادکردنی چالاکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی بۆ ناوچەکە، چونکە دەبێتە هۆی بوژانەوەی سەرچاوە ئاوییەکان و زیادکردنی رووپۆشی رووەکی، کەشێکی خۆش لە هەردوو وەرزی زستان و بەهاری ناوچەکە دەرەخسێنێت.

بۆ دەرخستن و هەڵسەنگاندنی ئاووهەوای ناوچەکە ڕادەی گونجاوی بۆ گەشتوگوزارو هەستکردنی مرۆڤ هاوکێشەی (تۆم) * بەکاردێنین.

THI=T-0.55(1-H) (T-14.5)

THI= پارسەنگی پشوو (پارسەنگی گەرمی - شێ)

T= پلەی گەرمی بە (سەدی)

H= شێ ڕێژەی

خشتەی (26)

پێوەری ئاماژەی گەرما و شێ بۆ ئارامی و حەوانەوەی مرۆڤ

| هێما | بەهای THI | جۆری پشوو |
|---|---|---|
| C- | کەمتر لە 10 | زۆر بێزارکەر (زۆر سارد) |
| C* | 15-10 | بێزارکەرێکی مامناوەند (سارد) |
| P* | 18-15 | پشوویەکی ڕێژەیی |
| P | 21-18 | ئەوپەڕی پشوو (ئارامی تەواوە) |
| H | 24-21 | پشوویەکی ڕێژەی کە (10%-50%) خەڵک هەست بەبێزای دەکەن |
| H* | 27-24 | بێزاریەکی مامناوەندە، کاتێک بەهاکەی دەگاتە 26% خەڵک هەست بەبێزاری دەکەن، واتە زۆر گەرم |
| H- | زیاتر لە 27 | زۆر بێزارکەرە (زۆر زۆر گەرم) |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: علی عادل سعید الراوي، قصي عبد المجيد السامرائي، المناخ التطبيقي، بغداد، 1990، ص162.

* پێوەری ئاماژەی گەرما و شێ: زانا تۆم لەساڵی (1959) هەستا بە دانانی هاوکێشەیەک بۆ دەرخستنی پلەی هەستکردنی مرۆڤ بە ئارامی لە ژێر کاریگەری بارودۆخێکی ئاووهەوای دیاریکراو بە پشت بەستن بە هەردوو ڕەگەزی پلەی گەرمی و شێ ڕێژەی. سەرچاوە: سعید إبراهیم حمد، اثر المناخ علي صناعة السیاحة في العراق، مجلة أبحاث كلیة التربیة الاساسیة، جامعة موصل، 2010، المجلد10، العدد2، ص 446-447.

دوای جێبەجێکردنی هاوکێشەی پێوەری ئاماژەی گەرما و شێ سەبارەت بە کاریگەری ڕەگەزەکانی پلەی گەرمی و شێ ڕێژەی لەسەر ئارامی مرۆڤ لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، دەرکەوت کە مانگەکانی ناوچەکە لە رووی ئارامیەوە جیاوازن بەمشێوەیە، خشتەی (27).

خشتەی(27)

ئەنجامی پێوەری ئاماژەی حەوانەوەی مرۆڤ بە پێی هاوکێشەی ثوم لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

| مانگەکان | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ک1 | ک2 | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | ت1 | ت2 |
| 6.6 | 4.4 | 6.3 | 10.1 | 14.1 | 17.6 | 21 | 23.8 | 23.4 | 20.6 | 16.8 | 11.3 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەجێبەجێکردنی هاوکێشەی تۆم و خشتەی (36).

أ. شێوازی یەکەم (Perfect:P): بریتییە لەو مانگانەی کە هەست بە ئارامی دەکرێت لە ژێر بارودۆخی کەش و ئاووهەواییاندا، لەم مانگانەدا کارلێکی پلەی گەرما و شێ نابنە نائاسودەی و بێزاری مرۆڤ، لەو مانگانەی دەکەونە چوارچێوەی ئەم شێوازەوە هەریەک لە مانگەکانی (مایس، تشرینی یەکەم) بەهای (17.6، 16.8) بووە، پشوویەکی ڕێژەییە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە مانگەکانی (ئەیلول، حوزەیران) بەهای (20.6، 21) بووە، بە ئارامی تەواو ئەو پەڕی پشووی تەواو دادەنرێن، دەکرێت سوود لەم مانگانە وەربگیرێت بۆ ئەنجامدانی چالاکی گەشتوگوزاری لە ناوچەکە.

ب. شێوازی دووەم (Cold:C) : مانگە ساردەکان دەگرێتەوە کە مرۆڤ هەست بە سەرما دەکات لە ژێر بارودۆخی کەش و ئاووهەوایاندا، لە کەش و هەوای ئەم مانگانەدا کارلێکی پلەی گەرمی شێ دەبنە هۆی نائارامی، مانگەکانی (کانونی یەکەم، دووەم، شوبات) بەهای (6.6، 4.4، 6.3) بووە، نائارامی زۆر ساردن (بێزارکەرە)، مانگەکانی (ئازار، تشرینی دووەم) بەهای (10.1، 11.3)، بێزارکەرێکی مامناوەندن.

ت. شیوازی سێیەم (Hot:H) مانگە گەرمەکان دەگرێتەوە، کە مرۆڤ هەست بە گەرما دەکات لە ژێر بارودۆخی کەش و هەوای ئەو مانگانەدا، تێیدا کارلێکی پلەی گەرمی و شێ دەبێت هۆی نا ئارامی گەرمی، لەو مانگانەی ناوچەکە کە نائارامی گەرمن بریتین لە (تەموز، ئاب) بە نا ئارامی زۆر گەرم دادەنرێت لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەهای هەریەکەیان زیاتر لە (23) بووە.

3. **دەرامەتە ئاوییەکان**

دەرامەتە ئاوییەکان پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بە چالاکی گەشتوگوزارییەوە هەیە، چونکە زۆربەی چالاکیە گەشتوگوزارییەکان پەیوەستن بە ئاوەوە، پلەو گرنگی ئاو پەیوەستە بە چەندین فاکتەری وەک (بڕو جۆری ئاو، شوێنی جوگرافی، توانای بەکارهێنان) بەتایبەت ئەگەر هاتوو فاکتەرو خزمەتگوزاریی گەشتوگوزارییەکان بۆ خستنەڕووی گەشتوگوزار دابینکرا، بەشێوەیەک ڕێگا بۆ گەشتیار خۆشبکات بۆ پیادەکردنی چالاکیە گەشتوگوزاریە ئاوییەکان (مەلەکردن، سەهۆڵێدان،

ڕاوکردن، چوونە ژێرئاو)[1]، گومانی تێدا نییە کە سەرچاوە ئاوییەکان بە جۆرە جیاوازییەوە لە پێداویستیە سەرەکیەکانی گەشتیار دادەنرێت بە تایبەت ئەگەر لە شێوەی کانیاو نافورە و تاڤگە دابێت، لە گرنگترین سەرچاوە ئاوییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بریتین لە :

**یەکەم**: **ئاوی سەرزەوی**

چەمەکان دادەنرێن بەلقێکی بچووک کە ئاو کۆدەکەنەوە بۆ رووبارەکان، چەمەکان لە رووی قوڵی و قەبارەو بڕی ئاوەوە بچووکتر و کەمترن بەراورد بە رووبارەکان. ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەیەک چەمی تێدایە، کە زۆربەیان وەرزین هەندێکشیان بەردەوامن، لە گرنگترین چەمەکانی قەزای شارباژێڕ بریتین لە:

أ. **چەمی سنکێ**: دەکەوێتە سەنتەری قەزای (چوارتا)، بەشی باکوری خۆرئاوا گوندی سنکێ، لە خۆرئاوا بۆ خۆرهەڵات درێژدەبێتەوە، سەرچاوەکەی رووباری سیوەیل، ئەم چەمە ئاو پێدا ڕۆشتنی بەردەوامە بە درێژای ساڵ، لە وەرزی زستان و بەهاردا ئاوی زۆرە و لە وەرزی هاوین پایز ئاوی کەم دەکات[2]، ئەم چەمە هەلێکی گونجاوی ڕەخساندووە بۆ گەشتیاران تاوەکو ببێتە شوێنی چالاکی گەشتوگوزاری، ئەمەش بەهۆی بوونی بڕێکی زۆر لە ئاوی سازگارو هەوای پاک و فێنک، بە تایبەت لە وەرزی بەهارو هاوین و کۆتایی هەفتەدا خەڵکێکی زۆر لە شارەکانی کوردستانەوە، تەنانەت میوانی بیانی سەردانی دەکەن، کە لەئێستادا گەورەترین پرۆژەی سەیرانگەو مەلەوانگەی تێدایە، بە ناوی (کوالا پارک) لە شارباژێڕدا تاکە شوێنە وەک مەلەوانگە بە مەبەستی حەوانەوە پشوودان خەڵکی سەردانی دەکەن. وێنەی (1).

وێنەی (1)
چەمی سنکێ لەناوچەی لێکۆڵینەوە



سەرچاوە: ئەم وێنەیە لە بەرواری 2022/6/27 لەلایەن توێژەر گیراوە

---


[1] جەزا توفیق تالیب و ئەوانیتر، ڕۆڵی دەرامەتە ئاوییەکان لە گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای پشدەر، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی(B)زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژمارە(57)، 2018، ل19.

[2] سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە لە بەرواری 2022/5/13


**ب. چەمی کەناروێ یان چەمی تازەدێ:** ئەم چەمە دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای قەزاکەوە، سەرچاوە دەگرێت لە چەمی شلێرو سورەبان و سپێدارە، دێتە ناو گوندی تازەدێ، لە وەرزی زستان و بەهاردا ئاوی پێدا رۆشتنی زۆرە و لە وەرزی هاوین پایز ئاوی کەم دەکات، ئەم چەمە لەگەڵ چەمی قەڵاچوالان لە نزیک گوندی دوو چۆمان لەوێ بەرەو قەڵادزێ و دواتر دەرژێتە ناو بەنداوی دوکانەوە. وێنەی (2).

**ت. چەمی قەڵاچوالان:** چەمێکی بەردەوامە، لە وەرزی زستان و بەهاردا ئاوی پێدا رۆشتنی زۆرە لە وەرزی هاوین و پایز ئاوی کەم دەکات، سەرچاوەکەی لە رووباری سیوەیل و جۆگەسور پێکدێت[1]، سنوری جیاکەرەوەی نێوان سەنتەری قەزا و ناحیەی سیتەک دواتر درێژ دەبیتەوە بە ئاراستەی باشوری قەزاکە، ئەم چەمە بە ناوچەییەکی گرنگی گەشتوگوزاری دادەنرێت چەندین شوێنی گەشتوگوزاری دروستکردووە، لەوانە سەیرانگە شاخەسور، ئەمەش بەهۆی بوونی ئاوی سازگار و هەوای پاک و سروشت و دیمەنی جوانی سەرنجراکێش و بەرزونزمی و بوونی ماسی لە چەمەکەداو رێگای هاتوچۆ بەستنەوەی شوێنی گەشتیاران، هەموو ئەمانەش بە گرنگترین بنەماکانی دروستبوونی شوێنی گەشتوگوزاری و راکێشانی گەشتیاران دادەنرێت، وێنەی (3).

وێنەی (2)
چەمی تازەدێ لەناوچەی لیکۆڵینەوە



وێنەی (3)
چەمی قەڵاچوالان



سەرچاوە: ئەم دوو وێنەیە لە بەرواری2022/4/3 و2022/5/27 لەلایەن توێژەر گیراوە

**دووەم: ئاوی ژێرزەوی**

ئاوی ژێرزەوی بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو ئاوانە دەگرێتەوە کە لەخاک و چینە بەردەکانی ژێرزەوییدا هەن، بەشێوەیەکی تایبەتیش ئەو ئاوانە دەگرێتەوە بەشێوەیەکی زۆر لە کۆمەڵە بەردەکاندا هەموو کونیلەکانی پڕە لە ئاو، هەندێک جار بەشێوەی سروشتی دێنە دەرەوە یان بەشێوەی دەستکرد

[1] عطا محمد علاءالدين، التحليل الجغرافي لواقع واستخدام الموارد المائية في محافظة السليمانية وافاقها المستقبلية، اطروحة دكتوراه، (غير منشورة)، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية، 2012، ص35.

له ڕێگەی هەڵکەنی بیرو کارێز دەتوانرێت سوودیان لێوەربگیرێت[1]. سەبارەت بە گرنگی ئاوی ژێرزوەی لە رووی گەشتوگوزارەوە، ئاوی ژێرزەوی بەسەرچاوە، کانی، بیر، کارێز بۆ بەگەڕخستنی و پێشکەوتنی ناوەندە گەشتوگوزارییەکان زۆر گرنگن و بنەماییەکی گرنگی گەشەپێدانی گەشتوگوزارن لە هەرناوچە و هەرێمێکدا[2]، قەزای شارباژێڕ دەوڵەمەندە بە ئاوی ژێرزەوی بە رووبەری (1211)کم2، هەروەها خاوەنی (1076) کانی و (314) کارێز و زیاتر لە (15) بیری مۆڵەتداری هەیە[3].

4. **رووەکی سروشتی و ئاژەڵ و باڵندەی کێوی**

رووەکی سروشتی گرنگیەکی زۆری بۆ گەشتوگوزار هەیە سەرەڕای بەخشینی دیمەنی جوان، سنورێک بۆ بەرز و نزمی پلەی گەرمی دادەنێت، چونکە رووەکی سروشتی کار دەکات لەسەر هێورکردنەوە و مامناوەندییەتی پلەی گەرمی، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری گەرمی هەوا بە کرداری ئاودەردانی رووەک دەڕوات، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی ئەوە وزەییەی کە کاردەکات لەسەر گەرمکردنی هەوا[4].

سەبارەت بە رووەکی سروشتی ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەهۆی جۆراوجۆری شێوەی رووی زەوی و ئاووهەوا سەرچاوەی ئاوی، ناوچەکە تاڕادەیەک دەوڵەمەندە بە (دارستان، رووەکی کەنار رووبار، گژوگیا)، کە ڕێژەیەکی جیاوازییان پێکهیناوە لە کۆی رووبەری ناوچەکە، بە جۆرێک تاوەکو لە خۆرئاوا بەرەو خۆرهەڵاتی قەزاکە برۆین چڕی داستانەکان زیاتر دەبێت ئەمەش بەپێی زۆربوونی بڕی بارانی باریو[5]. ئەوەی تایبەتە بەجۆری دارستانەکان زیاتر داری بەروو و مازو، بی، جگە لەمانەش جۆراوجۆری زۆر بەدی دەکرێت لە جۆری دارەکان، وێنەی (4).

سەبارەت بە دارستانی لێوار چەم و رووبارەکان زۆربەی کاتەکانی ساڵ دارەکانی هەمیشە سەوزن، ئەمەش پەیوەستە بەبڕو ماوەی بوونی ئاو لەچەم و رووبارەکاندا، بەو پێیەی ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی چەندین چەم و رووبارە وەک چەمی (چۆمان، مەروێ، قەڵاچوالان، تەگەران، ئاشی بارام)، داری بی باوترین جۆری داری کەنار چەم و رووبارەکانە، وێنەی (5). دارستانی کەنار

---

[1] کامەران تاهیر سعید، کۆیە، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، 2008، ل93.

[2] ناهیدە تاڵەبانی، رۆڵی داهاتی ئاو و ڕێگاوبان لە گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچەی نێوان هەردوو زێ (پارێزگای هەولێر)، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژمارە1، ساڵی دەیەم، سلیمانی، 2002، ل26.

[3] وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی شارباژێڕ، لیستی ناوی کانی و کارێزەکانی سنوری سەنتەری قەزا (چوارتا)، ناحیەکانی سیتەک، زەڵان، سیوەیل، گاپیلۆن، هۆبەی زەوی زار، 2022، داتای بڵاونەکراوە.

[4] نیشان سورين موسيس، مقومات صناعة السياحة في محافظة دهوک تحليل جغرافي، رسالة ماجستير، صلاح الدين-أربيل، 2004، ص142.

[5] ئەحمەد محمد صالح عبدالرحمان، شیکردنەوەی جوگرافی دابەشبوونی نشینگە دێهاتیەکانی قەزای شارباژێڕ، سەرچاوەی پێشوو، ل48.

چەم و رووبارەکان گرنگی زۆری هەیە بۆ راکێشانی گەشتیاران، بەهۆی ئەوەی دیمەنی جوان و سەرنجڕاکێشی هەیە، هەروەها بوونی سەرچاوەی ئاوی بایەخی گەشتوگوزاری زیاتر کردووە لەگەڵ بوونی سێبەری دارەکان.

وێنەی (5)
دارستانی سروشتی کەنار چەم لە ناوچەی لێکۆڵینەوە



وێنەی (4)
دارستانی سروشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە



سەرچاوە: ئەم دوو وێنەیە لە بەرواری2022/5/7 و 2022/5/20 لەلایەن توێژەر گیراوە

ئەوەی تایبەتە بە گژوگیای لە وەرزی زستان و بەهار دەوڵەمەندە بە گژوگیا و گوڵی جۆراوجۆر، لەگەڵ هەندێک رووەکی تر بۆ خواردن و جێگەی سەرنجی هاولاتیان و گەشتیارانە وەک گژوگیای (خڕنوک و خرتەلە و شۆڤان و چاوبازە و..هیتر) لە ئاوزێڵی چوارتا و دەشتی شارباژێڕ بوونیان هەیە[1]، جگە لەمانەش چەندین گوڵی سروشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەڕوێن ئەوانیش (گوڵی بەیبوون و شلێر و شیلانە و وەنەشەو نێرگز و گوڵەباخ)، خەڵکانێکی زۆر وەک گەشتوگوزار لە وەرزەکانی زستان و بەهار روو دەکەنە ناوچەکە بۆ دۆزینەوە و دەستکەوتنیان. رووەکی سروشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستە گرنگی زیاتری پێبدرێت بپارێزرێت لە بڕینەوە لەناو چوون، چونکە یەکێکن لە ڕەگەزە گرنگەکانی ڕاکێشانی گەشتیارو دیمەنی جوان و دڵڕفێن بۆ ناوچەکە دروست دەکەن، ناوەندێکیشە بۆ باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکان کە ناوچەکە دەوڵەمەندە پێی، وەک (کەو، کەروێشک، ژیشک، سوێشک و پۆڕ، قازی کێوی،...هیتر)، کە جێگەی بایەخی ئەو گەشتیارانەن ئارەزووی ڕاوکردنیان هەیە.

بەپێی ئەو راستیانەی لەسەر بنەماکانی خستنەڕووی گەشتوگوزاری خرانەڕوو، دەرکەوت ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی چەندین بنەما و فاکتەری سروشتی گەشتیارییە نەک لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوخۆ و عێراقیش، ئەگەر گرنگی تەواوی

---

[1] أنمار علی جواد العلامة، الإنزلاقات الارضية واثارها البيئة في منطقة جوارتا، (دراسة جيومورفولوجية تطبيقية )، رسالە ماجستير(غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة بغداد، 2013، ص46

پێبدرێت و بارودۆخی گونجاوی بۆ برەخسێت و سەرمایەی بۆ بخرێتە گەڕ دەتوانرێت بە درێژایی ساڵ بە ناوبانگترین و جوانترین ناوچەی گەشتوگوزاری تیادا دابمەزرێت.

**دووەم: توانستە مرۆییەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری دێهاتی**

**یەکەم: توانستە مێژووی و شوێنەوارە ئاییینیە پیرۆزەکان**

بنەما مێژووی و شوێنەوارە ئاینییەکان کاریگەرییەکی زۆرییان لەسەر گەشەندنی گەشتوگوزار، جموجۆڵی گەشتیاران لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا هەیە[1]. هەروەها ڕۆڵیان لە پەرەپێدان و پلاندانانی گەشتوگوزارییدا هەیە، ئاشنابوون و تێکەڵبوون بە بنەما مێژووی و شوێنەوارییەکانی هەر وڵات و ناوچەیەک بەشێک لە خولیا و ئارەزووی تاکەکان بە گشتی و زۆرێک لە گەشتیاران بە تایبەتی دێنێتەدی[2].

قەزای شارباژێڕ وەک هەموو بەشەکانی تری هەرێمی کوردستان و عێراق چەندین شوێنەوار کەوتۆتە سنوری قەزاکەوە کە گەواهیدەر لەسەر ئەوەی بە درێژایی مێژوو ئەم ناوچەیە ئاوەدانی تێدا بووە ئەگەر گوزەرێک بە شارباژێڕدا بکەیت ئەبینی ئەم ناوچەیە مۆرکێکی مێژووی پێوە دیارە ئەمەش مایەی سەرنجی زۆرێک لەو گەشتیارانەیە کە سەردانی ئەم ناوچەیە دەکەن بوونی هەموو ئەم شوێنەوارانە ئاماژەیە بۆ مێژووی دێرینی ئەم قەزایە، جگە لەوەش قەزای شارباژێڕ بەیەکە ئیدارییەکانییەوە چەندین شوێنی مێژووی جۆراوجۆری تیایە کە جێگای سەرنج و لێکۆڵینەوەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوەی ورد لەم بارەیەوە نەکراوە، بۆیە لێرەدا شوێنەوارە دێرین و مێژووییەکانی دێهاتەکانی قەزای شارباژێڕ ئەخەینەڕوو:

1.**ئاشی ئاوی گۆرانگە**: یەکێکە لەو ئاشانەی دەکەوێتە گوندی گۆرانگەی سەر بە ناحیەی باسنێ قەزای شارباژێڕ، بە دووری نزیکەی (25)کم لە سەنتەری قەزا (56)کم لەشاری سلێمانی. گوندی گۆرانگە لەبەرئەوەی ئاوی زۆری هەبووە، هەر لەکۆنەوە ئاشی ئاوی تێدا بووە، لە گوندەکانی دەوروبەریەوە خەڵکی بۆ باراشهاڕین روویان تێکردووە، ئەم ئاشە هەتا ساڵی (1998) بەردەوام بووە، لە دوای ئەوە لە کار کەوتووە[3]، بەڵام بەشێکی زۆری کەرەستە سەرەتاییەکانی ئاشەکە مابوون لە ساڵی (2022) نۆژەنکراوەتەوە لەلایەن دامەزراوەی کەریمی عەلەقە بە بڕی تێچوی (8000) دۆلاری ئەمریکی[4]. هەروەها ئاشەکە ئەم خزمەتگوزاریانەی بۆ کراوە، لەوانە دروستکردنی دوو ژوور یەکێکیان تایبەتە بە ئاشەکە و پێکهاتەکانی لەوانە (نەی، چەقەنە، کۆل، پەروانە، بەرداشەکان...هیتر)، پانی ژوورەکە

---

[1] بحري سالم فتاح الصفار و هدى صباح نجم الدين، التحليل الجغرافي لتباين الإمكانات البشرية للتنمية السياحية في محافظة دهوك (قضائي عقرة وعمادية أنموزجآ)، گۆڤاری کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە2، 2022، ص189.

[2] سوسن صبح حمدان، التحليل المكاني للمواقع الأثرية و دورها في تطوير السياحة في مدينة بغداد، مجلة الاداب، العدد114، 2015، ص455-456.

[3] ئاراس محمد سالح، گۆرانگە، بەهەشتێک لە ناو دڵی شارباژێڕدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە8702، 2022، ل2.

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز کاک عوسمان ڕەسوڵ خولام دانیشتووی گوندی گۆرانگە لە بەرواری 2020/5/28.

(4)م درێژییەکەی (7)م و بەرزییەکەی (2)م نیوە، پانی دیوارەکانی (50)سم، بە بەرد و چیمەنتۆ ناوچەکە دروستکراوە، ئەوەی تریبان تایبەتکراوە بە ژووری پشوودانی ئاشەوان، بە یەکێک لە شوێنەوارە دێرین و کەلەپورییەکان ئەژمار دەکرێت لە ئێستادا نۆژەنکراوەتەوە، ئەم ئاشە سەرەڕای لایەنی جوانی کە دیمەنێکی جوان و قەشەنگ و ڕەسەن بەو گوندەکە دەبەخشێت، دەکرێت وەک شوێنێک بۆ گەشتوگوزار و سەردانکردن بەکاربهێنرێت، ببێتە شوێنێک بۆ پیشە و باشترکردنی گوزەرانی خەڵکی ناو گوندەکە و گوندەکانی (گردەزبێر، دێگەڵ، بێتوات، وەڕاز، ...هیتر)، لەگەڵ ئەمانەشدا گوندەکە توانستێکی سروشتی گەشتوگوزاری هەیە، لەوانە بوونی ئاووهەوای فێنک و سەرچاوەی ئاوی و دارستانی سروشتی، کە لە وەرزی بەهارو هاویندا گەشتیاران لە ژێر دارەکاندا پشوو دەدەن و بۆتە هۆی خۆشکردنی ئاووهەوای ناوچەکە، هەموو ئەم توانستانە وایکردووە ناوچەکە ببێتە شوێنکی گەشتیاری، گەشتیاران لە کەژی گەشتوگوزارییدا چالاکیە گەشتوگوزارییەکان پیادە بکەن[1]، وێنەی(6).

وێنەی (6)
ئاشی ئاوی گۆرانگە



سەرچاوە: ئەم دوو وێنەیە لە بەرواری 2022/5/28 لەلایەن توێژەر گیراوە

2. **مەزاری پیری شەوکێل**: دەکەوێتە گوندی ئەحمە ئاوا سەر بەناحیەی سیتەک بە دووری (20)کم دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی سلێمانی، بە دووری (12)کم دەکەوێتە باشوری خۆرئاوا چوارتا، باشوری خۆرهەڵاتی قەڵاچوالانەوە، لە ئێستادا بووە بە یەکێک لە سەیرانگە خۆش و جوانەکانی شارباژێڕ خەڵکی سلێمانی دەوروبەری بایەخ و گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە و زیاتر لە ڕۆژانی چوارشەممە و جومعەدا خەڵک سەردانی دەکەن لە پانتاییەکی دەوروبەری مەزارەکەدا کاتەکانیان

[1] سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە لە بەرواری 2020/5/28.

بەخۆشی بەسەر دەبەن بە مەبەستی نزاو پاڕانەوەو وەرگرتنی شیفاو چاکبوونەوەیان لە نەخۆشیە جۆربەجۆرەکان[1]، وێنەی (7).

وێنەی (7)

مەزاری پیری شەوکێل



سەرچاوە: ئەم دوو وێنەیە لە بەرواری 2022/5/6 لەلایەن توێژەر گیراوە

3. **مەزاری خەرگەڕەش**: لە گوندی گورگەدەری سەر بە ناحیە سیتەکە (5-10)کم لە ناحیەکەوە دوورە، ئەم مەزارە گڵکۆی سەید مستەفای سەید نورەدینی بریفکانییە، ئەسڵەکەیان دەگەڕێتەوە سەر پیرخدری شاهۆ، هەندێک دەڵێن جاف و هەندێک دەڵێن شێخ[2]. گۆڕەکەی لەناو مزگەوتی گورگەدەردایە، بۆیە خەڵک و دانیشتوانی گوندەکە بە پیرۆزی دەزانن، بە مەبەستی چاکبوونەوە لە نەخۆشی و هاتنەدی خواستەکانیان سەردانی دەکەن، لەگەڵ ئەمانەشدا گوندەکە رووەکی سروشتی زۆرە، کەوتۆتە باکوری خۆرهەڵاتی سلێمانی بە دووری (27)کم، دوو ڕێگەی (سیتەک، بناوێلە) و (کانی سادر)ی هەیە، ئەمەش وایکردووە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار رووی تێبکات، وێنەی(8).

وێنەی (8)

مەزار خەرگەڕەش




سەرچاوە: ئەم وێنەیە لە بەرواری 2022/5/6 لەلایەن توێژەر گیراوە

[1] سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە لە بەرواری 2022/5/6

[2] ڕێباز عەبدولڕەحمان عەبدوڵلا، گوندی گورگەدەر، گۆڤاری شارباژێر، ژمارە11، 2019، ل124.

4. **ڕوانگەی مەلا نەبی**: ئەم ڕوانگەیە لە گوندی بارێی بچووک سەر بە ناحیەی سیوەیل قەزای شارباژێڕە، دەکەویتە باکوری خۆرهەلاتی چوارتاوە بە دووری (55)کم، (75)کم لە شاری سلێمانییەوە دورە، دەکەوێتە نێوان گوندەکانی (تیمار، موسەک، باسنێ، بێورێ، نۆڕەباب، شیوەکەل، بارێی گەورە)[1]. ڕوانگەیەکی کات زانین یاخود مەرصدێک بە شاخەکەی بەرامبەر مزگەوتی گوندەکەوەیە، کە پێی دەلێن(مەردەک) و لەلایەن زاناو فەلەکناس مەلا نەبی لە سەدەکانی شانزادا دروستکراوە بۆ زانینی کات و وەرزەکان و جەژنەکان و کاری لەسەر کراوە، (ڕۆژەکان و سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وەرزەکانی سالْ...) ئەم حاساباتە لەسەر بنەمای بیبینی ئاوابوونی خۆرە لەسەر یەکێک لەو (کۆمەلە بەردا)نەی کە لە گردو کێوەکانی بەرامبەر خالْی ناوەند بە شوێنی تەماشاکردن دانراوە، وێنەی (9).

وێنەی (9)
ڕوانگەی مەلا نەبی



سەرچاوە: ئەم وێنەیە لە بەرواری 2018/2/8 لەلایەن گۆران سیوەیلی دانیشتووی گوندی بارێی بچووک

پیکهاتەی ئەم ڕۆژمێرە دەستکردە، کە بە (ڕوانگەی مەلا نەبی) ناودەبرێت، دەمامودەم گەیشتووە بەسەدەی (16) تا ئێستاش بەشی زۆری هێما و ئاماژەکانی دیارن و دەخوێندێنەوە، بووە بە بەشێک لە مێژووی ناوچەکە و شوێنەوارێکە کەمتر دەستی پسپۆڕانی پێگەیشتووە بۆ کۆکردنەوە زانیاری و لێکۆلێنەوە لەسەری و پێویستە بایەخی پێبدرێ. بەلام ئەوەی گرنگی ئەم ناوچەیە وەکو پێگەییەکی گەشتوگوزاری زیاد دەکات بوونی ئەم ڕوانگەییە لە گوندی بارێی بچووک کە ئێستا بە یەکێک لە گرنگترین ناوچە گەشتوگوزارییەکان قەزای شارباژێڕ دادەنرێت لەبەرئەوەی خاوەنی چەندین بنەما سروشتی گەشتوگوزارییە، وەکو دیمەنی شاخاوییە سەرنج ڕاکێشەکان و سەرچاوەی ئاوی سازگار و بوونی دارستانی سەوز لە ناوچەکە ئەمە و چەندین ڕەگەزی گەشتوگوزاری ژینگەیی، لە پالْ ئەم بنەمایانەش ئەگەر بێتوو بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی و ئەم ڕوانگەیە بخاتە بەلگەی

---


[1] سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی لێکۆلینەوە لە بەرواری 2022/5/28

ڕێبەری گەشتیارییەوە، هەر گەشتیارێک بێتە کوردستان بزانێت ئەم ڕوانگەیە مێژوویەکی دەگمەن و کەم وێنەی بیهاوتایە لە کوردستاندا. بۆ ئەوەی هەم خەڵکی ناوچەی لێکۆڵینەوە و شاری سلێمانی هەر گەشتیارێکی ناوخۆی بیانی هاتە سەردانی، زانیاری لەسەری هەبێت و لە بایەخ و گرنگی تێبگات، چونکە دەبێتە شوێنکی گەشتیاری و مێژووی ساڵانە بە هەزاران کەس سەردانی دەکەن و دەبێتە سەرچاوەی داهاتێکی باش بۆ گوندەکە و جمۆجۆڵی گەشتیاری لە ناوچەکە زیاد دەکات.

5. **قورئان دەستنوسەکەی مەلا موسا شادەبەدین:** ئەم قورئانە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (456) ساڵ لەمەبەرو بەدەستی ملا موسای تەوەکولی لەگوندی شابەدین بە ئاوی گوڵ (مەرەکەبی ڕەش و سورو) و بەخەتێکی جوان روون (خەتی کوفی) لەسەر کاغەز نوسراوە لە ساڵی (1562) لە نوسینەوەی تەواو بووە. لایەنیکی تری ئەم قورئانە دەستنوسە ئەوەیە کە لە دوای (456) ساڵ لە نوسین بەکارهێنان چەندینجار ونبووە و دۆزراونەتەوە تائێستا هیچکام لە لاپەڕەکانی خراپ نەبووە و بە باشی دەخوێنرێتەوە، جگە لەمەش چەندین جار هەوڵدراوە دوور بخرێتەوە ببرێت بۆ شوێنی نادیار و لای کەسانی پلە باڵای حکومی. چەندین جاریش بەهۆی ڕووداوە کارەساتەکانەوە ونبووەو دیارنەماوە، بەڵام دواجار گەڕنراوەتەوە لە ساڵی (1996) لای (مەلا فاتیح جەمیل ئەحمەد)ە، یەکێکە لەنەوەکانی مەلا موسا، لە گوندی بارێی بچووک پارێزراوە، وێنەی (10). سەبارەت بە گرنگی ئەم قورئانە خاوەن پێگەییەکی گەشتوگوزاری ئاینیە ساڵانە چەندین جار بەرنامەی تەلەفیزۆنی بۆ ڕێک دەخرێت بۆ سەردانیکردن و تەماشاکردن، بەڵام بایەخی گەشتوگوزاری گوندەکە بەوە بەهێزترە کە خاوەنی جوانییەکی سروشتی دڵرفێنە، گوندی بارێی بچووک ناوازەیە لە جوانی دیمەنە سروشتیەکان و سەیرانگای گەشتیاری نەک لەناو قەزاکە بەڵکو لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی ناوبانگێکی گەشتیاری هەیە.

وێنەی (10)

قورئان دەستنوسەکەی مەلا موسا شادەبەدین



سەرچاوە: ئەم وێنەیە  زانای ملا فاتیح دانیشتوی گوندی بارێی بچووک گیراوە

ناوچەی لێکۆڵینەوە چەندین مەزار و شوێنی پیرۆزی تری هەیە، وەکو (پیرکۆپکە لە گوندی کانی سارد، پیر یوسف و پیرخەیاڵ لە گوندی کانی وەیسە، پیرمحمد لە گوندی مڕانە، مەرقەدی شێخ زەینەڵ لە گوندی پیراسک لە ناحیەی سیوەیل)[1]، یەکێکن لە بنەما گرنگترین بنەما مێژووییەکانی گەشتوگوزار لە ناوچەکە، بەڵام بەهۆی خراپی ڕێگاکانی هاتوچۆ ژمارەیەکی کەم لە گەشتیاران سەردانیان دەکەن، چونکە وەکو پێویست بە گەشتیاران نەناسێنراون هەروەها زۆربەی ئەو گەشتیارانەی سەردانی ئەو ناوچانە دەکەن بۆ حەوانەوە کات بەسەربردن دێن و بەهۆی بوونی چەند بنەمایەکی سروشتی سەرنجڕاکێشی گەشتوگوزار کەمتر گرنگی بە بنەما مرۆییەکان دەدەن.

**سێیەم: بنەما ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان**

بنەما ڕۆشنبیری و کۆمەڵاییەتیەکان و دابوونەریت و کلتور و پیشە دەستیەکان و جۆری خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ و کەرنەڤاڵ و چەژن و بۆنەکان و زمانی تایبەتی ناوچەکە دەگرێتەوە، ناوچەی لێکۆڵینەوە بەهۆی دەوڵەمەندی هەمەجۆری لە دابوونەریت و کلتورو بیروباوەڕی ئاینی جیاوازی تیادا بەدی دەکرێت، ئەمەش وادەکات کە لایەنەی ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ناوچەکە زیاتر بێت.

**أ. دابوونەریت و ئاستی ڕۆشنبیری**

قەزای شارباژێڕ وەک هەموو ناوچەکانی تری کوردستان خاوەن کلتورو دابوونەریتی خۆیەتی، هەر ناوچە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە سنوری هاوبەشی هەیە لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ قەزای پێنجوێن، لە باکورەوە لەگەڵ شاری بانەی خۆرهەڵاتی ئێران، لە خۆرئاواوە لەگەڵ قەزای پشدەر، لە باشورەوە لەگەڵ گوندەکانی ناحیەی عەربەت هەندێ کلتورو دابوونەریت شێوەی زمانی جیاواز بەدی بکرێت. ناوچەکە کە خاوەنی ژمارەی زۆری گوندە دیاردەی شێوە زمانی جیاوازی بە زەقی پیوە دیارە، شێوە زمانی ماوەت لەگەڵ چوارتادا جیاوازە گوندێک بۆ گوندێکی تر جیاوازە، ئەم دیاردەییە بە دەوڵەمەندیەتی زمان ناوزەندە دەکرێ، ئەمەش گرنگیەکی تایبەتی بۆ قسەکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ گەشتیاران لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بە تایبەت گەشتیارانی وڵاتی ئێران، کە ساڵانە ژمارەیەکی لە گەشتیاری ئێرانی ڕوو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەن.

یەکێکی تر لە کلتورە جوانەکانی خەڵکی گوندەکان شارباژێڕ میواندۆستی بووە، بەوە ناسراون کە میواندۆسترین کەسن لەسەر ئاستی کوردستان، هەر میوانێک یان گەشتیارێک یان کەسێکی بیانی و خاوەن ئاینی جیاواز، بۆ هەرکارێک چووبێتە گوندەکانی شارباژێڕو وەکو ئەوە وابووە لە ماڵەکەی خۆیدا بووبێ، ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ هەر ناوچە و هەرێمێک، چونکە بە باشی مامەڵە و میواندارکردن و ڕێزگرتنی گەشتیاران، لە گرنگترین هۆکارە ئەرێنییەکانە

[1] سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە لە بەرواری 2022/5/6

که کار لەسەر بیروباوەڕو هەستی گەشتیاران دەکات و هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی دەکات لەو ناوچانەی گەشتیان بۆ کردووە[1].

قەزای شارباژێڕ بە گشتی و گوندەکانی بە تایبەتی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تاوەکو ئێستا، چەندین نوسەرو شاعیرو رووناکبیرو هونەر دۆست لە دامێنی هاتونەتە دونیاوە، کە ئەمڕۆ چین توێژەرکانی کوردستان بە گشتی و ناوچەی شارباژێڕ بە تایبەتی شانازی بە هەبوونیانەوە دەکات، وەک (مەلا فەتاح قامیشی و مەلا مەحمود عەزیز حەمە مارف ئەلیاس خەڵکی گوندی نۆرەباب و تۆفیق وەهبی و عبدوڵا مەحمەد ڕەسوڵ ئەحمەد أغا، ناسراوە بە عەبە حەیران خەڵکی گوندی مرانەیە، جەمال شارباژێڕی شاعیرو....) کە ڕۆڵی سەرەکیان گێڕاوە بۆ رووتێکردنی خەڵکی ناوچەکانی تر بۆ خوێندن و سەردان و زیاترکردنی ئەم زانا و شاعیرانە لە کۆن و ئێستادا.

**ب. کۆنفرانس وڤیستیڤاڵ و بۆنە ئاینی و نەتەوەییەکان**

ئەمە بە یەکێک لە پاڵنەرەکانی گەشتوگوزار دادەنرێت، بە جۆرێکی نوێ گەشتوگوزار ناسراوە، بریتییە لە بۆنەیەک تییادا خەڵک لە ناوەوە و دەرەوەی شوێنی ڤیستڤاڵەکەوە دێن تاوەکو تەواو بوونی دەمێنەوە.[2]ساڵانە چەندین ڤیستیڤاڵ لە گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ساز دەکرێت و چەندین چالاکی هونەری و ئەدەب و فلکلور و ئیشی دەستی و گۆرانی و جل و بەرگی کوردی و خواردن دروستکردن و ئەسپسواری و چەندین یاری تر نمایش دەکرێن، یەکێک لەو ڤیستیڤاڵانەش ڤیستیڤاڵی ڕۆژی کەناروێ لە بەروار (2022/5/13) بۆ یەکەمجار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەر گردان بەڕێوەچوو، بە بەشداری ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناوچەکە، چەندین چالاکی هونەری و ئەدەب کەلەپوری تیادا نمایش کرا، وەکو شعر خوێنەوە و ئەنجامدانی نوێژەی هەینی و هەڵپەڕکێ و گۆرانی کوردەواری و مۆزیک و ئەسپ سواری و خواردنە کوردەوارییەکانی ناوچەکە[3]، ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی بۆ گەشتوگوزاری نێوخۆی و بەهیزکردنی پەیوەندییەکان و دواتر بۆ گەشتوگوزاری دەرەکی.

هەروەها ڤیستیڤاڵی ڕۆژی بێورێ لە بەرواری (2022/5/20)، بە ناوی گوندی بێورێ ئەنجام دەدرێت، کە لەلایەن دانیشتوانی گوندەکە و خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە لە دەرەوەی گوندەکە دەژین بەشدارییان کرد، تیایدا چەندین بواری کەلەپوری و بەرهەمی تایبەتی گوندی بێورێ و یاری و گۆرانی کوردەواری و مۆزیک و ئەسپ سواری و خواردنە کوردەوارییەکانی ناوچەکە نمایشکرا[4]، وێنەی (11).

---

[1] ئاسان کەمال، کەلتور و دابونەریتە جوانەکانی شارباژێڕ، گۆڤاری شارباژێڕ، ژمارە10، 2019، ل37.

[2] نەبەز عەبدولرحمان ئەحمەد، قەزای دوکان شوێنەوارە مێژوویی و بایەخە گەشتوگوزارییەکانی، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، 2020، ل117.

[3] سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە لە بەرواری 2022/5/13

[4] سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە لە بەرواری 2022/5/20

وێنەی (11)

ڤیستیڤاڵی ڕۆژی بێورێ



سەرچاوە: ئەم وێنەیە لە بەرواری 2022/5/20 لەلایەن توێژەر گیراوە

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی چەندین تایبەتمەندی گرنگ و بنەمای گەشتوگوزاری مرۆییە، ئەمەش بایەخێکی ئابوری تایبەتی هەیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بۆیە بە گەڕخستن و چالاکردنی ئەم کەرتە (بە تایبەتی شوێنەوارە ئاینی و مێژووییەکان) یەکێکە لە پێداویستیە نەتەوەییەکان بۆ سەرلەنوێ بوونیات نانەوەی ئابوری ناوچەکە و دابینکردنی هەلی کارکردنی نوێ و کەمکردنەوەی بێکاری کە ساڵانە بەشێوەیەکی بێسنور روو لە زیادبوون دەکات.

**باسی دووەم : گیروگرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی دێهات و گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

1. **گیروگرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی دێهات:**

ناوچەی لیکۆڵینەوە خاوەن چەند تایبەتمەندی سروشتی و مرۆیی گرنگە، کە پێویستە پەرەی پێبدرێت لە گوندەکان بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی لەسەر پێشکەوتنی ئەو ناوچەیە و هەنگاونان بەرەو ئاڕاستەیەکی باشتر لە گشت بوارەکانی ژیان هەبێت، دواتریش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەس و ئابوری نەتەوەیی، چونکە کەرتی دێهات لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بەردی بناغەی ئاسایشی خۆراکە بۆ دانیشتوانەکەی، نەک تەنیا لەبەرئەوەی (سەبەتەی خۆراکە) بەڵکو بەهۆی زیادبوونی پەیوەندی نێوان کەرتی دێهاتی و شارنشینی، لەگەڵ پەرەسەندنی پێشکەوتنی هۆیەکانی گواستنەوە و پەیوەندی خێرایی زیادبوونی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان، پێداویستیەکانی ژیانی دانیشتوان جیاوازە. لەبەرئەوە پەرەپێدانی دێهاتەکان پێویستە بۆ وەڵامدانەوی ئەو جیاوازیانە و کەمکردنەوەی بۆشایی نیوان ئاستی ژیان ناوچە دێهاتەکان و شارنشینییەکاندا، لە ئەمڕۆدا وڵاتانی تازە گەشەسەندوو بەدەست کێشیەکەوە دەناڵێنن، ئەویش هەڵکشانی کۆچکردنی گوندەکانە بۆ ناوەندی شارەکان، ئەمەش مەترسیەکە بۆ سەر ئاسایشی خۆراک و دابەزینی ئابوری وڵاتانی جیهان[1].
لەم توێژینەوەیەدا توێژەر داتا و زانیاری و فۆڕمی ڕاپرسی ئامادەکردووە بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی دانیشتوانی نشینگە دێهاتیەکان و دیاریکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی چۆنیەتی چارەسەرکردنیان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، کە زیاتر لە (2) مانگ خایاند و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕو ئەنجامدراوە، دوای کۆکردنەوە و جیاکردنەوەی (150) فۆڕم بە تەواوی کاری لەسەر کراوە، دواتر داخڵکراون و پۆلێن کراون، ئەو کێشەوگرفتانە ڕووبەڕوی دێهاتەکان بۆتەوە دەخەینەڕوو بەمشێوەیە:

**یەکەم : کێشە و گیروگرفتە مرۆییەکان:**

1. **خزمەتگوزاری پەروەردەیی:**

پەرەپێدانی پەروەردە کاریگەری زۆری لەسەر گەشەپێدانی ئابوری وڵاتان هەیە، چونکەی بەرزی ئاستی پەروەردە بەشێوەیەکی بەرچاو ڕەنگدانەوە لەسەر پێشکەوتن و پەرەپێدان و کەمبوونەوەی هەژاری و نەخوێندەواری و دابینکردنی هەلی کاری زیاتر بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا دەبێت[2]. بۆیە پێویستە لە پێناو پەرەپێدانی دێهاتەکان و گەیشتن بە بارودۆخی شیاو لە دێهاتەکان کە ئامانجی پرۆسەی پەرەپێدانە بەشێوەیەکی تایبەتی لە ناوچە دێهاتەکان و بەرزکردنەوەی توانای تاکەکان تاوەکو ببنە کەسێکی بە سوود و بەرهەمهێن، لەبەرئەوە خزمەتگوزاری پەروەردەیی لە دێهاتەکانی ناوچەی

---

[1] جزا توفيق طالب، التنمية الريفية و السياحية في اقليم كوردستان العراق، الطبعة الاولى، سليمانية، 2005، ص3.

[2] هاشم الطيب، اثر اسياسة التنمية الريفية علي التعليم في المناطق الريفية (حالة جزائر)، مجلة الجامعة المصتنسرية للدراسات العربية والدولية، بغداد، العدد48، 2014، ص239.

لێکۆڵینەوە توشی چەند گرفتێک دەبێت لەوانە کەمی ژمارەی قوتابخانە، ئەمەش وەک گەورەترین گرفت هەژماردەکرێت لەبەردەم پرۆسەی پەرەپێدانی دێهاتی لە ناوچەکە، خشتەی (28).

خشتەی (28)

ژمارە و ڕێژەی قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەیی نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2012-2022) دا

| یەکە کارگێڕییەکان | ژ/ گوند | 2012 | | | | | | ژ/ گوند | 2022 | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | قوتابخانەی بنەڕەتی | | یاسا گوند / قوتابخانە | قوتابخانەی ئامادەیی | | | | قوتابخانەی بنەڕەتی | | گوند / قوتابخانە | قوتابخانەی ئامادەیی | |
| | | ژمارە | % | | ژمارە | % | | | ژمارە | % | | ژمارە | % |
| سەنتەری قەزا(چوارتا) | 22 | 13 | 59.1 | 2/1 | 1 | 4.5 | | 23 | 15 | 65.2 | 2/1 | 4 | 17.4 |
| ناحیەی سیوەیل(باسنێ) | 41 | 22 | 53.5 | 2/1 | 0 | 0 | | 30 | 5 | 16.7 | 6/1 | 0 | 0 |
| ناحیەی سیتەک | 37 | 23 | 62.1 | 2/1 | 3 | 8.1 | | 33 | 19 | 57.5 | 2/1 | 1 | 3 |
| ناحیەی زەلان | 39 | 14 | 35.9 | 7/2 | 0 | 0 | | 33 | 5 | 15.2 | 7/1 | 2 | 6.1 |
| ناحیەی گاپیلۆن | 20 | 16 | 80 | 2/1 | 3 | 15 | | 20 | 10 | 50 | 2/1 | 3 | 15 |
| کۆی قەزا | 159 | 88 | 55.3 | 3/1 | 7 | 4.4 | | 139 | 54 | 38.8 | 3/1 | 10 | 7.2 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستە بە :

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری شارباژێر، ئاماری گوندەکان بەپێی خزمەتگوزارییەکان بۆ ساڵی 2012.
2. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی شارباژێر، هۆبەی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە،2022 .
3. ئەنجامی فۆرمی راپرسی لە بەرواری 2022/5/6 بۆ2022/7/17.

بەپێی زانیارییەکانی ناو خشتەکە دەردەکەوێت.

1. نشینگە گوندییەکان قەزای شارباژێر لە ساڵی (2012)دا لە کۆی (159) گوندی قەزاکە (88) قوتابخانەی بنەرەتی بووە، واتە (55.3%) گوندەکان قوتابخانەیان هەبووە، کەچی لە ساڵی (2022)دا ژمارەکە کەم دەکات بۆ(54) گوند قوتابخانەی بنەڕەتی هەبووە، واتە (3) گوند (1) بەرکەوتووە، لە کۆی (139) گوند، بۆیە ڕێژەکە کەم دەبێتەوە بۆ (38.8%) نشینگە گوندییەکان، ئەمەش ڕێژەیەکی نزمە بە بەراورد بە ژمارەی گوندەکان، چونکە لە (61.2%) کۆی نشینگە گوندییەکانی قەزاکە بێ بەشن لە قوتابخانەی بنەڕەتی، ئەگەر سەیر بکەین لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕەکانی قەزاکە لە یەکە کارگێڕیەک بۆ یەکە کارگێڕیەکیتر جیاوازە، بە جۆرێک گوندەکانی سەنتەری قەزا (چوارتا) و ناحیەی سیتەک زۆرترین قوتابخانەی بنەرەتیان هەبووە بە بەراورد لەگەڵ ناحیەکانی تر، بەشێوەیەک هەریەک لە ناحیەکانی گاپیلۆن و سیتەک و سیوەیل سەنتەری قەزا (چوارتا) یەک بە دوای یەک ڕێژەی ئەو گوندانەی قوتابخانەیان هەبووە، (80%، 62.1%، 59.1%، 53.5%)، بەڵام لە ساڵی (2022)دا لە (65.2%) کۆی نشینگە دێهاتیەکانی سەنتەری قەزا سوودمەندن لە قوتابخانەی بنەڕەتی، کەچی لە ناحیەی سیتەک


و گاپیلۆن کەمیکردووە بۆ (57.5%، 50%) کۆی نشینگە دێهاتیەکان، لە هەردوو ناحیەی سیوەیل و زەلان یەک بە دوای یەک ڕێژەکە زیاتر کەم دەکات بۆ (16.7%، 15.2%) و نشینگە دێهاتیەکان خاوەن قوتابخانەی بنەڕەتی بوون، کەمی ئەم ڕێژەیەش لەم یەکانەدا دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری شێوازی دابەشبوونی نشینگە دێهاتیەکان و بچووکی قەبارەیان بە بەراورد بە ناحیەکانی تر کە نشینگە دێهاتیەکان تاڕادەیەک قەبارەی دانیشتوانیان تێدا زۆرە. بەم جۆرە لێهاتویی دابەشبوونی جوگرافی قوتابخانە بنەرەتیەکان بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022) لە نێو نشینگە دێهاتیەکانی قەزاکە دەردەکەوێت، جگە لە نشینگە دێهاتیەکانی ناحیەکانی (سیوەیل، زەلان) نەبێت کە بە پلەی یەکەم شێوازی بڵاوەبووی نشینگەکان و بچووکی قەبارەیان تێدا بەرپرسە.

2. هەرچی قوتابخانەی ئامادەییە ژمارەیەکی کەمی گوندەکان ئەم قۆناغەی خوێندن لەخۆدەگرن، لە ساڵی (2012)دا (7) قوتابخانەی ئامادەیی هەبووە لە کۆی (159) گوند، واتە بە ڕێژەی (4.4.%) گوندەکانی قەزاکە سوودمەند بوون لە قوتابخانەی ئامادەیی، لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕیەکانیش دابەشبوونی ئەم قوتابخانانە جیاواز بووە، بە جۆرێک ناحیەکانی گاپیلۆن و سیتەک و سەنتەری قەزا یەک بە دوای یەک ڕێژەی ئەوە گوندانەی قوتابخانەی ئامادەییان هەبووە لە (15%، 8.1%، 4.5%)، بەڵام ناحیەکانی سیوەیل و زەلان ئەم جۆرە قوتابخانەیان تێدا نییە، کەچی لە ساڵی (2022)دا لەکۆی (139) گوند (10) گوند قوتابخانە ئامادەیی هەبووە، واتە ڕێژەکە زیادیکردووە بۆ لە (7%) کۆی گوندییەکان لەسەر ئاستی قەزاکە قوتابخانەی ئامادەییان هەبووە، بەمەش لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانش دابەشبوونی ئەم قوتابخانانە جیاوازە، بە جۆرێک سەنتەری قەزا (چوارتا) و ناحیەکانی گاپیلۆن و سیتەک بە ڕێژەی لە (17.4%، 15%، 6.1%)، کۆی نشینگە دێهاتیەکان قوتابخانەی ئامادەییان لەخۆگرتووە، بەڵام ناحیەی زەلان بە ڕێژەی لە (3%) کۆی نشینگە دێهاتیەکان ئەم جۆرە قۆناغە لەخۆدەگرن. نەخشەی (24).

لێرەدا ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانە کەمی ژمارەی قوتابخانە ئامادەیی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی نەدانی حکومەت لە کردنەوەی قوتابخانە، هەروەها شێوازی دابەشبوونی نشینگەکان و بچووکی قەبارەیان وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەپێی ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی لە (35.3%) کۆی نشینگە دێهاتیەکان لەسەر ئاستی قەزاکە قوتابخانەیان تێدا نییە، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە بە بەراورد بە ژمارەی نشینگە دێهاتیەکان قەزاکە، لەم بارودۆخەدا گوندنشینان ناچارن خوێندکارەکانیان بنێرن بۆ ئەو گوندانەی کە قوتابخانەی لێیە یان دەبێت ڕوو بکەنە سەنتەری ناحیەکان، ئەمەش فشارێکی زۆر دەخاتە سەر شانی خێزانەکەنیان، پێویستە حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار ئاوڕێک لەم بابەتە بداتەوەو بەجدی کاری لەسەر بکات تا بتوانێت چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشە و گرفتەکانی دانیشتوانی گوندەکانی قەزاکە بدۆزنەوە، چونکە نەبوونی ئەم خزمەتگوزارییە دەبێتە هۆی کۆچی دانشتوانەکەی بۆ شارەکان.

نەخشەی (24)

ژمارەی قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2022) دا




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (28)

2. **خزمەتگوزاری تەندروستی**:

نەخۆشخانە و بنکە و مەڵبەندە تەندروستیەکان بە یەکێک لەو دامودەزگا گرنگانە دادەنرێن خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بە دانیشتوان دەکەن و ڕۆڵێکی بەرچاویش لە کۆکردنەوەی دانیشتوان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا هەیە، هاوشێوەی قوتابخانە بە یەکێک لە دەزگا گرنگەکان دادەنرێت[1]. کە پێکدێت لە ژمارەیەک پزیشک و خزمەتگوزاری داو دەرمان و ئامێری جۆراوجۆری پزیشکی، کە هەموو ئەمانە بە مەبەستی پێشکەشکردنی چارەسەرو ئەنجامدانی شیکردنەوەی تاقیگەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا و دەرکردنی ڕێنماییە خۆپارێزە تەندروستیەکانە[2].

لە ساڵی (2012)دا ئەوەمان لاڕوون دەبێتەوە کە (20.1%) نشینگە گوندییەکانی قەزاکە بنکەی تەندروستی تێدایە، لەکۆی (159) گوند، بەڵام لە ساڵی (2022)دا لە کۆی (139) گوند بە ڕێژەی (21.6%) گوندەکان بنکەی تەندروستیان تێدایە، واتە بە ڕێژەی (78%) گوندەکان لەم خزمەتگوزارییە سەرەتاییە بێبەشن، ئەگەر لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانیش ئەم ڕێژانە بەراورد بکەین جیاواز بووە، بۆ نموونە ناحیەکانی (گاپیلۆن و سیوەیل و سیتەک و سەنتەری قەزا) ڕێژەی (30%، 26.8%، 24.3%، 18.1%)، لە ساڵی (2012)دا، کەچی ناحیەی زەلان (7.7%) بووە، بەڵام لە ساڵی (2022)دا هەردوو ناحیەی گاپیلۆن و سیتەک بە پلەی یەکەم دێن بە ڕێژەی لە (40%، 24.2%) هەریەک لە سەنتەری قەزا و ناحیەکانی  و زەلان یەک لەدوای یەک بە کەمترین ڕێژەی (13%، 20%، 15.1%)، خشتەی (29). ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە، هۆکارەکە گرنگی نەدانی حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار بە کەرتی تەندروستی لە گوندەکانی قەزاکە، بە جۆرێک بێ پلانی و کەموکورتی پێوە دیارە، ئەمەش لە ئەنجامی کەمتەرخەمی لایەنی پەیوەندی دارە بە تایبەتی کاربەدەستانی کارگێڕی و تەندروستی ناوچەکە کە گرنگیان نەداوە بە گوندەکان لە رووی کردنەوەی بنکەی تەندروستی سەردەمیانە ئامادەکراو بێت بەگشت پێداویستیە پزیشکیەکان و زیاتر گرنگیان بەشارەکان داوە، چونکە زۆربەی زۆری ئەو بنکانەی کراونەتەوە بنکەی لاوەکین  بەسەر گوندەکاندا دابەشبوون.

---

[1] فاطمە قادر مصطفي و ئەوانی تر، شیکردنەوەی شوێنی بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لە قەزای مێرگەسور، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە8، 2021، ل239.

[2] قاسم محمد نعمه السعدي، التحليل المكاني للخدمات الصحية في مدينة الهندية، رسالة ماجستير(غير منشورة)، جامعة كربلاء، كلية التربية للعلوم الإنسانية، قسم الجغرافية التطبيقية، 2021، ص18.

خشتەی (29)

ژمارەی بنکە و کارمەندی تەندروستی نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2012-2022)

| یەکە کارگێڕییەکان | 2012 | | | 2022 | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ/ گوند | ژ/ بنکە | % | ژ/ گوند | ژ/ بنکە | % | ژ/ کارمەندی تەندروستی |
| سەنتەری قەزا (چوارتا) | 22 | 4 | 18.1 | 23 | 3 | 13 | 4 |
| ناحیەی سیوەیل (باسنێ) | 41 | 11 | 26.8 | 30 | 6 | 20 | 10 |
| ناحیەی سیتەک | 37 | 9 | 24.3 | 33 | 8 | 24.2 | 14 |
| ناحیەی زەلان | 39 | 3 | 7.7 | 33 | 5 | 15.2 | 10 |
| ناحیەی گاپیلۆن | 20 | 6 | 30 | 20 | 8 | 40 | 13 |
| کۆی قەزا | 159 | 33 | 20.7 | 139 | 30 | 21.6 | 51 |


سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری شارباژێڕ، ئاماری گوندەکان بەپێی خزمەتگوزارییەکان بۆ ساڵی 2012.
2. وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، کۆگای دەرمانی شارباژێڕ، بەشی دابەشکردنی دەرمان، لیستی ناوی مەڵبەندو بنکە تەندروستیەکانی قەزای شارباژێڕ، 2021-2022، بڵاونەکراوە.
3. ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی لە بەرواری 2022/5/6 بۆ2022/7/17.

هەروەها نایەکسانییەکی بەرچاو هەیە لە دابەشبوونی بنکە تەندروستیەکان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە، لاوازی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و ئەمە جگە لە نارێکی دابەشبوونی بنکە تەندروستیەکان بەسەر گوندەکان، چ لەنێو یەک ناحیەدا یان ناحیەکانی قەزاکەدا. لەلایەکیترەوە ئەوەی تایبەتە بە تاقیگە کە بە یەکێک لە پێداویستیە گرنگەکانی تەندروستی دادەنرێت لە هیچ بنکەیەک بوونی نییە، هەروەها یەکەی کوتان دەتوانین بڵێن بە شادەماری تەندروستی دادەنریت بە تایبەتی بۆ منداڵان و دایکان کە دوا ڕۆژی منداڵان پێوە پەیوەستە لە رووی توشبوون بەنەخۆشییە باوەکان بە تایبەتی ئفلیجی منداڵان و جۆرەها نەخۆشی تر کە لە ڕێگای کوتانەوە ڕێگری دەکرێت بۆ تووش نەبوونی منداڵان بەپێدانی قەترەی وەرزی و بەردەوامی منداڵان تاوەکو چوون بۆ قوتابخانە، ئەوەی تایبەت بێت بە دەرمانسازی کە پێویستە بۆ هەر بنکەیەک چونکە جۆری دەرمانی دیاریکراو دەبەخشێت، ئەگەر سەرير بکەین کەموکوری زۆر هەیە لەم جۆرە پسپۆڕییە بوونی نییە، بە هەمان شێوە یەکەی تیشک زۆر پێویستە بە تایبەت بۆ دەست نیشانکردنی جۆری نەخۆشی ئەگەر سەیر بکەین بنکەکان بێبەش لە ئامێری تیشک. سەبارەت بە کارمەندی تەندروستی دیارە جۆرە نایەکسانی هەیە لە دابەشبوونی کارمەندەکان لە بنکەکان بە جۆریک بنکە هەیە (14) کارمەندی هەیە بنکەی وا هەیە تەنها (4) کارمەندی تەندروستی هەیە، نەخشەی (25).

نەخشەی (25)

ژمارەی بنکە و کارمەندی تەندروستی لە نشینگە گوندییەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2022)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (29).

3.**خزمەتگوزاری ئاو و کارەبا:**

دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی پاک بەکارهێنانی لەلایەن گوندنشینانەوە پێویستیەکی سەرەکی دانیشتوانە، بەڵام زۆربەی گوندەکان رووبەڕوی گرفت و نەبوونی سیستەمی ئاوی خواردنەوە سەلامەتی دەبنەوە، چونکە ڕێژەی کوالێتی و سنورداریان کەمە[1]. ئەگەر سەیری گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بکەین سەرچاوە سەرەکی ئاوی خواردنەوە و پێداویستی ڕۆژانەیان گوندنشینان بریتییە لە ئاوی بیرو چەم و تۆڕی گشتی بەڕێژەیەکی زۆر، ئەمەش بەهۆی کەمی و وشکبوونی بەشێکی زۆری بیرو کانیاو چەمەکان و کەمی دابارین لە ناوچەکە، کاریگەری دەبێت لەسەر کەمبوونەوەی سەرچاوەی ئاوی ژێرزەوی لەلایەک و نزمبوونەوەی ئاستی ئاوەکە بۆ قوڵایی زیاتر، ئەمەش لە ئەنجامی گۆڕانکاری بارودۆخی ئاووهەوایە، لەلایەکیترەوە پەیوەندی هەیە بە بوونی تۆڕی گشتی ئاوی خورادنەوە کە بە یەکێک لە پێویستیە بنەڕەتییەکان دادەنرێت. بۆیە ئەگەر سەیری گرفتی سەرچاوە ئاوی خواردنەوە بکەین ئەوا لە خشتەی (30) بۆمان دەردەکەوێت لە ساڵی (2022)دا لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان ئەم خزمەتگوزارییە جیاواز بووە. بە جۆرێک گوندەکانی سەنتەری قەزا (چوارتا) پلەی یەکەمی وەرگرتووە لە ڕاکێشانی تۆڕی گشتی بە ڕێژەی (60.9%) گوندەکانی ئەم ناحیە تۆڕی گشتی پێکهێناوە، هەریەک لە ناحیەکانی سیتەک و زەلان و گاپیلۆن یەک بە دوای یەک گوندەکانیان ڕێژەی (26.7%، 36.4%، 33.3%، 20%) بووە، نەخشەی (26).

خشتەی (30)

ژمارەو ڕێژەی سەرچاوە ئاوی نشینگە گوندییەکان قەزای شارباژێر لە ساڵی (2022)

| یەکە کارگێڕیەکان | ژ/ گوند | ژ/تۆڕی گشتی | % تۆڕەی گشتی | ژ/ کانی و بیرو چەم | % کانی و بیرو چەم | ژ/ بیری ئیرتیوازی | % بیری ئیتوازی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | 23 | 14 | 60.9 | 4 | 17.4 | 1 | 4.3 |
| ناحیەی سیوەیل | 30 | 8 | 26.7 | 13 | 43.3 | 3 | 10 |
| ناحیەی سیتەک | 33 | 12 | 36.4 | 17 | 51.5 | 2 | 6.1 |
| ناحیەی زەلان | 33 | 11 | 33.3 | 11 | 33.3 | 6 | 18.2 |
| ناحیەی گاپیلۆن | 20 | 4 | 20 | 9 | 45 | 3 | 15 |
| کۆی قەزا | 139 | 49 | 35.3 | 54 | 38.8 | 15 | 10.8 |


سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1. بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی، فەرمانگەی ئاوی چوارتا، سیوەیل، سیتەک، زەلان، گاپیلۆن، 2022، داتای بڵاونەکراوە.
2. ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی لە بەرواری 2022/5/6 بۆ2022/7/17.

[1] حسون عبود دبعون الجبوري، تحليل جغرافي لمعوقات التنمية الريفية في محافظة القادسية، مجلة القادسية في الآداب والعلوم التربوية العدد (1)، 2021، ص46.

نەخشەی (26)

سەرچاوەی ئاوی نشینگە گوندییەکان قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2022)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (30)

هەروەها لە رووی چەندیەتی و چۆنییەتیەوە ژمارەیەک لە گوندەکان پڕۆژەی ئاوەکانیان تێکچووە و بۆرییەکانیان ژەنگی هەڵهێناوە بەهۆی کۆنی پڕۆژەی ئاوی گوندەکان، کە توانای سوود لێوەگرتنیان کەمە[1]. سەبارەت بە سەرچاوەی ئاوی کانی و بیر و چەمەکان ساڵانە بەشێکی زۆری گوندەکانی قەزاکە توشی کێشەی بێ ئاوی دەبن بەهۆی بەکارهێنانی بۆ چالاکی کشتوکاڵی  کە پێویستی بە ئاوی زۆر هەیە بە تایبەتی لەم ساڵانەی دوایی ڕێژەی باران بارین کەمیکردووە جوتیاران بە کاریدەهێنن بۆ ئاودانی بەروبوومەکانیان لە ڕێگەی ڕاکێشانی ئامێرەکانی ئاوەوە[2]، ئەمەش وایکرد پارساڵ بەشێکی زۆری ئاوی چەمەکان وشک بکات، گوندەکانی ناحیەی سیتەک لەم سەرچاوە ئاوییە بە پلەی یەکەم دێت، سەنتەری قەزا کەمیترین ڕێژەی تۆمارکردووە، هەریەک لە ناحیەکانی سیوەیل و زەلان و گاپیلۆن بە ڕێژەی (43.3%، 33.3%، 45%) بووە، ئەوەی تایبەت بێ بە بیری ئیتیوازی بۆ دابەشکردنی ئاوی ماڵان ئەوا ناحیەی زەلان زۆرترین ڕێژەی پێکهێناوە، سەنتەری قەزا کەمترین ڕێژەی تۆمارکردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئاڕاستەی پەرەپێدانی لە ناوچەکەدا لەبارێکی باشدا نییە، چونکە لە (28.7%) دێهاتەکان بێبەشن لە خزمەتگوزاری سەرەتایی ئەویش ئاوی پاکە[3]، چونکە نەبوونی تۆڕێکی باش و تەندروست کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنی دەرونی مرۆڤەکان.

سەبارەت بە خزمەتگوزاری کارەبا لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ئاڕاستەیەکی باشی وەرگرتووە، بە جۆرێک زۆربەی گوندەکانی قەزاری شارباژێڕ خاوەنی کارەبای نیشتیمانین و تۆڕی کارەبای نیشتمانیان بۆ چووە لە ڕیگای هەردوو وێستگەی کارەبا (132_32kv) و (32kv) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە تۆڕی کارەبای نیشتیمانی بەستراونەتەوە، بە جۆرێک لەسەر ئاستی قەزاکە ڕێژەی ئەو نشینگە گوندییانەی سوودمەندن لە وزەی کارەبا دەگاتە نزیکەی (93.3%)، کە وایکردووە سەرجەم گوندەکان کارەبای نیشتیمانیان بۆ دابینکراوە[4]، بەڵام کێشە لە ماوەی پێدانی کارەبادا هەیە کە بەردەوام نییە، ئەمەش بەلایەنێکی خراپی پەرەپێدان دادەنرێت چونکە نەبوونی کارەبا بۆ بەکارهێنانی پێداویستی ناوماڵ و بەکارهێنانی ئامێرەکان بە تایبەتی ئاوپرژێن و مەکینەی ئاودانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و خواردنەوە گرفتی زۆری بۆ گوندەکان ناوچەکە دروستکردووە.

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: حمە ئەمین أحمد دانیشتووی گوندی تۆڕەک لە بەرواری 2022/5/25

[2] چاوپێکەتن لەگەڵ بەڕێز: عوسمان حسن فەرەج ئەنجومەنی گوندی سنکێ لە بەرواری2022/5/13

[3] ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی لە بەراری 2022/5/6 بۆ2022/7/17.

[4] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای شارباژێڕ، هۆبەی کارگێڕی، زانیاری لەسەر تۆڕی کارەبا گوندەکانی قەزای شارباژێڕ، 2022

4. **ڕێگاکانی گواستنەوە:**

ڕێگای گواستنەوە بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکان دادەنرێت کە یارمەتی ئاسانکردنی پەیوەندی گوند بە شارەکان دەدات، بەشدارە لە گواستنەوەی خزمەتگوزارییە کشتوکاڵیەکان ئاسانکردنی بە بازاڕکردنی بەرهەمە کشتوکالیەکان بۆ سەنتەرەکانی بەکاربردن دەروازەی بە بازاڕکردنی بەردەوام[1]. هەروەها یەکێکە لە بنەما مرۆییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کرداری پەرەپێدان[2]، چونکە بوونی ڕێگاوبان ئەتوانێ ئاسانکاری بکات لە پەیوەندی نێوان شارو دێهات ناوچەکانی ترو تێکەڵبوون لە نێوانیاندا دروست بکات زەمینەی ئاوێتەبوون ساز بکات، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو پێشکەوتنی ڕێگاکانی گواستنەوە لەلایەک کار دەکاتە سەر گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەی خێرا بۆ بەشە جیا جیاکان، لەلایەکیتریشەوە کاردەکاتە سەر قەبارەی بەروبوومی کشتوکاڵی، چونکە بەهۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت لە گەیاندنی بەروبوومی کشتوکاڵی بۆ ناوەندەکانی بەکارهێنان و بازاڕکردن بە شێوەیەکی خێرا و هەمیشەیی، بە تایبەتی بەروبوومی میوە کە زوو تێکدەچێت.[3]

ڕێگاکانی گواستنەوە لە گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا چەندین ڕێگای سەرەکی لاوەکی تێدایە، نەخشەی (27)، بەڵام هەڵسەنگاندنی چەندیەتی و چۆنییەتی چالاکی ئەم ڕێگایانە بۆ پەرەپێدانی گوندەکان بەمشێوەیەی ئێستا خزمەتگوزاری پێویست  و تەواو پێشکەش بە کەرتی دێهات ناکات، چونکە گوندەکان پێویستیان بە ڕێگای چەند ئاراستە و شیوازی هەمەجۆر و پێشکەتوو سەلامەت هەیە، ئەوەی هەیە تەنها ئۆتۆمبێل، لە جۆری ڕێگای (قیر و خۆڵە وتێکەڵە)، کە ڕێگا سەرەکیەکانی بریتییە لە گەیاندنی ڕێگای یەکە کارگێڕییەکان بەسەرجەم گوندەکان، سەرجەم نشینگە گوندییەکان بە سەنتەری ناحیەکان و قەزا و ناوچەکانی دەوروبەری دەبەستێتەوە، دواتر بەرەو دەرەوەی سنوری قەزاکە درێژ دەبنەوە. لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێت. بە جۆرێک لە کۆی (139) گوند تەنها (622)کم ڕێگای قیرتاو بۆ گوندەکان کراوە، ئەمەش ژمارەیەکی زۆر کەمە چونکە لە وەرزی زستان و کاتی باران بارین دەبێتە کۆسپ لەبەردەم هاتوچۆی دانیشتوانی گوندەکاندا، لە خراپیەکانی ئەو جۆرە ڕێگایە ئەوەیە کە لە وەرزی هاویندا دەبێتە هۆی دروستکردنی تەپوتۆز هەروەک لە زستان ڕێگاکە بە جۆرێک خراپ دەبێت کە هاتوچۆ تێیدا ئەستەم دەبێت، لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانیش گوندەکانی سەنتەری قەزا (چوارتا) و ناحیەی سیتەک زۆرترین ڕێگای

[1] تەنکە عثمان سعید، دابەشبوونی جوگرافی نشینگە گوندییەکانی ناحیەی گوێزو کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵی (لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافییە)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سلاحەدین_ هەولێر، ژمار25، 2021، ل87.

[2] وهاب فهد الياسري، التنمية الريفية وتأثيرها على الاستيطان الريفي في ناحية العباسية، مجلة آداب الكوفة، جامعة الكوفة – كلية الآداب، العدد2، بدون سنة، ص102-103.

[3] سماح ابراهيم شمخي، التنمية الريفية واثرها على الاستيطان الريفي في ناحية المدحتية، مجلة العلوم الانسانية، عدد خاص بالمؤتمر العلمي الرابع لكلية التربية للعلوم الانسانيةجامعة بابل ، كلية التربية الاساسية، ص213.

قیرتاوییان بۆ کراوە بە ڕێژەی (22.5%، 24.1%) یەک بە دوایەک، کەمترین ڕێژە لە ناحیە گاپیلۆن تۆمارکراوە ژمارەیەکی کەمی گوندەکانی ئەم جۆرە ڕێگایەیان بۆ کراوە بەڕێژەی (9.2%). ئەوەی تایبەت بە گوندەکانی ناحیەی زەلان و سیوەیل بە ڕێژەی (12.7%، 31.5%)، بۆ هەریەکەیان یەک بە دوای یەک تۆمارکراوە، خشتەی (31).

خشتەی (31)

تایبەتمەندی ڕێگاکانی گواستنەوە لە گوندەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2022)

| یەکە کارگێڕیەکان | ژ/ گوند | خۆڵ وتێکەڵە/کم | ڕێژەی % | قیرتاوکراو/ کم | ڕێژەی % | کۆی دووری لە ناحیەکە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا (چوارتا) | 23 | 138 | 19.1 | 140 | 22.5 | 278 |
| ناحیەی سیوەیل (باسنێ) | 30 | 101 | 13.9 | 79 | 12.7 | 180 |
| ناحیەی سیتەک | 33 | 62 | 8.6 | 150 | 24.1 | 212 |
| ناحیەی زەلان | 33 | 358 | 49.5 | 196 | 31.5 | 554 |
| ناحیە گاپیلۆن | 20 | 64 | 8.9 | 57 | 9.2 | 121 |
| کۆی قەزا | 139 | 723 | 100 | 622 | 100 | 1345 |


سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1. پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای شارباژێڕ، سەنتەری قەزا (چوارتا)و بەڕێوبەرایەتی ناحیەکانی سیتەک، سیوەیل، زەلان، گاپیلۆن، هۆبەی گارگێڕی، داتای بلاونەکراوە،2022.
2. بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئاماری گوندەکانی قەزا و ناحیەکانی پارێزگای سلێمانی، کۆی ژمارە و پرۆژەی کشتوکاڵی و خزمەتگوزاری بەپێی ناحیە بۆ ساڵی 2018-2019، زانیاری بلاونەکراوە.

سەبارەت بە ڕێگای خۆڵ و تێکەڵە دەگاتە (723)کم، جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێت لە نێوان گوندەکانی قەزاکە لە ڕووی ڕێگاوبانەوە، بە جۆرێک ناحیەی زەلان بەپلەی کەم دێت بەنزیکەی لە (50%) گوندەکانی ناحیەکە ڕێگای خۆڵ و تێکەڵەی بۆ کراوە، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە بە بەراورد بەگوندەکانی ناحیەکە. هەروەها هەردوو ناحیەی سیتەک و گاپیلۆن کەمترین ڕێژەیان تۆمارکردووە بە نزیکەی لە (9%).

لە سۆنگەی ئەوەی باسکرا ئەوە روون دەبێتەوە کە شێوازی ڕێگاوبان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ئاستێکی پێویست و داواکراودا نییە بۆ کرداری گواستنەوە و گەیاندن، چونکە بەپێی فۆڕمی ڕاپرسی لە (74%) دانیشتوانی گوندەکان گرفتی خراپی ڕێگاوبان هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دانیشتوانی گوندەکان دوچاری ئاستەنگی زۆر دەبنەوە لە گەیاندنی کالاو بەرهەمە کشتوکاڵیەکان بۆ بازاڕو دەستی بەکاربەر. سەرەڕای ئەوەی کاریگەری لەسەر خزمەتگوزاری قوتابخانە و تەندروستی، کرداری پەرەپێدانی دێهات و گەشتوگوزار دەبێت بە پلەی یەک.

نەخشەی (27)
ڕێگای سەرەکی و لاوەکی خۆڵ و چەوڕێژی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەساڵی (2022)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی ArcGIS ArcMap V.10.8 پشت بەست بە :

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، بەشیGIS، نەخشەی ڕێگاوبانی قەزای شارباژێر، بە پێوەری (1:70,000)، 2019، بڵاونەکراوە.
2. شاد حمید محمد، ڕێگاکانی ئۆتۆمبیل لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، 2011، ل134.

5. **شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو:**

دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو بنەمایەکی گرنگی پەرەپێدانە چونکە دابینکردنی شوێنی لەو جۆرە یارمەتی جوتیاران و گوندنشینان دەدات کە دوای ئەوەی لە کێڵگەکانیان ماندوو دەبەن، بگەڕێنەوەماڵەوە بەشێوەیەکی گونجاو پشوو بدەن، واتە پێویستە هەر خێزانێکی گوندنشین لە خانویەکی گونجاودا بژیت، گرفتی نیشتەجێبوون لە نشینگەی گوندییەکاندا خۆی دەبینێتەوە لە جۆری یەکەکانی نیشتەجێبوون و جۆری ئەو کەرەستەییەی بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی ئەو یەکانە[1]. سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی لە (46%) خێزانەکان سوودمەند بوون لە پێشینەی خانوبەرە، واتە زیاتر لە نیوەی خێزانەکانی ناوچەکە شوێنی نیشتەجێبوونیان باش نییە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە حکومەت یارمەتی گوندنشیان بدات بۆ دروستکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی سەردەمیانە لە ڕێگەی پێدانی پێشینەی خانوبەرە، بەڵام لە ماوەیەکی دوور مەودا لێیان وەربگیرێتەوە بە قیستێکی کەم.

6 . **بێکاری**

بێکاری کێشەییەکی ئابوری و کۆمەڵایەتیە کە لە رووی ئابورییەوە بەفیڕۆدانی توانای مرۆڤە، بەڵام لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ڕێگرە لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگا. ئەمەش ڕەنگدانەوەی کەم و کوڕی لەپێکهاتەی ئابورییدا دەبێتە هۆی ناهاوسەنگی لە دابەشبوونی داهاتی نەتەوەیدا، دواجار بێکاری دەبێتە هۆکاری کەمبوونەوەی ئەزمون و پێشکەوتن لە کار و پەرەپێدان بە تواناکان و کۆچکردنی گەنجان، لەگەڵ زیادبوونی توندوتیژی و کێشەی کۆمەڵایەتی و زیادبوونی ڕێژەی هەژاری و بەفیڕۆدانی توانا مرۆڤ بۆ گەشەی ئابوری[2].

بێکاری پێناسە دەکرێت بەوەی داواکاری لەسەر کار زیاترە لە خستنەڕووی، بەمانایەکی تر زۆری دەستی کار دێت لە بەرامبەری کەمی هەلی کاردا، هەروەها ئەو کەسانەی بەهێزی کار ئەژمار دەکرێن توانا و حەزو ویستی کارکردنیان هەیە، بەڵام بە هۆکارێک لە هۆکارەکان هەلی کاریان بۆ نەڕەخساوە بە بێکار ناودەبرێت[3].

لە ئەنجامی گۆڕانکارییە کارگێڕی و ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێم بە گشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بە تایبەتی، کۆچپێکردنی زۆرەملێ گوندەکان و هێنانیان بۆ ئۆردوگاکان و جەنگی ڕژێمی بەعس دژ بە کورد و سوتاندنی گوندەکان ناچارکردنیان بە کۆچکردن بۆ ناو شارەکان، لە دوای ڕاپەڕینیشەوە، دەسەڵاتی کوردیش بەدەیان هۆی جۆراوجۆر کەمتەرخەمی لە ئاوەدانکردنەوە

---

[1] صبري فارس الهيتي و صلاح الحميد الجنابي، جغرافية السكان، مطبعة الجامعة بغداد، بغداد، 1983، ص145-146.

[2] لطيف كامل كليوي، تحليل جغرافي لظاهرة البطالة في محافظ المثني للمدة (2010-2016)، مجلة أبحاث البصرة للعلوم الإنسانية، العدد2، المجلد43، 2018، ص217-219.

[3] ئارام احمد عزيز، هەڵسەگاندنی گەشەی گەشتیاریی و لێکەوتە ئابورییەکانی لە شاری سلێمانی دا(توێژینەوەیەک لەجوگرافیای گەشتوگوزار)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆ سلێمانی، 2022، ل150.

دێهاتەکان نەک وەک جاران، بەڵکو دەبوو زۆر باشتر و مۆدێرنانەتر ئاوەدان کرابانایەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوانەی روویان لە گوندەکان کردەوە، دوای کورتترین ماوە دووبارە بەرەو شارەکان گەڕانەوە، چونکە ژیان و گوزەرانی گوند بە دەیان کۆسپ و کێشە بەرەو روویان بۆوە، بۆیە بەناچاری گەڕانەوە شارەکان ئەمەش ڕێژەی بێکاری زیاد کرد و دێهاتەکانیش بە خراپی مانەوە، هەموو ئەمانە بووە هۆی زیادبوونی ڕێژەی بێکاری کە کاریگەری خراپی لەسەر پەرەپێدانی گوندەکان هەبووە. لەلایەکیترەوە لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بە تایبەتی دامەزراندن سەرەکیترین سەرچاوەی دەرفەتی کارکردن بووە، بەڵام لە ساڵی (2014) حکومەت بە دەگمەن نەبێت دامەزراندنی فەرمانبەرانی ڕاگرتووە. کەرتی تایبەتیش بەهۆی شەڕی داعش و دواتریش بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا لە ڕەخساندنی هەلی کاردا، پاشەکشەی کردووە، کاریگەری خراپی لەسەر وەستان و سستبوونی چەندین پڕۆژەی وەبەرهێنانی دێهاتەکان کرد. ئەوەی تایبەتی بێت بەبوونی ڕێژەی بێکاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی خشتەی (32) لەسەرئاستی یەکە کارگێڕییەکانیش جیاواز بووە، بە جۆرێک گوندەکانی ناحیەی سیوەیل بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە کە دەگاتە نزیکەی (26%)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەمانی بازرگانی سەر سنورەکان و داخستنی مەرزەکان و کەمبوونەوەی چالاکی کشتوکاڵی کە کاریگەری خراپی لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ هەیە، کەمترین ڕێژەش سەنتەری قەزا و ناحیەی گاپیلۆن تۆمارکراوە بە ڕێژەی (17%، 16%)، ئەمەش بەهۆی بوونی فەرمانبەری حکومی لە دام دەزگاکانی حکومەت، دوای ئەمەش ناحیەی زەلان و سیتەک بە ڕێژەی (18.9%، 22.6%)، بۆ هەریەکەیان یەک بە دوای یەک، شێوەی (11).

خشتەی (32)

ڕێژەی بێکاری دێهاتەکانی قەزای شارباژێڕ لە ساڵی (2022) دا


| یەکە کارگێڕییەکان | دوبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|
| سەنتەری قەزا (چوارتا) | 18 | 17 |
| ناحیەی سیوەیل (باسنێ) | 27 | 25.5 |
| ناحیەی سیتەک | 20 | 18.9 |
| ناحیەی زەلان | 24 | 22.6 |
| ناحیەی گاپیلۆن | 17 | 16 |
| کۆی قەزا | 106 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی لە بەرواری 2022/5/6 بۆ2022/7/17.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەدەست کێشەی بێکارییەوە دەناڵێنن، چونکە بەپێی زانیارییەکانی ناوخشتەکە دانیشتوانی گوندەکان کێشەی بێکارییان هەیە، ئەمەش ڕێگرە لە بەرەوپێشچوونی پرۆسەی پەرەپێدانی دێهاتەکان، پێویستە گرنگی بەم گرفتە بدرێت لەڕێگەی دابینکردنی هەلی کار بۆ بێکاران لەڕێگەی دانانی پڕۆژەی گەشتیاری و دارایی و فراوانکردنی بازنەی وەبەرهێنان و هاندانی پیشەسازییە بچووکەکان، کە کار دەکەن بۆ ئەوەی ژمارەیەک بێکار لەخۆبگرێت و ڕێژەی بێکاری ناوچەکە کەمبکاتەوە.

شێوەی (11)

ڕێژەی بێکاری دێهاتەکانی قەزای شارباژێر لە ساڵی (2022) دا




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (32)

**دووەم: کێشە و گیروگرفتە ژینگەییەکان**

1. **کێشەی پیسبوونی ژینگە:**

پیسبوونی ژینگە ئەو گۆڕانکارییە چەندایەتی چۆنایەتییە کە لە پێکهاتەی سیستەمی ژینگەدا، یان لە تایبەتمەندییە کیمیایی و فیزیایی و بایەلۆجیەکانی ژینگەدا ڕوو دەدات، هەروەها تێکەڵبوونی مادە و میکرۆبەکانە بە سیستەمی ژینگە، دەبێتە هۆی مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر مرۆڤ و سەرچاوەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت[1]. یەکێکیش لە فاکتەرەکانی پیسبوون و تێکچوونی ژینگە، پەیوەستە بە زۆری ژمارەی گەشتیاران و کۆبوونەوە و فشار دروستکردن لەسەر ژینگەیەکی دیاریکراو، هەروەها چۆنییەتی مامەڵەکردنی گەشتیار لەگەڵ ژینگە و هۆشیاری گەشتیاران کاریگەری لەسەر ئەم کێشەیە هەیە، چونکە بەشێک لە گەشتیاران زۆر گرنگی نادەن بە پاک ڕاگرتنی ژینگە و کەمتەرخەمی لە بابەتی پاراستنی ژینگە دەکەن، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت پیسبوونی شارەکان و تێکدانی ژینگە چالاکی گەشتوگوزاری لێی بەرپرسیار بێت، بەڵکو مرۆڤ و چالاکیەکانی و پێشکەوتنە تەکنەلۆجی و گۆڕینی شێوازی ژیانی خەڵک و زۆری بەکارهێنانی هۆیەکانی گواستنەوە و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان سەرچاوەی سەرەکین بۆ کێشە ژینگەییەکان و پیسبوونی ژینگە[2]، بەڵام چالاکی گەشتوگوزاری بە یەکێک لە هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە دادەنرێت. لە دێهاتەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵانە بەهۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێل گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتوگوزارییەکان ڕۆڵی کاریگەر و نەرێنی دەبینێ لە پیسکردنی هەوا، بەهۆی سوتان و دەردانی ئەو پاشماوە گازییە زیان بەخشانە بۆ ناو بەرگە هەوا. لەلایەکیترەوە بەهۆی فڕێدان و بەجێهێشتنی ئەو پاشماوە ڕەقانەی کە

---

[1] شکور سەلام سلیم و لوقمان وسو عمر، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دەرهاویشتە ژینگەییەکانی چالاکی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە9، 2022، ل244.

[2] سایە دلاوەر محمد، کێشە ژینگەییەکانی دەرئەنجامی چالاکی گەشتوگوزار- کێشە ژینگەییەکانی شاری شەقڵاوە وەک نمونە، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، 2016، ل116.

لەلایەن گەشتیارانەوە بەجێدەهڵدرێت، بەردەوام روو لە زیادبوونە، بەهۆی زیادبوونی ژمارەیەکی زۆری گەشتیاران، بە تایبەتی گەشتیارانی دەرەوەی شارەکانی هەرێم و ناوەڕاست و باشوری عێراق، کە ڕۆشنبیری گەشتیارییان لە ئاستی پێویست دانییە، دوای تەواوبوونی گەشتەکەیان شوێنەکەیان پاکناکەنەوە و پاشماوەی زۆر دوای خۆیان بەجێدەهێڵن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی سیمایەکی ناشرین لە ناوچەکەدا، چونکە بەگوێرەی فۆڕمی ڕاپرسی لە (23.8%)، گوندەکانی ناوچەکە کێشەی پیسبوونی ژینگەیان بۆ دروست دەبێت لە ڕێگەی چالاکی گەشتوگوزارییەوە، وێنەی (12).

وێنەی (12)

دیمەنی پاشماوەی گەشتیاران لە ناوچەی لێکۆڵینەوە



سەرچاوە: ئەم وێنەیە گیراوە لەلایەن فۆتۆگرافەر شەهێن وەهاب لە بەرواری 2022/7/31

2. **پاشماوە سەربازییەکان**

عێراق و هەرێمی کوردستان بە یەکێک لەو ناوچانەی کە بڕێکی زۆر مین پاشماوە جەنگیەکانی تیادا ماوەتەوە لە دەرئەنجامی جەنگی بەردەوامی (8) ساڵەی عێراق و ئێران (1980-1988) هەردوو وڵات سنوری ناوچەکانی خۆیان مین ڕێژکرد بە مەبەستی ڕێگریکردن لە هاتنە ناوەوەی چەکدارانی هەردوولا، دواتر حکومەتی عێراق لەساڵانی (1987-1988)دا دوای گرتنەوەی ناوچەکانی کوردستان و بەتایبەت ناوچەی شاربازێڕ بە بیانوی شەڕی عێراق و ئێران و پێشمەرگە، کە ناوچەکە بووە مەیدانی شەڕێکی خەست، زۆربەی ڕەزو باخ و زەوی و لوتکەی چیاکانی مین ڕێژ کرد و گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەشێکی زۆری مین ڕێژ کرابوون، زۆربەی کێڵگەکانمان پڕن لە پاشماوی مین و تائێستا پاک نەکراونەتەوە[1]. هەروەها ساڵانە لە وەرزی باران بارین زۆرجار لە ناوچە شاخاوییەکان بە تایبەتی ئەو شوێنە کۆن و ڕەبایە و سەربازگەی رژێمی بەعس بوونە، مین و پارچە تەقەمەنی بە

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز بەرزان باقی حسن دانیشتووی گوندی شێخەڵمارین لە بەرواری 2022/6/3.

دیار دەکەون، یان لە شوێنی خۆیان دەخزێنە خوارەوە، ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی مەترسی لەسەر گیانی هاوڵاتیان[1].

کێشە و گرفتی پاشماوە سەربازییەکان ئەوەیە کە هیچ ئاسەوارێکی ژینگەیی بینراو لەو شوێنەدا بەجێناهێڵێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە هیچ کاریگەرییەکی نییە بەڵکو کاریگەری پاشماوە مینەکان هیچی کەمتر نییە لە کاریگەری ئاسەوارەکانی دیاردەی بەبیابابوون و لەناوچوونی دارستانەکان کە لە هەرێمە جیاجیاکانی جیهاندا روو دەدات[2]. سەبارەت بە کاریگەری بوونی پاشماوە سەربازییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەبێتە رێگر لەبەردەم بەکارهێنانی زەوییەکان بۆ چالاکیە جیاوازەکانی ئابوری لەوانە(کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، باخداری...هیتر)، چونکە دەبێت تەواو دوور بێت لە دەستی بەکارهێنەرانەوە کە مرۆڤە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش کێڵگە مینەکان هۆکاری سەرەکی کۆچی دانیشتوانن لە ناوچە مینڕژکراوەکانەوە بۆ ناو شار و شارۆچکەکان. کۆبوونەوە و زیادبوونی دانیشتوان لە ناوچەییەکدا و کۆچ پێکردنیان لە ناوچەی مینڕێژکراودا هۆکارێکە بۆ لەناوبردنی دەرامەتە سروشتیەکانی ناوچەکە و پەستانێکی زیاترە بۆ سەر دەرامەت و سەرچاوە ئاوییەکان. ئەمە سەرەڕای جوتیارەکان زۆربەی زەوییە کشتوکاڵیەکانیان بەجێهێشتووە و ناتوانن سوود لە بەروبوومی کێڵگەکانیان وەربگرن و زۆرینەی ئاژەڵەماڵیەکانیان لەکاتی لەوەڕاندا لە ناودەچن. هەروەها گرنگترین لایەن کە دەتوانین ئاماژەی بۆ ئەوە بکەین لە ناوچەی شارباژێڕ هەندێک دارستان و رووەکی سروشتی و ئاژەڵی کێوی بەو جۆرەن کەچیدی دەستی مرۆڤیان پێناگات بەهۆی بوونی مین لەو ناوچانەدا، لە هەمانکاتدا دەشێت ئەو ناوچانە جگە لە ناوچەی کشتوکاڵی ناوچەی گەشتوگوزاری بێت کەبۆتە هۆی زیان گەیاندن بە کەرتی گەشتوگوزار. بۆیە نزیکەی لە (17%) دانیشتوانی گوندەکان کێشەی پاشماوەی مین و تەقەمەنیان هەیە، خشتەی (33)، وێنەی (13).

خشتەی (33)

کێشە و گرفتە ژینگەییەکانی نشینگە دێهاتیەکانی قەزای شارباژێڕ

| ژمارە | کێشە و گرفتەکان | دوبارەبوونەوە | ڕێژە% |
|---|---|---|---|
| 1 | پیسبوونی ژینگە | 58 | 23.8 |
| 2 | پاشماوە سەربازییەکان | 41 | 16.9 |
| 3 | وشکە ساڵی | 121 | 49.8 |
| 4 | سوتانی دارستانەکان | 23 | 9.5 |
| کۆ | | 243 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی لە بەرواری 2022/5/6 بۆ2022/7/17.

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز کمال حسن علی دانیشتووی گوندی باڵخ لە بەرواری 2022/6/7.

[2] ڕۆژان فریدون عبدالرحمان، دابەشبوونی کێڵگەکانی مین لە قەزای پێنجوێن و کاریگەرییە ژینگەییەکانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژمارە (54)، 2018، ل99.

وێنەی (13)

دیمەنی دیاردەی مین و تەقەمەنی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە



سەرچاوە: دەزگای گشتی کاروباری مین، بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مین سلێمانی، هۆبەی ڕاگەیاندن

3. **وشکە ساڵی:**

بریتییە لە کەمبوونەوە دابەزینی بڕی باران لە چاو تێکڕای بارانی دیاریکراوی هەرناوچەیەک، (واتە بڕی باران کەمتر بێت لە تێکڕای بارانی ساڵانە)، یاخود بە ماناییەکی تر گرتنەوەی گشتی دابارینە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو (حاڵەتێکی کاتیە) لە چاو تێکڕای دیاریکراودا، وشکە ساڵیش تەنها ناوچە وشک و نیمچە وشکەکان ناگرێتەوە، بەڵکو ناوچە شێدار و نیمچە شێدارەکان دەگرێتەوە[1]. هەرێمی کوردستان بەحکومی شوێنی جوگرافی دەکەوێتە ناوچەیەکی نیمچە خولگەییەوە، کە وشکە ساڵی ئەگەری ڕوودانی لێدەکرێت، بە تایبەت ناوچەی لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا بە ناوچەیەکی باراناوی لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام بارانەکەی جێگیر نییە و توشی هەڵبەزین و دابەزین دەبێت، ئەمەش ئەگەری ڕوودان و کاریگەری زیاتر دەکات، بە تایبەتی وشکە ساڵی کە دادەنرێت بە کێشەیەکی ژینگەی گەورە، کاریگەری لەسەر تەواوی لایەنەکانی ژیان دەبێت و کارەساتی سروشتی و مرۆیی لێ دەکەویتەوە لە هەر جێگایەک کە ڕوو بدات.

ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە ژینگەییەکان بڕی باران بارینی مانگانە و ساڵانەی بەرزونزمی بەخۆوە بینوە لە نێوان ساڵانی (2008-2021)دا، خشتەی (34)، بە جۆرێک بارانی ناوچەکە بارانێکی وەرزییە، لە مانگی ئەیلولەوە دەستپێدەکات تاوەکو کۆتایی مانگی مایس کە وەرزەکانی (پایز، زستان، بەهار) دەگرێتەوە، جگە لە وەرزی هاوین، بڕی بارانەکەشی جێگیر نییە و لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر دەگۆڕێت، زۆرترین بڕی باران بارینی ساڵانە لەو ماوەیەدا نزیکەی (821)ملم، ئەم بڕەش بەشێوەیەکی جیاواز بەسەر وەرزەکان و ساڵەکان دابەشبووە، بە جۆرێک وەرزی زستان و بەهار

---

[1] عزالدین جمعە دەروێش و صمد عبداللە صالع، وشکە ساڵی و کاریگەری لەسەر ئاستی ئاوی ژێر زەوی لە ناحیەی ئاوەسپی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، 2022، ل6.

زۆرترین بڕی بارانی لێدەبارێت کە دەگاتە (1566.5، 1029.2)ملم، یەک بە دوای یەک، وەرزی پاییزیش بڕی باران بارینی دەگاتە (688.4)ملم، وەرزی هاوینی وشکە. دەبینین ئەم جیاوازییە لە نێوان وەرزەکانی ساڵ لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەک زۆرترین بڕی باران بارین لە ساڵی (2018) نزیکەی (1200)ملم بووە، بەڵام لە ساڵی (2008) کەمترین بڕی باران باریوە و بڕەکەی (448.3)ملم بووە، ئەم جیاوازیەش لەبڕی باران بارین پەیوەندی بەجۆرو ژماری نزمە پەڵەپەستۆی هەواوە هەیە کەبەسەر ناوچەکە تێدەپەڕن لە ماوەی ساڵە جیاوازەکان. کەواتە لە ماوەی (13) ساڵدا بڕی باران بارین کەمترە لە تێکڕای بارانی ساڵانە کە (821)ملم ئەم دیاردەیە کاریگەری خراپ لێ دەکەوێتەوە، بۆ نموونە جگە لەساڵەکانی (2020، 2019، 2018) کەمترین بڕی باران تێیدا باریوە، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاوی کانیاو چەم و رووبارەکان دەبێت، زۆرکات دەبێتە هۆی وشکبوونی چەمەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە وەکو چەمی (سنکێ، تازەدێ، کونەماسی)، کە پارساڵ بەشێکی زۆری ئەم چەمانە وشکی کرد بەهۆی کەمی بڕی باران بارینەوە، لەبەرئەوە بەرزترین کێشە لای گوندنشینان گرفتی وشکە ساڵی بووە بە ڕێژەی (49.8%)، شێوەی (12) وێنەی (14).

خشتەی (34)

بڕی بارانی مانگانە و ساڵانە و تێکڕای تێکڕای بڕی بارانی باریو لە ماوەی نێوان ساڵانی (2008-2021)

| ساڵ | ئەیلول | ت1 | ت2 | ک1 | ک2 | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | بڕی باران(ملم) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2008 | 17.9 | 93.3 | 11.7 | 30.4 | 65.3 | 132 | 83 | 10 | 4.7 | 448.3 |
| 2009 | 9 | 81.8 | 135 | 145.2 | 33 | 75.1 | 75.8 | 115.5 | 8.1 | 678.5 |
| 2010 | 2.8 | 1.7 | 0.8 | 73 | 73.3 | 191.5 | 119.8 | 78.8 | 126.4 | 668.1 |
| 2011 | 0 | 32.5 | 61.2 | 28.8 | 146.1 | 67 | 67.9 | 264.9 | 32.7 | 701.1 |
| 2012 | 0 | 31.6 | 0 | 121.6 | 109 | 106 | 136.1 | 27.5 | 35.2 | 567 |
| 2013 | 0 | 0 | 164.4 | 173 | 190.5 | 75.5 | 29 | 21 | 56.5 | 709.9 |
| 2014 | 0 | 68.7 | 227.3 | 145 | 96.2 | 8.7 | 143.4 | 64 | 7.5 | 764.8 |
| 2015 | 26 | 152.5 | 129 | 102 | 100 | 59 | 108 | 42 | 25 | 743.5 |
| 2016 | 0 | 3.8 | 2.4 | 184.8 | 121.4 | 75.7 | 143.7 | 58.3 | 4 | 594.1 |
| 2017 | 0 | 4.5 | 123 | 25 | 63.8 | 122.7 | 178.2 | 74 | 28 | 619.2 |
| 2018 | 0 | 70.5 | 126 | 311 | 83 | 324.5 | 41 | 144 | 100.5 | 1200 |
| 2019 | 0 | 68.5 | 29 | 240 | 172.5 | 100.5 | 214.5 | 139 | 51.5 | 1015.5 |
| 2020 | 0 | 0 | 343.5 | 36 | 124 | 123 | 270 | 94 | 31.5 | 1022 |
| 2021 | 0 | 9.5 | 37.5 | 332.5 | 124 | 170 | 34 | 26 | 0 | 733.5 |
| تێکڕا | 55.7 | 621.1 | 1388.4 | 1763.5 | 1380.7 | 1555.5 | 1491.7 | 1100.7 | 495.4 | 821.0583 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، هۆبەی کەشناسی، 2008-2021، داتای بڵاونەکراوە.

وێنەی (14)


دیمەنی وشکبوونی چەمی سنکێ          دیمەنی وشکبوونی چەمی تازەدێ




سەرچاوە: ئەم وێنەیە لە بەرواری (2021/7/29) گیراوە لەلایەن بەڕێز کاک عوسمان حسن ئەنجومەنی گوندی سنکێ          سەرچاوە: پەیجی گوندی تازەدێ / شارباژێڕ

شێوەی (12)

کێشە و گرفتە ژینگەییەکانی نشینگە دێهاتیەکانی قەزای شارباژێڕ




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (33)

لێرەدا بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە پێویستمان بە دروستکردنی بەنداوە بۆ چالاکی گەشتوگوزاری و گلدانەوەی ئاو بۆ کەمکردنەوەی وشکە ساڵی بەمشێوەیە:

1. دروستکردنی بەست و بەنداوی بچووک و مامناوەند، بە مەبەستی دروستکردنی چەندین ناوچەی گەشتوگوزاری ئاوی، سوود لەو رووبارانە وەربگیرێت بۆ چالاکیە جۆربەجۆرەکانی گەشتوگوزار، بە تایبەت لە نزیک سەیرانگاکانی (مۆکەبە، کەناروێ، تازەدێ، سنکێ، کونەماسی، شاخەسور..هیتر).
2. تەواوکردنی بەنداوی هەرمن لەسەر رووباری دەکەوێتە ناوچەکەوە، دەتوانرێت وەک جێگرەوەیەک لە بری ئاوی ژێر زەوی بەکاربهێنرێت، ئەوەش لەرێگەی راکێشانی تۆڕی ئاوەکە بۆ سەرجەم گوندەکان.

3. کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی وشکە ساڵی لەلایەن حکومەتەوە بە دابینکردنی ئاو بۆ گوندەکان، چونکە لەلایەکەوە زۆربەی گوندەکانی ناوچەکە مەترسی چۆڵ بوونیان لەسەرە بەهۆی کەمی و کورتهێنانی ئاوەوە، لەلایەکیترەوە جۆری ئاوی بەشێک لە چەمەکان شیاو نییە بۆ خواردنەوە و لە ئاستی ڕێگە پێویستدا نییە، ئەوەش بە دانانی پاڵاوتنی ئاوە لەسەر چەمی قەڵاچوالان و سنگێ و تازەدێ و کەناروێ، گەیاندنی ئاوی پاڵاوتوی پاک بۆ سەرجەم گوندەکان.

4 . **کێشەی دارستانەکان** :

دارستانە سروشتیەکان بە بەردەوامی لە ژێر هەڕەشەی دەستێوەردانی مرۆڤدایە، ئەمەش زۆر جار بەتێکدانی ئەڵقەکانی پێکهێنەری سیستەمی ژینگەیی کوتایی دێت[1]. مرۆڤ و چالاکیەکانی مەترسیەکی گەورە بۆ سەر کۆمەڵگا رووپۆشی رووەکی سروشتی هەر ناوچەیەک دروست دەکەن، دارستانەکان دادەنرێن بە قوربانی یەکەمی دەستی مرۆڤ، کاریگەری مرۆڤ لەسەر دارستانەکان لە جێگەیەک بۆ جێگەیەکی دیکە دەگۆڕێت بەپێی بارودۆخی ئابوری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، ڕێکارەکانی یاسایی و کارگێڕییەکانی پاراستنی ژینگە و دارستان، بڕینەوە، سوتان سەرەکیترین ئەو گرفتانەن کە رووبەڕوی دارستانەکان دەبنەوە[2]، لەبەرئەوە هەریەک لەم گرفتانە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەدی دەکرێت.

سەبارەت بە بڕینەوەی دارستانەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە وەک بەشێک لە دارستانی سروشتی هەرێمی کوردستان رووبەڕوی بڕینەوە بوونەتەوە، بە مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردێت بۆ گەرمکردنەوە، دروستکردنی خانوو، دروستکردنی خەڵوز، وەکو لە خشتەی (35) دەردەکەوێت، لە ماوەی ساڵانی (2019-2021)دا (139) کەس بە تۆمەتی بڕینەوەی دارستانەکان دەستگیرکراون، بەشێک لە رووداوەکانیش تۆمارنەکراون بەهۆکاری جۆراوجۆرو ئاگادارنەبوونی لایەنی پەیوەندیدار، ئەوەی تۆمارکراوە (561) داری جۆراوجۆر بڕاونەتەوە، بە جۆرێک لە سەنتەری قەزا (چوارتا)، (26) داربڕاونەتەوە تەنها یەک تۆمەتبار دەستگیرکراوە، لە ناحیەی سیتەک (425) بڕاونەتەوە بەوهۆیەوە (7) تۆمەتبار دەستگیرکراون، لە ناحیەی گاپیلۆن (10) کەس دەستگیرکراون بە تۆمەتی بڕینەوەی زیاتر لە (110) دار، بەڵام هەردوو ناحیەی زەلان و باسنێ هیچ ئامارێک تۆمارنەکراوە، بە گشتی داری (بەروو، مازو، بی) سەرەکیترین ئەو دارانەن کە لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا رووبەڕوی بڕینەوە بوونەتەوە. وێنەی (15).

---

[1] سایە سەلام سابیر، خەسڵەتەکانی لێژی چیای هەیبە سوڵتان و مۆرفۆمێتری ئاوەزێڵەکانی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، 2006، ل100.

[2] ئاراز خەلیل محمد، کێشە ژینگەیەکانی ڕووەکی سروشتی لە قەزای شارباژێر(لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای ژینگە)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، 2022، ل107.

خشتەی (35)

بڕینەوەی دارستان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ماوەی ساڵانی (2019-2021)*دا

| یەکەی کارگێڕییەکان | ژمارەی داری بڕاوە | ژمارەی تۆمەتبار | جۆری داری بڕاوە |
|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا (چوارتا) | 26 | 1 | داری بەڕوو |
| ناحیەی سیتەک | 425 | 7 | داری بەڕوو |
| ناحیەی زەڵان | - | - | - |
| ناحیەی سیوێل (باسنێ) | - | - | - |
| ناحیەی گاپیلۆن | 110 | 10 | داری بەڕوو، بی |
| کۆ | 561 | 18 | |

سەرچاوە: وەزارەتی ناوخۆ، پۆلیسی دارستانی هەرێم، بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی، هۆبەی ڕاگەیاندن، ئاماری بڕینەوەی دارستانی سروشتی بۆ ساڵی (2021، 2020، 2019)، داتای بڵاونەکراوە.

وێنەی (15)

دیمەنی بڕینی دارستانی سروشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە



سەرچاوە: بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی، هۆبەی ڕاگەیاندن

ئەوەی تایبەت بێت بە سوتانی دارستانەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە تەنها لە ساڵی (2019-2020)دا (12) ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لەنێو دارستان و گژوگیا و پوش و پاوەنەکاندا ڕوویانداوە، خشتەی (36)، هیچ یەکێک لەو ئاگرانە بەهۆکاری سروشتی نەبوون، بەڵکو سەرجەمیان بەهۆی مرۆڤەوە دروست بوون، بە جۆرێک ناحیەی سیتەک زۆرترین ڕووداوی ئاوگرکەوتنەوە تۆمارکراوە بە (8) ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە بەهۆیەوە (1615)دۆنم لە ڕووبەر و پاوان و دارستانی سروشتی سوتاون، هەروەها سەنتەری قەزا (2) ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لەنێو دارستانی سروشتی و پاواندا کەوتوتەوە، بەهۆیەوە (65)دۆنم لە ڕووبەری پاوان و دارستانی سروشتی سوتاون، ناحیەی گاپیلۆن بە هەمان شێوەی (2) ڕووداوی ئاگرکەتنەوە ڕوویداوە بەهۆیەوە (1000)دۆنم لە پاوان و دارستانی سروشتی سوتاوە، ئەمە سەرباری سوتانی چەندین ئاژەڵی ماڵی و کێوی و باڵندەی کێوی بەهۆیانەوە سوتاون. وێنەی (16). هەروەها لەسەر ئاستی نشینگەی دێهاتیەکانیش بە ڕێژەی (9.5%) ئاماژەیان بە گرفتی بڕینەوە و سوتانی دارستانی سروشتی داوە لەناوچەکە.

* ئاماری بڕینەوەی دارستانەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی ورد و تەواو تۆمارنەکراوە، بۆیە تێبینی ئەوە دەکرێت کە ژمارەی داری بڕاوە و ژمارەی تۆمەتبارەکان کەم بێت، بەڵام بە داخەوە ئاماری فەرمی لایەنی پەیوەندیدار لەبەردەست نیە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە.

خشتەی (36)

ئاگرکەوتنەوە لەنێو پاوان و دارستانی سروشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی (2019-2020)*

| یەکەی کارگێڕییەکان | رووبەری سوتان بە دۆنم | ژمارەی تۆمەتبار | ژمارەی داری سوتاو |
|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا (چوارتا) | 65 | 2 | هەزاران دار |
| ناحیەی سیتەک | 1615 | 8 | زیاتر لە دەهەزار دار |
| ناحیەی زەڵان | - | - | - |
| ناحیەی سیویل (باسنێ) | - | - | - |
| ناحیەی گاپیلۆن | 1000 | 2 | هەزاران دار |
| کۆ | 2680 | 12 | زیاتر لە هەزاران دار |

سەرچاوە: وەزارەتی ناوخۆ، پۆلیسی دارستانی هەرێم، بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی، هۆبەی ڕاگەیاندن، ئاماری سوتانی دارستانی سروشتی بۆ ساڵی (2020، 2019)، داتای بڵاونەکراوە.

وێنەی (16)

دیمەنی سوتانی دارستانی سروشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە



سەرچاوە: بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی، هۆبەی ڕاگەیاندن

لە کۆتاییدا ئەم باسەدا دەتوانین بڵێن گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەم گرفتانەی تیێدا بەدی دەکرێت بە تایبەتی لە رووی گرفتی خزمەتگوزارییەوە، چونکە دانیشتوانی گوندەکانی گرفتی خراپی خزمەتگوزارییان هەیە، بۆ ئەوەی گوندنشینان سوودمەند بن لە خزمەتگوزارییەکان و گوندەکانیان چۆڵ نەکەن کۆچ بکەن بۆ شارەکان، چونکە لەم سەردەمەدا ئێستادا پلان دانەران جەخت لەسەر دروستکردنی ئەم جۆرە گوند و لادێیانە دەکەنەوە کە پێی دەوترێت گوندە سەنتەرییەکان و گوندی پاشکۆدار، کە هەموو خزمەتگوزارییەکانی تێدا کۆدەکرێتەوە خزمەتی گوندە بچووکەکان و گوندەکانی دەوروبەری دەکات بە باشترین شێوە[1]، تاوەکو دانیشتوانی گوندەکان کۆچ نەکەن، واتە پێویستە پڕۆژەی خزمەتگوزاری بە جۆرێک بێت کە لەوەی شار کەمتر نەبێت، چونکە ئەوە کارێکی ئەستەمە

* ئاماری سوتان لەنێو پاوان دارستانی سروشتی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی ورد و تەواو تۆمارنەکراوە، تەنها ساڵی (2019-2020)، لەلایەنی پەیوەندیدار بەردەست بوە، ئەویش بەبونی کەموکوڕی زۆرەوە.

[1] علی سالم الشواورة، التخطيط الريفي والحضري، ط1، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباع، عمان، 2002، ص51-52.

که خەڵکی شارەکان بگەڕێنرێنەوە بۆ گوندەکان، بەڵام دەبێت بە دابینکردنی خزمەتگوزاری و ڕەخساندنی هەلی کارکردن و پەرەپێدانی دێهاتەکان وا لە گوندنشینان بکرێت لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بمێنەوە، لە پێناو پاراستنی ژینگەی سروشتی و دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان دابەشبوونی دانیشتوانی شارو گوندەکاندا.

2. **گیروگرفتەکانیپەرەپێدانی گەشتوگوزار لە دێهاتەکاندا**

کەرتی گەشتیاری لە گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە و ڕووبەڕوی چەند کێشەیەک بۆتەوە، لەوانە ئابوری و سیاسی و سەربازی و تاڕادەیەک خزمەتگوزارییەکان بەهۆی زۆربوونی ژمارەی گەشتیاران و خواستی بەردەوام لەسەر خزمەتگوزارییەکان لە ئاست حەزو ئارەزووی گەشتیاردا نییە...هیتر، توێژەر بۆ ئەو مەبەستە فۆڕمی ڕاپرسی ئامادەکردبوو بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی دانیشتوانی نشینگە دێهاتیەکان و دیاریکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی ڕووبەڕوویان بۆتەوە لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاردا بەمشێوەیە:

1. **کێشە ئەمنی و سیاسی و سەربازییەکان**: گەشتوگوزار یەکێکە لەو چالاکیانەی کە زۆر هەستیارە بەرامبەر بە کێشە ئەمنی سەربازییەکان، کە وادەکات ژمارەی گەشتیاران و چالاکی و سەرمایەگوزاری و پەرەپێدانی گەشتیاری سست ببێت یان تەواو بووەستێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ کار بۆ بڵاوبوونەوەی بێکاری دەکات و ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێک دەدات، بەدرێژایی سنوری هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتی تورکیا و ئێران بەردەوام بەهۆی جوڵەی سەربازی نائارامی دروست کردووە، تەنانەت هاتونەتە ناوخاکی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بۆتە هۆی لە دەستدانی دەیان ناوچە و شوێنی گەشتیاری کە دەکەونە نزیک سنورەکان، چونکە ناوچە سنورییەکان ناوچەی شاخاوین، بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەیان وایکردووە شوێنی زۆر لەباریان بۆ چالاکی گەشتیاری هەبێت[1]. قەزای شاربازێڕ بە گشتی و گوندەکانی قەزاکە بە تایبەتی بە یەکێک لە ناوچە ئارامەکان دادەنرێن، لە رووی ئەمنی سەربازییەوە، بەڵام گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵانە بەهۆی تۆپ باران و ئەنجامدانی کاری سەربازی ناوبەناو لەلایەن وڵاتانی دراوسێ هەرێمی کوردستان بە تایبەتی هاتنی فرۆکەکانی تورکیا و وڵاتی ئێران کاریگەری نەرێنی لەسەر ناوچە گەشتوگوزاریەکان دروست دەکات، بۆ نموونەی تۆبارانی گوندی کونەماسی سەر بە ناحیەی گاپیلۆن کە کوژراو برینداری لێکەوەتەوە، وێنەی (17). هەروەها گوندەکانی (شێخەڵمارین، چەمەک، ڕەنگینە)، زەرو زیانێکی زۆری بە ڕەزو باخی گوندەکان گەیاندووە، بە گوێرەی ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی زیاتر لە (5%) گوندەکانی کێشەی ئەمنی و سەربازیان بۆ دروست بووە.

---

[1] نادر رۆستی، نائارامی سنورەکان زیانی زۆری بەگەشتوگوزار گەیاندووە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە6360، 2022، ل14.

وێنەی (17)
بۆردومانی گوندی کونەماسی



سەرچاوە: قایمقامیەتی قەزای شارباژێر، بەڕێوبەرایەتی ناحیەی گاپیلۆن، هۆبەی کارگێڕی.

2. **خراپی ڕێگاوبان:** ئەوەی تێبینی دەکرێ شوێنە گەشتیارییەکان بەپێی پێویست ڕێگاوبانی بۆ نەچووە بە تایبەت ناوچە شاخاوییەکان، یان ئەو ڕێگاوبانەی هەیە کۆنە و بەپێی پێویست کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ نەکراوە، یان هەندێک ڕێگای سەرەکی تاوەکو ئێستا یەک سایدە و لە بۆنەکاندا گوشاری زۆری دەکەوێتە سەرو ڕێگاکە دەگیرێت، بۆیە لەکاتی گەشتکردن هاوڵاتیان زەحمەتی زۆر دەبینین، ئەمەش هاوڵاتیان و گەشتیاران بێزار دەکات و ئارەزووی گەشتکردن لە دەست دەدات[1]. لەگەڵ ئەوەی قەزای شارباژێر چەند ڕێگایەکی سەرەکی و لاوەکی تێدایە، بەڵام هەڵسەگاندنی چەندیەتی و چۆنییەتی و چالاکی ئەم ڕێگایانە بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی گەشتوگوزار بەمشێوەیەی ئێستا خزمەتگوزاری پێویست و تەواو پێشکەش بە کەرتی گەشتیاری ناکات، چونکە گەشتوگوزار پێویستی بە ڕێگای چەند ئاراستە و شێوازی هەمەجۆر و پێشکەوتوو و سەلامەت هەیە، بۆ گواستنەوەی گەشتیاران کەمی تێچوون. بۆیە بەرزترین کێشە لای گوندنشینان بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار دەگاتە (26%) خراپی ڕێگاوبانی گوندەکانی ناوچەکە، خشتەی (37).
3. **کەمی و نەبوونی پرۆژەی گەشتیاری**: یەکێکە لە لەمپەرەکانی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە گوندەکان، بەهۆی ئەو بارودۆخەی ناوچەکە و هەرێمی کوردستانی پیادا تێپەڕیوە، چونکە پەرەپێدان و گەشەکردنی گەشتوگوزار لە هەر ناوچەیەکدا پێویستی بە سەرمایەی پێویست هەیە، بەهۆی پێکهاتەی بەزرونزمی ناوچەکە و دواکەوتویی سەرخان و ژێرخانی ئابوری، چونکە هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی و ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕووبەڕوی کێشەی دارایی بووە، کاتێک

[1] شاخەوان خالید، بوژانەوەی کەرتی گەشتیاری ناوخۆ ئەرکێکی نیشتیمانیە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە6360، 2022، ل15.

حکومەتی ناوەندی بوجەی لە هەرێمی کوردستان بڕی، کە کاریگەری لەسەر وەستان و سستبوونی چەندین پڕۆژەی وەبەرهێنانی گەشتیاری کرد، بە ڕێژەی (18.7%) گوندنشینان ئاماژەیان بەم کێشەیەداوە.

خشتەی (37)

گیروگرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە گوندەکانی قەزای شارباژێڕ

| ڕێژە% | دوبارەبوونەوە | کێشە و گرفتەکان | ژمارە |
|---|---|---|---|
| 5.1 | 22 | کێشە ئەمنی و سیاسی و سەربازییەکان | 1 |
| 26 | 113 | خراپی ڕێگاوبان | 2 |
| 18.7 | 81 | کەمی و نەبوونی پڕۆژەی گەشتیاری | 3 |
| 4.8 | 21 | ڕێگەنەدانی خاوەن زەوییەکان بە مەبەستی ئەنجامدانی پڕۆژەی گەشتیاری | 4 |
| 17.1 | 74 | کەمی نەبوونی خزمەتگوزاری چێشتخانە و کافتریا و شوێنی مانەوە | 5 |
| 7.1 | 31 | پاشماوە سەربازییەکان | 6 |
| 21.2 | 92 | هاوکاری نەکردنی حکومەت | 7 |
| 100 | 434 | کۆی گشتی | |


سەرچاوە: کاری توێژەری بە ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی لە بەرواری 2022/5/6 بۆ2022/7/17.

4. **ڕێگەنەدانی خاوەن زەوییەکان بە مەبەستی ئەنجامدانی پڕۆژەی گەشتیاری**: دانیشتوانی گوندەکان و نزیک ناوچە گەشتوگوزارییەکان خاوەنی موڵکەکانن، خۆیان زەوییەکانیان تەلبەند کردووە و بوار نادەن گەشتیار بچێتە شوێنە گەشتوگوزارییەکان، ڕێگرە لەبەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچەکە، چونکە خاوەن موڵکەکان زەوی و باخەکانیان جێناهێڵن ڕێگە بە دامەزراندنی دامەزراوەی گەشتوگوزاری نادەن لە نێویاندا. بۆیە گوندنشینان بە ڕێژەی (4.8%) ئەمەیان بە گرفت داناوە.
5. **کەمی و نەبوونی خزمەتگوزاری گەشتیاری** (**چێشتخانە و کافتریا و شوێنی مانەوە و حەوانەوە**): ژمارەی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان بەردوام لە هەڵکشاندا بووە و بەردەوامە، بەڵام دابەشبوونی جوگرافی ئەم شوێنانە وایکردووە گەشتیار توشی کێشە و گرفت ببێتەوە، چونکە نزیکەی لە (90%) ئەم خزمەتگوزارییە لە ناحیەی سیتەک کۆبۆتەوە و زۆربەی ناوچە گەشتیارییەکانی تر لێی بێبەشن، کە بەڕێژەی (17.1%) گوندنشینان ئاماژەیان کەمی و نەبوونی چێشتخانە و کافتریا شوێنی حەوانەوە ئوتیل کردووە، شێوەی (13).
6. **پاشماوە سەربازییەکان**: هەندێک شوێن لە گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دیمەنی زۆر جوان سەرنج ڕاکێشی هەیە، بەڵام پێشتر ناوچەی سەربازی و شەڕکردن بوونە، ئەمەش بۆتە هۆی مین ڕێژکردنی ناوچەکە، کە لەئێستادا جێگای مەترسین بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان و گەشتیاران، چونکە ناتوانن گەشت بۆ ئەم جۆرە شوێنانە بکەن، گوندنشینان بە ڕێژەی لە (7.1%) ئاماژەیان بەم گرفتەداوە.
7. **هاوکاری نەکردنی حکومەت**: لە کەمی دەستی کاری گەشتیاری و پرۆژە گەشتیاری دابنیکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان بۆ پەرەپێدان و دروستکردنی پرۆژەی گەشتیاری لە گوندەکاندا، سەرەڕای

بێ پلانی حکومەت، نەبوونی بودجە و هاوکاری نەکردنی جوتیاران و گوندنشینان، دەرنەکردنی یاسایەکی پەیوەندار، لە بواری بەرهەمهێنانی گەشتوگوزاردا، بۆیە لە (21.2%) گوندنشینان بە گرفتی سەرەکی داناوە.

شێوەی (13)

گیروگرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە گوندەکانی قەزای شارباژێڕ




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (37)

**باسی سێیەم: پەرەپێدانی دێهاتەکان لەڕێگەی گەشتوگوزارەوە**

ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی چەندین گوندی گەشتوگوزاری سەرنجڕاکێشە، کە خاوەن توانستی گەورەو هەمەجۆری سروشتی و مرۆیین، شان بەشانی ناوچەکانی تر دەتوانرێت بکرێنە ناوچەییەکی گەشتوگوزاری نموونەیی، بەڵام تاوەکو ئێستا نەتوانراوە بەشێوەیەکی نموونەیی سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ خزمەتی گەشتوگوزاری، بەشداری کارای هەبێت لە زیادبوونی داهاتی تاکەکەس و ئابوری و نەتەوەیی. لێرەدا هەوڵدەدەین چەند گوندێک بخەینەڕوو، کە خاوەن بنەمای گەشتوگوزارین، لەگەڵ دەرخستنی ڕۆڵی گەشتوگوزار بەپێی ئەو بنەمایانە، بەمشێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: گوندی واژە**

دەکەوێتە سەنتەری قەزا (چوارتا)، بەشی باکوری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانی بە دووری (30)کم، بەشی باکوری خۆرئاوای ناوەندی چوارتایە بە دووری (13)کم، لە باکور ناحیەی سیوەیل و قەزای ماوەت، لە خۆرئاوا ناحیەی گاپیلۆن، لە خۆرهەڵات سەنتەری قەزا و لە باشور ناحیەی بەرزنجە و پارێزگای سلێمانییە، لە باکورەوە بە گوندی (بێتوات، سنکێ، وەراز) لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بە گوندی قوتابیان، لە خۆرهەڵاتەوە بە گوندی بەردە زەرد و لە باشوری خۆرهەڵات گوندی دڕەڵەی حاجی، لە باشور و باشوری خۆرئاوا بە گوندی (هۆمەراغ، مارە ڕەش، هەباسە گوڵە)، لە خۆرئاوا بە گوندی (مۆکەبە، خێوەتە)یە، نەخشەی (28).

ئەوەی کە هاندەر بووە کە ئەم گوندە بکرێتە ناوچەییەکی گەشتوگوزاری کشتوکاڵی، لەبەر بوونی چەندین فاکتەری گەشتیارییە:


1. دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی (ماوەت، قەڵاچوالان، واژە)، هۆکارێکی گەیاندنی زۆر گرنگە بۆ گوندەکە و هەموو سەنتەری قەزای شارباژێڕ بە گشتی، کە بەهۆی ئەم ڕێگەیەوە دەبەسترێتەوە بە شاری سلێمانییەوە، بەمەش کەوتۆتە نێوان مەڵبەندی نیشتەجێبوونی دانیشتوان بە ڕێگایەکی قیرتاو گوندەکانی ناوچەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەوانیش (واژە، سنکێ، قوتابیان، باخی ئاشی، خێوەتە، هۆمەراغ، گەنکاوا) گوندەکانی تری سەر بە ناحیەی سیتەک بەهۆی پردی شاخە سورەوە[1]. هەروەها ڕێگەی (واژە، مۆکەبە) بەهۆی پردی مۆکەبەوە ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و قەیوان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش بایەخێکی زۆر هەیە لە رووی پەرەپێدانی گوندەکە و بەستنەوەی ناوچەی داواکاری گەشتیاری بە ناوچەی خستنەڕووی گەشتیاری بەهێزتر دەکات بە تایبەتی گەشتوزاری کشتوکاڵی.
2. ئەم شوێنە لە رووی جوگرافییەوە، بۆ گەشەپێکردنی گەشتوگوزار گرنگە، بە تایبەتی گەشتوگوزاری کشتوکاڵی، لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باسکراوە لە هەموشیان گرنگتر ئەوەیە، واژە خۆی

[1] سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ گوندی واژە لە بەرواری 2022/8/26

سەیرانگاییەکی لێیە بەناوی کوالاپارک ئەوەش گرنگە، وێنەی (18). جگە لە نزیکی لە شاخە سور کە ناوچەی گەشیاری واتە دەبێتە ئاسانکاری بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران و بوونی شوێنی حەوانەوە و کەمی ناوچەی گەشتوگوزاری کشتوکاڵی و نزیکی لە شوێنی داواکاری گەشتوگوزاری کە گەشتیار دەتوانێت لە ماوەیەکی کورتدا سەردانی بکات.

وێنەی (18)

سەیرانگای کوالاپارک لە گوندی واژە



سەرچاوە : سەیرانگای کوالاپارک، هۆبەی ڕاگەیاندن.

3. لە ڕووی پێکهاتەی بەرزونزمی بەرزی گوندەکە کەمتر لە (1000)م لە ئاست ڕووی دەریاوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات گوندەکە تۆبۆگرافیایەکی ئاڵۆزی نییە بۆ وەبەرهێنانی کشتوکاڵی و پەرەپێدانی گەشتوگوزاری کشتوکاڵی، کە بە بەشێکی گرنگی پەرەپێدانی دێهات دادەنرێت، جگە لەمەش دەتوانرێت تۆڕی ڕێگاوبان زۆری گوندەکانی ناوچەکە دابینبکرێت کە بەکۆڵەکەیەکی گرنگی پەرەپێدان دادەنرێت، سەباری ئەمە لەو شوێنانەی کە دەشتایی و تەختن دەتوانرێت ئامێرو ئامرازەکانی کشتوکاڵی بە ئاسانی بەکاربهێنرێت، بە مەبەستی قەرەبوکردنەوەی کەمی دەستی کار، هەروەها دەتوانرێت سوود لە دۆڵی وڵکە سپی لە خۆرهەڵات و دۆڵی ڕازان لە خۆرئاوای گوندەکە وەربگیرێت بۆ کۆکردنەوە گلدانەوەی ئاوی باران لە چاڵایی و نەوارییەکاندا، چونکە دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ ئاودێری لەلایەک دەبێتە فاکتەری ڕاکێشانی گەشتیاری، جگە لەمە دەتوانرێت سوود لە جیاوازی پێکهاتەکانی سەر ڕووی زەوییەکەی وەربگیرێت، چونکە تاوەکو پێکهاتەکانی هەمەجۆربن، بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی گەشتیاران زیاتر سوودی لێوەردەگیرێت.

4. بوونی سەرچاوەی ئاو، لە شێوەی چەم و کانیاودا، یارمەتیدەرن بۆ دروستبوون و پەرەپێدانی گەشتوگوزاری کشتوکاڵی، بە تایبەتی چەمی (واژە، سنکێ)، وێنەی (19)، کە لە بەشی باکوری خۆرهەڵاتی گوندەکەوە درێژ دەبێتەوە بەرەو باکوری خۆرئاوای گوندەکە، ئەمەش گرنگیەکی زۆری بۆ گەشتوگوزار هەیە، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی بەست و بەنداوی بچووک و مامناوەند، بە مەبەستی پیادەکردنی چەندین چالاکی گەشتوگوزاری ئاوی، کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی وشکە ساڵی و دابینکردنی ئاو بۆ گوندەکان، جگە لەمەش چەندین کانیاو لە گوندەکەدا هەن وەک کانی

(دۆڵی سماقان، گۆیژە سوری سەرو خوارو، قشلاخ، پیر بۆکان و...هتر)[1]، جۆری ئاوی کانیاوەکانیش سازگارو شیرین گونجاون بۆ بەکارهێنانەکانی چالاکی مرۆڤ و کشتوکاڵی. ئەمە جگە لەوەی چەمەکە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش بە گوندەکە دەبەخشێت، دەتوانرێت لە کەناری چەمەکە کافتریا و شوێنی حەوانەوە دروست بکرێت و بەلەمی گەشتیاری دابنرێت و سوود لە داهاتەی وەربگیرێت. وێڕای قازانجی ڕاوی ماسی.

وێنەی (19)

چەمی واژە- سنکێ



سەرچاوە: ئەم وێنەیە لەلایەن بەڕێز سەروەر صدیق دانیشتوی گوندی واژە گیراوە.

5. ڕەگەزەکانی ئاووهەوا کاریگەرییان هەیە لە کرداری چالاکیەکانی پەیوەست بە چالاکی گەشتیاری بە گشتی و چالاکی گەشتیاری کشتوکاڵی بە تایبەتی. چونکە پلەی گەرمای مامناوەند و گونجاو، دەبێتە هۆی زیادبوونی چالاکی گەشتوگوزار و زۆر ژمارەی ئەو سەردانکەرانەی کە دێنە شوێنە گەشتیارییەکان لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە توانا وەرزی گەشەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان زیاد دەکات[2]. لە رووی ئاووهەواوە هەمان تایبەتمەندی ئاووهەوای قەزای شارباژێڕی هەیە، بە جۆرێک لە هەردوو مانگی تموزو ئابدا، کە گەرمترین مانگەکانی ساڵن، تێکڕای پلەی گەرما (30) پلەی سەدی تێپەرناکات، باران لە وەرزی گەشتیاریدا نابارێت و لەبەردەم پیادەکردنی چالاکیە گەشتوگوزارییەکان نابێتە ڕێگر، جگە لەبوونی ئاووهەوایەکی فێنک و خۆشک لە وەرزی هاویندا. هەروەها بوونی شنەی چیا و شنەی دۆڵ لە تایبەتمەندی ئاووهەوای گوندەکەیە، بەهۆی گونجاوی شوێنی جوگرافی ناوچەکە.

---


[1] وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی شارباژێڕ، لیستی ناوی کانی و کارێزەکانی سنوری سەنتەری قەزا (چوارتا)، هۆبەی زەوی زار، 2022، داتای بڵاونەکراوە.

[2] فوزي سعيد الجدبة، الجغرافية السياحية، كلية الآداب، الجامعة الإسلامية، غزة، 2018، ص32.

6. سەبارەت بەجۆری خاک لە گوندی واژەدا چەندین جۆر بەدی دەکرێت بە تایبەتی خاکی بۆر و سورباو بە باشترین خاکی ئەم گوندەیە، بۆ هەموو جۆرەکانی چالاکی کشتوکاڵ دەست دەدات، بە تایبەت لەو شوێنانەی دوورن لە سەرچاوەی ئاوەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت بۆ دانەوێڵە بە هەموو جۆرەکانییەوە. ئەمە جگە لەبوونی خاکی سور لە بەشەکانی باشور و باشوری خۆرهەڵات گوندەکە بۆ ڕەزو باخداری بەکاردێت، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دیاریکردنی شوێنی چالاکی گەشتیاری بە گشتی و چالاکیی گەشتیاری کشتوکاڵی بە تایبەتی هەیە، چونکە تاوەکو بەپیتی خاک زیاتر بێت بۆ چالاکی کشتوکاڵی، توانای گەشەپێدانی گەشتیاری کشتوکاڵی زیاتر دەبێت.
7. دەوڵەمەندی گوندی واژە بە دیمەنی سروشتی جوان و سەرنج ڕاکێش لە دارستان و گژوگیا و دارو دەوەن ئەمە لەگەڵ بوونی گوڵی جۆراوجۆری سروشتی، چەندین رووەکی سروشتی دەبینرێن کە دارستانەکانی ئەم گوندە پێکدەهێنن لەوانە (بەڕوو، مازو) بە ڕێژەیەکی کەمیش داری (گوێژ، بەلاڵوک، قەزاوان، هەرمێ کێویلە)ی تێدا دەبینرێت، زۆربەی ئەم دارانە کەوتوونەتە بەشی باکور و باشورو خۆرهەڵاتی گوندەکە، دیمەنێکی سروشتی جوانیان لە رووی گەشتوگوزارییەوە دروستکردووە، هەر ئەمەش وادەکات، گوندەکە چەندین گیانلەبەری کێوی لەخۆ بگرێت، وێنەی (20).

وێنەی(20)


گوندی واژە لە ناوچەی لیکۆڵینەوە



سەرچاوە: ئەم وێنەیە لەلایەن سەروەر صدیق دانیشتوی گوندی واژە گیراوە.

نەخشەی (28)

پێکهاتەی سروشتی گوندی واژە بەپێی گوندەکانی دەوروبەری




سەرچاوە: کاری توێژەر  بە بەکارهێنانی ArcGIS Arc Map V10.8 پشت بەست بە: وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلوجیای زانیاری، بەشی GIS.

8. له رووی بنەمای مرۆییەکانەوە گوندەکە چەندین تایبەتمەندیەتی خۆی هەیە، کە خۆی لەمانەدا دەبنێتەوە:

أ. ژمارەی دانیشتوانی گوندەکە لە ساڵی (1957) (249) کەس بووە ڕێژەی لە (0.6%) دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە، بەڵام لەسەرژمێری (1977) ژمارەی دانیشتوانی زیادیکردووە بۆ (393) کەس، ڕێژەی لە (0.7%) دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکهێناوە، بە هەمان شێوە لە ساڵی (2002) زیادیکردووە بۆ (400) کەس و ڕێژەی لە (1%) کۆی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە، بەڵام لە ساڵی (2019) ژمارەی دانیشتوانی کەمیکردووە بۆ (295) کەس و ڕێژەی (1.5%) کۆی دانیشتوانی قەزاکەی لە خۆگرتووە، خشتەی (38).

خشتەی (38)

ژمارە و ڕێژەی دانیشتوانی گوندی واژە لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2019)دا

| ساڵ | ژ/ دانیشتوانی گوندی واژە | ژ/ دانیشتوانی قەزا | ڕێژەی گوند لە کۆی قەزا |
|---|---|---|---|
| 1957 | 249 | 42333 | 0.6 |
| 1977 | 393 | 55342 | 0.7 |
| 2002 | 400 | 42888 | 1 |
| 2019 | 295 | 23548 | 1.3 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1. وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل1957، المصدر السابق، ص176.
2. الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان سنة 1977، المصدر السابق، ص450.
3. الجهاز المركزي للإحصاء، جدول باطار القرى و المقاطعات، المصدر السابق، ص100.
4. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ئاماری دیمۆگرافی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکان، سەرچاوەی پێشوو.

بەپێی داتاکانی خشتەی (38) کە کۆی ژمارەی دانیشتوانی گوندی واژە نیشان دەدات، هەریەک لە گوندەکانی (سنکێ، وەڕاز، بێتوات، خێوەتە، هۆمەراغ، قشڵاخ، بەردەزەرد، قوتابیان) ژمارەی دانیشتوانیان (618) کەسە[1]، ئەمەش گرنگیەکی تری ئەم ناوچەیە دەردەخات لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە، چونکە چالاکی گەشتوگوزاری کشتوکاڵی پێویستی بە هێزی کارکەر و ژمارەی دانیشتوان هەیە، بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری و پڕکردنەوەی داواکاری سەرجەم گەشتیاران.

ب. گوندی واژە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری و سەرخان و ژێرخانی ئابوری گەشتوگوزاری لەخۆگرتووە، وەک (چێشخانە و مارکێت و گۆشت فرۆش و سەیرانگا)، نزیکی و مەودای نێوان ئەم ئاسانکارییە گەشتوگوزارییانە ڕۆڵێکی کارا دەبنێت لە ڕاکێشانی لێشاوی گەشتیاری و ڕێگە نەدان بە گەشتیاران

[1] بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ئاماری دیمۆگرافی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکان، سەرچاوەی پێشوو.

بۆ سەردانیکردنی هەموو شوێنە ژینگەییەکان. جگە لە بوونی ڕێگاوبانی قیرتاوکراو بنکەی تەندروستی و ئاو و کارەبا و پەیوەندی گەیاندن و ئارامی ئاسایش...هیتر. لێرەدا بەهۆی گونجاوی ئەم بنەمایانە بۆ کەرتی گەشتیاری و گەشتوگوزاری کشتوکاڵی چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو بۆ جوتیاری نموونەی گوندەکە و خاوەن کۆمپانیا و بەرهەمهێنەرەکان لە کەرتی گشتی و تایبەت، کە پێویستن بۆ پەرەپێدانی گوندەکە بەمشێوەیە:

1. دروستکردنی بەربەست و بەنداوی بچووک لەسەر چەمی (واژە- سنکێ) و کۆکردنەوەی ئاوی کانیاوەکان، بە مەبەستی دروستکردنی ناوچەیەکی گەشتیاری و گلدانەوە و کەمکردنەوە دیاردەی وشکە ساڵی، کە هەموو کات دەتوانرێت چەندین دامەزراوەی گەشتوگوزاری وەک کەپر و چادرگەی گەشتیاری و تەوالێت و شوێنی مانەوە و حەوانەوەی گەشتیاران و خواردنگە و چێشتخانە و ماسی برژاو کەباب خانە و چای خانە و قاوەخانە و کافتریا ...هیتر لە دەوری ئاوەکە دروست بکرێ.
2. دامەزراندنی گوندی گەشتیاری و دابینکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی، ئەم گوندە زۆر گونجاوە بۆ ئەوەی بکرێتە گوندێکی گەشتیاری کە بۆ سەرجەم گروپەکانی تەمەن بگونجێت، چونکە پێکهاتە سروشتی و مرۆییەکان یارمەتیدەرن، لەبەرئەوەی ناوچەییەکی بێدەنگ و هێمن و ئاووهەوای پاکە، ناوچەییەکی شاخاوی و دەشتایی و دەرامەتی ئاوی تێدایە، کە یارمەتی چەندین چالاکی گەشتیاری دەدەن.
3. ئەو ڕەز و باخانەی ئێستا لە شوێنی خۆیان ماون، هەوڵبدرێت شوێنی مانەوە بەشێوەیەکی کەلتوری بۆ گەشتیاران ڕێکبخرێت بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا. یان هەفتە بازاڕێک سازبکرێت بۆ ساغکردنەوەی بەروبوومەکانیان، چونکە گەشتیار حەزو ئارەزووی ئەوە دەکات خۆی بەربوومەکان لێ بکاتەوە، لە بەرامبەر ئەمەدا خاوەن ڕەزو باخەکان بڕێک لە پارە گەشتیاران وەردەگرن.
4. هاندانی چالاکی وەبەرهێنان لەلایەن کۆمپانیا خۆماڵی و بیانییەکانەوە، کە ببێتە هۆی پەرەپێدانی گەشتیاری کشتوکاڵی لە گوندی واژە، ئەوەیش بە دروستکرنی پرۆژەی بەخێوکردنی کێڵگەی پەلەوەری و ئاژەڵداری و بەرهەمهێنانی هێلکە و پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەر و گیانلەبەری ئاوییەکان، وەکو قازو مراوی و ماسی و کیسەڵ و گیانلەبەرە ئاوییەکانی تر، کە بۆ سەیرکردن و فرۆشتن بەکاردێن، دەبێتە دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگە جیاوازەکان لە پسپۆڕی خۆیاندا، جگە لە دامەزراندنی کەسانی تری بێکار لە خاوەن بڕوانامەی بنەڕەتی و کەسانی نەخوێندەواری دانیشتوانی گوندی واژە و گوندەکانی دەوروبەری.
5. دامەزراندنی کارگەییەکی گژوگیای پزیشکی، بە مەبەستی توێژینەوەی زانستی و چارەسەکردنی نەخۆشیە باوەکان، بە سوود وەرگرتن لە کۆلێژی زانستە سروشتیەکانی ناوچەکە.
6. بایەخدان بە بەخێوکردن و پەروەردەکردنی وڵاخە بەرزە لە ئەسپ و ماین و ئێستر لە گوندی واژە، بەکارهێنانیان بۆ گواستنەوەی گەشتیار و کەلوپەل لە شوێنکەوە بۆ شوێنکی تر.

7. دامەزراندنی نەمامگەیەکی تایبەتی بە گوڵ و درەختی سەرشەقامەکان، یان هێنانی گوڵی وەرزی تایبەت لە دەرەوە کە کەشێکی گونجاو بۆ دروست بکرێت بە مەبەستی پیشاندانی دیمەنێکی جوان و سەرنج ڕاکێش، دەبێتە هۆی زیادبوونی داهاتێکی زیادە بۆ دانیشتوانی گوندەکە و گوندەکانی دەوروبەری، ئەمە جگە لە بە بازاڕکردنیان و لە ڕێگەی فرۆشتنی بە گەشتیاران و سەردانیکەران، هەروەها دەبێتە هۆی زیادبوونی "بەرهەمهێنان، فرۆشتن، چالاکی بازرگانی و هیتر." جگە لەوەی دەبێتە پارێزگاری کردن لە ژینگەی سروشتی و ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەکە.

8. بەو پێیەی کشتوکاڵ یەکێکە لە سەرچاوەکانی ئاسایشی خۆراک، لە ڕێگەی گەشتیاری کشتوکاڵییەوە دەتوانێت تا ڕادەیەکی زۆر بەشداری لە بەدەستهێنانی خۆبژێوی لە هەندێک بەرهەمدا بکات، وەک سەوزەو میوە و هێلکە و شیر و گۆشتی ئاژەڵی و پەلەوەری، یان زیادکردنی بەرهەمهێنانی گۆشت و شیر و بەرهەمەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی دابینکردنی خۆراک بۆ دانیشتوان و کەمکردنەوەی ڕێژەی هاوردەکردن لە دەرەوەی ناچەی لێکۆڵینەوە.

9. بە بازاڕکردنی بەرهەمی کاری ڕەزو باخداری کە بایەخێکی ئابوری گرنگیان لە گوندی واژەدا هەیە و پانتایەکی فراوانی داگیرکردووە، وەکو درەختی (قۆخ، قەیسی، هەرمێ، هەنار، ترێ ڕەش، سەرقوڵە، سادانی، بێدەنکە و ڕەشمیری...هیتر)، ئەمەش بە هەڵبژاردنی شوێنێکی گونجاو، پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان، بە ڕێگەی ڕیکلامکردن لە ڕۆژنامە و گۆڤارو تۆڕی کۆمەڵاتی و فیسبوک. هەریەکە لەم درەختانە سەرچاوەییەکی ئابوری باشە بۆ ئەم گوندە، زۆربەی بەرهەمەکانیان لە ڕێگەی هاتنی گەشتیارەوە ساغ دەبێتەوە، بە تایبەتی لە وەرزی هاوین و سەرەتای وەرزی پایز کاتێک بەرەکەیان پێدەگات. سەبارەت بەلایەنی ڕەزداری لەم گوندەدا بایەخێکی زۆری پێدەدرێت لایەنێکی ئابوری بە سوودە بۆ گوندەکە لە رووی مادی و خۆراکیەوە کە چەندین جۆری ترێ تێدایە.

10. دروستکردنی پارکی وەستانی ئۆتۆمبێل بە مەبەستی کەمکردنەوەی جەنجاڵی ڕێگاوبان و نارێکی وەستانی ئۆتۆمبێلەکان.

11. پاڵپشتیکردنی چەند کەسێکی خاوەن پارە و پول بەشێوەی گروپ و پشک لە پرۆژەی هاوبەشدا دەست بەکار بن، وەکو کردنەوەی چێشتخانەیەکی کوردەواری بە شێوەیەکی مۆدێرن و دامەزراندی کارگەی ئاوی خواردنەوە و بەرهەمهێنای گەرای ماسی، کارگەکانی تۆوی رووەکە هاوینەکان و دانەوێڵە و پاقلەمەنییەکان ڕەزی ترێ و پرۆژەکانی خانوی رووەکی بۆ سەوزە و میوەکان و کۆمپانیاکانی گواستنەوە و گەیاندی گەشتیاری و تیپە هونەریەکانی بەرهەمهێنانی فلیمی سینەمایی و کاری هونەری، بەهۆی جوانی دیمەنەکانەوە.

12. سازدانی چالاکی ڤیستیڤاڵ و پێشنگای تایبەت بە بەروبوومە خۆماڵییەکانی گوندەکە و گوندەکانی سنکێ و قشڵاخ و وەڕازو...هیتر، ئەمەش وادەکات زۆربەی بەرهەمەکانیان لە ڕێگەی هاتنی

گەشتیارەوە ساغ ببێتەوە، بە تایبەتی میوەی (قۆخ، قەیسی، هەرمێ، هەنار، ترێ ڕەش، سەرقوڵە، سادانی، بێدەنکە و رەشمیری...هیتر) لە وەرزی هاوین و سەرەتای وەرزی پایز کاتێک بەرەکەیان پێدەگات.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین گەشتوگوزار ڕۆڵێکی سەرەکی دەبێت لە پەرەپێدانی گوندەکە بەمشێوەیە:

1. هەبوونی ژمارەی دانیشتوانی گوندەکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و بەهێزی لەگەڵ گەشەی گەشتیاری هەیە، بۆیە لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆری گەشتیار روو لە گوندەکە دەکات و دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دیاردەی کۆچکردن و گەڕانەوەی دانیشتوان بۆ گوندەکە، واتە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و تێکەڵاوبوونی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین، دەرئەنجام پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری روو دەدات.
2. سەبارەت بە دەستی کار لە تەواوی خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جیاوازەکان بریتییە لە (48) کرێکار، کە خۆی لە (2) چێشتخانە (5) مارکێت (3) سەیرانگا (1) پارکی گەشتیاری و چەند سێکتەرێکی دیکەی گەشتیاری وەک (گۆشت فرۆش، نانەواخانە، فرۆشگا) دەبنێتەوە، زۆرترین ژمارەی دەستیکار لە خواردنگە و چێشخانە گەشتیارییەکاندایە کە دەگاتە (11) هەلی کار، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی پێویستیان بە ژمارەی زۆری ستافی بەڕێوبردن و چێشت لێنەرو کرێکار هەیە. دواتر مارکێت (9) هەلی کار، سەیرانگا (7) هەلی کار، پارکی گەشتیاری (6) هەلی کار، سێکتەرەکانی تر گەشتیاری (15) هەلی کاریان ڕەخساندووە[1].
3. فرۆشتنی بەرهەمەکانی سەوزەوات و سپیایی، پشت بەست بە دانیشتوانی گوند و گوندەکانی سنکێ و وەراز و بێتوات و قشڵاخ و قوتابیان و بەردەزەرد، ئەمەش بەشێک لە پێداویستیە سەرەکیەکانی گەشتیاران پڕدەکاتەوە، لەڕێگای کڕینی بەرهەمەکانیانەوە[2].
4. گەشتوگوزار هۆکارێک بووە بۆ ڕێکخستن و چاککردنی ڕێگاکانی هاتوچۆ زیادکردنی ژمارەیەک خزمەتگوزاری سەرخان و ژێرخانی ئابوری بۆ ناو گوندی واژە و دەوروبەری.

**دووەم: گوندی بارێی بچووک**

دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانی و چوارتا بە دووری (55)کم و (75)کم لە شاری سلێمانییەوە دوورە، لە سنوری قەزای شارباژێڕی سەر بە ناحیەی سیوەیل، بەشێک لە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە و پارێزگای سلێمانی لەگەڵ وڵاتی ئێران پێکدەهێنێت، کەوتۆیە دامێنی زنجیرە چیای سورکێو لە باکور، بە رووبەری (37)کم2 و لە بەرزی (1441)م لە ئاستی رووی دەریاوە.

---

[1] سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ گوندی واژە لە بەرواری 2022/7/20

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز کاک زانا عدنان، دانیشتووی گوندی سنکێ، لە بەرواری 2022/7/20

کۆمەڵێک فاکتەر کاریگەری ڕاستەخۆیان لەسەر پەرەپێدانی چەندین جۆر گەشتوگوزار هەیە لە گوندەکە گرنگترینیان ئەمانەن:

1. لە ڕووی شوێنی جوگرافیەوە لە باکور هاسنورە لەگەڵ قۆخی بارێ و لە باشور لەگەڵ گوندەکانی بارێی گەورە لە خۆرهەڵات لەگەڵ گوندی سەربەرد لە خۆرهەڵاتی کوردستان لە خۆرئاوا لەگەڵ گوندی بێورێ. هەروەها دەکەوێتە نێوان گوندەکانی (تیمارو، موسەک، باسنێ، بێورێ، نۆڕەباب، بارێی گەورە)[1]، نەخشەی (29)، گرنگی شوێنەکەی وایکردووە کە دانیشتوانەکەی هاوزمان و هاونەتەوە و هاو کەلتورن، جگە لەو ئازادییەی لە کوردستاندا هەیە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەدەبرێت و جۆرێک لە حەوانەوەی دەرونی بە گەشتیاران دەبەخشێت.
2. زستانی زۆر سارد و سەخت و زۆری دابارین و مامناوەند فێنک لە هاویندا، بۆتە هۆی چڕی ڕووەکی خۆرسک بە تایبەتی دارستان لە بناری چیاکان و دۆڵەکان، گرنگی دارستانەکان جگە لە جوانکردن و کەمکردنەوەی خێرای گەرما و بایەکان دەبنە ڕێگر لەبەردەم خێرایی توانەوەی بەفر تاوەکو کۆتایی وەرزی بەهارو دواتریش لە شێوەی جۆگەلەدا ڕێدەکەن و گوڵ و گوڵزارو دیمەنێکی جوان دەبەخشنە گوندەکە، ئەمەش ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە بڕیاردانی گەشتیارەکە و شوێنی خوازراو بۆ سەردانکردن ئارەزووی گەشتیاران. سەرەڕای بوارە گەشتیاریەکە، ئەم دارستانانە سەرچاوەکی گرنگن بۆ باشکردنی ژینگە و پایەیەکن بۆ بەرزکردنەوەی ئابوری دانیشتوان.
3. بەو پێیەی بارێی بچووک کەوتۆتە دامێنی چیای سورکێو و هەمەجۆری لە پێکهاتەی سەر ڕووی زەوی و بوونی سەرچاوەی ئاوی سازگار و بە نزیکەی (6) کانی و کارێزی هەیە[2]، بەڵام دیارترینیان بریتییە لە سەرچاوەی ئاوی چاوە (لە ئێستادا بۆتە شوێنێکی گەشتیاری)، وێنەی (21)، ساردی پلەکەی لە نێوان (10-12) پلەی سەدییە، کانی میران، چەند شوێنێکی دیکە کە کەوتوونەتە سەروی گوندەکە، چوار وەرزی ساڵ ئاویان لێ نابڕێ، ئەمەش وایکردووە لە دوای مانگی ئازارەوە خەڵک بە مەبەستی گەشتوگوزار سەردانی گوندەکە بکات، چونکە لە ئێستادا گوندەکە خۆشترین پرۆژەی گەشتیاری لێکراوەتەوە. ئەگەرچی لە دوورترین ناوچەی نیشتەجێبوونی پارێزگای سلێمانییە و لەسەر سنوری خۆرهەڵاتی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەشتیاران لە ناوچە جیاوازەکانەوە ڕووی تێدەکەن بەهۆی گونجاوی ئاووهەواکەی کە پلەی گەرمای لە وەرزی هاویندا لە نێوان (35-30) پلەی سەدی تێناپەڕێت. هەروەها ماسی برژاوی سلەمون وکارب و مریشکی بژاوی تا بڵێی بەتام و چێژی هەیە، نزیکەی (40) شوێنی حەوانەوەی گەشتیاری و مزگەوت و شوێنی (WC) پیاوان

---


[1] سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ گوندی بارێی بچووک لە بەرواری 2022/5/27

[2] وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی شارباژێڕ، لیستی ناوی کانی و کارێزەکانی سنوری ناحیەی سیوەیل ، هۆبەی زەوی زار، 2022، داتای بڵاونەکراوە.

و ئافرەتانی لەخۆگرتووە[1]. سەرباری هەموو ئەمانەش بوونی دارستانی سروشتی یارمەتی ئەوەی چەندین ئاژەڵی و باڵندەی کێوی وەک (کەو، سوێسکە، پەپولە سلێمانکە، ژیشک و سمۆرە ورچ و گورگ)،[2] خۆشی و ئارامی دەبەخشێتە گەشتیاران کە ئەوە دیمە جوانە سروشتیانە ماندویەتیان دەڕەوێنێتەوە.

نەخشەی (29)

پێکهاتەی سروشتی گوندی بارێی بچووک بەپێی گوندەکانی دەوروبەری




سەرچاوە: کاری توێژەر  بە بەکارهێنانی ArcGIS Arc Map V10.8 پشت بەست بە: وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلوجیای زانیاری، بەشی GIS.

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز کاک ڕابەر سیروان سلێمان، سەرپەرشتیاری پرۆژەی ماسی سەلەمونی سورکێو، لە بەرواری 2022/5/27.

[2] زانا عەبدولرحمان عەبدوڵا، گوندی بارێی بچووک، گۆڤاری شارباژێر، ژمارە6، 2018، ل104.

4.گوندی بارێی بچووک، جگە لە بوونی بنەما سروشتییەکان و جوانی  دیمەنی ژینگەی سروشی، توانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و مێژووییەکان لەخۆدەگرێت، ئەمەش بەهۆی ناوچەییەکی سەرسنورە دەتوانرێت سوود لە دانیشتوانی گوندەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانی ئێران و گوندەکانی (تیمارو، موسەک، باسنێ، بێورێ، نۆڕەباب، بارێی گەورە)، ئەمەش وایکردووە کە دانیشتوانەکەی هاوزمان و هاونەتەوە و هاو کەلتورن، گوندەکە باشترین شوێنە بۆ ئەوەی ببێتە ژینگەییەکی گەشتیاری تیادا بەردەست دەبێت.

وێنەی (21)

سەیرانگای بارێی بچووک



سەرچاوە: ئەم دوو وێنەیە لە بەرواری 2022/5/27 لەلایەن توێژەر گیراوە

لەم ڕوانگەیەوە پشت بەستن بەو توانستانەی لە گوندی بارێی بچووکدا بوونیان هەیە، دەتوانرێت سوود لە چەند جۆرێک گەشتوگوزار وەربگیرێت بۆ پێشکەوتن پەرەپێدانی گوندەکە.

**یەکەم: گەشتوگوزاری کات بەسەربردن:**

زۆربەی زۆری گەشتیاران، کە دێنە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بۆ خۆشی و کات بەسەربردن و سەردانی شوێنە گەشتیارییەکان دێن، بە تایبەتی ئەو گەشتیارانەی لە شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق دێن بەڕێژەی زیاتر لە (70%) گەشتیارەکانی کوردستان لەم جۆرەن[1]. بۆیە دەکرێ کاری زیاتر و باشتر بۆ بکرێت بۆ ئەوەی گەشتیار ئەو شوێنانەی دەبینن بێزار نەبن و شوێنی زیاترو جۆراوجۆر هەبێت بۆ گەشتەکەیان.

[1] نادر ڕۆستی، گرنگی جۆرەکانی گەشتوگوزار بۆ ئابورییەکی بەهێز، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، 2022، ل146.

گەشتوگوزاری خۆشی و کات بەسەربردن لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە گشتی و گوندی بارێی بچووک بە تایبەتی باشترین زەمینەی لەباری و بەهێزترین بنەمای هەیە و بە بەهێزترین جۆری گەشتوگوزار ئەژمار دەکرێت.

گوندی بارێی بچووک خاوەن سروشتێکی زۆر جوان لەبارە بۆ فراوانکردنی چالاکییەکانی گەشتیاری خۆشی و کات بەسەربردن، لە ئێستادا بۆتە شوێنکی گەشتوگوزاری بەناوبانگەی لەسەر ئاستی ناوچەی لێکۆڵینەوە و پارێزگای سلێمانی، بواری ئەوەش فراوانە بۆ دروستکردنی چەندین شوێنی خزمەتگوزاری وەک کەپری گەشتیاری و چێشتخانە و چایخانە و خواردنگەی گەشتیاری، شوێنی مانەوەی شوانە بۆ گەشتیار و سوود وەرگرتن لە بابەتە کلتوری و کوردەوارییەکان بۆ سەرنج ڕاکێشانی گەشتیاران....هیتر، سەرجەم ئەمانە بوار بۆ پەرەپێدانی گوندە خۆشدەکات، بەمشێویە:

1. کەمکردنەوەی دیاردەی کۆچکردن لە لادێکانەوە بۆ شارەکان و کارکردن لەسەر گەڕانەوەیان بۆ سەر زێدی خۆیان بە دابینکردنی خزمەتگوزاری و ئاسانکاری پێویست، لەگەڵ زیادبوونی خەرجیەکانی گەشتیار دەبێتە هۆی زیاد بوونی داهاتی دانیشتوان گوند و گوندەکانی دەوروبەری، ئەمە جگە لەوەی یارمەتیدەرە بۆ ڕاکێشانی چەندین پرۆژەی پەرەپێدان و ژێرخانی ئابوری گوندکە.
2. بەدیهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی، گەشتوگوزاری کات بەسەربردن جۆرێک لە ئاشنابوون لە نێوان تاکەکان و گەشتیار دروست دەکات و ئاشنای کولتوورە جیاوازەکان دەبێت، ئەمەش جۆرێک لە پەیوەندی و وابەستەیی یەکتر لە نێوان ناوچە گوندنشینەکان و گەشتیاردا دروست دەکات.
3. گەشتوگوزاری کات بەسەربردن کاردەکات بۆ باشترکردن و پەرەپێدان و پاراستن و نۆژەنکردنەوەی شوێنە شوێنەوارە ئاینی و مێژووییە گەشتیاریەکان، پێشکەشکردنیان لە چوارچێوەی خستنەڕوو شوێنی گەشتیاریدا[1].
4. گەشتوگوزاری کات بەسەربردن بوارێکە بۆ پەرەپێدانی کار و ڕەخسانی هەلی کار بۆ گەنجان و نەهێشتنی کێشەی بێکاری، لە ئەنجامی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ گەشتیاران، بەو پێیەی کارکردن لە دامەزراوە گەشتیارییەکان یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری[2].

**دووەم: گەشتوگوزاری زستانەیی**

بەهۆی هەڵکەوتنی شوێنی جوگرافی پێکهاتەی سروشتی و هەبوونی رووەکی سروشتی ئاووهەوای گونجاو لە وەرزی زستان و بەتایبەت بارینی بەفر بۆ پەرەپێدانی گەشتیاری زستانە

---

[1] رؤوف محمد الانصاري ، السياحة البيئية ، البيئة المناسبة الصالحة التي تساعد على تحقيق نهضة سياحية واعدة ، مجلة سطور الالكترونية ، 4 نوفمبر ، 2012 ، ص2 .

[2] World tourism organization and the united nations environment programmer , tourism for nature and development , good practice guid , convention on biological diversity , Montreal , 2010 , P.10.

دەرەخسێنێت، وێنەی (22)، دەتوانرێت هەوارگەی شاخاوی لە گوندی بارێی بچووکدا دروست بکرێت، بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانە:

1. گوندی بارێی بچووک، لەگەڵ ئەوەی شوێنێکی جوگرافی پەراوێزی سەر سنوری هەیە، بەڵام لەگەڵ کردنەوەی مەرزی (چۆمان، گرگاشە، دەشتێ) بەشێوەیەکی فەرمی و ناساندنی وەک مەرزێکی نێودەوڵەتی، لە توانایدایە ببێتە خاڵی بەستنەوەی ناوچەی لێکۆڵنەوە بە تایبەتی و پارێزگای سلێمانی بە گشتی لەگەڵ خۆرهەڵاتی کوردستان، پاشان گەشەسەندنی پەیوەندییە ئابوری و گەشتوگوزارییەکان بە حوکمی بوونی بنەما گەشتوگوزارییەکان بە تایبەتی دەوڵەمەندی ناوچەکە بە سەرچاوەی ئاوی و رووەکی و نزیکی لە خۆرهەڵاتی کوردستان.
2. ڕاکێشانی چەندین ڕێگای سەرەکی و لاوەکی بۆ بەستنەوەی خۆرهەڵاتی کوردستان بە گوندی بارێ و شاناخسێ و شیوەکەل و شاخی سورکێو و شاخی گمۆ.
3. دروستکردنی چەند خانوویەک بە بناری شاخی سورکێو، لە شێوەی سێگۆشەدا (لەبنکەدا فراوانە و لەبەشی سەرەوەدا تەسک دەبێتەوە)، لەبەر کەمی زەوی تەخت و کشتوکاڵی، لەگەڵ بەکارهێنانەکانی کەرەستە سروشتیەکانی ناوچەکە لە دروستکردنیدا بۆ پاراستنی جوانی و ژینگەی ناوچەکە لە تێکدان.
4. دروستکردنی بنەکەییەکی فێرکاری تایبەت بەو جۆرە وەرزشە، بە مەبەستی پێدانی زانیاری و ڕاهێنانی ئەو گەشتیارانەی دەیانەوێت بەشداری بکەن لەو جۆرە گەشتانەدا. هەروەها پێدانی کەلوپەل تایبەت بە شاخەوانی، بۆ ئەوەی گەشتیاران بتوانن چەندین چالاکی گەشتوگوزاری پیادە بکەن لە گوندەکەدا، وەک هەڵگەڕان بەسەر چیا و لوتکە بەرزەکان و خۆفرێدان بە پەرەشوت و پیاسەکردن و چێژوەرگرتن لە دیمەنی جوانی..هیتر.
5. سوود لە گوندەکانی مرانێ و دێرێ سەرو وسیرین و شیوەکەل، وەربگیرێت و بکرێنە ناوچەی پێشوازیکردن گەشتیارانی ڕۆژهەلاتی کودستان و پێشەشکردنی خزمەتگوزارییە جۆربەجۆرەکانی حەوانەوە و خواردن و خواردنەوە و ڕێنمایکردنی و دابینکردنی هۆکارەکانی گواستنەوە...هیتر.
6. هاندانی وەبەرهێنانی سەرمایەی نیشتمانی و هەمەجۆری بەکارهێنانەکانی لە پڕۆژەی نوێدا، وەک خزمەتگوزاری شوێنی پشوودا و تەوالێت و شوێنی مانەوە دابین بکرێت. لەلایەکیترەوە زەمینەی یاسای بۆ کەرتی برخسێنێ کە وەبەرهێنان بکەن، بۆ نموونە دەتوانرێت بە هەمان شێوازی کۆمەڵگەی گەشتیاری کۆڕەک ئامادە بکرێت، چەندین یاری وەک خلیسکێنە و سەرکێشی،...هیتر دەرکرێت پەرەی پێبدرێت.

وێنەی (22)
بارینی بەفر لە شاخی سورکێو



سەرچاوە: ئەم دوو وێنە لەلایەن گۆران سیوەیلی دانیشتوی گوندی بارێی بچووک لە 2022/1/25 گیراوە

**سێیەم: گوندی کونەماسی**

دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانی بە دووری (65)کم، لە باکور قەزای ماوەتەوە بە دووری (30)کم، (28)کم لە چوارتاوە دوورە[1]، شوێنە جوگرافیەکەی وایکردووە هەریەک لە (ئەزمر، سیتەک، قەڵاچوالان، قەیوان، مۆکەبە) بەیەکەوە ببەستێتەوە. گوندی کونەماسی لە باکور هاوسنورە لەگەڵ گوندی دۆڵبێشکی شێخان و لە باشور لەگەڵ گوندی کارێزە و لە خۆرهەڵات لەگەڵ گوندی بەردەشینی خوارو لە خۆرئاوا لەگەڵ گوندی باڵخ و ولاغلو، نەخشەی (30). هەروەها کەوتۆتە ناوەندی چیاکانی (قاقۆلان، کلاوی کونە ورچ، حەسەن بەگ، گردی سەر ڕەزان)[2].

شوێنی جوگرافی گوندی کونەماسی لە رووی گەشتوگوزارەوە، تایبەتی خۆی هەیە:

1. جۆری ئاووهەوا و سروشتی پێکهاتەی سەر رووی زەوی گوندەکە وایکردووە لەلایەن دانیشتوانی هەردوو قەزای شارباژێڕ و پارێزگای سلێمانی داواکاری لەسەر بێت، بەهۆی نزیکی لە مەڵبەندەکانی نیشتەجێبوونی دانیشتوان.

---

[1] پشتیوان شەفیق احمد، التحول الديموغرافي وعلاقته بالتنمية الريفية في محافظ السليمانية (إقليم كوردستان العراق )، المصدر السابق، ص158.

[2] عەبدوڵڵا، غەفور، گوندەکانی باشوری کوردستان، لەسەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا، 1957، چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای ئاراس، 2005، ل171.

2. بوونی ڕێگاوبانی قیرتاوی کە بە شاری سلێمانی و قەزاکە و بە قەزاکانی دەوروبەری دەبەستێتەوە، لە گرنگترین ڕێگا سەرەکیەکانی (چوارتا، گاپیلۆن، دوکان، بنگرد، رانیە) و دۆڵی جافایەتی و سەرگەڵو بەرگەڵو دەبەستێت بەیەکەوە.

3. گوندەکە بەسەرچاوە و دەرامەتی ئاوی دەوڵەمەندە، خاوەنی ئاوی چەمی کونەماسی رووباری قەڵاچوالان و باڵخ و سەرچاوەی ئاوی (بلَق) کە ڕەگەزێکی سەرەکییە لە ڕەگەزەکانی خستنەڕووی گەشتیاری و دروستبوون و پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە هەر ناوچەیەکدا بێت.

4. دەوڵەمەندی گوندی کونەماسی بە رووەکی سروشتی و کەنار چەم و رووبارەکان، دیمەنێکی جوانی بە گوندەکە بەخشیوە، بوونی ئەم بنەمایەش گرنگە بۆ پیادەکرنی چالاکیە گەشتوگوزاری هاوینە و پاراستنی گەشتیاران لەخۆرەتاو، وێنەی (23).

5. ئاووهەواکەی بە جۆرێکە تێکرای پلەی گەرما لە گەرمترین مانگەکانی تەموزو ئاب (30) پلەی سەدی تێنابەڕێت، بۆیە ئاووهەواکەی لە کەشی گەشتوگوزاری مامناوەندە، لەگەڵ نەبوونی دیاردەی باران و دیاردە ئاووهەواییەکانی تر، کە لەبەردەم پیادەکردنی چالاکیە گەشتوگوزارییەکاندا، ڕێگرن.

6. پێکهاتەی سەر رووی زەوییەکەی لە دۆڵ و شاخ و پەناگە و گردەکان و بوونی دارستانی چڕ و لەوەڕگای سروشتی و دەرامەتی ئاوی هەمەجۆر و کەمی دانیشتوان و ئاوەدانی، بۆتە هۆی دەوڵەمەندی گوندەکە بە ئاژەڵی کێوی، جگە لەبوونی چەندین جۆری باڵندەیەک.

وێنەی (23)


رووەکی سروشتی کەنار چەم و رووبارەکان لە گوندی کونەماسی



سەرچاوە: ئەم وێنەیە لە بەرواری 2022/5/20 لەلایەن توێژەر گیراوە

نەخشەی (30)

پێکهاتەی سروشتی گوندی کونەماسی بەپێی گوندەکانی دەوروبەری




سەرچاوە: کاری توێژەر  بە بەکارهێنانی ArcGIS Arc Map V10.8 پشت بەست بە: وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلوجیای زانیاری، بەشی GIS.

لێرەدا پشت بەست بە  بنەما جوگرافیە گەشتوگوزارییەکان، رووپێوکردنی  سەرجەم بنەماکان و دیاریکردنی رۆڵی هەریەکەیان لە بەدیهێنانی ئامانجی پەرەپێدانی گوندەکە، دەکرێت چەند جۆرێک لە گەشتوگوزار دابمەزرێت بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی کار بکرێت.

1. **گەشتوگوزاری ئاوی**

گوندی کونەماسی لە کەشی هاویندا توانراوە بکرێتە خۆشترین و جوانترین هاوینە هەوار، چونکە کەوتۆتە ناوەندی چیاکانی (قاقۆلان، کلاوی کونە ورچ، حەسەن بەگ، گردی سەر ڕەزان)، ئەمە وادەکات بە بەروارد لەگەڵ ناوچە نزمەکاندا کەمتر تیشکی خۆر لێیبدات، بۆ ئەو مەبەستە، پەرەپێدانی گوندەکە بۆ گەشتوگوزار، لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبێت:

1. دیاریکردنی شوێنکی تایبەت بۆ راوە ماسی سنوردار لەو شوێنانەی کە خێرایی ئاوەکەیان لە سەرخۆیە و ماسی تێدا بەدی دەکرێت بە تایبەتی لەلای بەردەمی ئەشکەوتی کونەماسی. ئەمەش دەبێت هۆی دابینکردنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی ناو کونەماسی و گوندەکانی دەوروبەری بێ جیاوازی وەک (دۆڵبێشک، باڵخ، ولاغلو، کارێزە) هەندێک گوندی تر.
2. هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی یارییەکانی سەوڵ لێدان و گەڕان بەناو ئاودا بە بەلەمی بچووک و ماتۆرسکیلی تایبەت، لە پاڵ بەکارهێنانی بەشی هەرە زۆری ئەم چەمە بۆ مەلەکردن لەو جێگایانەی کە لێژیان کەمترە لە لێژبوونەوەی گشتی لە سنووری ناوچەکەدا بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا .
3. جۆری ئاوەکە و سیفاتە کیمیاویەکانی بۆ هەموو کارێکی رۆژانە و دابینکردنی پێداویستی جۆراوجۆرەکانی گەشتیار گونجاوە، بەڵام بۆ هەندێ چالاکی پێویستی بە خاوێنکردنەوە هەیە.
4. بەهۆی ئەوەی چەمی کونەماسی لە بنەما سروشتیە گەشتوگوزارییەکانی ترەوە نزیکە، دەتوانرێت بۆ چەندین چالاکی و یاری وەرزشی، وەک ( ڕاوکردن و هەڵکشان بەسەرچیاکان) و چێژ وەرگرتن لە جوانی سروشتی گوندەکە و کات بەسەربردن بەکاربهێنرێت.
5. سوود وەرگرتن لە دارستانەکانی نزیک چەمەکە بۆ دامەزراندنی چەندین چادرگەی خێزانی و تایبەت بەو کەسانەی حەز بە بێدەنگی شوێنی دوور لە ژاوەژاو دەکەن.
6. هەوڵدان دروستکردنی چەندین پرۆژە بۆ دابەشکردنی کارەباو راکێشانی ئاو بۆ خێوەتگەکان، کە دەتواندرێت لە ریگای بەکارهێنانی لوولەی ئاو لە چەمی کونەماسی ڕابکێشرێت بۆ دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی گەشتیاران.
7. دابینکردنی (W.C) بە شێوەیەکی رێک وپێک دروست بکرێت لە پاڵ دروستکردنی شوێنی پشوودان کات بەسەربردن بۆ ئەو کەسانەی مەلە ناکەن وەک بوونی گازینۆ چێشخانە و سەنتەری مەساج وشێلان (چارەسەری سروشتی) دابندرێت بۆ ئەوەی سەرنجی زیاتری گەشتیار بۆ خۆی رابکێشێت . لە پاڵبوونی یاریگا بۆ چینی منداڵ و گەنجان.

2. **گەشتوگوزار حەوانەوەو خۆشگوزەرانی**

1. فراوانی رووبەری چەمی کونەماسی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ دامەزراندنی خزمەتگوزاری سەرخان و ژێرخانی ئابوری لە چەندین شوێنی جیاوازی چەمەکە لەگەڵ بەکارهێنانی کەرەستەی سروشتی ناوچەکە لە دروستکردنیدا بۆ پاراستنی ژینگەی ناوچەکە لە تێکدان .
2. هەوڵدان بۆ جوانکردنی سروشتی ناوچەکە لە میانەی دروستکردن و ڕێکخستنی شوێنی دانیشتن و کەپر لە نزیک چەمەکە، بۆ حەوانەوەو پشوودانی گەشتیاران و لە پاڵدانانی یاری و یاریگا جۆراو جۆر بۆ چینی مێر منداڵان و گەنجان و خیزانەکان.
3. ناوچەی هەڵبژێردراو، بۆ دامەزراندنی گەشتوگوزاری خۆشگوزەرانی و حەوانەوە چەندین توانستی تێدایە لە وانە بوونی هەندێ دوورگەی بچووک لە چەند شوێنی چەمەکە و بەکارهێنانی ئەم دوورگانە پاش ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی وورد لەسەر پێکهاتەکەی لەلایەن پسپۆران و زانینی ڕادەی سەلامەتی کە ئایا تا چەند گونجاوە بۆ دروستکردنی گازینۆ و پارکی بچووک.
4. گرنگیدان بەسیفات و پاکی و جوانی گوندەکە، لێکۆڵینەوەی سالانە لە ناوچە جیاوازەکانی کونەماسی لەگەڵ ڕێکخستنی کاری ڕیکلام و بانگەواز پەنا بردنە بەر سەرمایەداران (ناوخۆی و دەرەکی) لە ئامادەکردنی پرۆژەکان وەک دروستکردنی ئۆتێل و کابینەی گەشتیاری و چێشخانە و چەندین پرۆژەی تر، کە دەبێتە هۆی رەخساندی هەلی کار بۆ ناو گوندی کونەماسی و گوندەکانی دەوروبەری.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێن گەشتوگوزار وەک چالاکیەکی ئابوری ڕۆڵی سەرەکی بۆ ناو گوندی کونەماسی و گوندەکانی دەوروبەری هەیە کە توانای دابینکردنی هەلی کاری پێویستی لە تەواوی خزمەتگوزارییە جیاوازە گەشتیارییەکان بۆ (206) کەس بووە، کە خۆی لە (631) کەپر و (5) مارکێت و (7) چێشتخانە خواردنگەی گەشتیاریدا دەبنێتەوە، لەگەڵ یەک گروپی ماتۆر سواری[1]، وێنەی (24). ئەمە جگە لە بوونی چەند کەسێکی تر کە کاری (ماست فرۆشی و خەڵوزفرۆش) دەکەن، خشتەی (39). زۆرترین ژمارەی دەستی کار لە شوێنی حەوانەوە و کەپرە گەشتیارییەکاندایە کە دەگاتە (149) کەس، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەیان، کە ڕێژەی زیاتر (72%) هەلی کاری لە گوندەکە ڕەخساندووە، زیاترە و لەلایەکی دیکەشەوە خواردنگە و چێستخانەکان بە بەراورد بەسێکتەرەکانی دیکە پێویستیان بە ژمارەی زۆری ستافی بەڕێوبردن و چێشت لێنەرو کرێکار هەیە بە ڕێژەی نزیکەی (11%) هەلی کاری دابینکردووە، دواتر هەریەک لە (مارکێت، گروپی ماتۆرسوار، هیبتر) یەک بە دوای یەک ڕێژەی لە (3.4%،6.3% ،7.3%) هەلی کاریان ڕەخساندووە، شێوەی (14).

---

[1] سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە لە بەرواری 2022/7/16

بەگوێرەی ئەنجامی فۆڕمی راپرسی (78%) خەڵکی گوندی کونەماسی گوندەکانی گوندەکانی (باڵخ، وڵاغلو، کارێزە، بەرزەدێ، گەورەدێ)، ئەوانی دیکەش دەرەوەی گوندی کونەماسین.

خشتەی (39)

ژمارەی دەستی کار لە خزمەتگوزاری گەشتیاری کونەماسی لە ساڵی 2022


| جۆر | چێشتخانە و خواردنگە | مارکێت | کەپری گەشتیاری | گرووپی ماتۆر سواری | هیتر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 7 | 5 | 631 | 1 | 8 | 652 |
| دەستی کار | 22 | 13 | 149 | 7 | 15 | 206 |
| ڕێژە% | 10.7 | 6.3 | 72.3 | 3.4 | 7.3 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە، 2022.
2. سەردانی مەیدانی بۆ گوندی کونەماسی لە بەرواری 2022/7/17.

شێوەی (14)


ژمارە و ڕێژەی دەستی کار لە خزمەتگوزاری گەشتیاری کونەماسی لە ساڵی 2022




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی (39)

وێنەی (24)

سەیرانگای گوندی کونەماسی



سەرچاوە: ئەم وێنەیە لە بەرواری 2022/6/10 لەلایەن توێژەر گیراوە

**چوارەم: سیتەک**

سیتەک دەکەوێتە باکور خۆرهەڵات شاری سلێمانی، هەردوو چیای ئەزمەڕ و گۆیژە لە یەکیان جیا دەکەنەوە، بەهۆی لێدانی تونێلی پێشڕەو بووە بە نزیکترین گوندی شارباژێڕ لە سلێمانییەوە، سنوری هاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە گوندەکانی (گەڕەدێ، کانی سارد، زەردەبی، بناویلەی گۆیژەو، تەگەران) هەیە، نەخشەی (31)، لەئێستادا بووە بە یەکێک لە ناوچە گرنگەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ کرداری خستنەڕووی گەشتیاری، بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و بوونی دەیان بنەمای سروشتی ومرۆیی و مێژووی و شارستانی کە دەتوانرێت بە شێوەیەکی زانستی و ئابوری سوود لەو بنەمایانە وەربگیرێت بۆ پەرەپێدانی و بوژانەوەی ناوچەکە. هەروەها ناوچەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێشە و بنەما خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جۆراوجۆرەکان وەک ڕێستۆرانت و چێشتخانە و فرۆشگا و مارکێت و کافی...هیتر لەخۆدەگرێت، ژمارەیەکی زۆر گەشتیار لە وەرزی بەهار و هاویندا رووی تێدەکەن، ئەمە سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی زۆر لە باخ و ڤێلا و خانوی نیشەجێبوون و بوونی تونێلی پێشڕەو نزیکی لە شاری سلێمانی وایکردووە گەشتیارێکی زۆر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت لە ئەنجامیشدا دەبێتە هۆی سوود گەیاندن بە ناوچەکە و گوندەکانی دەوروبەری.

لە ئێستادا گەشتوگوزار وەکو چالاکیەکی ئابوری ڕۆڵێکی سەرەکی لە دابینکردنی دەستی کار لە تەواوی خزمەتگوزارییە جیاوازە گەشتیارییەکانی ناوچەی سیتەک بە (4527) کرێکارە، زۆرترین دەستی کار لە ڤێلاو باخە گەشتیارییەکاندایە کە دەگاتە (3693) کرێکار. بۆیە لێرەدا پەیوەندی دەستی کارو خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان ڕووندەکەینەوە:

**1. دەستی کار لە ڕێستۆرانت و چێشتخانە و خواردنگەکان:**

بە گوێرەی خشتەی (40) ژمارەی ڕێستۆرانت و چێشتخانە و خواردنگە لە ناوچەی سیتەک دەگاتە (29) دانە، کە ڕێستۆرانت و چێشتخانەکان (18) دایەنە و توانیویەتی زۆرترین ژمارەی هەلی کار بڕەخسێنێت بە (441) هەلی کار، دواتریش خواردنگەی گەشتیارییە بەهۆی بچووکی و کەمی ژمارەیان لە ناوچەی سیتەک، بەگوێرەی داتای ساڵی (2022) تەنها (11) دانە هەیە و (63) هەلی کاری ڕەخساندووە، کەواتە کۆی سێکتەری ڕێستۆرانت و چێشتخانە و خواردنگە خێراکان لە ناوچەی سیتەک توانیویەتی هەلی کار بۆ (504) کەس بڕەخسێنێت، ئەمەش بەراورد بە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانی دیکە ژمارەیان زیاتر، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕێستۆرانت و چێشتخانەکان ژمارەیان زۆرە لەلایەک، لەلایەکیترەوە بە بەراورد بەسێکتەرەکانی دیکە پێویستیان بە ژمارەیەکی زۆر ستافی بەڕێوبردن و چێشت لێنەرو کرێکار هەیە.

خشتەی (40)

ژمارەو ڕێژەی دەستی کار بە گوێرەی جۆری جۆری ڕێستۆرانت و چێشتخانە و خواردنگەی خێرا لە ناوچەی سیتەک لەساڵی (2022)

| جۆر | ڕێستۆرانت و چێشتخانە | خواردنگەی خێرا | کۆ |
|---|---|---|---|
| ژمارە | 18 | 11 | 29 |
| ڕێژە% | 61.1 | 37.9 | 100 |
| دەستی کار | 441 | 63 | 504 |
| ڕێژە% | 87.5 | 12.5 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1. قامیقامیەتی قەزای شارباژێڕ، بەڕێوبەرایەتی ناحیەی سیتەک، فەرمانگەی دارایی سیتەک، هۆبەی دارایی، 2022، داتای بڵاونەکراوە.
2. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە، 2022.
3. سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ سێکتەرەکانی هەریەک لە ڕێستۆرانت و چێشتخانە و خواردنگە خێراکانی ناوچەی سیتەک لە بەرواری 2022/6/6 بۆ 2022/6/8.

**2. دەستی کار لە مارکێت و فرۆشگا و کافتریا و سێکتەرە گەشتیارییەکانی وەک (گۆشت فرۆش، مریشک فرۆش، ماسی فرۆش، نانەواخانە، ....هیتر).**

سەبارەت بە دەستی کار لە مارکێت و فرشگا و کافتریا و سێکتەرە گەشتیارییەکان، ئەوا بە گوێرەی داتاکانی خشتەی (41) دەردەکەوێت (331) هەلی کاری لە ناوچەی سیتەک ڕەخساندووە، کە بەمشێوەیە دابەشبوون، مارکێت (127) هەلی کار، فرۆشگا (61) هەلی کار، کافتریا (18) هەلی کار، سێکتەرە گەشتیارییەکانی تر (125) هەلی کار، مارکێت ڕێژەی (25%) کۆی کرێکاران لەم سێکتەرانە پێکدەهێنێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەیان کە (28) دانەیە. هەروەها فرۆشگاکان بە ڕێژەی نزیکەی (30%) هەلی کار ڕەخساندووە، دواتر کافتریا ڕێژەی (3.5%) هەلی کار، سێکتەرە تر بە ڕێژەی (42%) هەلی کارییان ڕەخساندووە، شێوەی (15).

خشتەی (41)

ژمارەی دەستی کار لە مارکێت و فرۆشگا و سێکتەرە گەشتیارییەکانی ناوچەی سیتەک لە ساڵی (2022)


| جۆر | مارکێت | فرۆشگا | کافتریا | سێکتەرە تر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 28 | 33 | 4 | 47 | 112 |
| دەستی کار | 127 | 61 | 18 | 125 | 331 |
| ڕێژە | 25 | 29.5 | 3.5 | 42 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1. قامیقامیەتی قەزای شارباژێڕ، بەڕێوبەرایەتی ناحیەی سیتەک، فەرمانگەی دارایی سیتەک، هۆبەی دارایی، 2022، داتای بڵاونەکراوە.
2. سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ سێکتەرەکانی هەریەک لە مارکێت و فرۆشگا و سێکتەرە گەشتیارییەکانی ناوچەی سیتەک لە بەرواری 2022/6/10 بۆ 2022/6/13.

شێوەی (15)

ژمارە و ڕێژەو دەستی کار لە مارکێت و فرۆشگا و سێکتەرە تر ناوچەی سیتەک لە ساڵی (2022)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی (41)

3. **دەستی کار لە (باخ و ڤێلا)**

بەگوێرەی داتانی خشتەی (42) باخ و ڤێلا گەشتیارییەکان کە هەم وەکو سێکتەری بازرگانی هەمیشە وەک خزمەتگوزاری گەشتیاری ڕۆلیان هەیە لە ڕاکێشانی گەشتیاری بۆ ناوچەکە، پێکەوە توانیویانە ببنە هۆکاری ڕەخساندنی هەلی کار بۆ (3692) کەس، لەناو ئەم خزمەتگوزارییانەدا ڤێلاکان پشکی گەورەیان بەردەکەوێت لە ڕەخساندنی هەلی کار بە (1792) کەس، بەهۆی زۆری ژمارەی باخەوان و گەورەی قەبارەیان کە لەسەر ڕووبەرێکی فراوان دروستکراون و بڕی سەرماییەی وەبەرهێنانی گەورەیان تێچووە، هەروەها زۆربەی خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جۆراوجۆرەکان لەم ڤێلایانەدا هەیە، ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی خاوەن ڤێلاکان لە وەرزی گەشتیاریدا بە مەبەستی پشوودان و خواردن و خواردنەوە ڕووی تێبکەن بە تایبەتی لە وەرزی بەهارو هاویندا، دواتر ئەو باخانەی خانوی تیادا کراوە (1563) هەلی کاری ڕەخساندووە لە دواتریش ئەو باخانەی خانوی تیادا نییە توانیویەتی هەلی کار (338) کەس برەخسێنێت.

خشتەی (42)

دەستی کار لە ڤێلا و باخ کە خانوی تیایە یان تیای نییە لە ناوچەی سیتەک لە ساڵی (2022)


| جۆر | ڤێلا | باخ کە خانوی تیادا بێت | باخ کە خانوی تیادا نییە | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 1684 | 7973 | 1246 | 10903 |
| دەستی کار | 1792 | 1563 | 338 | 3693 |
| ڕێژە% | 15.4 | 73.2 | 11.4 | 100 |

سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەست بە

1. بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی، یاریدەدەریەتی ئاسایشی سیتەک، هۆبەی تۆمار، 2022، داتای بڵاونەکراوە.
2. بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی شاربازێڕ، لقی کشتوکاڵی سیتەک، هۆبەی باخداری، 2022، داتای بڵاونەکراوە.

نەخشەی (31)

پێکهاتەی سروشتی سیتەک بەپێی گوندەکانی دەوروبەری




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی ArcGIS Arc Map V10.8 پشت بەست بە: وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلوجیای زانیاری، بەشی GIS.

بەم جۆرە گەشتوگوزار دەبێتە هاندەر بۆ هێنانە دی چەندین پرۆژە لە دێهاتەکاندا، ئەمەش بەو واتایە دێت کە پەرەپێدانی ناوچە گەشتیارییەکان لە ناوچە دێهاتیەکان دەبێتە هۆی دابینکردنی داهاتێکی سەرەکی بۆ خەڵکی ئەو گوندانەی کە گەشتیار روویان تێدەکات، ئەمەش سەرلەنوێ دەبێتە هۆی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و پەرەپێدانیان، ئەویش لەم ڕێو شوێنانەوە:

1. دامەزراندی پرۆژەی هەمەجۆری گەشتوگوزار لە گوندەکاندا، بەو مانایە دێت کە یەکێ لە جۆرەکانی پەرەپێدان دەگاتە ئەو شوێنانەی کە پرۆژەی گەشتیاری لێ دادەمەزرێ.
2. سروشتی چالاکی گەشتیاری و بەشداری چەندین کەرتی ئابوری دیکە لە دابینکردنی پێداویستیەکانی گەشتوگوزار، دەبێتە هۆی فەراهەمکردنی کەشێکی باش پەیدابوونی چەندین خزمەتگوزاری تەواوکەر لەو گوندانەدا بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیە گەشتیارییەکان بۆ گەشتیاران.
3. دروستکردنی پرۆژەی گەشتیاری و چەندین پرۆژەی پیشەشازیی تەواوکەر پرۆژەکانی ژێرخانی ئابوری، پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری کرێکارە، لە ئاکامدا ئەمە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و گردبوونەوەی دانیشتوان لەو گوندانە، کە دیارە ئەمەش پێویستی بە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری فێرکاری و تەندروستی و بازاڕو چەندان پرۆژەی خزمەتگوزاری تر دەبێ.
4. ڕەخساندنی هەلی کار لە پرۆژە گەشتیارییەکاندا و ساغبوونەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی و بەرهەمی پیشەی، کارێکی دەکات کە دانیشتوانی ئەو گوندانە داهاتێکی باشیان دەست بکەوی، ئەمەش بە مانای زیادبوونی داهاتی تاک و بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەران دێهات. هاوتەریب لەگەڵ ئەو زیادبوونە، ئاستی ڕۆشنبیری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی بەرز دەبێتەوە، بەهۆی دروستبوونی پەیوەندی ڕاستەخۆ لەگەڵ گەشتیاران لەلایەک و پەیوەندی نێوان شار و گوند لەلایەکیترەوە.
5. دەشێ سازکردنی ئەم هەلومەرجەی گوندەکانی پێ دەبوژێتەوە، ببێ بەهۆی هاندانی کۆچی پێچەوانە لەشارەوە بۆ گوند، ئەمەش دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی قەرەباڵغی لەسەر شارە گەورەکان و کەمکردنەوە گوشار لەسەر خزمەتگوزارییەکان.

## دەرئەنجام

## ڕاسپاردە

## لیستی سەرچاوەکان

## پاشکۆکان

## دەرئەنجام

1. شوێنی جوگرافی ناوچەکە هاوسنورە لەگەڵ وڵاتی ئێران و پێنج قەزای پارێزگای سلێمانی، ئەمەش پێگەیەکی ئابوری و بازرگانی گرنگی هەیە، لەبەرئەوە دەتوانێت زۆرترین ژمارەی گەشتیاران بۆ خۆی ڕابکێشت بە تایبەت لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی، چونکە نزیکترین مەڵبەندی گەشتوگوزارییە لە شاری سلێمانی، هەروەها تونێلی ئەزمەڕ لە نێوان شاری سلێمانی و ناحیەی سیتەک سەر بە قەزای شارباژێڕ گەشتنی گەشتیارانی ئاسانترکردووە.
2. ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی چەند بنەماییەکی شوێنەواری و مێژووی دێرینە، بۆ نموونە ئەشکەوتی چوارتاق دەکەوێتە باکوری چوارتا و ئەشکەوتی تەنیشت ماڵان دەکەوێتە ناحیەی گاپیلۆن و شوێنەواری باسکی بێرێ و چەندین شوێنەواری تر لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بوونی هەیە، لە کۆنەوە ناوچەکە فەرهەنگی ڕۆشنبیرو ئاینی جیاواز بووە، وەک ئاینی ئیسلام و مەسیحی و جولەکە و زەردەشتی، ئەم جۆراوجۆریەتیی ئاینییەش وایکردووە کە چەندین مەزارگا و شوێنی پیرۆزی ئاینی لەناوچەکە بوونی هەبێت، لەوانە مەرقەدی شێخ موحسین گاپیلۆنی لەناو سەنتەری ناحیەی گاپیلۆن و مەزاری پیری شەوکێل لە ناحیەی سیتەک، هەریەک لەمانە بوونەتە بنەمایەکی گرنگ بۆ خستنەڕووی گەشتیاری لەناوچەکەدا.
3. ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی (1957)دا (42333) کەس بووە، بە هەمان شێوە لە ساڵی (1977)دا ژمارەکە زیادیکردووە بۆ (55342) کەس، بەڵام لە ساڵی (1987)دا بەشێوەیەکی بەرچاو ژمارەی دانیشوان کەمیکردووە بۆ (12856) کەس، بە جۆرێک لە ساڵی (2002)دا ژمارەی دانیشتوان زیادیکردووە بۆ (42888) کەس، بەڵام لە ساڵی (2019)دا ژمارەی دانیشتوان جارێکیتر کەمیکردووە بۆ (23548) کەس. واتە بۆ ماوەی (62) ساڵ نزیکەی (19) کەس کەمیکردووە.
4. بە درێژایی ماوەی لێکۆڵینەوە (1957-2019) ژمارەی دانیشتوانی گوندنشین زیاترە لە ژمارەی دانیشتوانی شارنشین، بە جۆرێک لە ساڵی (1957) و (1977) ڕێژەی گوندنشین نزیکەی لە (90%) کۆی دانیشتوانی قەزاکە بووە، بەڵام ڕێژەی شارنشین (10.2%) بووە، لە ساڵی (1987)دا ڕێژەکە کەمیکردووە بۆ نزیکەی (72%) کۆی دانیشتوانی قەزاکە، کەچی ڕێژەی شارنشین زیادیکردووە بۆ (28%) کۆی دانیشتوانی قەزاکە، بە جۆرێک لەساڵی (2002)دا ڕێژەی گوندنشین زیادیکردووە بۆ (87%) کۆی دانیشتوانی قەزاکە، لە کاتێکدا ڕێژەی شارنشینی کەمیکردووە بۆ (13%)، بەڵام لە ساڵی (2019) ڕێژەکە دابەزیوە بۆ (67%)، لەبەرامبەریشدا ڕێژەی شارنشینی زیادیکردووە بۆ لە (33%) کۆی دانیشتوانی قەزاکە، لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانیش ئەم ڕێژەیە جیاواز بووە.
5. بەهۆی پرۆسەی سیاسی و رووخاندنی گوندەکانی قەزاکە و گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانەوە، نەبوونی پلان لەلایەن حکومەتەوە دابەشبوونی جوگرافی گوندەکان و ژمارەیان گۆڕانی بەسەر

داهاتووه، چونکه ژمارەی گوندەکان لە ماوەی (62) ساڵی لێکۆڵینەوەکەدا (121) گوند کەمیکردووە، واتە لە ساڵی (1957)دا (260) گوند بووە، بەڵام لە ساڵی (1977)دا بووە بە (294) گوند، بە هەمان شێوە لە ساڵی (2002)دا ژمارەی گوندەکان زیادیکردووە بۆ (303) گوند، بەڵام لە ساڵی (2019)دا ژمارەکە کەمیکردووە بۆ (139) گوندی ئاوەدان.

6. لە ساڵی (1957)دا تێکڕای قەبارەی گوندەکانی قەزاکە (146.2کەس/گوند) بووە، بەڵام لە ساڵی (1977) زیادیکردووە بۆ (167.9کەس/گوند)، لە کاتێکدا لە ساڵی (2002)دا لە ئەنجامی ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی ڕامیاری و کارگێڕی زیادبوونی ژمارەی گوندەکان، بەڵام تێکڕای قەبارەی گوند کەمیکردووە بۆ (123.3کەس/گوند)، بە هەمان شێوە لە ساڵی (2019)دا تێکڕای قەبارەی گوند کەمیکردووە بۆ (113.5کەس/گوند)، لە ئەنجامی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان و کۆچکردنی بەشێکی زۆری گوندنشینان بۆ شارەکان کەمبوونەوەی ژمارەی گوندەکان.
7. بەرزی ڕێژەی گروپی تەمەنی ئەوانەی دەکەوێتە نێوان (15-44) ساڵ زیاتر (47%) کۆی دانیشتوانی پێکهێناوە، بە هەمان شێوە گروپی (45-65) ساڵی زیاتر (15%) بووە، واتە ئەم گروپە (15-65) ساڵ ڕێژەی لە (62.2%) کۆی دانیشتوان پێکهێناوە، گرنگی ئەم دوو گروپە لەوەدایە کە بە بزوێنەری چالاکی گەشتوگوزاری دادەنرێن لە هەموو جیهاندا.
8. چالاکی کشتوکاڵی نزیکەی لە (63%) کۆی هێزی کارکەری ناوچەی پێکهێناوە، ئەمەش بە قازانجی کەرتی گەشتوگوزار تەواو دەبێت، بەڵام کەرتی خزمەتگوزاری لە (32%) و کەرتی تایبەت نزیکەی لە (3%) و کەرتەکانی لە (2%) کۆی هێزی کارکەری ناوچەکەی لەخۆگرتووە.
9. گۆڕانکاری ئاووهەوا و دیاردەی وشکە ساڵی لە کاریگەرترین هۆکارەکانی سەردەمی ئێستایە، بەهۆی وشکە ساڵیەوە ساڵانە بەشێکی زۆری بیر و کانیاو و چەم ڕووبارەکان ساڵ لە دوای ساڵ لە کەمبوونەوەدان، لەبەرئەوە بەپێی فۆڕمی ڕاپرسی لە (49.8%) دانیشتوانی گوندەکانی ئاماژەیان بە گرفتی وشکە ساڵی داوە.
10. دێهاتەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە هەموو بنەماکانی گەشتوگوزاری سەرکەوتوی تیایە، بە تایبەتی شوێنەوارە ئاینی و مێژووییەکان، سەباری ئەمانەش (ئاووهەوای گونجاو و بوونی چەم و ڕووبارو کانیاو دارستانی سروشتی و شاخی بەرز) کە لە وەرزی زستاندا بەهۆی بارینی بەفر لێژی گونجاوی هەیە بۆ گەشتوگوزاری زستانە یاری خلیسکێنە لەسەر بەفر دەست دەدات.
11. کەرتی گەشتیاری ناوچەی لێکۆڵینەوە بە هەموو خزمەتگوزارییە جیاوازە گەشتیارییەکانییەوە توانیویەتی هەلی کار بۆ (4781) کەس دابین بکات، بەپێی ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی دەریخستووە بە ڕێژەی لە (33.2%) دانیشتوانی گوندەکانی سوودمەند بوون لە کەرتی گەشتیاری ناوچەکە.

## ڕاسپاردەکان

1. دانانی مەرج لە مامەڵکردن بە کڕین و فرۆشتنی زەوی کشتوکاڵی ناوچەکە بە تایبەت ئەو زەوییانەی کە گونجاون بۆ چالاکی کشتوکاڵی، ڕێگە نەدان بە دروستکردنی خانوو شوێنی باخ و ڤێلا لەسەر زەوی زاری کشتوکاڵی ناوچەکە، چونکە بۆتە هۆی فراوان بوونی شارەکان لەسەر حسابی گوندەکان.
2. دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکان بۆ ئەو گوندانەی کە خاوەن خزمەتگوزاری نین، یان بۆ گوندە قەبارە بچووکەکانیش دەکرێ لە گوندێکدا کە شوێن و پێگەیەکی ناوەندی هەبێت خزمەتگوزاری (قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و ڕێگاوبان) تیادا دروست بکرێت بۆ ئەوەی خزمەتی گوندەکانی دەوروبەری بکات، تاوەکو هاندەرێک بێت بۆ مانەوەی گوندنشینەکان کۆچ نەکەن بۆ سەنتەری شارەکان.
3. کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی وشکە ساڵی لەلایەن حکومەتەوە بە دابینکردنی ئاو بۆ گوندەکان، چونکە زۆربەی گوندەکانی ناوچەکە مەترسی چۆڵ بوونیان لەسەرە بەهۆی کەمی و کورتهێنانی ئاوەوە لەلایەک، لەلایەکیترەوە جۆری ئاوەکە شیاو نییە بۆ خواردنەوە و لە ئاستی ڕێگە پێداندا نییە، ئەوەش بە دانانی پاڵاوتنی ئاوە لەسەر چەمی قەڵاچوالان و سنکێ و تازەدێ و کەناروێ، گەیاندنی ئاوی پاڵاوتوی پاک بۆ سەرجەم گوندەکان.
4. کۆنەکردنەوەی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان لەیەک ناوچەی گەشتیاری وەک ناوچەی سیتەک، بە مەبەستی ماوەی مانەوە و ئەنجامدانی چالاکی گەشتوگوزاری و بەکارهێنانی ئەو خزمەتگوزارییانە بۆ پڕکردنەوەی حەزو ئارەزووی گەشتیاران.
5. بە مەبەستی بەردەوامی هاتن و زیادکردنی ژمارەی گەشتیاران بۆ گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، گرنگی بە هەموو جۆرەکانی گەشتوگوزار بدرێت، بە ئامانجی سنورردارکردنی کاریگەری کەژی گەشتیاری و نەبەستنەوەی بە وەرزێکی دیاریکراو و سوود لێوەرگرتنی بنەما سروشتی و مرۆییەکان ناوچەکە بە درێژای ساڵ.
6. دابینکردن و دامەزراندنی خزمەتگوزاری گەشتیاری بۆ ئەو گوندانەی کە توانستی گەشتوگوزارییان لەخۆگرتووە کە وەڵامدەرەوەی حەزو ئارەزووی ئاستی ئابوری و کۆمەڵایەتی گەشتیاران بێت، لەگەڵ هەوڵدان بۆ چاکردنی ڕێگاکانی گواستنەوە بە تۆڕی ڕێگاوبانی پێشکەوتوو بە ئامانجی گواستنەوەی گەشتیاران بۆ ناوچە گوشتوگوزارییەکان و گەڕانەوەیان.
7. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لە پێناو گرنگی بە گەشتوگوزار و گەشتیار و هەستکردن بە گرنگی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشبنیری و کەلتوری ئەم دیاردەیە. هەروەها پاراستن و پاکوخاوێنی ژینگەی قەزاکە لەلایەن گەشتیارانەوە، بێزارنەکردنی هاوڵاتیان بە فڕێدانی پاشماوەی گەشتیاران و ڕێزگرتن لە دابوونەریتی دانیشتوانی قەزاکە.

8. پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری یەکێکە لەبابەتە گرنگەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە کە دەتوانرێت لایەنی خۆشگوزەرانی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ دانیشتوان ناوچەکە بە گشتی و گوندەکانی بە تایبەتی دابین بکات، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆر گوندەکان توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتیاری تیادا بەدی دەکرێت، کە جێگەی سەرنجی گەشتیارانن، ئاووهەوای لەبارو، رووپۆشی رووەکی، دابوونەریتی ڕەسەن، فۆلکلۆر و دەوڵەمەندی کەلتوری، کە سەرچاوەی هەمەجۆری داهاتی ئابوری و ئامرازێکە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی ناوخۆی دانیشتوانی گوندەکان، باشترکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتییان.
9. پێویستە بایەخ بە ڕوانگەی ملانەبی وەکو شوێنەوارێکی مێژووی بدرێت، چونکە گرنگی ئەم قەزایە وەکو پێگەییەکی گەشتوگوزاری زیاد دەکات، بوونی ئەم ڕوانگەیە لە گوندی بارێی بچووک کە ئێستا بە یەکێک لە گرنگترین ناوچە گەشتوگوزارییەکان قەزای شارباژێڕ دادەنرێت لەبەرئەوەی خاوەنی چەندین بنەما سروشتی گەشتوگوزارییە، وەکو دیمەنی شاخاوییە سەرنج ڕاکێشەکان و سەرچاوەی ئاوی سازگار و بوونی دارستانی سەوز لە ناوچەکە ئەمە و چەندین ڕەگەزی گەشتوگوزاری ژینگەیی، لە پاڵ ئەم بنەمایانەش ئەگەر بێتوو بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی و ئەم ڕوانگەیە بخاتە بەڵگەی ڕێبەری گەشتیارییەوە، هەر گەشتیارێک بێتە کوردستان بزانێت ئەم ڕوانگەیە مێژوویەکی دەگمەن و کەم وێنەی بێهاوتایە لە کوردستاندا.
10. پێویستە قورئانە دەستنوسەکەی ملا موسای شابەدین بخرێتە جامخانە و ببێتە ناوچەییەکی گەشتیاری، وەک قورئانەکەی گوندی (نگڵ) لە نێوان شاری سنە و مەریوان لە خۆرهەڵاتی کوردستان، گوندەکەی کردۆتە شوێنێکی گەشتیاری و بۆتە هۆی بەناوبانگبوونی گوندەکە.
11. هەوڵدان بۆ کردنەوەی مەرزی (چۆمان، گرگاشە، دەشتێ) بەشێوەیەکی فەرمی و ناساندنی وەک مەرزێکی نێودەوڵەتی، لە توانایدایە بێتە خاڵی بەستنەوەی ناوچەی لێکۆڵنەوە بە تایبەتی و پارێزگای سلێمانی بە گشتی لەگەڵ خۆرهەڵاتی کوردستان، پاشان گەشەسەندنی پەیوەندییە ئابوری و گەشتوگوزارییەکان بە حوکمی بوونی بنەما گەشتوگوزارییەکان بە تایبەتی دەوڵەمەندی ناوچەکە بە سەرچاوەی ئاوی و رووەکی و نزیکی لە خۆرهەڵاتی کوردستان.

# ليستی سەرچاوەكان

**يەكەم: سەرچاوە كوردييەكان**

**أ. كتێب**

1. ئەحمەد، نەبەز عەبدولرحمان، قەزای دوكان شوێنەوارە مێژوویی و بايەخە گەشتوگوزارييەكانی، چاپخانەی كارۆ، چاپی يەكەم، 2020.
2. سەليم، هيوا صادق، جوگرافيای دانيشتوانی قەزای كۆيە 1957-2002، چاپخانەی بغداد، 2006.
3. سعيد، كامەران تاهير، كۆيە، لێكۆڵينەوەيەك لە جوگرافيای هەرێمی، چاپی يەكەم، چاپخانەی تيشك، سلێمانی، 2008.
4. صالح، ئەحمەد محەمەد، شيكردنەوەی جوگرافيی دابەشبوونی نشينگە دێهاتييەكان لە قەزای شارباژێڕ، سەنتەری لێكۆڵينەوەی ستراتيجی كوردستان، سلێمانی، 2008.
5. عبدالله، خەبات، بنەما تيۆرييەكانی جوگرافيايی عسكەری كوردستانی باشور، چاپی دووەم، چاپخانەی روون، سلێمانی، 2005.
6. علی، جاسم محمد محمد، ڕۆڵی هۆكارە سياسيەكان لەدابەشبوونی دانيشتوانی پارێزگای سلێمانيدا، مەلبەندی كوردۆلۆجی، سلێمانی، چاپی يەكەم، 2008.
7. غفور، عبدالله، فەرهەنگی جوگرافيای، چاپی سێيەم، چاپخانەی خانی، 2008.
8. غەفور، عبدالله، گوندەكانی كوردستان (گوندەكانی باشوری كوردستان لەسەرژمێری دانيشتوانی عێراقدا (1957)، جاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر،2005.
9. غفور، عبداڵله، ئەتنۆديمۆگرافيای كوردستان، چاپی يەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2006.
10. غەفور، عەبدوڵلا، گوندەكانی باشوری كوردستان، لەسەرژمێری دانيشتوانی عێراقدا، 1957، چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای ئاراس، 2005، ل171.
11. محمد، خليل إسماعيل و إسماعيل، ئەيوب خليل، جوگرافيای دێ نشينی، چاپی يەكەم، چاپخانەی ڕۆشنبيری، هەولێر، 2002.
12. ڕۆستی، نادر، گرنگی جۆرەكانی گەشتوگوزار بۆ ئابوورييەكی بەهێز، چاپخانەی تاران، چاپی يەكەم، 2022.

**ب. تێزی دكتۆرا**

1. حمە، سروە جلال، گۆڕانكاری دانيشتوان لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساكانی (1977-2012) دا، (لێكۆڵينەوەيەك لە جوگرافيای دانيشتوان)، تێزی دكتۆرا، كۆلێژی زانستە مرۆڤايەتيەكان، زانكۆی سلێمانی، 2019.
2. ڕەشيد، شيروان عمر، بنەماكانی جوگرافيەكانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، تێزی دكتۆرا (بڵاونەكراوە)، زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی زانستە مرۆڤايەتيەكان،2011.

**ت. نامەی ماستەر**

1. حمە، سروە جلال، شيكردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانيشتوان لەقەزای شارباژێڕدا (1957-2009) دا، نامەی ماستەر (بڵاونەكراوە)، 2012.

2. ڕەشید، شیروان عمر، بنەماکانی جوگرافی سروشتی و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لەپارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر(بڵاوکراوە)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی 2007.
3. مهدی، سیروان محمد، شیکردنەوەی شوێنیی نشینگەی دێهاتییەکانی قەزای ڕانییە و ڕەهەندەکانی پەرەپێدانیان، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی ڕاپەڕین، 2017.
4. عثمان، بەهرە رضا، جیاوازی شوێنی پەرەپێدانی کشتوکاڵی لە پارێزگای هەولێر (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای پەرەپێدان)، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، 2013.
5. کریم، بشار عادل، شیکردنەوەی شوێنی نشینگە دێهاتیەکانی قەزای کەلارو ڕەهەندەکانی پەرەپێدانیان، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، 2013.
6. نجم الدین، هدی صباح، هەڵسەگاندنی بنەما جوگرافیەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری لە قەزای شەقڵاوە (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای گەشتوگوزار)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە) زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، 2012.
7. فاتح، گەشاو فاضل، دابەشبوونی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان لە شاری سلێمانی بە بەکارهێنانی (GIS)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، 2021.
8. عزیز، ڕۆستەم سەلام، دابەشبوونی جوگرافی نشینگە گوندییەکان لە قەزای کۆیە و کاریگەریان لەسەر کرداری پەرەپێدان، نامەی ماستەر (بڵاوکراوە)،2006.
9. مستەفا، ڕێباز لوقمان توانستە جوگرافییەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای پێنجوێن بە بەکارهێنانی (GIS)، لێکۆڵینەوەیەک لەجوگرافیای گەشتوگوزار، نامەی ماستەر، (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، 2016.
10. سلیم، شکور سلام، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ چالاکی گەشتوگوزاری و دەرهاویشتە ژینگەیەکانی لە قەزای دوکان، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە) ، زانکۆی کۆیە، 2021.
11. یوسف، ئەژین ئەنوەر، توانستە سروشتیەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچە شاخاوییەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین دا (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای گەشتوگوزار)، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین، 2017.
12. محمد مهدی کریم، دابەشبوونی شوێنی نیشنگە مرۆییەکانی ئیدارەی گەرمیان، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، 2016، ل15.
13. محمد، سایە دلاوەر، کێشە ژینگەییەکانی دەرئەنجامی چالاکی گەشتوگوزار- کێشە ژینگەییەکانی شاری شەقڵاوە وەک نموونە، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلاحەدین- هەولێر، 2016، ل116.
14. سەمەد، پێشڕەو تۆفیق، شیکردنەوەی شوێنی دانیشتوانی شاری ڕانییە، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، 2009.
15. علی، ساسان حیکمەت، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2008.
16. إبراهیم، چنار محمود، دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای پشدەرو ڕەهەندەکانی پەرەپێدان (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دێ نشینی)، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین، 2021.

17.یوسف، عطا حمەلاو حمە، پارێزگای هەڵەبجە لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان (-2009 1977)، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، 2015.
18.سابیر، سایە سەلام، خەسڵەتەکانی لێژی چیای هەیبە سوڵتان و مۆرفۆمێتری ئاوەزێڵەکانی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، 2006.
19.محمد، ئاراز خەلیل، کێشە ژینگەیەکانی رووەکی سروشتی لە قەزای شارباژێڕ (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای ژینگە)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، 2022.
20.عزیز، ئارام احمد، هەڵسەگاندنی گەشەی گەشتیاریی و لێکەوتە ئابورییەکانی لە شاری سلێمانی دا(توێژینەوەیەک لەجوگرافیای گەشتوگوزار)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆ سلێمانی، 2022.
21.محمود، شاسوار محمد، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای دوکان، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2013.
22.مارف، شەماڵ علی، بنەما جوگرافییەکانی پلاندانانی گەشتیاری لە قەزای هەڵەبجەی شەهید، نامەی ماستەر، (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، 2014.
23.محمد، شاد حمید، ڕێگاکانی ئۆتۆمبیل لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، 2012.
24.تۆفیق، هەڵبەست عبدالرحمن، توانستە جوگرافییەکانی گەشەپێدانی چالاکی گەشتوگوزار لە قەزای مێرگەسور، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلاحەدین-هەولێر، 2012.

**ث.گۆڤار**

1. تالیب، جزا تۆفیق، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، (1957-1987)، گۆڤاری مەدەنییەت، ژمارە (4)، ساڵی یەکەم، سلێمانی،1999.
2. یوسف، عبدالرقیب، قەلاچوالان پایەتەختی میرنشینی بابان، گۆڤاری هەزارمێرد، حکەمەتی هەرێمی کوردستان، سلێمانی، ژمارە21، ساڵی شەشەم 2002.
3. تالیب، جەزا تۆفیق و حمە، سروە جلال، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ پێکهاتەی ئابوری لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان سالآنی (1977-2012)دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (6)، ساڵی 2019.
4. رشید، شیروان عمر، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئاماژەکانی جوڵەی گەشتیاری و گیروگرفتەکانی لە پارێزگای سلێمانی لە نێوان سالآنی (2013-2019)، گۆڤاری کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی، ژمارە10، تشرینی یەکەم2021.
5. تالیب، جەزا تۆفیق و ئەوانیتر، ڕۆڵی دەرامەتە ئاوییەکان لە گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای پشدەر، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی(B)زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژمارە(57)، 2018.
6. تالیب، جەزا تۆفیق، حسین، بەیان علی، پارێزگای سلێمانی، گۆڤاری ساڵنامەی سلێمانی، 2003، ژمارە4، سلێمانی.
7. محمد، خلیل إسماعیل، نەخشەی ئیداری کوردستانی عێراق و دوورایيە نەتەوەییەکەی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە30، 2000.

8. سالح، ئەحمەد محمد، گەشەندنی دیمۆگرافی دێهاتەکانی شارباژێڕ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستیراتیژی ژمارە (3) سلێمانی 2008.
9. سلیم، شکور سەلام و عمر، لوقمان وسو، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دەرهاویشتە ژینگەییەکانی چالاکی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە9، 2022.
10. عبدالرحمان، ڕۆژان فریدون، دابەشبوونی کێڵگەکانی مین لە قەزای پێنجوێن و کاریگەرییە ژینگەییەکانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژمارە (54)، 2018.
11. دەرویش، عزالدین جمعە و صالع، صمد عبدالله، وشکە ساڵی و کاریگەری لەسەر ئاستی ئاوی ژێر زەوی لە ناحیەی ئاوەسپی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، 2022.
12. أحمد، ئامانج فواد، شێوازەکانی دابەشبوونی شوێنی نیشنگە دێهاتییەکانی قەزای کفری، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، 2018.
13. أحمد، پشتوان شەفیق، إسماعیل، هێمن حسێن، محمود، شاسوار محمد، گۆڕانی دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر کرداری پەرەپێدانی گوندەکان لە قەزای ڕانییە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە10.
14. حمە، سروە جلال، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ پێکهاتەی جۆر و تەمەنی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1977-2012)دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) زانستە مرۆڤاییتەکان ژمارە (59) کانونی دووەمی، 2019.
15. سعید، تەنکە عثمان، دابەشبوونی جوگرافی نشینگە گوندییەکانی ناحیەی گوێرو کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵی (لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافییە)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سلاحەدین- هەولێر، ژمار25، 2021.
16. مصطفي، فاطمە قادر و ئەوانی تر، شیکردنەوەی شوێنی بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لە قەزای مێرگەسور، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە8، 2021.
17. لهۆنی، محمد عەبدوڵڵاو عمر، دابەشبوونی جوگرافیایی دانیشتوان و نشیگە لادێییەکانی پارێزگای هەولێر، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە2، ساڵی پانزەهەم، ئابی 2007.
18. سعید، کامەران تاهیر، بنەما سروشتیەکانی پەرەپێدانی چالاکی کشتوکاڵی لە قەزای ڕانییە، گۆڤاری زانکۆ کۆیە، چاپخانەی شەهاب، ژمارە 25، کانونی یەکەم، هەولێر، 2012.
